حاجی قادری کۆیی

بەشی دووەم

حاجی قادری کۆیی

بەشی دووەم

مەسعوود محەمەد

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێك هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان - هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspress.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

مەسعوود محەمەد
حاجی قادری کۆیی - بەشی دووەم
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٠٤٣
چاپی دووەم ٢٠١٠
تیرێژ: ١٦٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس - هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٧٨٠ - ٢٠١٠
نەخشاندنی ناوەوە: کارزان عەبدولحەمید
رازاندنەوەی بەرگ: مریەم موتەقییان
هەڵەبڕێری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
رێنووسی یەکگرتوو: بەدران ئەحمەد حەبیب

دیاری سەرەتاکانی ڕاپەڕینی کوردە بۆ دواڕۆژێکی ئازاد

پێشەکی و ڕوونکردنەوە

هەروەك لە پێشەکییەکەی بەشی یەکەمی ئەم نووسینەدا ڕوون کرایەوە، لە سەرەتاوە تەمای دانانی کتێب نەبوو، لە هیچ ڕوویێکەوە لە خۆم ڕانەدەدیت ئەرکی کتێب دانان بخەمە ئەستۆی خۆمەوە بەتایبەتی لە بارەی یەکێکی وەك حاجی قادر کە پایەی حورمەتی بێ هاوتای لە مەیدانی کوردایەتیدا داوای تەواوی و بێ کەم و کەسری دەکا لەو کەسەی بیەوێ ئەوەندە بەرز بێتەوە چەشمەندازی بەسەر ئاسۆی هەرەبەرزی ژیانی ئەو مرۆڤەدا ڕابشکێ. تەواوی و بێ کەم و کەسریش مەرجی یەك دوو بابەت نییە لە کاری هەمە چەشنە و پێداویستی نووسیندا:

کاتی بەرفرەوان،

زەرفی لەبار،

کەرەستەی تێر و پڕ،

دەرفەتی تۆژینەوە لەو جێگا و سەرچاوانەی پێوەندییان بە نووسینەکەوە هەیە.

ئیمکانی گەیشتن بەو کەسانەی شتێك دەزانن لە بارەی مەوزووعەوە.

ئاووهەوا (مناخ)ی سازگار بۆ دەربڕینی بیری سەر بە ڕامیاری و ڕۆشنبیری و ئابووری و باوەڕ... هوە.

ئەمجا دەسەڵاتی ئەدەبی و زانستی و هێزی خامەی نووسەر.

کە بتەوێ، دەتوانی مەرجی تریش بخەیتە سەر ئەم مەرجانە کە وا تێکڕایان نووسین دەوڵەمەند دەکەن و نووسەر دەگەیەنن بە پلەی دڵنیایی و ئەو مافەی پێ دەدەن لە خۆی و لە نووسینەکەی ڕازی بێت.

هەروەك درێژە کێشانەوەی نووسینەکەم لە گوتارەوە بۆ بارستی کتێب عەیبی نەبوونی ئەو مەرجانەی دەرخست، دابەشبوونیشی بۆ چەند جزمێك، لە لاوە عەیبێکی تازەی چاوەڕوان نەکراوی خستە ناو بەشی یەکەمەوە. لە بەشی یەکەمدا چەند جاران بەڵێنم داوە کە ئەم گوتەیە و فلانە ڕایەم دواتر ڕوون بکەمەوە بەو تەمایە کە هەموو نووسینەکە بە جارێك لە چاپ دەردەچێت، کەچی بەشی یەکەم بەسەرچوو بەر لەوە بگەمە ئەو شوێنانە کە بەڵێنەکانی تێدا بەجێ دەهێنران، بۆیە بە ناچاری شیکردنەوەی

چەند باسێکی بەشی یەکەم کەوتە بەشەکانی ترەوە. پێویستم نەدیت لیستەیێك ئامادە بکەم دەستنیشانی ئەم باسانە بکا و جێگای روونکردنەوەیان لە بەشەکانی تردا دیار بخا. نەختێك چاوپۆشی لە خوێنەرەوە ئەو کەلێنەم بۆ پڕ دەکاتەوە.. لێرەدا بۆ مەبەسی روونکردنەوە تەنها ئیشارە بۆ یەك دووانێك لەو بەلێنانە دەکەم:

لە لاپەڕە (١١٣)ی بەشی یەکەمدا بەلێنی تۆژینەوەی هۆی دابڕانی ئەدەبی ئەدیبی کورد لە ژیانی رۆژانەی گەل دێتە بەرچاو.

لە لاپەڕە (١٩٧)ی هەمان بەشی یەکەم گوتوومە لە جێگەی مناسبدا لەسەر مەدحەکەی حاجی قادر بۆ ئەمین ئاغا دەدوێم.

کەچی ئەم دوو بەلێنە و گەلێکی تریش لە بەشی یەکەمدا بێ سەروسۆراغ ماونەوە لێرە بە دواوە پێ بەپێ و جێ بەجێ وەك قەرزی نەخوراو دەیانەمەوە، داوای عوزر پەزیریش لە خوێنەری خۆشەویست دووبارە دەکەمەوە.

لەوانەیە خوێنەر لێم بپرسێ، هەقیشیەتی و بلێ تۆ کە هێندە بە شکایەتی لە دەست بێ ماوەیی و بێ دەرفەتی و بێکەرەستەیی و بێ هەموو شتێك چۆن ملت نایە بەر ئەم نووسینە پڕ گرێ و گاڵە و بەم جۆرە نەفەس درێژانە بە چوار لایدا دێیت و دەچیت و هەر جارەش هەنگاوتی تێدا فرەوانتر دەکەیت؟

دەمەوێ خوێنەر لێم بسەلمێنێ چی دەیلێم لە بارەی بێ دەرفەتی و بێ هەموو شتێك.. راستیی بێ فێڵە. لەوە گەڕێ کە نەمتوانیوە، رەنگە هەر نەشتوانم، لە کوردستانی ئێران و لە تورکیا و ئەستەمبۆڵدا چ تۆژینەوەیێك بکەم، یا بە گەشت و گەڕان تێیاندا چی ماوە لە خەبەر و ئەسەری حاجی، بهێنمە بەردەست. بۆم نەلوا لە باڵەکەتی هیچی نوێ لە ئەحواڵی حاجی بخەمەوە سەر ئەو کەمتاکورتەی خەبەراتی ژیان و خوێندنی لەو مەڵبەندەدا. لەوە زیاتر کە لەو تەحقیقاتەدا هەندێ خەبەر و چەند و چۆنی زانایی و شەخسیەتی مەلای ئیبنو ئادەمم بۆ ڕوون بووەوە و بەوەدا یەکێك لە سەرچاوەکانی پێگەیشتنی حاجی قادر لە جاران زیاتر کەوتە بەر تیشکی ناسراوی، هەرچی زانینێك هەیە کە راستەوخۆ لەگەڵ حاجی قادردا پێوەندیی هەبێ نەکەوتە کەشکۆڵی سواڵ و سەدەقەمەوە. بەر لەو تۆژینەوەم چەندم دەزانی لە ژیان و خوێندنی حاجی قادر لە باڵەکەتیدا هەر ئەوە مایەوە بۆ خەرمان و داهاتم و یەك دانەی نوێی لێ زیاد نەکرا... زۆر بە داخەوە.

کۆشام بۆ وەدەست هێنانی وێنەیێکی خراپگەی (گۆڕقەرەج)، بەڵێنیشم وەرگرت لە دۆستێکی خۆم، کە خزمی حاجی قادریشە، بەڵام وا هاوینی دووەم رادەبێ بەسەر ئەو بەڵێنەدا و (هەمان حیرت روزن باقیست) بە دیار چاوەنۆڕییەوە.

ویستم خەریتەیێکی ئەو شوێنانەی کوردستان (بەڕادان بدەم) کە حاجی ژیان و خوێندن و گەشتی لێ کردوون، دەستم بە هیچ پنچکێکەوە بەند نەبوو.

لەوەش کەمترم داخوازی کرد، گەڕام بە دوا خەریتەیەکدا کە ئاواییەکانی باڵەکەتی و هاوینە هەوارەکانی وەك (سینگوڕە)، ئاوی پرژ و گۆلەشین، گەرووی شێخی، هەواری گورگ و شێران...) بگرێتەوە کە هەموویان ناویان هاتووە لە شیعری حاجیدا، کەچی لە بەختی کەچم لە نێوان ٥٠–٦٠ خەریتەی سەرلەبەری کوردستانی عیراق کەوا ورد و درشتی هەموو شار و ئاوایی و شاخ و دۆڵ و چاك و پیری ئەو ناوەیان تێدا تۆمار کرابوو تەنها ئەو پارچە خەریتەیە بزر بووبوو کە بەر باڵەکەتی دەکەوت، بە راستی لەمەدا هەر دەتگوت قەزا و قەدەر بەرهەڵستیم دەکات. پارچە بە پارچەی ئەو خەریتانە، بگرە لە حەمرینەوە تا هەموو لایێکی کوردستانی عیراق، وڵاتیان دەدا بەر خۆیان و پێ بە پێ و جێ بە جێ دەیانخوێندەوە و هەر لە شاری گەورە و شاخی بەرز و ئاوی زۆرەوە تا هۆرەمەڕ و گردۆلکە و کوێراوی بەهارانیان دەگوتەوە و چییان نەدەهێشتەوە بۆ پرسین لەم و لەو، بەڵام وەك ئەوەی دەستێکی غەیبی هاتبێ و بە مەقەسێکی ئەفسووناوی بۆ مەبەسێکی تایبەتی خۆی مەقەسکاریی کردبێ بەم جۆرە ئەم پارچە خەریتەیەی هەرێمی باڵەکەتی لەوانی تر بڕابووەوە و لێیان دەرکێشرا بوو و لە ناوچووبوو. وای کە لەم رووداوە نالەبارە وەتەنگ هاتم، بەڵام بێ سوود ..

با پێت بڵێم چۆن لەگەڵ ئەم هەموو بێ ماوەیی و بێ کەرەستەیییەوە توانیم دەست بە نووسین بکەم و لە سەریشی بەردەوام بم!

چەند هۆیێکی بنجی هەیە یارمەتیی منی داوە لەم مەیدانەدا:

یەکەم: نزیکیم لە حاجی قادرەوە بە بۆنەی کۆییبوونمان و هاوڕێیی ئەو لەگەڵ باپیرمدا.

دووەم: عادەت گرتنم بە سەرنجدان لە واتای ئاشکرا و نهێنیی ئەو شتانەی دەیانبیێم وەیان دەیانخوێنمەوە کەوا بە زۆری و گەلێك جاران پەردە لەسەر رووی واقیعی شرایەوە هەڵدەداتەوە و ئازادیشم دەکا لە ملکەچکردن بۆ غەڵەتی پەرەسەندوو.

سێیەم: ڕەهابوونم لەو بڕیارە پێشەکییانە کەوا خۆ لکاندنی دەروێشانە بە باوەڕی حازر بەدەستەوە دەیانکا بە ئایەتی قورئان و ئینجیل و جغزی تەقدیسیان بە دەورەدا دەکێشێت و لە ڕەخنە و هەڵسەنگاندنیان دەر داوێت. بە لای منەوە ئادەمزاد لە هەموو فەلسەفە و باوەڕێك بەنرختر و بە شەرەفترە و ناشێ و نابێ بکرێ بە بەندەی باوەڕ. لەو تاریکستانە ڕەشترو ئەنگوستەچاوتر نییە کە مرۆڤ، وەك بەرخ، ڕام بکرێ بۆ کاوێژکردنەوەی تاکە یەك باوەڕ و تفاندنەوە و هێنانەوەی هەرچی باوەڕێکی تر هەیە غەیری ئەو.

چوارەم: بەیەکەوە ژیانێکی گیانی و فکریی دوور و قووڵم لەگەڵ تێکڕای شیعر و کەلەپۆر ودەنگ و باس و خەبەراتی حاجی قادردا کە ڕێم پێ دەدا، زیاتر لە یەکێکی نائاشنا، بۆ زانینی ئەو هۆیە بزوێنەرەی فڕکەی بە دەمارەکانی خستووە و هەناسەی گەرم داهێناوە و دڵی هەژاندووە و خوێنی کوڵاندووە و ڕازیی کردووە وەیا ڕقی هەڵستاندووە.. تۆ کە ماوەیێکی درێژ لەگەڵ مەوزووعێکدا ژیایت و لێی ورد و قوڵ بوویتەوە هەست دەکەیت، لەگەڵ درێژ بوونەوەی کات، ڕووناکاییەکی وەك هی بەیانی کە وردە وردە تاریکیی شەو دەڕەوێنێتەوە، پێ بەپێ دەکێشێت بەسەر گۆشە تاریك و نهێنی و نەزانراوەکانی مەوزووعەکەوە و لەبەر چاوی دەروونت ڕۆشنیان دەکات.

لەگەڵ ئەم بەیەکەوە ژیانەدا مەلا بوونی حاجی قادر سەرلەنوێ تێگەیشتنی کردار و گوتاری ئەوی بۆ من ئاسانتر کردووە لەو ڕووەوە کە خۆم لە دەوروبەری مەلایاندا ژیاوم و شارەزای ژیانی فەقێ و مەلا و دەرس و دەور و ڕاتبە و گەشت و گەڕان و گەرمێن و کوێستانیان هەم هەرچەند بۆ خۆم خوێندنی فەقێیانەم نەبووە و لە سێ مانگێك بەولاوە سەری خوێندنم بە کتێبی مزگەوتدا نەگرتووە، ئەویش لە هەڵکەوتێکی تایبەتیدا لای باوکم.. ئەو حوجرەی مزگەوتی گەورە و مزگەوتی حاجی مەلائەسعەد لە کۆیێ کە حاجی قادر دەرسی تێدا خوێندووە، بۆ خۆم دیومە چەندین مەلا و مستعد و فەقێ ئالێ دەلێ بابەیان تێدا کردووە، کوچکە و کەڵەکێکی لە هاوینەهەواری چناڕۆك کە کاتی خۆی حاجی قادر دار کەپر و ساباتی بە سەردا ڕایەڵ کردوون منیش بە هاریکاریی فەقێ و مستعدەکانی باوکم دار کەپر و ساباتم بە سەردا تەنیونەوە لەگەڵ چرۆ و گەرا و دەراوی چیا و دەشت و چەمەڵانی ئەو ناوە. تۆ کە لە نامەکەی حاجی قادر بۆ باپیرم ئەم بەیتە دەخوێنیتەوە:

لـە خـۆم ئـاگر هـەڵێنم وەك (چنـارۆك)
لە چـاوم گریە دەر بێ وەك (حەمـامۆك)

لە موناسـەبـەی (ئـاگر هـەڵێنان) و نـاوی (چنارۆك) هـەر هێندەت بۆ مـەعلووم دەکرێ کەوا وشەی (چنارۆك) ئاگری هەڵێناوە چونکە (نار)ی تێدایە، بەڵام رەنگە هـەرگیز گوێبیست نەبووبیت ئەفسانەیێك هەیە دەڵێ چنار کە زۆر پیر بوو لە خۆوە ئاگر دەگرێ. ئەمانەشت زانی بێ ئیمکانت نییە وەك من بە چاوی ئەوسای حاجی قادر سەیری چـەشمـەنـدازی چنـارۆك بکـەیت و سۆزی ئـەوسای ئـەوت ببـزوێ بـۆ چنـارۆك وەك ئێستاکەی من. بە نیسبەت منەوە ئەو کات و ئەو جێگایانەی حاجی قادریان تێدا ژیاوە هـەر خۆیـان بوون و نەگۆڕابوون کە من چاوی ژیانم لـەم جیهانـە هـەڵێنا، جۆری ژیـان و رابواردن و کۆڕی دەرس و بانگ و نوێژ و جومعە و هـەموو سەر و بەرێکی ئەو ژیـان و رابواردنەی بـاوکم کە بە دووچاوی خۆم دیون درێژەیێکی ئـاسایی و سەد لە سەدی رۆژگاری حاجی قادر و باپیرم بوو، تەنانەت پیاوی وەها مـابوون دەهاتنە مـەجلیسی بـاوکم کە هـاوچەرخی حاجی قادر بوون. من بێ زیاد و کەم شیرمژی ئەو ئـاو و هـەوا و دەوروبـەرە بـووم کـە حـاجـی قـادر فـرچـکـی پـێ گـرتبـوو، لـەمـەشدا چ هونەرێکی خۆم بـاس نـاکەم، رێکەوتت بۆ دەگێڕمـەوە کە بۆ من هـەڵکەوتووە و بۆ تۆ نـا! دەمـەوێ بۆت مـەعلوم بێ بـەشێکی روونـاکی نووسینی من کە حاجی قادر روون دەکـاتـەوە دووبـارەبـوونـەوەیـەکـی تـیشکـی خـۆیـەتـی لـە ئـاوێنـەی چـەشنـی ژیـان و دەوروبەری مندا، واتە حاجی قادر لە رێی منەوە خۆی خۆی روون دەکاتەوە.

نەشارەزا بوون لەو کەسە کە دیراسە دەکرێت، بەزۆری، خاوەنی دیراسەکە بە سەهوو دەبـات. نووسـەری ئەوروپـاییم دیوە بـاسی مرۆڤێکی رۆژهـەڵاتیی کردووە و قسەکانی ئەو مرۆڤەی بە رواڵەت وەرگرتووە و لـەو رواڵـەتـەوە بڕیاری چەند و چۆنی و چاکە و خراپەی مرۆڤەکەی داوە، لەمـەشدا هێندە لە راستی دوور کەوتووەتەوە وەك ئەوە بووە کە بە رەش بڵێ سپی یاخود کورت بە درێژ لە قەڵەم بدات. ئەم نەشارەزاییە یەکێکە لـەو هـۆیـانـەی وا دەکـات هـەنـدێ نووسەری کورد جارجارە حاجی قـادر بکـەن بـە خزمـەتکاری دەرەبەگ و ناوناوەیێکیش بیخەنە پێش موزاهـەرەی رەش و رووتـانەوە.

پێنجەم: نیگا و بینینی تایبەتی خۆم کە بریتییە لەوە جیهان بە شتێکی یەکگرتوو و سەرانسەر دەبینم و کەرت و بەش و پارچەکانی لەبەر چاوم لە یەکتر ناپچڕێنەوە، ئەمـەش وا دەکا درەنگتر لە یەکێکی تری وەك خۆم بگەم بە کۆتایی شیکردنەوە و

پێچانەوەی مەوزووع، لەو رووەوە کە ماوەیێکی تەواو لە پەراوێزی هەموو مەوزووعێك لەگەڵ مەوزووعەکانی دەوری خۆی تێکەڵ و بەیەکەوە بەستراوە و داوە موویێك نابێ گردەبڕ لە یەکتریان جودا بکاتەوە.

شەشەم: سەرەڕای تێکەڵبوون و بەیەکەوە بەسترانەوەی مەوزووعانەوە کە ناچارم دەکات بەردەوام بم لە کوتانەوەی ئەو میقدارانەیان کە وا لەگەڵ مەوزووع تێکەڵن، روونکردنەوەی مەبەس بەتەواوی بەرهەم نایێ ئەگەر دەوروپشتی روون نەکرێتەوە بە نموونە دەڵێم کە گوترا رووسیا و ئەمەریکا تەنها دوو دەوڵەتن ئاسمانگەردیان کردبێت و گەیشتبنە ناو مانگ، ئەم گوتەیە وەك مەتەڵ خۆ دەنوێنێ و هیچ شارەزامان ناکا بەو هۆیانە کە وایان کردووە هەر ئەم دوو دەوڵەتە کاری وا گرنگ بکەن ئەگەر زێدە هێز و سامان و تەکنیك و زانستی ئەمان و ئەرکی یەکجار سەختی ئاسمانگەردی بە باشی روون نەکەینەوە. نموونەی لەمەش ئاشکراتر هەیە بۆ روونکردنەوەی مەبەس: زوربەی خەڵق دەڵێن لە سووڕانەوەی زەوی بەدەوری خۆیدا شەو و رۆژ پەیدا دەبێ، ئەمەش گوتەیێکی راستە و هێندەی بدیهیە روون بووەتەوە بۆ ئەوانەی شارەزای زانستی فەلەکن، بەڵام گومانت نەبێ بەشی هەرە زۆری خەڵق لە راستە قسەکە بەولاوە کە وەك تووتی دەیلێنەوە هیچ چەند و چۆنێکی مەسەلەکە نازانن و هێندە لێی نەشارەزان ئەگەر پێیان گوترابا نەسووڕانەوەی زەوی هۆی شەو و رۆژە ئەویشیان دەسەلماند و دەیانگوتەوە، خۆ مەعلوومە هەزارانساڵ بوو هەر ئەوە دەگوترایەوە چ لە لایەن زاناوە چ لە لایەن نەزانەوە.. ئێستاکەش زوربەی دەرچووانی زانکۆکان نازانن هۆی نهێنی چییە لەوەدا کە وا سووڕانەوەی زەوی بەدەوری خۆیدا نزیکەی ٢٣ سەعات و ٥٦ دەقیقە دەخایێنێ بەڵام شەو و رۆژ ٢٤ سەعاتی تەواوە؟ ئەم تەفاوتی نزیکی چوار دەقیقەیە لە میانی کاتی پێویست بۆ سووڕانەوەی زەوی بە دەوری خۆیدا لەگەڵ کاتی پێویست بۆ ئاوابوون و هەڵاتنەوەی رۆژ تا دەگاتەوە سەر کەلی رۆژئاوا، ئا ئەم تەفاوتە لە کوێوە هاتووە؟ چۆن دەشێ درێژایی شەو و رۆژ ٤ دەقیقە زیاتر بێ لەو کاتەی پێویست بوو سووڕی زەوی بەدەوری خۆیدا لە حاڵێکدا دەزانین شەو و رۆژ لەو سووڕەی زەوی پەیدا دەبێ؟ لە زاهیردا ئەم گوتەیە وەك ئەوەیە بڵێی شەو و رۆژ ٤ دەقیقە لە خۆی درێژترە، کەچی گوتەکەش راستە و هۆیێکی زۆر ئاشکرا و بەرچاویشی هەیە بەڵام چاومان وەك شەوکوێر نایبینێ..

نووسەری عادەتی وەك من و تۆ شتی وەها دەنووسێ هەڵە و راستی هەڵبگرێ و

سەلماندن و نەسەلماندنی بە بەرەوە بێ، خۆ من و تۆ نەشێخی تەریقەتین و نە سەرۆك نیقابەین، نەپێشەوای سیاسەتین چی بیڵێین بێ بەڵگە و هۆی ئیقناعکردنیش بێ پەیڕەوەکانمان بڵێن سەدەق. بە راستی ئەگەر شتی بێ گومانیش بڵێین هەر بە زەحمەت لێمان قبووڵ دەکرێ چ جایی ئەوەی شتی ئەوتۆ بڵێین پێویستی بە بەڵگە هەبێ و لەگەڵ بیر و باوەڕی تردا پێك کەوتنەوە و تێك هەڵقڕانی ببێ. لەمەوە بۆت دەردەکەوێت گوتەیێکی من بیڵێم و بینووسم ئەگەر خۆی لە خۆیدا سادەش بێ دەبێ لەگەڵ بەڵگە و هۆ و شەرح و شیکردنەوەی تەواو پێشکەش بە خوێنەران بکرێ، ئەوساش کۆسپی گەورە و سەختی نەسەلماندن و بە هەڵە دەرچواندن و درۆ خستنەوەی هەر لە پێش دەمێنێ. لە ژیانی ئاساییمدا دووچاری هەڵکەوتی وەها بووم هێندە نالەبار بووە لە جیاتی دڵگیری پێکەنینی بزافتوە، وەك ئەوەی بڵێم ئاوی شاخەکانی کوردستانی عیراق دەڕژێنە دەشتاییەکانی ناوەڕاست و بەرەو خوارتر، ئیتر یەکێك لێم بە دەنگ بێ و ئیعتیرازم لێ بگرێ بەوەدا کە بڵێ: چۆن دەڕژایە ئەو دەشتانەوە ئەگەر شاخەکانی بەرزتر نەبوونایە لە دەشتەکان.. چۆن دەگەیشتنە بەسرە ئەگەر (شط العرب) رووی لە شوێنێکی تر کردبایە.. چۆن ئەو ئاوانە پەیدا دەبوون ئەگەر باران زۆر نەباریبا.. چۆن.. چۆن و چەندین (چۆن)ی تر کە هیچ یەکێکی نرخی فلسێکی نییە و بەقەدەر رۆژهەڵات و رۆژئاوا لە گوتەکەی من دوورن و لەوە بەولاوە کە خاوەن (چۆن)ەکان بیروڕای سیاسیی لەگەڵ هی من جودایە و ئەمە بۆ ئەو بەسە خۆ دژ بنوێنێ لەگەڵ هەر شتێکی من بیڵێم با ئەو شتە بەڵگەنەویست (بدیهیە)یش بێت هەرچی هۆی بەرهەڵستی هەیە پەیدا نابێ.. خۆ ئەگەر من شێخی تەریقەتی سیاسیی ئەو بام و بمگوتبایە ئاوی (شط العرب – یەکاوی عەرەب) سەرەوژوور دەبێتەوە بۆ بانی ئەنەدۆڵ ئەوسا بێگومان پەنجەی شادەی بەرز دەکردەوە و دەیگوت ئەشەدەم بیللا راستت فەرموو بەڵام خەڵقەکە نەزانە و تێی ناگا. نووسەر تا نەبێتە جێی متمانی و باوەڕ پێکردنی خوێنەران ناتوانێ بە ئاسانی ئیقناعیان کات، یاخود هەر بەجارێ و هەتا هەتایێ ناتوانێ. متمانی و باوەڕ پەیداکردنیش، بەزۆری، لەوەوە دێت شتێك بنووسێ و بڵێ کە لە پێشەوە بزانێ خوێنەران حەزی لێ دەکەن و ئینتیزاری بۆ دەکێشن. دەوجا کە نووسەر لە ریبازێکەوە رۆیشت، بەرەو باوەڕی خۆیەوە، پشتی لە رێبازی خوێنەرانەوە بێت و لە ئاوێك مەلەی کرد خورگەی نەڕژێتە ئەو گۆمەوە خوێنەران مەلەی تێدا دەکەن دەبێ لە هەر هەنگاوێك و باسك لێدانێکیدا ئالایێکی بەڵگە بەرزکاتەوە و مۆمێکی راستی هەڵکات و

زەنگێکی سۆز لێ بدات هەر نەبێ بۆ پاکانەی خۆی و نووسینەکەی.. ئەمانەی لێرەدا دەیڵێم دیمەنی بەرچاوی رۆژانەمانن و وەك هەناسە هەڵی دێنین و خۆراکی مەعنەویمانن. هەڵبەت من کە هەست بەو راستییانە بکەم و بایەخی خۆیان بدەمێ دەبێ ئەرکی نەفەسبڕی درێژە پێدان و شیکردنەوەی بەزیادەوە و بەڵگەهێنانەوەی پێویست و نەویستی بۆ بکێشم، لەگەڵ ئەمەشدا رەهابوون لە توهمەی ناڕەوا و بێ بنج و بەڵگە بەولای ئومێدمەوەیە. گوتەیێك و رائێك راستیی بێ پەردە و پەناش بێ دەبێتە ئامانجی تانە و توانج کە هات و لەگەڵ میزاج وەیا بەرژەوەندی ئەم و ئەودا نەگونجا. کە من بڵێم حاجی قادر دژی خاوەن زەوی (ناوی دەرەبەگ ناهێنم چونکە ناوهێنانی هەڵەیێکی سافیلکەی مێژوویی و خوێندەوارییە بۆ سەردەمی حاجی قادر) نەبووە و خزمەتکاری دەرەبەگیش نەبووە، سەرلەبەری ئەو دوو تاقمە دەرەنجێنم کە یەکێکیان سوورە لەسەر ناوهێنانی دەرەبەگ با لەو کاتانەدا جارێ لە سکی دایکیشی نەڕسکابێ، ئەوی تریشیان پێ دادەگرێ لەسەر هێندێ کە حاجی قادر کۆنەپەرست و نۆکەری دەرەبەگ بووە لەو بڕیارەشیدا (پێی خۆی کردووە بە هۆقە) و گوێ ناداتە شتێك ئەو دەنگە نەبێ کە لە هەناوی خۆیدا دەجریوێنێ. کە بێم و بڵێم حاجی لە کوردستانی عیراقەوە خەباتی سیاسیی نەکردووە و هەڵبەستی نیشتمانپەروەرانەی دانەناوە، بەمەشدا هەموو ئەو جوامێرانە دەتۆرێنم کە پێیان خۆشە هەوڵ بدرێ بۆ ئەوە حاجی قادر بکرێتە بولبولێکی کوردایەتیی شیرمژی کۆیێ.

من کە ئەو رێگایانە بگرمە بەر لە نووسینمدا خەلقم لێ بتۆرێنێ، دەبێ نووسینەکەم پشتئەستوور کەم بە بەڵگەی ئەوتۆ خۆ لەبەر هێرشی بێ ئینسافانە بگرێ، ئەم بەڵگانەش بە دوو قسەی قوت و قرتاو ساز نادرێن، بە ئاسانیش نایێنە بەر دەست بە تایبەتی بۆ من کە خۆت دەبینی بە رێبازێکدا ناڕۆم شوێن پێی لە خۆم بە پێشەوەی تێدا بێ نەك لەبەر دەعیە و دەماغ بەڵکو لەبەر نەبوونی هیچ شوێن پێیەك لەو مەیدانانەدا کە لە پێش چاوی زیهن و دڵ و فکری مندا روونن. ئەوەندەی نووسینم هاتبێتە بەر چاو لە باسی حاجی قادر و هەموو ئەو باسانە کە لەوەوە سەر هەڵدەدەن نەمدیت یەکێك لەو نووسینانە شتێکیان لێوە بڵێ کە من پێی رازی بم تا بیکەم بە بەڵگە بۆ نووسینی خۆم. ئەو نووسینانە یا هەر بە جارێ لەو شتانە بێ دەنگن کە من دەیانبینم، یاخود بە شێوەیێك لێیان دەدوێین کە بەلای منەوە پێچەوانەی راستی و واقیعن...

لەبەر ئەم هۆیانە و گەلێکی تر کە پێویست نییە بەدوایان کەوین، نووسینەکەم بە

ناچاری و بە جۆرێك خۆ لێدزینەوەی لە ئیمکاندا نەبێ، درێژەی کێشا و دەکێشێت، خوێنەریش دەبێ لەگەڵم نەفەسدرێژ و بە سەبر بێ. سەرەڕای نەفەسدرێژی و سەبریش دەبێت سەیری تێکڕای نووسینەکەم بکا نەك جزمێك و دوو جزمی. ئەو درێژەدانەی کە بە نیسبەت یەك جزمەوە وەك لە مەوزووع لادان دێتە بەرچاوان کە بخرێتە ناو پەراوێزی هەموو نووسینەکەوە دەبێتە ئەو کورتە باسە کە شیکردنەوەی بابەت داخوازی دەکات. عومر وەفای هەبێ و لە هەموو باسەکە ببمەوە، راستیی ئەم تێبینییە وەك بەدیهیەی لێ بەسەر دێت.

لە بەشی یەکەمدا هەندێ سەهوو دێنە بەرچاو بەڵام زیانێکی بە بیر و باوەڕەکانم نەگەیاندووە. بەیتێکی سالم لە لاپەڕە ٣٧ هەڵەی تێدایە، راستییەکەی ئەمەیە:

زستانی ئەووەلین بوو دڕا بەرگی شێخ هەواس
رۆمی ئەوەندە شوومە لە شەخسیش دەدا زەرەر

لە میانی باسی حاجی بەکرئاغا گوتوومە کوڕێکی خۆی کردە سەرۆکی شارەوانیی بەغدا. من بەمەدا گوتەیێکی مەشوورم باس کردووە بێ ئەوە لێی ورد بووبمەوە. هەر دوا بە دوای چاپکردنی بەشی یەکەم لەگەڵ خۆمدا کەوتمە رەخنەکاری. حاجی بەکرئاغا کە لە ساڵی (١٢٧٠)دا مرد کوڕە گەورەی ١٥-١٦ ساڵی بوو، چۆن دەچێتە عەقڵەوە کوڕی سێیەم وەیا چوارەمی بەر لەو ساڵەدا، واتە پێش مەرگی حاجی بەکرئاغا بووبێتە سەرۆکی شارەوانیی؟ راستییەکەی ئەوەیە ئەو کوڕەی دوای مەرگی خۆی بووە بە سەرۆکی شارەوانی بەغدا بەڵام ناو و شۆرەت و حورمەتی حاجی بەکرئاغا یارمەتیی کوڕەکەی داوە لە گەیشتنی بەو پایەیە. رەنگە لەم بابەتە سەهوانە ئیتریش هەبێ بەڵام دەخلی بەسەر هیچ حیسابێکی ترەوە نییە و هیچ لێکدانەوە و بەراوردێکی ناو نووسینەکە هەڵناوەشێنێ.

هەر وەك گەلێ جار گوتوومە لێرەدا جارێکی تریش دەڵێم خۆم لە وشەی بێگانە لانەداوە کە زانیبێتم بەو وشەیە واتا و مەبەس پتر روون دەبنەوە تا وشەیێکی کوردیی پەتی.

ناوناوەیێك رستەی سەخت هاتووە بۆ ناو نووسینەکەم کە ئەمە دژی خواهیشتم بووە، بەڵام گەلێ جار وادەبێ سەختی فکر و لێکدانەوە لەگەڵ رستەی ئاسان و ساکاردا ناگونجێ و نووسەر ناچار دەبێ هانا بباتە بەر رستەی رەق و گرێیاوی، ئەگەر وانەکا دەبێ واز لە فکرەکەی بێنێ. ئەوەی راستی بێ بەرهەمی فکر سەرلەبەریان رەق و

سەختن نەك هەر نووسین، ئەمەشم لە نووسینی ترمدا باس کردووە لەمن بەپێشەوەش لێی دواون، تەنانەت (توفیق الحکیم) خاوەن فکرەی (اسلوب تعادلی) لەو باوەڕەدایە کە وا بە پێی زەحمەتی و سەختیی لێکدانەوە و بیرکردنەوە نووسین و (تعبیر)یش زەحمەت و سەخت دەبێ، لەمەشدا چ سەهوێکی نەکردووە.

لە لایەن رێنووسیشەوە پێویستە بڵێم یەك شێوەی سەرانسەر لە نووسینەکەمدا خۆی نەکردووەتە دروشمێکی بەرچاو، زۆر جاران شێوەگۆڕیم کردووە. وا بووە نووسیوم (دەت کرد) واش بووە (دەتکرد) و لەم بابەتەش گەلێکی تر. هۆی ئەم شێوە گۆڕینە لە دوو و سێیان پترە بەڵام ئەوەندە بەسە بیێتە شەفاعەتکارم کە وا تا ئێستا هیچ شێوە رێنووسێك یەکجارەکی نەبووەتە قەرارادە، رێنووسی (کۆڕی زانیاری کورد)یش کە خۆم تێیدا خاوەن بڕیارم، پیتی وەها لەباری بۆ دانەڕژاوە هەمووی دەست بدا بۆ بەکارهێنان سەرەڕای ئەوە کە وا بڕیارەکانی کۆڕیش هەموو رووپێوێکی نووسینی کوردیی نەگرتووەتەوە، بۆیە وا بووە لە دەستووری کۆڕم لاداوە بەناچاری(*).

لەم شێوە گۆڕینەی رێنووسدا هەر چەند هەستی ناڕەحەتی دەکەم بەڵام ئەوەندەش دەزانم کە واتا ئەو رۆژەی رێنووسێك دەبێتە یاسای یەکجارەکی شێوە گۆڕی نابێتە خەوش وەیا جێی گلەیی.

بە هەمە حاڵ مەبەستی یەکەم لە نووسیندا خۆشخوێنییە، هەوڵی کۆڕ وەیا لایەنێکی تریش هەر ئەوەیە رێبازێك بۆ نووسین تەخت کا زیهن و چاوی خەلقی تێیدا ماندوو نەبێت، چاوەدێری دەستوورەکانی زمانیشی کردبێت. ئومێد دەکەم ئەو رۆژە بەچاوی خۆمان ببینین سەیرمان بێتەوە لە سەرسوورکێ و سەر لێشێوانی ئیمڕۆ بە دەوری رێنووسەوە.

قسەیێکی تایبەتیم هەیە لەگەڵ ئەو (گوڵێ)یەی کە حاجی لە (دەشتی بەهەشت ئایینی لاجان) چاوی پێی کەوتووە و دڵی بۆی چووە. من لەبەشی یەکەمی نووسینەکەمدا وام رانواندووە کە وا کچی حەمەد ئاغای باوکی قەرەنی ئاغای مامەش بووە. ئەم بڕیارە لەوەوە هاتووە کە (گوڵێ) کچی ئاغای مامەشان بێ، چونکە مامەشان چ ئاغایێکیان نەبووە ناو (قەرەنی) و لە سەردەمی حاجی قادردا

(*) ئێمە لە دەزگای ئاراس بەپێی بۆ لووان بەکاردەهێنی، بەتایبەتی لەو تێبینیانەدا کە لەسەر بەرگەکەیان نووسراوە رێنووسی یەکگرتوو، هەوڵمان داوە رێنووسی سەرتاسەری کێتێبەکە یەك بخەین، هەمووش نەبێ زۆری بێ.

لەعومرێکدا بووبێ هەڵی گرتبێ کچی وەك گوڵێی بووبێ. قەرەنی ئاغای مامەش (٣٠) ساڵێك دەبێ مردووە و لەعومری (٧٥) ساڵیشدا مرد. بەوپێیە ئەو هێشتا لە دایکی نەبووە کە حاجی چاوی بە گوڵێ کەوتووە. کەواتە کە گوڵێ مامەش بێ نابێ کچی قەرەنی ناوێك بووبێ لە مامەشان. بەڵام لەم یەك دوو ساڵەی دواییەدا ریوایەتی ترم کەوتە بەر گوێ کە دەڵێ (گوڵێ) کچی (قەرەنی ئاغای پیران) بووە، ئەم ریوایەتەش پتر بەسەر زارانەوەیە و لە خەلقی واشم بیستووە پێوەندیی عەشیرەتی و هاتوچۆی ساڵانەی مەڕداریی لەگەڵ باڵەکەتی و هاوینە هەوارەکانی کوردستانی ئێران هەیە. کەواتە ئەو ئیحتیماڵە کە (گوڵێ) لە عەشیرەتی پیران و کچی قەرەنی ئاغای پیران بووبێ بەهێزترە لە هی تر. پیران و مامەش، هەر دوو عەشیرەت لە دەوروبەری لاجاندا دەژین، وەك دەشبینی ناو (قەرەنی ئاغا) لە هەر دووواندا پەیدا دەبێ، لەوەوە تێکەڵ پێکەڵی لەو حیکایەتانەی سەر بە هەر دوو لایاندا دەگەیەنێ شتێکی رەچاو کراوە، بەتایبەتی بەسەرهاتەکان دەماودەم دەگێڕدرێنەوە و کەس تۆماری نەکردوون تاکو شێواوییان تێدا پەیدا نەبێ. ئەم روونکردنەوەیەم بە پێویست زانی لە رووداوێکدا کە پێوەندیی بە حاجی قادرەوە هەیە و پڕیشە لە هەست و تاسە.

یەك شت ماوە لەم پێشەکییەدا پێتی بڵێم، دەبێ وەك مزەی دەست خاوێنی (أمانة) لێمی تەحەمول بکەی، سەرلەبەری بەشی یەکەم و بەشی دووەمی ئەم نووسینە لە ئادار و نیسانی ١٩٧٢ دا گەڵاڵە کرا، لە هاوینی هەمان ساڵدا بەشێکی نووسینەکەم پاکنووس کرد. لەوە بەو لاوە ناوناوەیێك نەبێ چ دەستکاریم تێدا نەکردووە. ئەوەندە دەسکارییەی کە کراویشە شتێکی زۆر کەمە و گۆڕینێکی نەکردووە لە بیر و باوەڕی هەوەڵ جارم. چیی ماوە لەو هێندەی پاکنووس کراوە لە جزمێکدا جێی نابێتەوە، بە ناچاری و لە ترسی درێژەکێشان و زلبوونی لە حەد بەدەر، بڕیارم دا بایی جزمێك لەو پاکنووسکراوە بکەم بە بەشی دووەم، چەندی دەشمێنێتەوە لەبەر جزمی دووەم لەگەڵ ئەوەندە گەڵاڵەی کەوا تا ئێستا نەپەرژاوم پاك نووسی بکەم بکەوێتە بەشی سێیەمەوە، بەمەرجێك پاکنووسکردنی گەڵاڵەکە ئەوەندە درێژ نەبێتەوە لە قەوالەی جزمێکدا جێی نەکرێتەوە. بە هەمە حاڵ پاکنووسکراو و گەڵاڵە، تێکڕایان خەریکی ئەو قۆناغەی ژیانی حاجین کە وا لە کوردستانی عیراق و ئێرانی رابواردووە، جارێ یەك وشەم نەنووسیوە لە ژیانی ئەستەمبوڵی با بزانین چرای خەباتی حاجی بۆ کوێمان دەبا!

***

حاجی قادر و گەشتی خوێندن

بەشی دووەمی ئەم نووسینە لەو کاتەوە دەست پێ دەکات کە حاجی بە هاوڕێیی باپیرم، حاجی مەلا عەبدوڵلا، لە کۆیەوە بەرەو باڵەکەتی ڕۆییوە بۆ تەواوکردنی خوێندنەکەی، بەڵام لە میانەی گەیاندنەوە یەکتری جەمسەری ئەم دوو قۆناغە جوداوازە بەرچاوەی ژیانی حاجی، وەك تەقەڵی دەزووی مشترك لە میانی دوو پارچە کوتاڵ، وردە باس و خواسێك ماوەتەوە لە بەشی یەکەمەوە بۆ بەشی دووەم، وردە وردە لەگەڵ بەسەرچوونی سەرەتاکانی بەشی دووەم، لێیان دەبمەوە. ئەم وردە باسانە کە لێرەدا دەبنە جەمسەری میانی دوو قۆناغی جوداواز، بە ئەسل درێژەی یەك باس و ڕەوتی یەك گەشت بوون، دابەشکردنی نووسینەکە بۆ چەند جزمێك شێوەی جەمسەری پێ دان. هەر ئەم دابەشکردنەشە وا دەکا خوێنەر سەیری بێتەوە لەوەدا کە وا یەکەندەردوو بە دوا عینوانی (حاجی قادر و گەشتی خوێندن)دا ناچمە ناو باسی گەشتەکەوە. کە بێیت و ئەم بەشەی دووەمە بکەیتەوە درێژەی ئاسایی بەشی یەکەم سەیر پێهاتنەکە کەم دەبێتەوە، یاخود هەر بە جارێ دەڕەوێتەوە.

لە بەشی یەکەمدا ئەوەندەمان بۆ کرا بە جۆرێکی ناتەواو، لە ڕێی گوتەی دەماودەم و لێکدانەوەی هەندێ ڕوودا و مێژووی نووسراوەوە بگەین بەپلەی دوای فەقێیەتی لە خوێندنی حاجی قادر کەوا پایەی (مستعدی)یە.

ئەوەندەی هەوڵم دا بزانم جگە لە مزگەوتی (مفتی) و دوو مزگەوتەکەی جەلی زادان (مزگەوتی حاجی مەلا ئەسعەد و مزگەوتی گەورە)، لە چەند مزگەوتی دیکەی خوێندووە و مامۆستاکانی کێ بوون و دەرسی بەکێ گوتووەتەوە و لەگەڵ باری خوێندنی ئایا باری گوزەرانی چۆن بووە بەتێکڕایی، نەگەیشتم بەهیچ ئەنجامێك. کە دەڵێم هیچ ئەنجامێك مەبەسم مانای تەواوی وشەکەیە، تاکە یەك وەرامم وەرنەگرتەوە لەو هەمووو پرسیار و تۆژینەوەی کردم. لە هەندێ برادەرانەوە چەند دێڕی پرسۆن، بەڵام بێ سەرەنجام، هاتووە بۆم بەهەموویان یەك موشکیلە ساغ ناکەنەوە و وەرامی یەك پرسیار نادەنەوە. نامەیێك، یا دووان، لەو نامانە خەبەرێك لە حاجی دەگێڕنەوە نرخێکی تایبەتی خۆی هەیە هەرچەند خەبەرەکەش تا بڵێی کورتیلەیە، لە کاتی فەقێیەتیدا لە گۆڕقەرەجەوە کاڵەکی بۆ هاتووە. ئەویش دانەی گەورە و پەسەندی گل

داوەتەوە لە مزگەوت بۆ مەلا و فەقێیان، شەق و شڵوقەکانیشی بۆ ماڵی مامۆستای ناردووە. کە لێیان پرسیوە بۆ وا دەکەی؟ گوتوەتی ماڵی مامۆستا قەڵەباڵغە منداڵی زۆرن هەموو شتێك دەخۆن.. قسەکەش لە زاری (حاجی)یە گەورەوە وەرگیراوە.

لەم خەبەرەدا گیانێکی نوکتەبازی و گاڵتەچییەتیی ئێسك سووك بەدی دەکرێ لە حاجی بەڵام لە هەمان کاتدا ئیشکالێکمان بۆ دەنێتەوە ناتوانین بیرەوێنینەوە، ئەو مامۆستایەی حاجی کێ بووە وەها خاوەن ماڵ و منداڵی زۆر؟ هیچ یەك لە نامەکانی بۆ من هاتوون دان بەوە دانانێن کە مامۆستاکەی حاجی (مەلا ئەحمەدی ئۆمەر گونبەدی) بووبێ، لەوەش بێ دەنگن ناوی مامۆستاکە چی بووە. لێم روونە خاوەن نامەکانیش بۆیان مەعلووم نییە مامۆستاکە کێ بووە، دەنا وا دەزانم ناویان دێنا.. خەبەرێکە و بە تەواتور هاتووە نوکتەیێك لە حاجی قادر دەگێڕێتەوە نە بنجی هەیە نە بناوان، بەڵام نوکتە و خەبەرەکە خۆشن، لەگەڵ نامێلکەی مەلاعەبدوڕەحمانیش رێك دەکەوێ لەوەدا کە ئەویش پێی گوتین بەروبوومی زەوییەکانی حاجی لە گۆڕقەرەجەوە بۆی چووەتەوە کۆیێ تا سەفەری کرد بەرەو ئەستەمبۆڵ و کۆیەی جێ هێشت.. هەڵبەت داهاتی سێ پارچە زەوی هەر هەتا کۆیێ بۆ خاوەنی دەچێتەوە، ئەوە نییە بگاتە ئەستەمبۆڵ.

حاجی بەپێی ئەو حاشیانە کە لە دەوری کتێبەکەی سیوطی نووسیوەتیەوە خەتی زۆر خۆش بووە. ئاخۆ لەگەڵ خەتخۆشیدا، وەك کەیفی ، ئەویش مۆر هەڵکەن بووە؟ نازانم و نەمبیستووە. بەڵام بەدووری نابینم بۆ پێکهێنانی گوزەران بەهرەی خەتخۆشی خۆی لەو کارانەدا بە خەرج بردبێ کە نانێك پەیدا دەکەن، وەك کتێب نووسینەوە و مۆر هەڵقەندن و کۆڵینی کێلەقەبر.

کتێبێکی دەسنووس لای ئێمە هەیە لە دوای ١٢٦٠ی کۆچی بۆ حاجی مەلا ئەسعەد نووسراوەتەوە، بە دوو کەسان نووسینەکەیان تەواو کردووە، یەکیان (عەبدوڕەحمانی ساوجبلاغی ئەوی دیکەیان عەبدولقادری کۆیی). ئەم عەبدولقادرە لە کۆتاییی کتێبەکە وەك حاشیە هەندێ هەڵبەستی بێ هێزی فارسیشی داناون لە مەدحی حاجی مەلا ئەسعەد. تێکڕای نووسینەکەی پێ دەچێ هی حاجی قادر بێ بەڵام هێشتان لە لانی شاعیرییەت و خەتخۆشییەوە گەلێك کزترە لەو حاجی قادرەی دەیناسین. جا ئەگەر ساغ بکرێتەوە ئەم نووسینە هی حاجییە یەك دوو راستی و تایبەتی ئاشکرا دەکا:

یەکەمیان ئەوەیە، لە گوێرەی ناخۆشیی خەتەکە دەبێ حاجی درەنگ دەستی کردبێ بە خوێندن چونکە لە کاتی نووسینەوەی کتێبەکە بە پێی راگەیاندنی نامێلکەی مەلا عەبدورەحمان تەمەنی حاجی لە ٣٠ ساڵ تێ پەڕیوە، کە ساڵی لەدایکبوونی ١٢٣١بووبێ، بە پێی لێکدانەوەی منیش لە ٢٠ ساڵی تێ پەڕاندووە، کە لە ١٢٤٠ بووبێ. فەقێیەك لە تەمەنی عادەتیدا دەستی کردبێ بە خوێندن لە ٢٠ – ٢٥ ساڵیدا بەهرەی خەتیخۆشیی کە هەبێ لەو پەڕی گەشانەوەدا دەبێ، کە بەهرەی نەگەشابێتەوە دەبێ لەبەر درەنگ دەست بە خوێندن کردن بێ. جگە لە زەعیفیی خەتەکەی هەڵبەستەکەشی زەعیفە، جا ئەگەر ئەم عەبدولقادرە حاجی قادر بێ وا پێ دەچێ بەرادەی هەڵکشانی لە خوێندن بوێژیشی بەرز بووبێتەوە.

دووەمیان لەقەبی (نازناو)ی حاجیی لەو سەردەمەدا بەخۆوە نەناوە، گریمان ساغ بێتەوە کە خەتەکە هی ئەوە، دیار نەبوونی لەقەبی (حاجی) لە هەموو ئەو شوێنانەدا کە خاوەنی خەتەکە ناوی خۆی تێدا بردووە سرنج رادەکێشێ بۆ پرسیارێکی تازە کە ئەویش بێ وەرامە: تۆ بڵێی بەدرەنگەوە حاجی قادر نازناوی (حاجی)ی بەکارهێنابێ! ئەگەر ئەمە وابێ هۆیەکەی چییە؟ ئاخۆ لەوانەیە حاجی قادر بەدوا حەجکردندا ئەم نازناوەی بۆ خۆی پەسەند کردبێ؟ ئەگەر شتێکی وا رووی دابێ چۆن وارێك کەوت لە کەس نەبیستریێ؟ ئەمانەش پرسیاری بێ وەرامن[١].

(١) لە مەلا رەئووفی سەلیم ئاغای حەوێزییەوە بەیازێکی دیوانی حاجی قادر و هەندێ سەرگوزەشتی حاجیم بۆ هات، لە میانەدا دوو بەیتی ناتەواو و لەنگی نووسیوە کە گۆیا حاجی قادر دایناون بۆ دیاریکردنی ساڵ و رۆژی لەدایکبوونی. بەیتەکان ئەگەرچی لەنگیش بن خەبەرێکی تازەمان بۆ دەگێڕێتەوە لە حاجی، لەنگبوونیان خەتای کەس نییە، دەستاو دەست کە هاتوون شێواون و گۆڕاون . تاکە یەك (مصرع)ی بەیتەکان کە (مصرع)ی دووەمە لە بەیتی یەکەم، لەنگ و لۆری تێدا نییە و ئەگەر لە حاجی قادرەوە بۆمان مابێتەوە پرسیارێکی گەورە بە دەوری نازناوی (حاجی)یەوە هەڵدەستێنێ چونکە ئەو گوتە مەشهوورەی کە دەڵێ نازناوی (حاجی) لەوەوە هاتووە حاجی قادر لە مانگی حاجییان لە دایك بووە ئا ئەم گوتەیە هەڵدەوەشێ و بە درۆ دەخرێتەوە ئەمە بەیتەکەیە بە خۆی و (مصرع)ی یەکەمی شکستتەوە:

بە أمری رب العالمین در خرمان
ولادتمە لە (١٧)ی شهری شعبان =

من لێرەدا، کە تا ئێستا ساغ نەبۆتەوە دەستنووسەکە هی حاجی بێ، بەڕێبازێکی خەیاڵیدا شوێن قسە و ئیحتیمال کەوتووم، ئیحتیمالێك کە لەوەوە هەڵ دەستێ کتێبەکە دەستنووسی حاجی بێ، بەڵام بائەوەندەش بڵێم بایی وردبوونەوەیێکی خێرا و سەرپێیی کە لە نووسینەکەم کردووە و لەگەڵ ئەو شارەزاییيە کە هەمە لە ناسینەوەی دەستنووسان دێتە باوەڕمەوە خەتەکە هی حاجی قادرێکی سەرەتاکانی فەقێیەتی، نەك سوختەیی بێ، واتە هی پێش (مستعدی). ئیمکانی هەیە، بەپێی باوەڕێکی بەپەلەی خۆم، ئەو تەرزە خەتە پێش کەوێ و ببێ بەو خەتە خۆشەی کە لە کتێبی سیوطی دا دەدیترێ هەرچەند بۆ خۆم هیچ حیسابێکی قەرارداده لە بارەی حاجی قادرەوە ناخەمە گومان بەهۆی ڕێك نەکەوتنی دەلالەتی ئەو کتێبە لەگەڵیدا، دەبوو ئەوەندەی گوتم هەر بڵێم لە بارەی بوونی کتێبێکی ئەوتۆ کە لێی دەوەشێتەوە تیشکێکی تازە و نەدیتراو بخاتە سەر چەندوچۆنی سەرگوزەشتی حاجی قادر، بە تایبەتی لە ساڵانی هەوەڵی ژیانیدا. لێرە بەپێشەوە گوتم خوێندنی سیوطی لە تەمەنی ٤٥ ساڵی و ٣٩ ساڵی لەگەڵ هەموو وەخرانێك و دابڕانێك کە فەقێ دووچاری ببێ هەر بەتەمەنێکی یەکجار درەنگ لە قەڵەم دەدرێ (بە تایبەتی ٤٥ ساڵی) چونکە سیوطی لە کتێبەکانی مەیلە و سەرەتای ناوەندی خوێندنی فەقیەتی دێ، بەڵام ئەگەر مەعلووم بکرێ، بەشایەدی ئەم کتێبەی تازەم باس کرد، حاجی لە تەمەنی بیست سی ساڵیدا هێشتا هێندەی

= شکستی و لەنگیی نیوە دێری یەکەمی بەیتەکە هیچ دەخلێکی نییە بەسەر نیوەی دووەمیەوە چونکە لەوانەیە ئەویش بە ئەسل ڕێکوپێك بووبێت وەك هی دووەم.. من لێرەدا درێژە نادەم بەباسکردنی ئەو هەموو سرنج گرتن و لێکدانەوە و هەڵگێڕانەوە و ڕاستکردنەوەی کە خۆم و ئەندامێکی تری کۆڕیش بەخەرجمان برد لەگەڵ هەردوو بەیتەکەدا، ئەوەش باس ناکەم چەند هەوڵ و تەقەللا و سەفەر و هاتوچۆش کرا بەدوا ساغکردنەوەی بەیتەکان و دۆزینەوەی ئەو سەرچاوەی کە گۆیا لێی وەرگیراون.. هەر ئەوەندە دەڵێم ئەگەر ڕاست بێ ئەم هەڵبەستە هی حاجی قادرە دیار دەکەوێ حاجی لە مانگی (شعبان) بەوەلەد بووە نەك مانگی حاجییان کە (ذوالحجة)یە، ئەوساش پرسیاری لە کوێوە و کەی و چۆن پەیدا بوونی نازناوی (حاجی) دەبێتە مووی لووت بۆ ئەو کەسە کە بیەوێ شتێکی بایەخدار لە بارەی حاجی قادرەوە بنووسێ. بەڵام لە لایێکی ترەوە هەڵکەوتی درەنگ دەست پێکردنی حاجی قادر بە خوێندن و هەڵبەست لە گومان دەردەبا و ئیسپاتی دەکا، بەنیسبەت منیشەوە حەسانەوەییێکی تازەم بۆ پێك دێ لەو ڕووەوە کەوا چەندێکی حاجی لە خوێندنی وەخرابێ ئەو وەخرانە لەگەڵ ڕەوتی ژیانی ڕێکتر دێت....

نەخوێندووە خەتی خۆش بێ وەیا ببێ بە شاعیرێکی چەسپاو ئەوسا ئیشکالی کتێبەکەی سیوطی لە خۆوە دەچێتەوە، گوتەکەی شێخ رەحیمیش دەربارەی شاگردبوونی حاجی لای وەستای ئێمەنی دروو باشتر جێی خۆی دەکاتەوە لە قەناعەتی خوێنەر. من تا ئێستا بۆم رێك نەکەوتووە نووسینەکانی حاجی بە سەر سیوطییەوە لەگەڵ ئەم کتێبە بدەم بە پسپۆڕێکی خەتناس تا بڕیارێکی قەتعیی لێ وەرگرم و پرسیارەکە یەکلا کەم، بەڵام ئەمە قەرزێکە بە سەر شانمەوە هەر دەبێ بیدەمەوە بە خوێنەری کورد و تەسلیم بە مێژووی کەمەوە. ئومێد دەکەم لەم کارەدا زۆر دوا نەکەوم، هەر کاتێکیش گەیشتم بە ئامانجێك ئیزافەی تۆمارخانەی مێژووی حاجی قادری دەکەم. تا ساغکردنەوەیێکی یەکجارەکی وا دادەنێم ئەم کتێبە وجوودی نییە و هیچ حیسابێکی بۆ ناکەم. ئەمیش وەك پرسیارەکەی حاجی قادری شێخ وەسانی و هەبوونی و نەبوونی شیعری ئەو لە دیوارەکەی حاجی قادری کۆییدا، ئەوەی راستیش بێ ساغبوونەوەی خەتی ئەم کتێبە بەلای حاجی قادردا زیاتر لەگەڵ نامێلکەکەی مەلا عەبدوڕەحماندا دژ دێ، بەنیسبەت بیروباوەڕی منەوە تەعدیلاتی زۆر گەورە پەیدا ناکات.

ئەمەی لێرەدا گوتم و بەتەمام بیکەم شتێکی ناچارییە، جێگر (بدل)ی نییە بەڵام ئەگەر ساغ بێتەوە کتێبەکە دەسنووسی (حاجی)یە، زۆر بە ئاسایی رێك و گونجاو دێت لەگەڵ دیمەنێکی زێدە بەرچاوی ئەدەبی (حاجی) لە دوا رۆژانی ژیانیدا. با بزانین چۆن؟

بە عادەت شاعیر کە لە زووێکەوە دەستی کرد بە شیعردانان هێز و توانای بوێژی لە ناوەڕاستەکانی عومریدا دەگەن بەو پەڕی گەشەکردن، نەختێك دوای ناوەڕاستی عومری دەست دەکا بەسەرولێژبوونەوە. لە تەمەنی پیری و بێ تاقەتی و کەم هێزیدا ئەو شاعیرەی لە گەنجیایەتییەوە شاعیر بووبێ بە دەگمەن نەبێ شیعری بەهێزی بۆ داناندرێن، وەك ئەوەی کە بڵێی بورکانی نەفس و گیانی لە تەقە و تەقینەوە دەکەوێ بە هۆی درێژخایاندنی بەکارهێنانی ئەو بورکانە هەر لە گەنجایەتییەوە تا دوای ناوەڕاستەکانی تەمەنی. بێ گومان ئەم دەستوورە بیژۆك (شاذ)ی تێدا دەبێ بەڵام دەشێ بایەخی پێ بدرێ، واش دەزانم ئەگەر لەبەر تیشکی ئەودا دیراسەی شاعیرییەتی چەند شاعیرێکی ژیان زانراو بکرێ، راستیی دەستوورەکە خۆ بسەپێنێ.

لەم تێبینییەوە کە سەیری شیعرەکانی حاجی قادر بکەین زۆر بە ئاشکرایی دێتە بەر

چاوی هەموو ئەدیبێك و شیعر دۆستێك كە وا هەڵبەستەكانی حاجی لە دوا ڕۆژانی ژیانیدا لە جۆری هەڵبەستی هەرە بەهێزی حاجی حیساب دەكرێن. من لێرەدا بەهارییەكەی ناكەم بە بەڵگەی رایەكەم چونكە نازانین لە چ تەمەنێكدا هۆنیوەتیەوە هەرچەند مەعلومە لە ئەستەمبوڵەوە كردووەتی بە دیارییەكی نەمری و گڕی نیشتمانپەروەری، شیوەنەكەی بۆ (كەیفی)، ئەویش ناكەمە بەڵگە چونكە تەمەنی ٦٠ ساڵی (لەو رووەوە كە لە ساڵی ١٣٠٠ی كۆچی هۆنیوەتیەوە، بە پێی لێكدانەوەی من كە حاجی لە ١٢٤٠دا هاتبێتە دونیا دەبێ تەمەنی ٦٠ ساڵ بووبێ) بۆ شاعیرێكی وەك حاجی بە تەمەنی بێ هێزی و كەم تاقەتیی دانانێم، بەڵام چ دەمەتەقە لەوەدا پەیدا نابێ كە بڵێم نامەكەی بۆ باپیرم لە عومرێكدا نووسیوە بە هەموو حیسابان هی پیری و بێ هێزی بێ، بەڵگەش لەمەدا شیعرەكانی حاجی خۆیانن:

سەر و ریشم سەراپا بۆتە لۆكە
بە شەو هەمرازمە پشمین و كۆكە

لەبەر پیری ئەوەندە بێ حەواسم
دەڵێی ئەركانی ئیسلامی ئیناسم(٢)

بە چاوێكی ورد و ئەدیبانە سەیری ئەم نامەیە بكەیت لێت روون دەبێ دەسەڵاتی حاجی قادر لەو كاتەدا لە تۆقەڵەی سەری بوێژیدا بووە، رەنگە راست بێ بڵێین هەرگیز حاجی قادر لەوە هێژایتر نەبووە، ئەگەر ئەمەش نەڵێین خۆ رێمان هەیە بێ دوودڵی بڵێین هەرچی ئاكار و نیشانەی بێ هێزی هەیە لەو هەڵبەستەدا تارماییشیان نایێتە بەر چاو. جا ئەگەر ساغ كرایەوە كەوا ئەم كتێبە خەتناخۆشەی باسی دەكەم دەسنووسی (حاجی)یە و شیعرە فارسییە بێ هێزەكانیش هەڵبەستی ئەون و بەمەدا سەپاندمان حاجی بە درەنگەوە بووەتە شاعیر و خەتخۆش، ئا ئەم دۆزینەوەمان دەگونجێ لەگەڵ بەردەوامبوونی هێز و توانای بوێژیی حاجی تا دوارۆژانی ژیانی یاخود هەرنەبێ تا تەمەنی پیرێكی راستەقینە. وا دەزانم ئەم دۆزینەوەش شتێكی بێ نرخ نەبێ...

ئەوجا با بلكێینەوە بەئەسلی باسەكە و هەنگاو هەڵێنین لەگەڵ حاجی بەرەو قۆناغی دوای پلەی فەقێیەتی، پێكەوە دوعاخوازیێك بكەین لە كۆیێ بۆ سەفەرەكەی باڵەكەتی و لاجان و سابلاغ و دەوروبەری بێتووش و شوێنەكانی تری كوردستانی

(٢) بۆ تێگەیشتنی واتای وشەی (ئیناسم) بگەڕێوە بۆ لاپەڕە ١٠٦ و دواتر لە بەشی یەكەم.

ئێران، بەم سەفەرەش لاپەڕەیێکی نویٚ و پان و بەتەفسیل لە ژیانی حاجی کۆ بکەینەوە بۆ چاوی سرنج و بیخەینە بەر خامەی مێژوو تاکو لەو هەندە دەنگ و ڕەنگە کەمەی کە لێی ماوەتەوە تابلۆیێك ڕێك خات و نەخشەیێکی تێدا بکێشیٚ دروشمی حەقیقەتی ئەو ڕووداوە بپارێزیٚ.

حاجی قادر کەی بۆ ئەم گەشتە لە کۆیێ بەدەر کەوتووە؟ لەم گەشتەدا چەند ماوەتەوە؟ کویٚ و کویٚ گەڕاوە؟ چیی خوێندووە؟ لای کێی خوێندووە؟ کەی بۆ کۆیێ گەڕاوەتەوە؟ سەرجوملەی بەسەر هاتی لەو گەشتەدا چی و چۆن بوە؟

نێزیکە بڵێم شەرم دەمگرێتەوە کە ناچارم دان بەوەدابنێم ئەم پرسیارانەش سەروسۆراغیان نییە وەك زۆرینەی پرسیاران دەربارەی حاجی. بە لێکدانەوە و بەراوردیکردن نەبیٚ ڕێگەیێك دەرناکریٚ بۆ ناو تاریکستانی پرسیارەکان. لە هیچ ڕووپەڕەی یەك لەو کتێب و نامێلکانەی لەبەر دەستاندان کەم و زۆر ئیشارەت نییەساڵێك دەست نیشان کا بۆ سەرەتای گەشتەکە و یەکێکیش دانیٚ بۆ کۆتاییەکەی، یاخود شتێك بگێڕێتەوە لەسەرگوزەشتی حاجی بە درێژاییی ساڵەکانی خوێندنی. هەروەك کتێب و نامێلکەی کۆن و پەڕاوێزەکانیان خامۆشن لە عاست ئەم پرسیارانەدا، تێکڕای چاوگی نووسراوی نوێش کە ناوی حاجی دێنن و لە بارەیەوە دەدوێن و پێوەی خەریکن ئەوانیش لەو پرسیارانە بیٚ دەنگن و ورتەیان لەبەرەوە نایێ. هەر هێندە زانراوە و گوتراوە و دەگوترێتەوە حاجی چووە بۆ باڵەکەتی و هەندیٚ شوێنی کوردستانی ئێران و خوێندنی لیٚ کردوون و گەڕاوەتەوە کۆیێ بەڵام هەرچی وشەی وەك (کەی، کوا، چۆن، چەند، کویٚ؟) هەیە و پێیان دەڵێن (ناوی پرسیار–إسم الأستفهام) هیچ وەرامێکی ڕێك و پێك وەرناگرنەوە. سەیر ئەوەیە وەك سەرگوزشتە هەڵبەستراوەکەی چوونی (امرؤ القیس) بۆ ناو ڕۆمەکان و زەهر خواردووکردن و مردنی لە گەڕانەوەیدا، کە هەمووی زادەی خەیاڵی حیکایەت خوانن، بۆ حاجی و گەشتەکەی، کە ڕووداوێکی ڕاستە، بەدرۆش شتێك ڕێك نەخراوە. هەر نەبیٚ خێرەومەندێکی حیکایەتخوان لە وەکالەتی (امرؤ القیس) بەرەو ڕۆم هەڵبەستێکی ڕێك خست و گوتی:

بکی صاحبی لما رأی الدرب دونه
وایقن انا لاحقان بقیصرا
فقلت له لاتبك عینك إنما
نحاول ملكا أو نموت فنعذرا

دیسانەوە بەخێری خۆی لە گەڕانەوەیدا، پێش مەرگی، ئەم دوو بەیتەشی بۆ ڕێك خست:

أجــارتــنـــا ان المزار قــريب
وانــی مــقــيـم مــا اقــام عسيب
أجارتنا . . . . هتاد

و کردی بە بەندی لاواندنەوەی، بە داخوازی قافیە (عسیب)یشی کردە گۆڕستانی تەرمەکەی، بەمەدا ڕێ و شوێن و ناونیشانێکی ساختەی قوت کردەوە، وەك ئالآی درۆزن بەسەر هەندێ قەبری مەوهوومەوە، لە لانی خۆیەوە پاراستنێکی شوێنەواری (امرأ القیس) بکا. کاشکی بۆ حاجی قادریش درۆزنێك رووی خۆی سپی کردبایەوە بە گێڕانەوەی چەند خەبەرێکی ئەو گەشتەی. سەد خۆزیا بۆ (نالی و کەیفی)ش خەبەرسازان چەند سەر گوزەشتێکیان ڕێك خستبا و تارمایییەکی ژیانی ئەستەمبوڵیانی خستبا بەرچاوی پشکنەرەوە. وا دەبێ خەبەری دروستکراو ڕاستی بەدەستەوە دەدا بێ ئەوە خەبەرسازەکە مەبەسیشی بووبێ چ ڕاستییان بەدەستەوە بدا. خۆ ئەوەندەی مێژوونووس لە ئەفسانە سوود وەردەگرێ بۆ گەیشتن بەڕاستی، ڕەنگە هەر هەندە سوودمەند بێ لە خەبەری ڕاستی پاتە و پات. بە نموونە دەڵێم کتێبەکەی Gods, Graves and Scholars باسی زانایێکی ئارکایۆلۆجی دەکا کە لە ڕێی ڕەزمە ئەفسانەیییەکانی ئیلیازەوە گەیشتە دۆزینەوەی شوێنی شاری (تەروادە).

لەو ڕووداوانەی بێ سەر و شوێنن و مەعلوومات دەربارەیان زۆر کەمە، بۆ لانی تۆژینەوەی مێژوویی، بوونی خەبەری تێکەڵ بە درۆ سوودبەخشترە لە نەبوونی هیچ خەبەرێك. ئەو خەبەرەی لە نەبوویەوە ڕووداو هەڵدەبەستێ بە مەجبووری ناوی شەخس و جێگەی حەقیقی دێنێتە ناو حیکایەتەکەیەوە، چونکە خەبەرساز درۆیەکانی لە دەوری جێگە و شەخسی هەبوودا دەتەنێ، بەزەحمەت بیری بۆ ئەوە دەچێ شەخس و جێگەش بخولقێنێ، لەبەر زۆریی هۆی سەر بەدەسەلآتی هونەری و هێزی تصورەوە کە ئێرە جێی لێدوانیان نییە. بە نموونە دەڵێم کتێبە ناودارەکەی (مەلا سەمەدی مەرگەیی) درۆی مێژوویی یەکجار گەورەی تێدایە وەك ئەوەی کە (خالد بن الولید) سەر لەشکری ئەو سوپایەی ئیسلام بووە کە کوردستانی عیراق و ئێرانی گرتووە. لەگەڵ ئەمەشدا تۆپۆگرافیایێکی ناوچەی کۆیێ و مەرگە و بیتوێن و دیوی پژدەر نیشان دەدا ئەوەندە لەگەڵ ڕاستی ڕێك و دۆستە لایەنی درۆی مێژووییت لە هەندێ خەبەراتی

حیكایەتەكەی لە بیردەباتەوە. دروستیی تۆپۆگرافیاكە وا لە مرۆڤ دەكا بێتە سەر ئەو باوەڕە كە وا هەر چەند دیاردانی (خالد) بەسەركردەی سوپای موسڵمانان درۆیێكی بێ دەمەتەقەش بێ، رەنگە جەنگەكان و رووداوەكانی باسیان دەكات راست بن، یا لە راستی نێزیك بن با سەرەكی سپای ئیسلامیش (خالد) نەبووبێ یەكێكی تر بووبێ.

بەو پێیە ئەگەر سەر و شوێنێك هەبا لە گەشتەكەی حاجی قادر بەسەر زمانانەوە یا لەناو حیكایەت و سەرگوزەشتاندا، یا درۆشی تێدا با رەنگ بوو ئەوەندە راستییەی لێ وەربگیرێ كە ماندووبوونی بەدوادا گەڕانی پشكنەر و تۆژەرەوە بێنێ. با ئەوەش بڵێم حیكایەتخوانێكی سەد ساڵ پێش ئیمڕۆكە درۆیێكی هەڵبەستبا ترسی ئەوەی لێ نەدەكرا درۆكانی ببن بە سەرچاوەی فەلسەفە و باوەڕی درۆ و ئەفسانەیی وەك ئەوەی كەسێكی خوێندەوار بەنیازی فێڵ لە خەلق كردن زەللەی فكری بە دڵ و مێشكان بكا.

بە داخەوە ئەو تەرزە سەرگوزەشت و حیكایەتانە لە كەم كەمترن. ئەوەی راستی بێ یەكێك لەو نووسەرانەی دەربارەی حاجییان نووسیبێ و من نووسینەكەیانم خوێندبێتەوە خۆی لەو لایەنەی زەرفی ژیان و فراژیبوون و بزووتنەوەی هەست و شاعیرییەتی حاجی نەگەیاندووە، وەك بڵێی بە لایانەوە جۆری ژیان و رابواردن و خوێندن و هەڵستان و دانیشتنی چ پێوەندییێكی نەبووبێ لەگەڵ هەڵقوڵین و تەقینەوەی ویژدانی. یا لەبەر ئەمەیە كە كەس خۆی ماندوو نەكردووە بە هەڵدانەوە و تێوەڕامانی لاپەڕەكانی دەفتەری سەرگوزەشتی حاجی، یاخود كارەكە زۆر سەخت هاتووەتە بەرچاوان، یاخود لانی نیشتمانپەروەریی حاجی، لە نەزەر نووسەران، هەموو لایەنێكی دیكەی شاردووەتەوە و بایەخی پێ نەهێشتووە. حاجی قادرە و بووە بەیەكەم بوێژی كوردایەتی ئیتر چ لزووم هەیە بەزەحمەتی بێ لزووم لەو ئەركە نەفەسبڕەی دۆزینەوەی سەرگوزەشتێكی بێ سەر و شوێن..

هەر چۆنێك بێ نەمدیت نووسەرێك خۆی بەو لایەنانەوە خەریك كردبێ لە كەین و بەینی حیكایەتی حاجی قادر كە من بۆیان بەپەرۆشم، نەخێر شەیدام، نەختێك، بەڵام زۆر كەم و بەشكڵێكی سەرەتایی و بێ بەڵگەی مادی و زیهنی و قووڵبوونەوە، لە سەرەتاكەی (دیوانی حاجی قادر، چاپی هەولێر، ساڵی١٩٦٩) سەرگوزەشت و بەسەرهاتی حاجی دەخوێنیتەوە، لابەلایی و بەپەلە، باسێكی گەشتەكەی باڵەكەتی و كوردستانی ئێران دەكا كە ئەگەر هەمووی باوێیەوە سەریەك لە دووسێ دێر تێپەڕ ناكا. نەوەك كەمم گوتبێ بابڵێم (دووسێ لاپەڕە) لەجیاتی دووسێ دێر.

پشتگوێ خستنی بەسەرهاتی شاعیر یا هونەرکار یا زانا یا هەر کەسێك کە ببێتە بابەتی باسکردن و لەسەر نووسین، تاریکاییێك دادێنێ بەسەر کاکڵی مەوزووع هیچ شتێك نییە وەك چرا بیرەوێنێتەوە. بەسەرهاتی ژیانی مرۆڤ ئەو چرایەیە مرۆڤەکە و بەرهەم و خەبات و چاکە و خراپەی روون دەکاتەوە و نرخی راستەقینە بەهەموو سەر و بەرێکی دەدا، کە ئەو بەسەرهاتە نەبێ وەیا پشتگوێ بخرێ لە کوێ چرا دەخوازرێتەوە راستی روون کاتەوە. بەسەرهاتی هەرکەس زمانی واقیعی ئەو کەسەیە شایەدیی بێ درۆی لێ دەدا، کە ئەو زمانە بێ دەنگ کرا کوا زمانێکی وەك ئەو بەدەنگی بێنین و راستیی لێ وەرگرین؟ زمانی راستگۆ کە سکووتی کرد یاخود سکووتی پێ کرا هی درۆزن بە دەنگ دێ بە خۆی و هەموو چەکی لەسەر خۆکردنەوە و خەلق بەدرۆ خستنەوە. من کە ئەمە دەڵێم بۆیەی ناڵێم گلەیی و گازاندە بکەم لەو نووسەرانەی خۆیان لە سەرگوزەشتی حاجی نەگەیاندووە، راستیێکە و بەیانی دەکەم. بەهیچ جۆرێکیش بێ دەنگیی وان بۆ خۆیان و نووسینیان نابێتە بەدەنگ هێنانی زمانی ناڕاست. ناڕاستی لەوکاتەوە دەست پێ دەکا کە بە ئانقەست راستی ون بکرێ یاخود بگۆڕێ. ئەم کارەش لە دوای بێ دەنگیی نووسەرەکانەوە دێ نەك لە عەینی سکووتەکەوە، خەلقی دیکەش دەیکەن نەك ئەو نووسەرانە کە بێ دەنگ بوون.

وا دەزانم نووسەرە دڵسۆزەکان کە خۆیان لە بەسەرهات و شیکردنەوەی زەرف و تاوی رووداو و خوێندن و تەگەرەکانی ژیانی حاجی نەگەیاندووە لەبەر زۆر هۆی گرنگ بووە کە ئەمانە هەندێکیانن:

یەکەم: ئەوەیە سەرچاوەی زانینی رووداوەکانی ژیانی حاجی، یاخود زەرفی ژیانی بە جۆرێکی گشتی، یەکجار کەمە، هەندێ جارانیش هەر نییە، کە سەرچاوەی زانراویش نەبوو دۆزینەوەی هی نهێنی زەحمەتێکی وای تێدایە بەکەم کەس هەڵدەگیرێ.

دووەم: نووسەرێکی کورد پەیدا نابێ دەسەڵاتی دارایی بایی ئەوە بکا چەند ساڵان عەودالی دۆزینەوەی راستی بێ لە سەروبەری ژیانی حاجی قادر. گوریسی نووسەری کورد بەیەك لایی ناگاتەوە...

سێیەم: دامان نا دەسەڵاتی مادی و داراییش هەبوو، کە نییە، کوا ئەو ئازادییە بۆ کوردێکی عیراقی کە تۆژینەوەی پێویست بکا لە بارەی ژیانی حاجییەوە لە

کوردستانی ئێران و لە ئەستەمبوڵدا. سەد جاران (حسنی نیە)تی خۆی ئیسپات بکا لەو کارەیدا هەر دەبێتەوە بە قارەمانی ئەو چیرۆکە کە گوتی تا من ئیسپاتی ئەمە دەکەم کەوڵم دەچێتە دەباخانان، بۆ نووسەری کورد دووسێ دەباخانە نەك هەر یەك.

چوارەم: پەلەکردن، پەلەکردنێکی دروست و پیرۆز، بۆ سوود وەرگرتن لە هەڵبەست و بیر و فەلسەفەی حاجی: دیارە کە نووسەر خۆی گل دایەوە بۆ وەدەستهێنانی مەعلووماتی تەواو لەبارەی رووداو و بەسەرهاتەکانی حاجی دەبێ ساڵەها خەریکی بەدواداگەڕان و بەراوردکردن و بەیەکدی گرتن بێ تا دەتوانێ دیراسەیێکی قووڵ و فراوان بەرهەم بێنێ. رەنگە بیر لەوەش بکاتەوە کەوا تێپەڕینی کاتی وا دوور و درێژ سەر بکێشێتەوە بۆ بەسەرچوونی کژی سوود وەرگرتن لە پەندەکانی حاجی قادر و زەرفی وەها دروست ببێ پێویستی بە فەلسەفەیێکی تازەتر بێ. لێرەدا قسەیێکی خۆم دەترنجێنمەوە ناو ئەم چاوپێداخشاندنە و دەڵێم (کەس ترسی بەسەرچوونی کژی فەلسەفەی حاجیی نەبێ، جارێ گەلێك زووە بۆ ئەو بەسەر چوونە، هەویری کورد زۆر ئاوخوازە).

پێنجەم: کەم و کووڕی و ناتەواوی، کە رێگە لە خەلق نەگۆڕێ و فریویان نەدا، نابێتە هۆی زیانبەخشین لە نووسیندا، ئەوەندەی دەنووسرێ کەمیش بێ سوودێك هەر دەبەخشێ.

بەدوا ئەمانەدا وردە هۆی یارمەتیدەریش کاری خۆیان دەکەن لە خێراییکردن، وەك ئەوەی مرۆڤ حەزدەکا بەرهەمی بکەوێتە بازاڕەوە، یاخود پێشدەستی بکا لە خزمەتی گەل، کە ئەمانە ئارەزووی بێ عەیبن و لە خاوەنیان بە داوێوە ناکرێن.

خۆ ئەوەی راستی بێ منیش تا رادەیێکی گرنگ گوێم نەداوەتە تەواوی، گەلێك کەلەبەری زل هەیە لە نووسینەکەمدا بۆم پڕنابێتەوە. هیچ تروسکەیێکیش دیار نییە بەو نزیکانە، رێگەیێك دەرکەم بۆ وەدەستهێنانی مەعلووماتی ئەوتۆ کەلەبەرەکانم بۆ پڕکاتەوە. ناچاری خستمیە سەر خۆ فریودان بەوە کە هەندێك خزمەت چاکترە لە هیچ. سەرەڕای خرمەت، ئەو هاندەرانەش پاڵیان پێوەنام کە لە پێشدان باسم کردن وەك ئەوەی کەم تا کورتێکی مەعلووماتم دەربارەی حاجی، ئەگەر نەینووسم، وردە وردە هەمووی دەفۆتێ. ٢٠ ساڵ پێش ئێستا زۆر شت هەبوون، لە هەڵبەست و رووداوی سەر

بە حاجی قادرەوە پترم لێ دەزانین، تێپەڕینی کات لە یادمی سڕیەوە. لەو هێندە مەعلووماتەی کەوا لام هەبوو و بۆ خۆی لە چاو سەرجوملەی بەسەرهاتی رۆژگاری حاجی یەکجار کەم بوو، بەشێکی زۆریم لەدەست دا. کەواتە بەر لەوەی لە دەست بچێ تۆمارکردنی بوو بە واجیب. وەك لێرەش بەپێشەوە گوتوومە، لەبەر هەمان سەبەبی زێدە کەمی مەعلوومات دەربارەی حاجی دەبێ وەك زانای ئاسار لە نیگا و نیم نیگا و هێمای هەموو بەسەرهات و رووداو و مێژووی کەسان و هەڵوەستەکانی پێوەندیدار لەگەڵ حاجی سوود وەرگرین ئەگەر ئەمە نەکەین دەبێ واز لە تەقەللا بێنین.

وا دەبێ مرۆڤی بێ تالع لە مەیدانێکی تەسکی ژیانیدا بەخت فریای دەکەوێ. سەرگوزەشتی حاجیش کە زۆری ونە و لە بیران چووەتەوە، وەك بەختی ئەو مرۆڤە بێ تالعە، لە کەلێنێکی تەسکەوە پرشنگی تالع رۆشنایی بۆ داوێژێ. سەبارەت(٣) بەوە رووداو و مێژووی تۆمارکراو هەن ناوناوە لەگەڵ ژیانی حاجیدا پێوەندییان هەیە، لە گوێرەی زانراویی خۆیان ئەو نەختە ژیانەی حاجیش ئاشکرا دەکەن.

گەشتەکەی حاجی لە باڵەکەتی و کوردستانی ئێران یەکێکە لەو رووپەڕانەی دەفتەری سەرگوزەشتی حاجی کە بەهۆی زانیاریی لاوەکی بێ شوبهەوە بتوانین چەند دێڕێکی لێ بخوێنینەوە.

دیوانەکەی حاجی و هەندێك لەو پەڕاوێزانەی بە دەوری (متن)ی کتێبەکەی سیوطیدا حاجی خۆی نووسیونی، ئەوانیش لەلای خۆیانەوە یارمەتییان دەدەن بۆ پێکهێنانی نەخشەیێکی گشتیی ئەم گەشتە کە وا هەر چەند رووپێو (مساحە)ی پانی تێدا دەمێنێ بە تاریکی و نەزانراوی، دیسانەوە دەکەوێتە ناو جغزێکی واوە هەردوو سەری گەیشتبێتەوە یەکتر. مێژوو و رووداوی زانراو لەگەڵ دیوانی حاجی و کتێبەکەی سیوطی سنووری بێ پچڕانەوە بە دەوری نەخشەی ئەم گەشتەدا دەکێشن و سەرەتا و کۆتاییی بۆ دیار دەکەن.

رەنگە زۆربەی خوێنەران وەك من بزانن گەشتەکەی حاجی لە کۆیەوە تا باڵەکەتی و سینگوڕە و گەرووی شێخی لەگەڵ باپیرم، حاجی مەلا عەبدوللادا بووە. ئەم رووداوە گومانی تێدا نییە، بۆ زانینی ئەم راستییە پێویست نییە بە مەعلووماتی تایبەتی،

---

(٣) وشەی (سەبارەت بە..) واتاکەی ئەوەیە کە بڵێی (سەبەب بە فلان شت) نەك (نیسبەت بە فلانە شت) وەك زوربەی نووسەران بەکاری دێنن. لە فۆلکلۆر بەند هەیە دەڵێ (سەبارەت بەتۆ من لێرە بەندم) واتە سەبەب بە تۆ نەك نیسبەت بە تۆ.

نامەکەی حاجی قادر بۆ باپیرم لەم رووەوە شایەدێکی قەتعییە:

بــە بـیـرت دێ زەمـانـی چـووینـە بـاڵـەك
بە پێ خاوسی نە کەوشم بوو نە کاڵەك

وەهـــا بـــوو درِك و دار و شاخ و بـــاری
وەکـوو مـەخمـەڵ بـوو نـەرمـی یـانـە خـاری

کـە چـووینـە سینگورِە سینـەم گرِی بـەست
وەکو (قەندیل)ی سەرگەردان وەکو مەست

دەڵـــێن ئـــێستـــا هـــەواری گـــور و شێران
وەکـو قــەلـبـی حــەسوودی تــۆیــە وێران

چـــکـــاوە ئـــاوی پـــرِژ و گـــوڵـــە شیـنـــی
نـــەمـــاوە هـــەر لـــە کـــۆتـــر تـــا شەهـیـنـــی

(گەرووی شێخی) لە لوقمەی کۆچ باران
مـــوعـــەررایـــە مـــیسالـــی رۆزە داران

حاجی قادر و حاجی مەلا عەبدوڵڵا سەرانسەری ئەو شوێنانەیان پێواوە و خوێندن و رابواردن و هاتوچۆیان تێدا کردووە. باوکم و مامم باسیان دەکرد جارێکیان لە هاوینەهەواری چنارۆك، کە بەشێکی زۆری وڵاتە شاخاوییەکەی باڵەکەتی و قەندیل و ئەو دەوروبەرەی لە دوورەوە لێ دیارە، حاجی مەلا عەبدوڵڵا لە ساڵانی دواییی عومریدا لە رێچکۆڵەیێکی بەرەو (سوولی پاشا) رۆییوە، کۆسپێکی لەپێش هەنگاویدا بووە، وابزانم کۆسپەکە هەر ماوە، بە جۆرێکی مەیلەو ناراحەت و بە یارمەتیی خەلقەکەی لەگەڵی بوون لێی سەرکەوتووە، هەڵوەستێك دەکا و ئاورِێك لە شاخەکانی قەندیل و باڵەکەتی دەداتەوە، دەستێکیان بۆ درێژ دەکا و بەچاوی تەرِەوە دەڵێ (ئەو هەموو شاخ و داخ و هەڵەت و پەڵەتەم بەپێیان کوتاوەتەوە وا ئێستا لەو کۆسپە سەرناکەوم). شوبهە نییە لەوەدا مەبەسی گەشت و هاتوچۆ لێکردنی ئەو رۆژگار بووە کە لەگەڵ حاجی قادر بەیەکەوە بۆ خوێندن کردوویانە.

بەڵام ئایا کە ئەم راستییەمان زانی چ یارمەتیمان دەدا بۆ زانینی رۆژگاری رووداني؟ دەزانین کەی بووە؟ تۆ بڵێی لە هیچ لایێکەوە تیشکێك بێت و نەختێك لە تیری و خەستی تاریکایی دەور و پشتیمان بۆ کەم کاتەوە؟ خۆشبەختانە من هەندێك لەو

تیشکه شك دەبەم وەك (لایت)ی ئۆتۆمبیل شەقامی شەوڕۆییمان رۆشن کا.

مێژووی بێ گومانی رووداوی دیکە هەیە نیسبەتی لەگەڵ ئەم گەشتەدا وەك نیسبەتی شەمووە لەگەڵ یەکشەمموودا. بەپێی ئاگاداری و شارەزاییی خۆم کە بەهۆی نزیکیم لە سەرچاوەی هەندێ مەعلووماتەوە بۆم پەیدا بووە، سرنجی شەخسیشم یارمەتیی داوم بۆ دەلالەت لێ وەرگرتنی، چەند بەڵگەیێکم بۆ روون بووەتەوە ئەوە دەسەپێنن کە ئەم گەشتە و خوێندنە لە دوای مەرگی حاجی بەکرئاغا بووە نەك پێشتر.

بەڵگەیێك لە جەرگەی کردەوەی خودی حاجییەوە هەڵستێ و بۆ خۆی بەس بێ بۆ سەلماندن و سەپاندنی ئەم لایەنە ئەوەیە کە چوار بەیتەکەی مێژووی مردنی حاجی بەکرئاغا بەسەر کێلە قەبرەکەیەوە، وەك لێرە بە پێشەوە گوتمان هەڵبەستی حاجی قادرن. پێی ناوێ من بڵێم لەخۆوە دیارە ئەم چوار بەیتەی سەر کێلە قەبرەکە لە دوورەوە بە دیاری نەهاتوون بۆ کۆیێ، چونکە ئەگەر حاجی بۆ خۆی لە کۆیێ نەبا ئەوەندە شاعیرەی تێدا هەبوون پێویست بەوە نەهێڵن شیعر لە دوورەوە بێنن وەك دەرمان بۆ نەخۆش.

لێرە بەپێشەوە(٤) گوتوومە مێژووی مەرگی حاجی بەکرئاغا لە رستەی کۆتاییی بەیتی چوارەمدا دەردەکەوێ کە (واثانی ثنین محمد)ە و ١٢٧٠ پێك دێنێ. ئەم ساڵە دەوەستێنە بەرامبەر ١٨٥٣ی زاینی. کەواتە لەو ساڵەی ١٢٧٠یەدا حاجی قادر لە کۆیێ بووە. دەمێنێتەوە ئەوە ساغ کەینەوە مردنی حاجی بەکرئاغا پێش گەشتەکەی حاجی قادر بووە و لە رێکەوتی سەفەرێکی بەرەومال نەبووە کە حاجی قادر لە دەمی مەرگی حاجی بەکرئاغادا لە کۆیێ بووە. هەر ئێستاکە بەدەم خوێندنەوەی چەند دێڕێکی لێرە بە دواوە ئەم راستییەت بۆ روون دەبێتەوە.

حاجی بەکرئاغا خاڵی باپیرم بووە، نەك خاڵێکی عادەتی کەوا رەنگە لەگەڵ خوارزایدا بێ باك و کەمترخەم بێ وەیا خوارزا لەعاست ئەودا بێ پەروا و سۆزبێ. راستیی بێ گەرد ئەوەیە حاجی بەکرئاغا خۆشویستنێکی بێ ئەندازەی بووە بۆ باپیرم، لە موقابەلەدا باپیریشم ئەوپەڕی سۆز و رێزی هەبووە بۆ خاڵی. بە جۆری دائیمی و رۆژانە ئەو خاڵ و خوارزایە یەکدییان دیوە و لە مەوزووعاتی زانست و ئەدەب وتووێژیان بووە. یا لە دیوەخانەی حاجی بەکر ئاغا یا لە یەکێك لە دوو مزگەوتەکەی جەلی زادان مەجلیسی زانست و ئەدەب ئەم دوو مرۆڤەی کۆ کردووەتەوە. لەمەشدا

(٤) بگەڕێوە بۆ بەشی یەکەم.

سەیر پێ هاتن پەیدا نابێ. وا نەبا سەیر بوو[٥].

---

(٥) مناسبی ئەم جێگەیە سەرگوزەشتێك دەگێڕمەوە هەم پێوەندیی میانی خاڵ و خوارزا بەیان دەكا هەم نموونەیێك لە جۆری وتووێژیان نیشان دەدا.

باپیرم بۆ برا و كوڕ و كەسی خۆی باس كردبوو، بەر لەوە فێری فارسی ببێ حاجی بەكر ئاغا زۆر جاران پێی دەڵێ خوارزا تا فێری فارسی نەبی دڵم داناكەوێ. وا رێك دەكەوێ، بەپێی گێڕانەوەی باپیرم خۆی، جارێكیان لە یاریی سێ بازدا قاچێكی وەردەگەڕێ و ٤٠ رۆژان لە ناو جێ دەكەوێ و گەڕان و دەرس خوێندنی بۆ ناكرێ. لەو ٤٠ رۆژەدا هەل وەردەگرێ كە دەرس و دەوری نییە، خەریكی خوێندنەوەی ئەو كتێبە فارسییانە دەبێ كە لەو سەردەمەدا باو بوون تا بناغەیێكی مەحكەم لە فارسی دادەمەزرێنێ. باپیرم گوتبووی ئەو قاچ وەرگەڕانەم بۆ بەخێر گەڕا و لە شەرمەزاری دەری چوواندم. لە دوای فێربوونی فارسی دەكەوێتە سەر هەوەسی شیعر لەبەر كردن و شەڕە شیعرێنە بە فارسی لەگەڵ خاڵیدا.

جارێكیان بەیتێكی فارسی لە خاڵی دەپرسێتەوە، وابزانم هی (سعد)ی شیرازییە كە دەڵێ:

اینك عسلی دوخته دارد مگس نحل
شهد لب شیرین تو زنبور میانرا

حاجی بەكر ئاغا دەستێكی باڵای هەبووە لە فارسیدا. لە نێوان شاعیرەكانی كوردی عیراق دووسێ شاعیری وەك ئەو هەبوون هێندە فارسی بزانن، تا قسەكەم نەبێتە داوای بێ بەڵگە لێرەدا نموونەیێك لە شیعری دەخەمە بەرچاو، غەزەلێكی (حافظ)ی تەخمیس كردووە ئەمە سەرەتاكەیتی:

آوخ ز هجر تو مرا خم شده قامت
پیداشده در روی من از مرگ علامت
شاید نبرم حسرتی رویت بقیامت
یارب سببی ساز كه یارم بسلامت
باز اید و برهاندم از چنگ ملامت

ئەمە لە تەخمیس ناكا، دەڵێی هەموو شیعرەكە هی (حافظ)ە. خولاسە حاجی بەكر ئاغا دادەمێنێ و مەعنایێكی بۆ نابێ بسەلمێندرێ . باپیرم دەڵێ خاڵە مۆڵەتم دای تا هەفتەیێك، دوای ئەوەش هەر بۆی ناكرێ واتاییێكی مناسب بێنێتەوە، پاش چەند جارێك مۆڵەت پێی دەڵێ خاڵە تا نەزانی (عسل دوخته) چییە ئیمكان نییە مەعنای بەیتەكە بزانی. ئەوجا بۆی باس دەكا كەوا لە سەردەمی عەباسییەكان فەرمانێك دەردەچێ هەرچی جوولەكە هەیە، بۆ ناسینەوەیان پارچە قوماشێكی (عەسەلی) ئەوساكە هەبووە بە سەرشانیاندا بدوورن، بەو پێیە ئەو پارچە عەسەلییە دیارخستنێكی بێ حورمەتانەی =

بێ گومان لە کاتی مەرگی حاجی بەکرئاغادا دەبێ باپیریشم وەك حاجی قادر لە کۆیێ بووبێ، چونکە ناچێتە عەقڵەوە خوارزاییێکی وەك ئەو لەسەرە مەرگی خاڵێکی وەها مەزن و دڵسۆزدا لە هەندەران بووبێ و بۆ ساڵەهای خوێندن لەو تەمەنەی دواڕۆژانی ژیانی خاڵی لێی دوورکەوتبێتەوە. جگە لەم لایەنە باپیریشم لەو کاتەدا تەمەنێکی وای نەبووە پێشتر چووبێ بۆ خوێندن چونکە لە مەرگی خاڵیدا تازە دەبوو بە ٢٠ ساڵی. بەڵێ چ شوبهە نایێتە دڵمەوە لەوەدا کە لە کاتی مەرگی حاجی بەکر ئاغا باپیرم لە کۆیێ بووە و هێشتا نەچووە بۆ گەشتی خوێندن لەگەڵ حاجی قادر بەیەکەوەیان. نەك هەر لەوێ بووە و بەس، دەبێ ماوەیێکی ئەوتۆش لە دوامەرگی هەر لە کۆیێ مابێتەوە بایی ئەوە بکا (ئەمین ئاغا) لە شوێنی باوکی دانیشێ و کەلێنی ئەو پڕ بکاتەوە. بە عادەت لە رووداوی وادا خزمی نێزیك تێکڕایان حازر دەبن لەچەند و چۆنی دانیشتنی کوڕ لە جێی باوکی، ئەوساش بۆ حاجی بەکر ئاغا لە حاجی مەلا ئەسعەد، دوای ئەویش حاجی مەلا عەبدوڵڵا، خزمی نێزیکتری نەبووە بۆ کەین و بەینی وەها حازربوونیان پێویست بێ، کوڕی هەرە گەورەی، ئەمین ئاغا ١٥– ١٦ ساڵی بووە، لێرە بەپێشەوەش گوتمان تاعوون خزمی بۆ حاجی بەکر ئاغا نەهێشتبووەوە لە حەوێزییان، کە گوتیشم بەر لە مەرگی حاجی بەکر ئاغا باپیرم تەمەنێکی وای نەبووە خوێندنی تێدا کرابێ لە دەرەوەی کۆیێ بۆیە بوو کە خوێندنی باپیرم لەگەڵ حاجی لە باڵەکەتی بە (مستعدی) بووە نەك بەفەقێیەتی، خوێندنی درێژە پێدراویشی کە کردبێ لە غەیری کۆیێ هەر ئەوە بووە کە لەگەڵ حاجی قادردا کردووەتی .

کە ئەمەوابێ و بخرێتە سەر بەڵگەی یەکەمەوە کە شیعرەکانی حاجی قادر خۆیەتی، گومان نامێنێ لەوەدا سەفەرەکەی حاجی و باپیرم دوای مەرگی حاجی بەکر ئاغا بووە، واتە دوای ١٢٧٠، با بڵێین دەوروبەری ١٢٧١. ئاخۆ لەبەر چی نابێ لە ١٢٧١ بەملاوەتر بێ؟ کێ دەڵێ لە ١٢٧٢دا نەبووە؟ هەر خۆم دەڵێم نابێ دوای ١٢٧١ بووبێ چونکە لە ژیانی مەعلوومی باپیرمدا گەلێك رووداوی تووڵانی و دوور و درێژ هەیە لە سەرەتای گەشتەکەوە تا ١٢٧٥روویان داوە هەر نەبێ چوار ساڵێکیان خایاندووە.

= تێدا هەیە بۆ ئەو کەسەی بە خۆیدا بدووریێ. کە ئەمە زانرا واتای بەیتەکە لە خۆوە ئاشکرا دەبێ.

باوەڕ دەکەم حاجی بەکر ئاغا ئەوەندەی بڵێی کەیفی بەوە هاتووە خوارزای دەستی باڵای پەیدا کردووە لە فارسیدا.

کەمتر لە چوار ساڵ جێی ئەو ڕووداوانەیان تێدا نابێتەوە. ئەم ساڵەی ١٢٧٥ه مێژووی ژن هێنانی باپیرمە. لەم چوار ساڵەی پێشترەدا داستانی پڕسۆزی دڵدارییەکەی باپیرم و حەلیمەی مەلای شێخ وەتمان ڕووی داوە و لە ٣ ساڵان پتر هەردوویانی بەدەم ئومێد و نەومیدییەوە تلاندووەتەوە تا سەری گەیاندووە بە نەومێدی یەکجاری، دوای سەرکەشییەکی بێهوودەی پڕ لە دڵگەرمی و تۆران و تەقەڵلای ئێرە و ئەوێ، باپیرم ناچار بووە دەست هەڵگرێ لەو ئاواتە زلەی و سەر دانوێنێ بۆ فەرمانی حاجی مەلا ئەسعەدی باوکی و کچی حاجی بەکر ئاغای لێ مارە بکرێ. داستانی حاجی مەلا عەبدوڵڵا و (حەلیمە)ی (ملا محمد)ی شێخ وەتمان کە مامۆستای باپیرم بووە لە نهێنی و ژێرپەردەیی دەرچووە و بەسەر هەموو زار و زمانانەوە[٦] بووە، عاتیفەیێکی ئەوەندەش پاك لە نێوانیاندا هەبووە نەباوکی حەلیمە شەرمی لێ هاتووەتەوە نە باپیریشم لە کەسی شاردووەتەوە. باوکم دەیگێڕایەوە کەوا باپیرم تا دوارۆژانی ژیانی ناوناوە بە چاوی تەڕەوە دەستی لەسەر دڵی داناوە و گوتوویەتی (ئێستەش برینی حەلیمەی تێدایە).

ئەم چەند دێرەم لە بەسەرهاتی حەلیمەی مەلا بە زیادەوە نووسی بۆ خاتری ئەوە نووسینەکەم نەبێتە (بڕۆ بۆ خۆت بیپێوە). مەبەسم ئەوەیە هۆی دەستنیشانکردنی ١٢٧١ کە سەرەتای گەشتەکەی حاجی و باپیرم بێ، بە دەستەوە بدەم. ئەوەی ڕاستی بێ ئەگەر بۆم ساغ کرابایەوە کە حاجی بەکر ئاغا لە سەرەتاکانی ١٢٧٠ مردووە حەزم بەوە دەکرد بڵێم گەشتەکەش هەر لەو ساڵەدا دەستی پێ کردووە چونکە لە گەلێك ڕووەوە (٥) ساڵەی میانی ١٢٧٠ و ١٢٧٥ لەبارتر و گونجاوترە بۆ جێکردنەوەی بەسەرهاتی ژیانی باپیرم لەو سەروبەرەدا.

لەگەڵ مندا سرنج بدە ئەوە کە وا دوای چەند ساڵێك لە خۆشویستن لە کاتی فەقێیەتی باپیرم لە دێی (شێخ وەتمان) ئەوسا بەئومێدی خوازبێنیی حەلیمە گەڕاوەتەوە بۆ کۆیێ لای باوکی، کە باوك ڕازی نەبووە ئەوجا دەستی کردووە بە تەقەللای ڕازیکردنی لە ڕێی ڕجاکارانەوە.. لە ئەنجامدا باپیرم کۆیەی جێ هێشتووە و ئاوارە بووە بەو نیازە کە وا باوکی ناچار بکا بەمەترسی لەدەستچوونی کوڕی گەورەی واز لە بەرهەڵستی

---

(٦) بەدەست خۆم نییە چەندی حیکایەتی حەلیمەم بە دڵدا تێ دەپەڕێ ئەو بەیتەی فارسیم دێتەوە یاد:

طپل پنهان چزنم طشت من از بام فتاد   کوس بدنامیء ما بر سربازار زدند.

بێنێ و حەلیمەی بۆ بخوازێ. لەو میانەشدا بەوە خەریك بووە كە ئەگەر باوك هەر رازی نەبوو بەهۆی یارمەتیی خزمانی بێگەلاس و پژدەر بگا بەئاواتی.. كە دەزانێ باوكی بە دوایدا دێ، پژدەر بەجێ دێڵێ بەرەو كوردستانی ئێران بەنیازی (مەلا عەلی توورجانی)، لە دەوروبەری سەردەشت باوكی دەیگاتێ و دەیگێڕێتەوە بۆ كۆیێ. بەقەناعەتی خۆم لەو چوونەی بەرەو كوردستانی ئێران جازیبەیێكی حاجی قادر كاری تێ كردبێ و بۆ ئەوێی راكێشابێ چونكە حاجی ئەوسا لە كوردستانی ئێران دەیخوێند. هەر چۆنێك بێ سەركەشی و ئاوارەبوونی بێ سوود بوو و هاتەوە كۆیێ و دوای بەینێك، هەرچەندێكی بووبێ، لە ١٢٧٥ كچی حاجی بەكر ئاغای لێ مارە دەكرێ. وا دەزانم ئەو هەموو كەین و بەینە باشتر لە ٥ سالاندا جێی دەبێتەوە تا ٤ سالان. خۆ لە راستیدا گوتەی دەماودەم لە پێنج سالانیش پتر باس دەكا بەلام ئیمكان نییە پتر لە ٥ سالان زەمانە كەوتبێتە میانی سەرەتای گەشتەكە و ژن هێنانەكە چونكە نە ئیمكان هەیە گەشتەكە پێش ١٢٧٠ دەستی پێ كردبێ نە ژن هێنانەكەش لە ١٢٧٥ دواتر كەوتبێ. نووسراو هەیە ئەوە دەسەپێنێ كە دووەم منداڵی باپیرم لە ٨٧ بووە، دیارە دەبێ بە لای كەمەوە لە ١٢٧٥ ژنی هێنابێ دەنا ناشێ لە ٧٨دا بووبێتە باوكی دووەم منداڵی.

لەم بڕیارانەمدا كە وا هێندە بە دڵنیاییەوە دەریان دەبڕم راگەیاندنی حاڵێكی ئاسایی دەكەم بە حەكەم، قسەم لەوە نییە رووداوێكی لە عادەت بەدەر كە ئێمە نایزانین وای كردبێ بەسەرهاتەكان پتر یا كەمتر لە (٥) سالانیان خایاندبێ، ئەمەش ئیحتیمالێكە كەس چ حیسابێكی بۆ ناكات تا لە كەلێنێكەوە بەڵگەی سەپاندنی گوێ قوت دەكاتەوە.

ئەوەی تا ئێرە لێی دوام بەسە بۆ روونكردنەوەی مەبەس و قەناعەت هێنان بەوە كە سەرەتای گشتی فەقێیەتیی حاجی قادر لەگەڵ باپیرم لە دوای مەرگی حاجی بەكر ئاغا بووە، ئیتر یا لە كۆتاییی ١٢٧٠یا لە سەرەتای ١٢٧١ دەستی پێ كردووە.

ماوەی بەیەكەوە بوون و بەیەكەوە خوێندنی حاجی قادر و حاجی مەلا عەبدوڵڵا لە باڵەكەتی و شێخ وەتمان و ئەو ناوە لە كەسەوە مەعلووم نییە، چۆنەتیی رابواردن و جێگە جیاجیاكانی تێدا خوێندنیشیان هەروەها بێ سەر و سۆراغە. منیش لە بارەی ئەم لایەنەوە شتێكی ئەوتۆم نەبیستووە بۆخۆی تەنها شارەزامان كا بە مەوزووعی تۆژینەوەمان. بەداخەوە سەرچاوەكانی خەبەراتی سەر بەو كات و وەزعە، كە جیلی

پێش خۆمانە، یەکێکیان بەر حەیات نییە هانای ببەینە بەر و دوو قسەی لێ وەرگرین، کەسێکیشیان کەم و زۆر نووسینی لەپاش بەجێ نەماوە باسی هیچ بارێکی لێرە بەپێشەوە بکا تاکو لە نێوان تێکڕای نووسینەکە تایبەتییێکی ئەو گەشتەمان چنگ کەوێ. تاکە هۆیەك مابێ بۆ روونکردنەوەی نەزانراوی و نادیاری ئەو باسە بەراوردکردن و سرنجدان و زیهنکاریی شەخسییە، لەگەڵ ئەم خەریکبوونەی شەخسیشدا هاویشتنەوە سەریەکی سەر جوملەی ئەو کورتیلە گوتەی دەماودەم و نووسینی یەکجار نادیری سەر بەو کات و وەزعەیە. لای من بایی ئەوەی دەنکە کفریتێك لە ژوورێکی تاریکدا هەڵکەی و دوای یەك دوو چرکەی سەعات لێت بکوژێتەوە، خەبەرێك و ئەسەرێك پەیدا دەبێ لێی دەوەشێتەوە ببێتە ناوئاخنی ئەو گەشتە و بەتاڵاییێکی کەم پڕ کاتەوە لە پانایی هێمای ئەو چەند بەیتەی سەروو کە لە نامەکەی حاجیمان هێنایەوە بە نموونە بۆ راگەیاندنی ماوەی بەیەکەوە بوونی ئەو و حاجی مەلا عەبدوڵڵا لە گەشتی باڵەکەتیدا.

لە دیوانەکەی حاجی قادر (چاپی هەولێر ١٩٦٩) بەیتێکی بەهەڵە نووسرایەوە هەیە، من راستییەکەی دەزانم، دەشێ ببێتە چاوگ بۆ وەرگرتنی فکرەیێکی تەماوی و ناتەواو، لە هەمان کاتیشدا تێکڕایی و گشتی، لە بارەی ماوەی بەیەکەوە بوونی حاجی و باپیرم و جۆری رابواردنیان لە باڵەکەتی. وەك لێرە بەدواوە بۆ خوێنەری روون دەکەمەوە، وەنییە لەبەر زیهنکاری و وردبوونەوەی مووقڵێش، کە لای یەکێکی دیکەی غەریری من نەبێ، من لەو بەیتە سوودێکی ئەوتۆ وەردەگرم بەکەس وەرنەگیرێ، نەخێر ئەوەی لێرەدا یارمەتیی من دەدا رووداو و بەسەرهاتی ئەوتۆن پێوەندییان لەگەڵ ئەو بەیتە هەیە من دەیزانم و کەم کەس بیستوونی. هەر ئەو زانینەیە واش دەکات بتوانم بەیتەکە راست بکەمەوە.

لە رووپەڕە ١٠٦ ی دیوانی حاجی (چاپی هەولێر) ئەمە دەخوێنیتەوە:

(مەلکەقور) و (حجاری) وەکیل
قس من اسمائهم و لا تسئل

ئەم بەیتە بەو جۆرەی لە دیوانەکەدا نووسراوە نە کێشی تەواوە نە قافیە و نە هیچ واتاییێکیش رادەگەینێ. دوو وشەی (مەلکەقۆڕ و حجاری) بخرێنە ناو کەوانەوە و وشەی (وەکیل)یان بەدوادا بێ لێیان چاوەڕوان دەکرێ سەروسۆراغێك لەو وەکالەتەوە

بەدەستەوە بدەن و خەبەرێکی تایبەتی رابگەیەنن، کەچی لە خامۆشی بێ کێش و قافیە بەولاوە گوێت لە چ سەدایێك نابێ. راستی بەیتەکە ئەوەیە من ئێستاکە پێتی دەڵێم:

(مەلکەقۆڕ) و (حیماری) (کیسەشکەل)
قس مـــــن اسمـــــائـــــهـــــم و لا تسئـــــل

وشەی (أسمائهم) دەبێ هەمزەی یەکەمی بکرێ بە هەمزەی (وصل) تاکو کێشی بەیتەکە راست و بێ گرێ بێ. بە ئیملای کوردی کە وای بنووسین وەك دەیخوێنینەوە بەم جۆرە دەنووسرێ (قیس مینەسمائیهیم).

حاجی قادر لە لیستەی ناوی شاعیرانی کورد کە خستوونیە نێوان دێرە شیعرەکانی هەڵبەستەکەیەوە، ئەم سێ ناوە عەنتیکەیە دەنووسێ وەك نازناوی سێ شاعیر. نازناوی وەها لەوان بە پێشەوە نەبیستراوە، بەدوا ئەوانیشدا پەیدا نەبووەتەوە.

نەك هەر ئەم سێ شاعیرە نازناوی وایان بەخۆوە ناوە، ئەوان سێیان و گرووپێکی قەڵەباڵغ لە برادەرانیان، کە هەموویان فەقێ و مەلا بوون و لەگەڵ حاجی قادر و باپیرم لە باڵەکەتی خوێندوویانە، ناوی وەها سەیر و نەبیستراویان کردووە بە لەقەبی بوێژی و یەکتریان پێ هەڵداوەتەوە و کردوویانەتە مەداری شەڕە شیعرێنە و گەپ و پێکەنین و نوکتە لە یەکدی گرتن. جگە لەو سێ ناوە چەند ناوێکی دیکەم بەبیر ماون کە لە باوك و مامم بیستوون، ئەوانیش بە درێژیی سەرگوزەشتەوە لە باپیرمیان بیستووە.

بەدوا (مەلکەقۆڕ و حیماری و کیسەشکەل)دا کە حاجی لە هەڵبەستەکەی ناویان دێنێ ئەم ناوانەشم دێنەوە بیر: داڵ واودوو، فس گوریس، قەبر خوار، پەڕبەجیق. لێرەدا سەر جوملەیان کردی حەفت شاعیر، کە ئەمانە هەندێکن لە هەموو، کەمێکن لە زۆر. ئەمانە و چەندێکی دیکە کە ناویان بزرە و لە بیرچوونەتەوە، کۆمەڵە فەقێ و (مستعد)ێك بوون لە مزگەوتەکەی (ملا محمد)ی شێخ وەتمان و چەند مزگەوتێکی دیکەی باڵەکەتی هەموویان شاعیر و قەشمەرباز و گاڵتەچی، رۆژانی بێ دەرسی بۆلای یەکدی چوون و تێکڕایان کۆڕی گەپ و گۆبەندیان رێك خستووە وساڵیان پێ بردووەتە سەر، ئەگەر نەڵێم عومر.

لە رووپەڕە ١٠٨ی دیوانەکەی حاجی (چاپی هەولێر) ئەم بەیتە دێتە بەرچاو:

(مەلکە)مان مەلکەمووتی مەعنایە
یەعنی هەر چۆنێ حەز بکا وایە

بۆم ساغ ناکرێتەوە ئاخۆ ئەم (مەلکە)یە هەمان (مەلکەقۆڕ)ە کە زۆرتر ناوی هێنا یاخود شاعیرێکی تازەیە غەیری ئەو. سرنجێکی بە پەلە لەوەسفی (مەلکە) بە رستەی (مەلکەمووتی مەعنا) و بەراوردکردنی لەگەڵ ئەو وێنەیەی بۆ مەلکەقۆڕ پەیدا دەبێ لە سێ بەیتی پێشووتردا کە دەڵێ:

مەلکە قۆڕ و حیماری کیسەشکەل
قس مـن اسمـائـهـم ولاتسئـل
شیعریان جوانە، بەس نییە کوردن
گەرچی بەدناون و گەلێ وردن
بەفیدایان دەکەم سەد (ابن یمین)
چونکە دەربەستی غیرەتی کوردین

وا ڕادەگەیەنێ (مەلکە) و (مەلکەقۆڕ) یەك کەس بێ بەڵام لەوانی دیکە بە دەسەڵاتتر بووبێ لە شیعردا بۆیێ دووجار خۆ داوێتەوە بەر زیهنی حاجی قادر. لە فەرزی یەکێکی تریش بووبێ، شاعیرێك بووە لە دەستە و مەشرەبی مەلکەقۆڕ و هاوڕێکانی، هەر لەو گرووپەش بووە کە ئەوسا لە باڵەکەتی کۆمەڵ بوون. دیاریشە لە واتای رستەی (هەرچۆنی حەز بکا وایە... مەلکەمووتی مەعنایە) کە لە کاتی گوتنی شیعرەکەدا (مەلکە) زیندوو بووە. هەمان شکڵ و داڕشتنی بەیتەکانی پێشووتریش کە کاتی (حاڵ) رادەگەیەنێ دیار دەدا (مەلکەقۆڕ) و دوو هاوڕێکەی نەمردوون، لەمەدا هەر چەند ئیسپات پەیدا نابێ کە مەلکە و مەلکەقۆڕ یەك کەسن، نەبوونی (تعارض) دەردەکەوێ لە یەکبوونیان بەوەدا کە هەر دوویان زیندوون، ئەگەر هەڵبەست رای گەیانیبایە کە یەکیان زیندووە و یەکیان مردووە، راستەوخۆ دیار دەکرا کە دووکەسی جیاوازن. دەشزانرێ حاجی ئاگاداری ئەحواڵی مردن و ژینیان بووە.

لە شیعرەکانی حاجی و بەسەرهاتێکی منیش دەیگێڕمەوە، وا دەردەکەوێ، ئەو دەستە شاعیرە بە کوردی شیعریان گوتووە و خۆیان لە فارسی و عەرەبی نەگەیاندووە، بەراستی کارێکی ئەوان کردوویانە لەلایەنی جەربەزەیی و قۆشمەییەوە بە بەر ئەوە رانەگەییوە نوکتەی یەك لە دوایەك و تریقەی پێکەنینی قسەی نستەق و پەلار و توانجی

تویكڵدار له دەرووندا گیر پێ بخۆنەوە تا وەریان دەگێڕنە سەر زمانێكی تر. هەر وەك كابرای عەرەب گوتی:

ولستُ بنحويّ يلوك لسانه
ولكن سليقيّ أقـول فأعرب

ئەوانیش دەرفەتی خۆهێنان و بردنیان نەبووە بەدوا رستەی رێك و پێكدا بگەڕێن لە زمانی بێگانەدا، بێ سێ و دوو كوردانە لەسەر و گوێلاكی یەكدییان راكێشاوە.

حاجی قادر لە شیعرەكانیدا زیمنەن ناڕەزایی خۆشی دەربڕیوە بەرامبەر دانانی شیعری فارسی و عەرەبی لەلانی شاعیرانی كوردەوە. دیارە بۆخۆی ئەوسا لە كوردی بەولاوە شیعری نەگووتوە، وەتەنگیش هاتووە لە دانانی شیعری غەیری كوردی لەلانی شوعەرای كوردەوە كە پێ دەچێ ئەوسا هێشتا هەر باوی مابێ بایی ئەوەی هەستی حاجی بریندار بكا. ئەوەش دەفامرێتەوە لە قسەكانی حاجی كە ئەو سێ (یاخود چوار) شاعیرە هەر بەردەوام بوون لەسەر شیعری كوردی و دەنگ و خەبەری خۆیان و شیعریان گەیشتووەتەوە، واتە قسەكان تەنها ئیشارە نین بۆ سەردەمی فەقێیەتی كە لە (باڵەكەتی)دا ئەو گرووپە شەڕە شیعریان تێدا كردووە بە كوردی.

بە پێی گێڕانەوەی باپیرم ئەم شاعیرانە لە هەموو ناوچەكانی كوردستانەوە هاتوون، وەنیە تەنها هی دەوربەری رەواندز و كۆیە و بابان بووبن، رێكەوتی خوێندن كۆی كردوونەوە و هەر یەكەی لە جێگەیێكەوە هێناوە. ئەو هێندە قسەی كە لە زاری (مەلكەقۆڕ)ی گێڕاوەتەوە بە لەهجەی كرمانجی سەروو بووە، ناوچەی شاعیرەكانی دیكە روون نابێتەوە چونكە وتووێژێك كە لێیان نەقل كراوە نەخراوەتە پاڵ تاك تاكیانەوە. بەڵام (حیماری) لەوە بەدەرە و ناوچەی مەعلووم دەكرێ لە رێی رووداوێكی دیكە جگە لەوەی باپیرم دەیگێڕێتەوە. بەدواسەر گوزەشتی تاقمی (باڵەكەتی)دا هی تایبەتی (حیماری)ش دەخرێتە بەرچاوی خوێنەر. بە پێویستی جێگە و لێكدانەوەی هەندێ رووداو و تاكە بەیتێك كە بەزمانی حاجییەوە نەقڵ دەكرێ نەختێك پتر لەگەڵ ئەودا خەریك دەبین.

پوختەی گوتە لە مەوزووعی ئەم جەماعەتە ئەوەیە كە باپیرم و حاجی قادر دەچنە باڵەكەتی زۆرینەی ئەوان پێشتر لەوێ خوێندوویانە و ئاغڵەبیشیان لای (مەلا محمد)ی شێخ وەتمان موستەعید بوون. حاجی و باپیرم دەبن بەهاوڕێی خوێندنیان و برادەری راگوێستنیان لێرە و لەوێ و سەفەری فەقێیانەی ناو خێڵ و عەشرەتان.

بەو نیازە کە شوێنەواریان کوێر نەبێتەوە و سەبارەت بەوە کەوا پێوەندییان لەگەڵ سەردەمێکی ژیان و جۆری رابواردن و خوێندنی حاجی قادردا هەیە و ناوی سێ یاخوود چوار کەسیان کەوتووەتە نێو دیوانەکەیەوە و بۆ مەبەسی ئەوە سەر گوزەشتیان بکەین بەهۆی دیارکردنی مەودای مانەوەی حاجی قادر لە باڵەکەتی، من لێرەدا چی لە بیرم ماوە دەربارەی بەسەرهاتیان تۆماری دەکەم. باوکم و مامم دەیانگێڕایەوە لە زمانی باوکیانەوە، رووداو و شیعر و نوکتە و گەپ و رابواردن و هەموو کەین و بەینێکی سەربەمانەوە باپیرم کردبووی بە نامێلییێکی شکڵ کەشکۆڵی هۆندنەوە و پەخشان بەزمانی کوردی و لەژێر ناوی (ئاتەشکەدە)دا. زۆر بەداخەوە ئەم (ئاتەشەکەدە)یە لەگەڵ چەند کتێبێکی دیکە لە کتێبخانەی مەلاییێکی کۆییێ، هەر لە ژیانی باپیرمدا، سووتاوە و لەناوچووە. تاکە یەك نوسخە بووە بۆ خوێندنەوە دەستاودەست مەلاکان لەیەکدییان وەرگرتووە تاکوو قەدەر کردی بە خۆراکی ئاگر، هەر دەڵێی ناوەکەی خۆی کە (ئاتەشکەدە)یە سووتاندی و بەگوتەی خۆی خواردەوە.

چەندێکی من لێرەدا دەینووسم بەشێکی یەکجار کەم و کورتیلەیە و لەو زۆرەی باوکم دەیگێڕایەوە، هی باوکیشم کەمێك بووە لە چاو ئەوەی لە باپیرمی بیستووە. بێ گومان ئەو هێندەی باپیریشم بەزار باسی کردووە کەمتر بووە لەوەی ناو کەشکۆڵەکە، چونکە لەو کاتەی کەشکۆڵەکەی تێدا نووسراوە تا ئەو رۆژەی باوکم گەیشتووەتە تەمەنێکی ئەوتۆ گوێ بداتە سەرگوزەشتی وەها (٣٠)ساڵێکی بەسەردا تێ پەڕیوە، لەماوەی (٣٠) ساڵانیشدا چەندین ناو و رووداو و شریتەی باس و خواس لە مێشك دەسڕێتەوە، بە تایبەتی چونکە سەرگوزەشتی ئەو کۆمەڵە شاعیرە رووداوی چەند ساڵێکی گرتووەتەوە و قسەی لە چەندین کەس گێڕاوەتەوە و شیعر و شەڕە دەندووکێی چەند جاران تێك هەڵقژان و یەکدی قۆستنەوەی باس کردووە. هەڵبەت حیکایەتی وا توولانی زۆر قارەمان و پڕ گڕوگاڵ و دەمەتەقە و شەڕە شیعرێنە بە نووسینەوە نەبێ ناپارێزرێ. مرۆڤ چەندێك بیری تیژ بێ شتی تێکەڵ و پێکەڵی لە بیر دەچێتەوە. لەگەڵ ئەمەشدا کەم تا کورتێك کە من لە بیرم ماوە بە نووسینەوە لە فۆتانی رزگار بکەم چاکترە لەوە بە تەواوی لەناو بچێ. ئەوەی راستی بێ سەرەڕای لایەنی پێوەندیی ئەو سەرگوزەشتە لەگەڵ پلەیێك لە ژیانی حاجی قادر و جگە لە روونکردنەوەی زەرفێك کە چەند بەیتێکی دیوانی حاجیی خەریك کردووە، چەسپاندن و نەمراندنی رووپەڕەیەك لە مێژووی فەرامۆشکراو و داب و دەستووری کوێر بوویەوە و ژیاندنەوەی ناو و یادی

چەند شاعیر و ئەدیب و قسە خۆشی کورد ئەوە دێنێ، زیاتریش دێنێ، من هەندێك خەریك بم بە نووسینەوەی و خوێنەری کوردیش چاوێکی پێدا بخشێنێ.

بە گوێرەی باسێك کە باپیرم نەقڵی کردووە، ئەو تاقمە شاعیر و قسە خۆشانە مەیلیان بۆ گەپ بە نیسبەت خەلقی ئەوسا و ئێستاکەوە لە حەد بەدەر بووە. ئەو مەیلەش بەلای باوەڕی خۆمەوە، هەر لەوەوە نەهاتووە ئەوسا ژیان لە هی ئێستا سادەتر بووە و بەس، دەبێ باری ژیانی گوزەران و رابواردنیش یارمەتیی خەلقەکەی دابێ بۆ ئەوە پڕ بەدڵ پێ بکەنن و بەزۆری خەریکی خۆشگوزەرانی بن. ئەم شێوەی خۆشگوزەرانی کە دێتە بەرچاوی (تصور)ی من نەك تەنها لە دەلالەتی گەپ و پێکەنین و شەڕە شیعرێنە دەتریسکێتەوە، بەڵکو جارێکی دیکەش لە رێبازی (مفهومی عکسی)یەوە خۆ بەدیار دەخا لە شیعرەکانی حاجی قادردا:

دەڵێن ئێستا هەواری گورگ و شێران
وەکو قەلبی حەسوودی تۆیە وێران

چکاوە ئاوی پڕژ و گۆلە شینی
نەماوە هەر لە کۆتر تا شەهینی

گەرووی شێخی لە لوقمەی کۆچ باران
موعەڕایە میسالی رۆژە داران

ئەم چەند دێڕە شیعرەش بەڕادەی راگەیاندنی پێکەنین و گەپ، لە قاڵبی (سلب)ی خۆیدا (ایجاب)ی خۆشی و ئاوەدانی و بەروبووم و داهات و تێریمان بۆ دەگێڕێتەوە. حاجی لەو بەیتانەدا یادی وڵاتێکی ئاوەدان دەکاتەوە. تۆ بڵێی لە میانی ساڵانی سەرەتاکانی ١٢٧٠ کۆچی، کە کاتی خوێندنی حاجی قادرە لە باڵەکەتیدا، تا ساڵی ١٣٠٦ وەیا ١٣٠٧ی کۆچی کە نامەی بۆ باپیرم ناردووە و ئەو چەند بەیتەی تێدان، چ کارەساتێك خۆشی و ئاوەدانیی ئەو ناوچەیەی گێڕابێ بە پێچەوانەوە[٧]. مەوداکە

(٧) لە کاتی گێڕانەوەی ئەم تێبینییەشدا مامۆستا عەلائەدین سەجادی گوتی لە ١٢٨٨ی کۆچیدا گرانییەکی زۆر سەخت بەسەر ئەو ناوچانەدا هاتووە کە باڵەکەتیش دەگرنەوە، لێی دەوەشێتەوە وێرانییەکی وەهای پەیدا کردبێ بووبێتە هۆی بزافتنەوەی پەرۆشی حاجی قادر لەم بەیتانەدا.

لە میانی ١٢٨٨ و کاتی هەڵبەستنی شیعرەکانی بەلای کەمەوە ١٨ ساڵ مەودا هەیە. =

دووری (٣٠) ساڵێك دەگرێتەوە، مێژووشی هێندە کۆن نییە پەردەی تاریکی کۆنینەیی بتەنێ لەسەر دروشم و کەین و بەینی، کەچی ئەوەندەی تێ دەفکرم بۆ دۆزینەوەی هۆیێکی ئەوتۆ لەو ساڵانەدا کاری وێرانکەری کردبێ لەو ناوچەیەدا، لە تاکە هۆیێك بەو لاوە نایێتە زیهنمەوە، کە خۆشم پێی رازی نیم، ئەویش رشانەوەکەی ساڵی (١٢٨١)ی کۆچی بێ. کە دەڵێم (پێی رازی نیم) بۆیەیە چونکی وەك ئێستا دەڵێم و جارێکی دیکەش بەدرێژتری دووبارەی دەکەمەوە بە تەواوی ساغ نەبووەتەوە، ئاخۆ حاجی قادر لەو ساڵەی (١٢٨١)ەدا لە کۆیێ بووە یا بەرەو ئەستەمبۆڵ رۆییوە، هەر چەند لای غاڵب ئەوەیە کە هێشتا هەر لە کۆیێ بووە. کە لە کۆیێ بووبێ کارەساتی رشانەوەکە بۆ ئەو دەبێتەوە شتێکی زانراو کەلکی ئەوەی لێ دەبڕێ دوای بیست و ئەوەندە ساڵە ببێتە هۆیەکی نهێنیی وێرانبوونی ئەو ناوچەیە و حاجی سەری لێی سوڕ بمێنێ. هەر چۆنێك بێ دەبێ هۆی گۆڕانی باری ئەو ناوچەیە بەرەو ناگزووری شتی ئەوتۆ بێ دەنگی نەدابێتەوە و لە دوورەوە خەبەری وەرنەگیرابێ.

ئەم تێبینییانەم لەوەوە هەڵدەستێ کە بەلای منەوە حاجی قادر لەبەر کزە و سۆزی غوربەتی سادە نییە وا بە پەرۆشەوە باسی ئەو شوێنانە دەکا بە چۆڵی و وێرانی، پێ داگرتنی لەسەر دیمەنی ئەو جێگایانە بە وێرانی لە سێ دێڕە شیعری یەك بەدوایەکدا وێنەی واقیع دەگرێ زیاتر لە کزەی سادەی دەروون. تێکڕای شیعر و دیمەن و رووداو و مێژوو لەگەڵ تێبینییەکانی من وان لەبەر چاوی خوێنەر، کە نەتوانم قەناعەتی پێ بێنم بە بیر و باوەڕی خۆم دەمێنێتەوە خۆی و قەناعەتێك کە بۆی پەیدا دەبێ. لێرەدا پێویستە ئەوەش بێنمەوە بەرچاوان کە پێشتر گوتم، زانینی زەرف و رووداوی پێوەند بە هەڵبەستەوە گیانێکی بە بەر دێنێتەوە مومکین نییە بێتەوە بەری ئەگەر زانینەکەی لەگەڵدا نەبێ. دۆزینەوەی دەماری بەستنەوەی سۆزی دەروون بە رووداو و واقیعەوە ئەو تین و تاوە دەر دەخا لە هەڵبەستدا کە (تفاعل)ی کیمیایی میانی مادە و مادە وەیا مادە و هێز پێکی دێنێ.

خەریکبوونی ئەو کۆمەڵە شاعیرە بە گەپ و قسەی خۆش و پێکەنین کژی تایبەتی نەبووە، لە حوجرە بووبن یا لە سەفەر یا لە هەواران. باوەڕم هەیە لە کاتی دەرس

= وا دەزانم، بە عادەت، ١٨ ساڵ بەشی ئەوە دەکا ئەگەر چ کۆسپێکی تر نەهاتبێتە بەر ژیانی خەڵقەکەوە تێری و خۆشیی پێشووتر پەیدا بکەنەوە. لەگەڵ ئەمەشدا تێبینییەکەی مامۆستا عەلائەدین بایەخی خۆی هەر هەیە.

خوێندنیشدا، هەر بۆیان رێك کەوتبێ نوکتەبازییان کردووە. دێتەوە بیرم لە گێڕانەوەی ئەو بەسەرهاتە لە زاری باپیرمەوە، باوکم دەیگوت عەرزی باوکم دەکرد کە حاڵی خوێندنتان وا بووبێ چۆن بوون بە مەلا، لە وەرامدا باوکی پێی گوتووە رۆڵە بەخوا نازانم چۆن بوومە مەلا. بەڵام بەنیسبەت حاجی مەلا عەبدوڵڵاوە بیری تیژی زۆر یارمەتیی داوە کە لە خوێندن زۆر دانەمێنێ. باوکم باسی دەکرد، باپیرم لە رۆژانی دواییی ژیانیدا چەندین مەبحەسی کتێبە زەحمەتەکانی پلەی ژوورووی خوێندنی مزگەوتی پیت بەپیت لەبەر بوون.

یەکێك لەو شاعیرانە کە نازناوی بەمن نەگەییوە ناوی مادەرزادی (بو منصور صوفی...) بووە. ئەم خاڵانەم دانا لە جێگەی دوا وشەی ناوەکەی کە لە بیرم نەماوە، بە پێی دەستووری (تخفیف) کە لە زۆر مادەکانی خوێندنی مزگەوت ناوی دێ و کاری پێ دەکرێ تەخفیفاتی لە ناوەکەی خۆیدا کردبوو، گوتبووی ناوەکەم لەفزەکانی قورسن دەیانگۆڕم بە لەفزی سووکتر و ئاسانتر. لە (بومنصور) هەوەل جار وشەی (بوم) دێتە پێشەوە ماناکەی (کوندە بۆیە) و تەیرێکی ناقۆڵایە، دەیگۆڕم بە (کۆتر) جوانتر و ئێسك سووکترە. بە دوا (بوم)دا ئینجا لەفزی (مَن) دێ ئەویش لە کێشان قورسە ئەگەر بە لەفزیش قورس نەبێ، دەیکەم بە (رطل) لە (مَن) سووکترە و چەند (رطل)ێك دەکا یەك (من). لەفزی (صور) ناوی ئەو شەیپوورەیە لە رۆژی قیامەتدا بە دەنگە زلەکەی مردوو لە قەبری دێتە دەر، (بوق) کە بۆڕیەیە لەو سووك و چووکترە، صوریش بوو بە بوق. لە لەفزی (صوفی) وشەی (صوف) هەیە بە کوردی (خوری)یە و دڕ و زبرە، (پەشم) لەو نەرمتر و جوانترە. لەو وشەی خاڵم لەجێ دانا تخفیفاتی کردبوو بووبووە (پازدە). خولاسە لەدوا تەوش و تراش و ئاسانکردن ناوەکەی خۆی کردبووە (کوتر الرّطلِ البوقِ بن الپشم والپازدە) بڕیاریشی دابوو تا بەو ناوە سووك و خۆش و کورتیلەیەی بانگ نەکەن وەرام نەداتەوە. دەوجا هەموو جاران دەبوا بانگی کەن (ماموٚستا کوتر الرطل البوق بن الپشم و الپازدە) ئەوسا لە سەری زمانیەوە بڵێ (هۆو) چونکە وشەی (هۆو) لە (بەڵێ) کورتترە.

بەو تەرزە وتوویژ و گەپ و گاڵتەیە چەندین رۆژ و شەو و هەفتە و مانگیان رابواردووە و لێی تێر نەبوون. یەکێکیش لەوان دەمەتەقە و نوکتە لە یەکدی گرتنە دڵگیری و تووڕەبوونی لێ پەیدا نەبووە. زۆر جاران وابووە لە بانگدان یا لە عەینی نوێژکردندا نوکتەیان بۆ هاتووە نوێژ و بانگیان بۆ بڕیوە تا نوکتەیان ئەدا کردووە بە

دوا ئەودا نوێژەکەیان بە قەزا گێڕاوەتەوە. بەڕاستی تاقمێك بوون هەرگیز لە خۆیان بەپێشەوە مانەندیان نەبووە بەدوا خۆشیاندا تا دونیا دەبڕێتەوە ئیمکانی هاتنی مانەندیان پەیدا نابێ، زاتەن بەپێی زاهیری حاڵ تازە ئەو رۆژگارە بەسەرچوو وەزعی وای تێدا هەڵکەوێتەوە.

مێژووی سەردەمی عەباسییەکان لە ئەخباری بوێژەکانی کەیفچی و ئاین سووك هەندێ رووداوی ئەوتۆ دەگێڕێتەوە لە هی ئەو گرووپە بکا، بەڵام نە لە سەردەمی عەباسی و نە غەیری عەباسی رووی نەداوە مەلای سەر سپی و قورئان خوێن هێندە زارشڕ و کەم شەرم و گاڵتەچی بووبێ، تەنها مەلایێکیش نەبێ رێکەوت فێری نوکتەی کردبێ، یەك تاقمی تەواو لە مەلایان بن هەریەکیان گرەوی قۆشمەیی لە ئەبوو نواس بباتەوە. فەرموو سەیری ئەم نموونەیە بکە لە نوکتە – جنێوی هەڵبەست، یەکێك لەو کۆمەڵە شاعیرەی ئاخرزەمانە لە کاتی گاڵتە و پێکەنین و شەڕە شیعرێنەی عادەتی خۆیاندا ئەمەی بە مەلکە قۆڕ گوتووە:

دەتــبــەمــە سەر ئــاوە گــردی

داتــدەهــێڵــمــێ (...)ی کــوردی

ئیقبالی خۆت ئەی مەلکە قۆڕ

ئــەگــەر ژیــای ئــەگــەر مــردی

مەلکەش بەو پەڕی زەوق و شەوق و سمێڵە خنکێوە بە لەهجەی بادینی گوتووەتی هەڵبەستەکە (تقطیع) دەکەم ئەگەر (تفاعیل)ی راست بێ قبووڵمە دەنا قبووڵی ناکەم، دەتبەمە سەر مُستَفعِلٌ، ئاوەگردی مُستَفعِل، دات دەهێڵمێ مُستَفعِلٌ ... هتد، بابە خوا بەزیادی کا قبووڵمە.

ئەو سەرگوزەشتانەی باپیرم لێی گێڕابوونەوە و ئێستاکە من لەبیرم نەماون ئەوەندە قوت و سەیر بوون فەرقێکیان نەبووە لەگەڵ حیکایەتی (سێ کۆسە). هەموو بزووتنەوەیێکیان تێکەڵ بە نوکتە و پێکەنین بووە، وەك ئەوەی دنیا لە لەحزەی حازری بەولاوە تێدا نەبێ.

بەو جۆرە بێ غەمی و بێ باکی و پڕئاسوودەیی رۆژگاریان بەسەر بردووە، تا دمە و بەهارێکیان خەلق لە هەواران دەبن و لە رەشماڵاندا دەژین، ئەوەی لە گوندانیش دەمێنێتەوە بە رۆژ هەر دەچنە دەرەوە خەریکی کاری هەمە چەشنەی بەهاران دەبن،

فەقێیان دەکەونە سەر خەیاڵی بەرپاکردنی گۆبەندێکی کوردانەی زۆر کلاسیکی و تێکەڵ بە گەپ و گاڵتە کە دەشوبهێتە شانۆگەردی کۆمیدی بەڵام شانۆکەی دەشت و دەر و عێل و عەشرەت بێ نەك چەند پەردە و تەختە و تابلۆی نەقشاو. بە عادەتی کۆنینەی کوردەواری، فەقێیان دەستە و تاقمی خۆیان ڕێك دەخەن و کار دروستاییی فەرمانڕەوایی و حاکمەتی گەپی (میرمیرانێ) دەکەن کە جارەها بەجۆرێکی نیوە ڕاست و نیوە گەمە لە گەلێك شوێنی کوردستاندا بەرپا کراوە. (وەك بیستوومە دواجار لە سلێمانی کرابێ لە کاتی (احتلال)دا بووە، لە سەرەتاکانی ۱۹۲۰). فەقێیەکان (پەڕ بەجیق) دەکەن بە (میرکوڕان) واتە فەرمانڕەوای پیاوان، یاخود ئیمپراتۆر.

کچانیش وەك پیاوان ڕێکخراوێکی ژنانەی سەربەخۆ پێك دێنن بۆ مەبەسی گەپی بەهار و بەربەرەکانی وەیا چاولێکەریی پیاوان.

کچان لەو جارەدا (کەڵەشێر)ێك دەکەن بە میر. عادەتەن کچێك دەکرایە سەرۆك و پێی دەگوترا (میر کچان). ئەم (میرکچان)ە تا رادەیێك لە (کچی نموونە – ملكة الجمال)ی ئێستاکەی کردووە، لە هەڵبژاردنیدا جوانی و چابووکی و بەرچاوی و ئارایی و زۆر رەوشتی پەسەندی تێدا رەچاو کراوە. وەك بڵێی لەم جارەدا کە باسەکەی دەگێڕمەوە نەوەك لە کەین و بەینی گەپ و بەربەرەکانی و بەیەکدی کەوتنەوەی کچ و کوڕان تیری وشە و پلاری نوکتە بەر کچەکە بکەوێ ئەم کەڵەشێرەیان کردووە بەمیر. هەروەك ئێستاکە بۆت باس دەکەم، لە هەڵبژاردنی کەڵشێرەکەدا ، کچان عەقڵێکی تەواویان بەخەرج بردووە.

گەمەی (میر میرانێ) سەردەمێك لە نێوان خەلقدا بەتێکڕایی و لە نێوان فەقێیاندا بەتایبەتی لە کوردستان باو بووە. بەدرێژاییی بەردەوامبوونی گەپەکە حوکمی (میر) هێندەی حوکمی والییێك کاری کردووە، میرێك بۆ خۆیان دانێن هێندەی هی پیاوان لە برەو نەبووە، تا بەرەو گەرمیانیش هاتبای بەرەو کزبوونەوە و نەمان دەهات. (میرکچان) زیاتر لە نێو عەشرەتەکانی دووره شار دەستوور بووە.

کورتەی قسە ئەمەیە ئەم جارەیان کوڕان و کچان ئەوەی بۆیان کراوە لە (حوکمڕانی)ی سەربەخۆ کردوویانە. بەدەم یاری و گاڵتەی بەهارانەوە خەرج و باج کۆ دەکەنەوە و ئەمر و نەهیان دەکەن و تاوان و جەریمەش دادەنێن بۆ ئەو کەسەی لێی بوەشێتەوە. هەر لە بچووك و بێ دەسەڵاتەوە تا گەورە و سەرۆك عەشرەتەکانی بەپێی

دەستووری ئـەوسای (مـیـر مـیـرانـیّ) هـەمـوویـان فـەرمـانـبـەری بـیّ رەخـنـە بـوون بـۆ فـەرمـایشی میرکوڕان و میرکچان. لە لایەنی خەرج و باج و پیتاکەوە سەرەك عەشرەت و دەوڵەمەندەکان، بەتایبەتی، چیی لێیان داوا کرابیّ بیّ گیروگرفت داویانە، لە سوخرە و بێگار و ولاٌ غ خواستنەوە و هەر کارێکی تریش (میر) بە پێویستی زانیبیّ بۆ سوودی (حکومەت)ەکەی سەرپێچی تێدا نەکراوە لەلایەن کەسەوە.

گەپ و گەمەیێك کە درێژەی کێشا بەزۆری روو لە ناکۆکی دەکا، هەندیّ جارانیش کـارەسـاتـی لـە عـادەت بـەدەری لـیّ پـەیـدا دەبـیّ. ئـەم جـارەیـان بـە هـۆی بـوونـی دوو حـکـوومـەتـەوە و سەبـارەت بـە هـاڤـرکـیّ و بـەربـەرەکـانـیـی مـیـانـی کـوڕان و کـچـان مـاجـەرایـەکـە زیـاتـر لـەمـاوەی عـادەتـی درێژە دەکێشیّ هـیـچ لایێکـیـان نـایـەویّ پـێش لایەکەی دیکە حکوومەتی خۆی تێك بدا و ببێتە رەعیەی حکومەتەکەی تر کە جاریّ هەر بەردەوامە. حوکمڕانی دوو حاکمان لەیەك جێگەدا وردە وردە و کەم کەمە تێك هەڵقژان و بەیەك کەوتنەوەی لیّ روو دەدا. وا بووە لە کۆکردنەوەی خەرج و باج و پیتاکدا باجگری کوڕ و کچ لە یەکتریان راخوڕیوە، شەڕە چەپەڵۆکیشیان کردووە.

وا دیـارە پـیـاوەکـان لـە ئـەنجـامـی بـەربـەرەکـانـی بـیّ وچـانـی کـچـان و خـۆ بـەکـەم نـەگرتـنیـان لـە عـاست پـیـاواندا وەتـەنگ دێن و دەمـاری سـەرۆکـایـەتـیـی مـێژوویـیـان بەخەبەر دیّ و بە شکڵێکی بەهانەکارانە میرکوڕانیان کە (پەڕبەجیق)ە قاسید دەنێریّ بۆ لای کچان و پێیان رادەگەیەنیّ کە وا دەبیّ (میرکچان) بێنە سەردانی (میرکوڕان) چونکە بەپێی فەرمانی قورئان کە ئایەتێکی دەفەرمویّ (الرجال قوامون على النساء) کچان دەبیّ سەر فروو بێنن بۆ پیاوان و گەورەییان بسەلمێنن.

کچانیش دوای وتووێژی ناوخۆیی قاسید دەنێرنەوە بۆلای میر کوڕان و داوای لیّ دەکەن بێتە (خزمەت میرکچان) چونکە بەدەستووری (الجزء يتبع الكل) میری کچان زاڵترە و مافی پێشەوایی هەیە: میری کوڕان کە (پەڕ بەجیق) بیّ تاکەیەك پەڕە ئەویش جـیـقـنـاوی، مـیـری کـچـانـیش کـە وا (کـەڵـەشێرە) هـەزاران پـەڕی خـاوێـنی پێوەیـە. ئـەو (مـنـطـق) بـەکـارهـێـنـانـەی کـچـان شتێکی سـەیـر نـەبـووە لـەو جێگـە و کـاتـەداو چـونـکـە خوێندەواریان تێدا بووە، یەك لەوان (حلیمە)ی کچی مەلای شێخ وەتمان بەهۆی ئەوەوە کە لە بنەماڵەیێکی خاوەند مزگەوت و فەقیّ و دەرس و کتێبخانە بووە نەك هەر خـوێـنـدەوار، بـوێژیش بـووە. بـوێژیـی حـەلـیـمـە جێی شوبـهـە نـیـیـە چـونـکـە بـاپـیـرم ئـەو راستییەی باس کردووە و گەلێك لە شیعرەکانی حەلیمەشی لەبەر بووە، زۆر بەداخەوە

لەو نیو فەردە بەولاوە کە بۆ باپیرمی داناوە هیچی ترم لەبەر نیە:

ئەگەر زەهراوە دەینۆشم شەرابی دەستی عەبدوڵڵا

باپیرم و حەلیمە گەلێك شیعریان بۆ یەکدی داناوە، هەموویان فۆتاون، ئەگەر مابان دیوانێکی شیعری دڵداریی زیندووی کوڕانە و کچانەیان پێك دێنا ببا نموونەی ئەدەبی دڵداریی راستەقینەی ئەوسای کوردی. ئەم دوو دێڕەی خوارەوە کڵپەیێکی سۆزی باپیرمە بەرامبەر حەلیمە:

کە بێری هاتە ناو مێگەل سەراپا قرمزی پۆشی
مەلا ئیدراکی چوو شێخیش تەریق زاهید نەما هۆشی
حەبیب دیتی رەقیب وەستاوە سەرپۆشی بە روو دادا
گوتم هەوری سیا هات شەعشەعەی خورشیدی داپۆشی(٨)

بابێینەوە سەروکاری میرکوڕان و میرکچان:

لەم جواب کارییەی کچان کە لە نەزەر پیاواندا پێ لێ هەڵبڕینی تێدایە، پیاوان دڵگەرم دەبن و بەهانەی قسەیان دەبێ بە کردەوەی دەست، هەموو لە هەموو هێرش دەبەن بۆ سەر بنە و بارەگای کچان و (پەڕپەجیق) کە خۆی سەرکردەی هێرش بووە بە خەنجەر کەڵەشێرەکەیان دەکوژێ. کچانیش بەر دەبنە گیانی پیاوان، بە دەست و پێ و تێڵا و بەرد بەرگرییان دەکەن و هێرشیان دەبەنەوە سەرێ، هەرا زل دەبێ و سەر دەگەیێنێتە لێدان و کوتانێکی ئەوتۆ واوەی کوشتن هەموو شتێکی تێدا دەکرێ. جگە لە لێدان کارەساتی دیکەش روو دەدا لە نێوانیاندا هی گێڕانەوە نییە، دەبێتە هۆی ئەوە جەمبوورەی کوڕان لەبەر یەك هەڵوەشێ و فەقێیەکان بڵاوەی لێ بکەن و هەریەکەیان، یاخود راستییەکەی ئەغڵەبیان، بەملا و بەولادا بۆی دەردەچن. دەستەی ئەو شاعیرە جەربەزانەش کە ماکی گەمە و کارەساتەکە بوون باڵەکەتی بەجێ دێڵن و بێرە و بەوێدا پەخش و بڵاو دەبنەوە.

---

(٨) لە پاش بەسەر چوونی ماجەرای (حەلیمە) جارێکیان باپیرم بە هاوڕێیەتیی شێخ عەلی تاڵەبانی کە ئەوسا جحێڵ و هاوتەمەنی باپیرم بووە دێتە کەرکوك. شێخ عەبدوڕەحمانی تاڵەبانی (خالص)، باوکی شێخ عەلی و شێخ رەزا، دەڵێ کاکەوڵا بیستم حەزت لە چەتیوێك کردبوو! لە وەرامدا دەڵێ بەڵێ قوربان ئەگەر لە کەرکووك بام دەبوو حەز لە هەتیوێك بکەم.

دوای ئەم ئەنجامە مانەوەی حاجی قادر لە باڵەکەتی بە جۆرێکی ئاشکرا و بێ گومان لە منەوە روون نییە، وا دەزانم کەسی دیکەش هەر نایزانێ، بەڵام پێ دەچێ حاجی قادر مابێتەوە، چونکە حیکایەتی (ئاتەشکەدە) ئیشارەتی تێدا نییە بۆ ئەوە کە حاجی لە بەر ئەم سەیر و سەمەرەیە شێخ وەتمان وەیا باڵەکەتیی جێ هێشتبێ. جگە لە نەبوونی ئیشارەت، حاجی قادر خۆشی چ کەتنێکی نەکردبوو ناچاری کا لە باڵەکەتی دەرچێ. مەعلوومە ئەگەر هیچ رووداوێکی نالەباری لێ دەرچووبا شۆرەتی رووداوەکە لەگەڵی دەرۆیشت بۆ دیوی کوردستانی ئێران و لەوێش جێی پێ لەق دەکرد. وەك گوتم ماکی کەتنەکە پەربەجیق و هاورێکانی بوون کە لە ناوە عەنتیکەکانیان بزۆزی و ناڕاحەتی دەبارێ. حاجی قادر لەقەبی ئەوتۆی نەبووە سێبەری سووچ و تاوانی بخاتە سەر تا بۆ ئەوە بچین خۆی بە خەتابار زانیبێ و لە شەرمان رۆییبێ. بە نیسبەت باپیرمەوە پرسیارەکە گرێی تێدا نییە چونکە دوای کارەساتەکە بەینێکی زۆر لە شێخ وەتمان ماوەتەوە و دەوامی داوە بە خوێندن و سەرگەرمی عیشق بووە. هەر ئەو عیشقەش بووە لە حاجی قادری دابڕیوە و نەیهێشتووە لەگەڵیدا بچێ بۆ کوردستانی ئێران، لێرەدا زیهن هەڵوەستی باپیرم لە بەند و باوی میرکوڕان و میرکچان بە روونی دەبینێ چونکە جگە لەوە کە خۆی لێی چاوەڕوان دەکرێ لە گەلێك کاری وادا خودداری بکا کە یەکێکی وەك (قەبر خوار و داڵ واودوو) لێی لا نادەن، عیشقی حەلیمەش رێی هەموو بزووتنەوەیێکی لێ دەبەستێ کە بێ حورمەتیی تێدا بێ بۆ تاقمی کچان کە حەلیمەی تێدایە.

حاجی قادریش وەك ئەو خۆی لە ژووری هەرزەکاریی (پەڕپەجیق و کێسەشکەل) داناوە. لەوەش لادەین، هەر نەبێ سەبارەت بە برادەری و دۆستایەتیی بەتینی لەگەڵ باپیرمدا کارێکی وای نەکردووە لە عاست کچاندا بیکاتە جێی گلەمەندی. ئەوەی مەعلوومە لە پێوەندیی حاجی قادر و مەلا عەبدوڵڵا برایەتییێکی ئەوتۆیە هەرگیز شتێکی وای تێدا روو نەداوە لە یەکدییان بڕەنجێنێ. لە هەموو دیوانی حاجی قادردا هاوتای ئەو نامە هۆنراوەیە نییە کە بۆ حاجی مەلا عەبدوڵڵای ناردووە لە رووی دەلالەتی برادەری و خۆشویستنەوە.

زاهیری حاڵ وا دەگەیەنی هیچ هۆیەك نەبووە حاجی ناچار کا دەرحاڵ دوای هەرای میرمیرانێ باڵەکەتی لە خۆی وەتەنگ بێنێ و لێی دەرچێ، بەڵام ماوەی مانەوەی لەوێ دوای هەراکە، ئەگەر مابێتەوە، نازانرێ و بە لێکدانەوەش سەرەدەری لە

تحدیدی ناکرێ، مەگەر بە (تقریب).

دەتوانین تەخمینێك بکەین بۆ درێژەی خوێندنی لە باڵەکەتی بەر لەو هەرایە لە ڕێی سرنجدانێکی زۆر ورد و قووڵ لە راگەیاندنی حاڵەوە. بە قەدەر توانین بۆ خملاندنی ئەو ماوەیە، وەك عملیتی (چوونە ناوپێست) بە خەیاڵ بۆ ئەو ڕۆژگارە گەڕاومەتەوە و خۆم خستووەتە پێستی مرۆڤێکی خەیاڵی کە وا لە کونجێکەوە ئاگاداری ئەحواڵی دەنگ و باسێکی گەشتەکەی حاجی بێ. لەم ڕێگەیەوە چەند تروسکەیێکی روناکیم هاتنە بەر چاوی سرنج و تصورەوە بەڵام ئەوەندە کزن چاوی سرنجدەر و وردبین و کرایەوە نەبێ فەرقی پێ ناکا. تروسکەکان هەر چەند ئەوەندە کزن چ ناوەڕۆکێکی ئەو سەردەمە ناگەشێننەوە بۆ دیتن، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا لێیان دەوەشێتەوە ببن بە نیشانە بۆ دیارخستنی پەڕاوێزی زەمەنی لە دەورەی ناوەڕۆك و تا رادەیێك رابەریمان بکەن بۆ تەخمینکردنی مەودای مانەوەی حاجی قادر لە باڵەکەتی، بەدوا ئەویشدا لە کوردستانی ئێراندا.

یەکەم تروسکە ئەوەیە، بە عادەت فەقێ لە وڵاتی گەرمێنەوە بەرەو کوێستان ناڕۆن تا بەهار پیر نەبێ و گەرمای هاوین دەست پێ نەکا. وەك لە کۆنەوە ئەمە عادەت بووە تا ئەو ساڵانەی دواییش کە گەشتی کوێستان و گەرمێنی فەقێیان مابوو هەر وابوو، عادەتەکەش لە خۆوە بە ڕێکەوت پەیدا نەبووە، لەبەر پێویستیی وەزع و داخوازی حاڵ جێی بۆ خۆی کردووەتەو. مانەوە لە گەرمێن تا ئەو کاتەی گەرما دەست پێ دەکا خۆشترە لە رابواردنی کوێستان، مەگەر فەقێ نیشتەجێ بێ لە کوێستان دەنا بە دەگمەن نەبێ بۆ خوێندن لە گەرمێنەوە ڕووەو کوێستان نابێ بەر لە سەرەتای هاوین. لەگەڵ بەسەرچوونی سەرما و هاتنی گەرما میوەش لە کوێستانان دەست پێ دەکەن بگەن ئاوی ساردیشیان بۆ خواردنەوە لە هی گەرمێن خۆشتر دەبێ. کەواتە دەبێ سەرەتای گەشتەکەی حاجی قادر و حاجی مەلا عەبدوڵڵا بەرەو باڵەکەتی لە سەرەتای هاوین دەستی پێ کردبێ. لە شیعرەکانی حاجیش ئەو راستییە بە هێما خۆ بە دیار دەخا، کە دەڵێ:

وەها بوو دڕك و دار و شاخ و باری
وەکوو مەخمەڵ بوو نەرمی یانە خاری

وەسفی دیمەنێکی هاوینانەی تێدا بەدی دەکرێ چونکە وا دیار دەکەوی کاتێك

گەیشتوونەتە باڵەکەتی (خار، دڕوو) پەیدا بووە.

دیسان کە دەڵێ (کە چووینە سینگوڕە سینەم گڕی بەست) هەمان واتا دووبارە دەبێتەوە چونکە خەلق ناچنە جێی وەك (سینگوڕە) ئەگەر هاوین دانەهاتبێ.

بە پێی دەلالەتی تێکڕای رووداو و شیعر و مێژووی تۆمارکراو و پێویستیی وەزع دەبێ حاجی و باپیرم لە یەکەم هاوینی دوای مەرگی حاجی بەکر ئاغا بۆ باڵەکەتی چووبن. ئەمە ئەنجامێکە بە لێکدانەوەی ورد پێی دەگەین وەنییە هیچ چاوگی نووسراو رۆژ و کاتی ئەو سەفەرە بە دەستەوە بدا. بەڵام وەك دەبینی لێکدانەوەکە لەسەر بنجێکی مادی و مەیلەو پتەو کە قورساییی هەڵوەست راگرێ هەڵچەقیوە. پێش چەند دێڕێکیش کە گوتم (مێژووی تۆمار کراو) مەبەسم لەوەدا ساڵ و ڕۆژی مەرگی حاجی بەکر ئاغا و بەسەرهاتەکانی باپیرم و شتی ئەوتۆ بوو کە راستەوخۆ پێوەندییان لەگەڵ سەفەرەکەی باڵەکەتی هەیە و هەمووشیان تۆمار کراون و شتی زانراون، دەنا سەفەرەکەی بۆ خۆی لە هیچ مێژوویێکی دیارکراودا باسی نەهاتووە.

ترووسکەی دووەم ئەوەیە هەرای میرمیرانێ لە بەهاردا بەرپا دەبێ کەواتە دەبێ حاجی قادر و باپیرم هاوین و پایز و زستانێکی سەرلەبەریان رابواردبێ لە باڵەکەتی بەر لەوە کژی بەرپابوونی میرمیرانێ داهاتبێ. لێرەدا بەو قسەیە لای هەرە کەم دەگرین لە ماوەی مانەوەیان چونکە چ مەعلووم نییە ئەو میرمیرانێیە کە بووەتە هۆی لەبەریەك هەڵوەشانی رشتەی مەلاکان لە یەکەم بەهاری دوای گەیشتنیان بێ لە باڵەکەتی، مومکینە لە دووەم بەهاردا بووبێ. بۆ ناونانی یەکەم یا دووەم بەهار هیچ بەڵگە و بنگەی فکری وەیا مێژوویی چنگ ناکەوێ، بەڵگەیێك هەبێ لەو چەند بەیتەی حاجی قادردا پەیدا دەبێ کە لێرە بە پێشەوە جارێکی دیکەش کردمانن بە شایەد، ئەوەی راستیش بێ دەلالەتی بەیتەکان ئیشارە بۆ لای بەهاری دووەم وەیا سێیەم دەکەن زیاتر لە هی یەکەم.

دەلالەت و پەیامی بەیتەکان ترووسکەی سێیەمە. حاجی قادر لەو چەند بەیتەی یادکردنەوەی باڵەکەتیدا ناوی گەلێك جێگە و ناوچە و هەواران دەبا و مەساحەیێکی پانی باڵەکەتی پێ دەگرێتەوە. ناوبردنی ئەو هەموو جێگایانە هی ئەوە نییە رێڕەوی پێیاندا تێ پەڕیبێ. گوزەری سەفەر بەجێگەیەکدا ناوی ئەو جێگەیەش ناچەسپێنێ لە مێشك و دڵی رێبوارەکە چ جایی ئەوە دوای سی ساڵێك بە تاسە و پەرۆشەوە لە

ئەستەمبۆڵەوە ناویان بێنێ و حەسرەتیان بۆ بخوا. حاجی قادر کە ناوی (باڵەك و سینگورە و هەواری گورك و شێران و پڕژە و گۆڵەشین و گەرووی شێخی) دێنێ وەك نموونەی سەرپاکی هەموو هەوار و دێ و شوێنی لێ ڕابواردن و تێدا خوێندن باسیان دەکا. بێ گومان لە گەلێ جێگەی دیکەشدا ژیان و رابواردن و خوێندنی کردووە. پەراوێزی هەڵبەست لەو تەرزە باس و خواسەدا بۆ هەموو رووداوێك و ناوێك و شوێنێك خۆ فراوان ناکا، ئەگەر نەفەسدرێژیی حاجی نەبا رەنگ بوو ئەوەندە جێگەیەش ناویان نەهاتبا ناوەوە.

تروسکەی چوارەم ئەوەیە کاتێك کە حاجی ناوی سێ شاعیران دەبا لە دیوانەکەیدا پڕ بەدڵ لە سەریان دەکاتەوە و یەکجار بەشارەزایی لە باریانەوە دەدوێ. وەك بڵێی بەیەکەوە ژیانێکی دوور و درێژ هەبووبێ لە میانیاندا و بە زاراوەی کوردی (نان و نمەك) هانی حاجی دابێ لەگەڵ ئەوەدا کە (بەدناو)یشن هەر بۆیان بپارێتەوە. بەڵێ، حاجی قادر کوردایەتیی دەکا بە هۆی هەڵدانەوەیان، گومانێکیش نییە لە راستیی شعوری حاجی لەم لایەنەوە. بەڵام پێ دەچێ بوونی پێوەندییێکی شەخسی و ناسیاویی خۆی لەگەڵیاندا پاڵپشتی کوردایەتییەکەی کردبێ، کە ئەمە شتێکە لە وەفاداری حاجی دەوەشێتەوە. تێبینییەك هەیە لێرەدا پێویستە دەری برم بۆ رەواندنەوەی تارماییی گومانێك کە لە بەیتێکی حاجییەوە پەیدا دەبێ لە بارەی ناسین و نەناسینی لەگەڵ ئەمانەدا، بە دوا ناوهێنانی ئەوان و گەلێك لە شاعیری دیکەی کورد ئەوجا حاجی دەڵێ:

ئەوی خۆم دیومە وەیا ئەسەری[٩]
ئەمەیە بۆت دەکەم بە (مختصری)

ئیتر دێتە سەر ناوی (مولانا و خالصی و بێتووشی). رەنگە زیهن بۆ ئەوە بڕوا حاجی ئەو شاعیرانەی نەدیتبن کە ناویان پێش ئەم بەیتە هاتووە و بە بیستن ناسیینی، کەچی بەڵگەیێکی قەتعی هەیە پێچەوانەی ئەمە ئیسپات دەکا واتە بەیتەکە

(٩) هەندێ دەسنووس ئەم بەیتە وا دەنووسن:

(ئەوی خۆم دیومە یانەخۆ ئەسەری)

جا ئەگەر وەك نووسینی سەرەوە بنووسرێ دەبێ پیتی (و) لە رستەی (دسیومە) قورس بکرێ تا کێشی بەیتەکە راست بێ. ئەگەر وەك ئەمەی خوارەوە بنووسرێ، قورس کردنەکە نامێنێ و واوەکە بەوەستاوی تەواوەوە دەدرکێنرێ.

نابێتە بەڵگە بۆ نەبوونی ناسیاویی میانی حاجی و شاعیرەکانی پێش ئەم بەیتە. بەڵگەکەش ئەمەیە کە ناوی (کەیفی)ش کەوتووەتە پێش بەیتەکەوە.

کەیفی حاجەت نییە بکەم باسی
ئەم کتێبە بخوونی دەیناسی

خۆ پێی ناویٚ من بڵێم کەیفی نزیکترین برادەرێکی حاجی قادر بووە لە ئەستەمبۆڵ تاکو لە ١٣٠٠دا مەرگ کەیفیی پێچایەوە. ترووسکەی پێنجەم ئەوەیە کە حاجی دەرحاڵ دوای کارەساتی میرمیرانیٚ مەجبوور نەبووبیٚ باڵەکەتی جیٚ بێڵیٚ، هەر نەبیٚ هاوینەکەی دوا بەهاری کارەساتەکەی لە هاوینە هەوارەکانی باڵەکەتی بەسەر بردووە، دەمەوپایز بەرەو وڵاتی کوردستانی ئێران بزووتووە. ئەمە دەڵێم لە فەرزی کە بگوتریٚ چ ساڵان دوای کارەساتەکە نەماوەتەوە لە باڵەکەتی، واتە ئەگەر ساڵیشی تەواو نەکردبیٚ نیو ساڵێکی هەر بەسەر بردووە.

خولاسە ئەو چوار پێنج ترووسکە و هەندیٚ گوتەی دەماودەمی دیکەش هەن ئەوە رادەگەیەنی کە حاجی قادر لە ساڵێك زیاتر، تەواوێکیش زیاتر، دەوامی بە خوێندنی دابیٚ لە ناوچەی باڵەکەتی. نامێلکەکەی باس لێکراوی مەلا عەبدورەحمانیش بۆ راستیی ئەم لایەنە شایەدییەکی تێدایە لەوەدا کە دەڵیٚ جگە لە گوندی شێخ وەتمان ماوەیێکی زۆریش لە گوندی گرتك کە ئەویش لە باڵەکەتییە لای مەلا ئەحمەدی مەلا ئادەم لەگەڵ حاجی مەلا عەبدوڵڵادا بە یەکەوە خوێندوویانە. هێندە هەیە نامێلکەکە بۆ ئەوە چووە کە خوێندنەکەی حاجی و باپیرم هەوەڵ جار لە شێخ وەتمان و دواجار لە گرتك بووە، بەلای منیشەوە وەك بدیهییە وایە کە باپیرم گەیشتووەتە شێخ وەتمان و دڵی بۆ حەلیمە رۆییوە نەیتوانیوە لە جێگەیێکی تر ئۆقرە بگریٚ و خەریکی دەرس و دەورکردنەوە بیٚ. کەواتە وەك من بۆی دەچم دەبیٚ زووتر لە گرتك و دواتر لە شێخ وەتمان خوێندبێتیان، ئەمەش لەگەڵ واقیعی بیٚ تەگەرەی وەزعی باپیرم گونجاوترە چونکە مانەوەی لە شێخ وەتمان سەرانسەر و بیٚ گوێزە گوێز بووە.

لەو باسەی خوێندنی حاجی لە باڵەکەتی، دەلالەتی کۆتایی یەکێك لە بەیتەکانی دەمان گێڕێتەوە بۆ باسێکی تێپەڕیو کە لە پێشەوە بە دوور و درێژی لێی دواین. ئەوسا(١٠) گوتم لەم بەیتەدا راگەیاندنێك هەیە هێشتا شوێنی مناسبی نەهاتووە، وا

(١٠) بنوارە بەرەو کۆتاییی لاپەڕە (٨٣) لە بەشی یەکەمی ئەم نووسینە.

ئێره شوێنی مناسبیەتی: حاجی كه دەڵێ:

وەره با بۆت بكەم باسی نیهانی

بە یادی عەیش و ئەییامی جەوانی

واتای عەیش و ئەییامی جەوانی لەگەڵ عومری ٣١–٣٢ ساڵی ڕێكتر دێ نەك لەگەڵ عومری ٤٠–٤١ ساڵی! وەك من بۆی چووم كه حاجی لە ١٢٤٠ هاتبێتە دونیا لە كاتی سەفەرەكەی بۆ باڵەكەتی و خوێندنی لەوێ كه لە ساڵانی ١٢٧١ و ١٢٧٢ و ١٢٧٣ بووبێ تەمەنی حاجی ٣١، ٣٣،٣٢ ساڵی بووە. بە پێی نامێلكەی مەلا عەبدوڕەحمان كه وەلادەتی حاجی لە ١٢٣١ بووبێ لەو ساڵانەدا تەمەنی ٤٠، ٤١، ٤٢ ساڵی بووە. هەرچەند لە تەمەنی ٦٥ ساڵی وەیا ٧٥ ساڵیدا، كه حاجی نامەی بۆ باپیرم نووسیوە تەمەنی ٤١ ساڵیش ڕەنگە خۆی بە (عەیش و ئەییامی جەوانی) بنوێنێ بەڵام بێگومان ٣٢ ساڵی ڕێكتر دێ لەگەڵ تەڕایی و شلكی گوتەی (عەیش و ئەییامی جەوانی)دا . كه هیچ بەڵگەیێك نەمێنێ بۆ تەرجیحی ٤١ ساڵی، خودی بەیتەكەی حاجی ئیشارەی بۆ ٣٢ ساڵی بە هێزترە. ئەم تێبینییەم هەڵگرت بۆ ئێره چونكه كاتێك لە باسی وەلادەتی حاجی قادر دەدواین هێشتا چ باسێكی گەشتەكەی باڵەكەتیمان نەكردبوو، لە دیار خستنی ساڵی گەشتەكەش نەدوابووین تا دەلالەتی عەیش و ئەییامی جەوانی ساڵێك بەسەر ساڵێكی دیكەدا هەڵاوێرێ بۆ لەدایكبوونی حاجی.

مرۆڤ چەند وه تەنگ دێ لەوەدا هەرچی بڵێ هەر لەسەر لێكدانەوە و بەراوردكردنەوە هەڵستێ. بەردەوامبوونی وەزعی ناچاری بۆ لێكدانەوە و بە یەكدی گرتن هەر دەڵێی وەزعی سەربازی نۆبەچییە كه هەموو دەم و كات سونگی تاق وەستابێ و سرنج لە دەور و پشتی خۆی بگرێ نەوەك هەڕەشەیێكی نهێنی لە پەناییێكدا خۆی شاردبێتەوە. حەزم بەوە نەدەكرد لەو وەزعی سونگی تاق و زینهارەدا بوەستم و دەمارم تێیدا كشت بێ و هەر لە ئێستاوە غەمی سبەی ڕۆژیشی لێ بخۆم كه خوێنەر بە بەرهەمەكە رازی نەبێ، بەڵام چ بكەین لەگەڵ ناچاری. عەرەب گوتەنی:

اذا لم تكن غير الأسنة مركبا

فما حيلة المضطر الا ركوبها

واتە كه غەیری سەرە ڕم چنگ نەكەوێ بۆ سواربوون، مرۆڤی ناچار سواری نەبێ چ بكا.

لە سەرەتای باسکردنی دەستە شاعیری (باڵەکەتی)یەوە گوتم بەدوای سەر گوزەشتی ئەواندا باسێکی تایبەتی (حیماری) دەگێڕمەوە. ئا ئێرە جێگەی مناسبی ئەو باسەیە.

فەردێکی زۆر مەشوور هەیە، بە سەر زمانانەوە دەگوترێتەوە، دەخرێتە ریزی ئەو هەجوانەوە کە ئاراستەی شێخ نەبی ماویلی کراون فەردەکە ئەمەیە:

(ستَّ عَشَر) ژنیەتی بە مەزهەبی (حماری)
(ابن آدم) نەماوە سەری پان کا وەك ماری

بە هۆی ئەوەوە ناکۆکی میانی حاجی قادر و شێخ نەبی دەنگی داوەتەوە و لە گەلێ موناسەبەدا حاجی هێرشی بردووەتە سەرێ، غاڵبی کەسان ئەو فەردەش دەکەن بە هی حاجی، بەڵام مەنتیق ئەوە ناسەلمێنێ حاجی قادرێك لە هەڵبەستی تایبەتیدا، وەك تازە خستمانە بەر چاوان، هێندە پشتگیری بکا لە (حیماری) و هاورێکانی و بلێ:

بە فیدایان دەکەم سەد (ابن یمین)
چونکە دەربەستی غیرەتی کوردین

خۆ باوێنە ئەو (تناقض)ە ئاشکرایە و حیماری جووت کا لەگەڵ شێخ نەبی. لەسەر کردنەوەی (بەدناو) هەر ئەوەندە دەسەلمێنرێ کە شەخسی مودافەعەچی بۆ خۆی بەشداریی نەکردبێ لە زڕاندنی ناو و سومعەی بەدناوەکە. بە نیسبەت حاجیشەوە لەسەرکردنەوەکە هەموو سنوورێکی زار گرتنی تێ پەڕاندووە و لە بەیتەکاندا دەنگی لەسەر کردنەوەی هەند دلێرە هێرش بەر قەرزدار دەکاتەوە. لەوەش زیاتر، حاجی ئەم دەستە شاعیرە دادەنێ بە دەربەستی غیرەتی کوردی، ئەی چۆن دەگونجێ غیرەتکەش لەسەر کوردایەتی، کە حیماری بێ، بکاتە فەتوادەر بۆ شێخ نەبی کە ١٦ ژنان بە جارێ کۆ کاتەوە لە ژێر نیکاحی خۆی، شێخ نەبیش بەلای حاجی قادرەوە ئەوە بێ کە بیکا بە نموونەی هەموو عەیب و عارێك، گلەیی هەرە گەورەشی لە هەندێ کەس ئەوەبێ کە دوای دەکەوێ و خزمەتی دەکا؟ بەلای منەوە هیچ تەئویلێك باییی ئەوە ناکا فەردەکە بکا بە هی حاجی قادر. گوفتار و رەفتار و بیر و باوەڕ و خەباتی حاجی، هەموویان تێکڕا مانیعن لەوەدا ئەم فەردە لە زاری حاجییەوە هاتبێتە دەرێ. فارس دەڵێ:

چو کفر از کعبه برخیزد کوجا ماند مسلمانی

(كه كافری له كه‌عبه‌وه هه‌ڵستایه‌وه مسڵمانه‌تی له كوێ ده‌مێنێ؟[11])

(١١) له‌و رۆژانه‌ی دواییدا، كه ده‌مێك بوو له پاكنووسكردنی مه‌بحه‌سی ئێره‌كانه بووبوومه‌وه، گوتارێكم خوێنده‌وه له رۆژنامه‌یێكی كوردی نووسه‌ره‌كه‌ی بۆ ئه‌وه چوه فه‌رده‌ك هی حاجی مه‌لا عه‌بدوڵڵا بێ، گۆیا له راوێژی ئه‌و ده‌وه‌شێته‌وه، به پێی زه‌وقی نووسه‌ر.

لێوه‌شانه‌وه و هه‌ست پێكردنی، شتێكی مه‌عنه‌وی و زیهنییه ده‌شێ خه‌لق تێیدا رێك كه‌ون یاخود جودابنه‌وه، له‌و رووه‌وه نووسه‌ر مافی ته‌واوی هه‌یه چی به‌راست ده‌زانێ ئه‌وه بكا به باوه‌ڕی خۆی. وه‌نییه من به‌ڵگه‌یێكی مادیی پێچه‌وانه‌ی بیر و باوه‌ڕی نووسه‌رم هه‌بێ ئیسپاتی ئه‌وه بكا فه‌رده‌كه هی باپیرم نییه، به‌ڵام منیش وه‌ك ئه‌و رێم هه‌یه، له‌گه‌ڵ نه‌ختێك روونكردنه‌وه‌دا، بیر و باوه‌ڕی خۆم له باره‌ی ئه‌و فه‌رده‌وه ده‌رببڕم. من بۆ ئه‌وه ناچم فه‌رده‌كه هی باپیرم بێ، هه‌ر چه‌ند ئیمكانیش هه‌یه هی ئه‌و بێ وه‌ك ئه‌وه‌ی هی شاعیرێكی تر بێ، گه‌یشتنیشم به‌و باوه‌ڕه سه‌ره‌ڕای زه‌وقی شه‌خسیم و شاره‌زاییم به ئه‌ده‌بی باپیرم كه له رووی هێزه‌وه رێكار (مستوى)ی فه‌رده‌كه له هی ئه‌و به‌ره‌وژێرتر داده‌نێم. له هیچ كه‌سێكی خانه‌واده‌ی خۆمانیشم نه‌بیستووه كه فه‌رده‌كه هی ئه‌و بێ. چه‌ندین جار له مامم بیستووه فه‌رده‌كه‌ی خوێندووه‌ته‌وه هه‌رگیز جارێكیان نه‌یگوت ئه‌م فه‌رده هی باوكی بێ، له‌و باوه‌ڕه‌شدام ئه‌گه‌ر هی باوكی با ده‌یگوت هی ئه‌وه، چونكه ئه‌وه‌نده‌ی گوتارێك یا هه‌ڵبه‌ستێك یا هه‌ڵوه‌ستێكی باس كردبێ هی باوكی بووبێ ئه‌و لایه‌نه‌ی گوتووه و لێی بێ ده‌نگ نه‌بووه. ئه‌وه‌ی راستی بێ مامیشم فه‌رده‌كه‌ی به هی حاجی قادر له قه‌ڵه‌م ده‌دا وه‌ك هه‌موو خه‌لق. له باوكیشم بیستووه ناو ناوه‌یێك ئه‌و فه‌رده‌ی خوێندبێته‌وه، ئه‌ویش هه‌رگیز نه‌یگوت هی باوكیه‌تی. لام وایه سه‌راحه‌تی مامم له‌وه‌دا كه گوتی فه‌رده‌كه هی حاجییه و بێ ده‌نگیی باوكیشم كه فه‌رده‌كه نه‌گێڕێته‌وه بۆ باوكی ده‌لاله‌تێكی ئاشكرای تێدایه به نیسبه‌ت ئه‌و خاڵه‌ی ئێستا وا موناقه‌شه‌ی ده‌كه‌ین. به‌ڵگه‌ی زیاتریشم به‌ده‌سته‌وه هه‌یه له‌وه‌نده‌ی تازه گوتم: به‌سه‌رهاتی وا رووی داوه له میانی باپیرم و شێخ نه‌بی ئیسپاتی ئه‌وه ده‌كا باپیرم له وه‌زعێكدا نه‌بووه به‌رامبه‌ر شێخ نه‌بی حه‌سره‌ت هه‌ڵێنێ بۆ ئیبنو ئاده‌م. ئێره جێی گێڕانه‌وه‌ی رووداوه‌كه و به‌دوا ئه‌ودا گێڕانه‌وه‌ی ئه‌و وتووێژه نییه له میانی باپیرم و شێخ نه‌بیدا رووی داوه كه ئه‌گه‌ر نووسه‌ر خۆی ئاگاداریان با قه‌ناعه‌تی دێنا شێخ نه‌بی له نه‌زه‌ر حاجی مه‌لا عه‌بدوڵڵادا ئه‌و كۆسپه گه‌وره‌یه نه‌بووه كه فه‌رده‌كه رای ده‌گه‌یه‌نێ.

من كه ئه‌و رووداوه و وتووێژه ناگێڕمه‌وه له‌به‌ر هه‌ندێ هۆی تایبه‌تی ته‌بعی خۆمه، رووداوی له‌و به‌هێزتر ده‌گێڕمه‌وه له رووی ده‌لاله‌ت و ئیشاره‌كردن بۆ پایه‌ی شێخ نه‌بی له ته‌ك پیاوێكی وه‌ك حاجی مه‌لا عه‌بدوڵڵادا، هه‌ڵوه‌ستی باپیرم له عاست (شێخ عبیدالله)ی =

بە پێی باوەڕی هەندێ کەس وشەی (حیماری) بۆ هەمزە حیماری ناگەڕێتەوە. گۆیا

= نەهری بە بیر خوێنەر دێنمەوە کە سەدی وەك شێخ نەبی نەدەبوون بە مریدی ئەویش. ئەمەیە هەڵوەستەکە و بۆ خۆت بیکە هۆی بەراوردیکردن لەگەڵ دەلالەتی فەردەکە ئاخۆ تۆش وەك من قەناعەت ناهێنی کە حاجی مەلا عەبدوڵلا بەرامبەر (شێخ عبیداللە)ی نەهری نابێ ئەو کەسە بی کە فەردەکەی داناوە؟

لە کاتێکدا کە شێخ عوبەیدوڵلا سەرەکی هەموو پێشەوای ئاین و سەرۆك عەشیرەت و دەسەلاتدارەکانی کورد بووە لە غەزای ساڵی ١٢٩٤دا، لەسەر هەندێ رستە و وشەی ناو (مضبطە)یێك کە شێخ عوبەیدوڵلا داوا دەکا سەرۆکەکان بۆی مۆرکەن و باپیرم پێی رازی نابێ، دەمەتەقەیێکی گەورە لە بەینیاندا پەیدا دەبێ. لە وەرامی قسەیێکی شێخ عوبەیدوڵلادا باپیرم دەڵێ، (یاشێخ ئەتۆ اسما و جسما مصغری ئەمن اسما و جسما مکبرم: تۆ "عبیداللە"ی من "عبداللە"م تۆ هەندی چەنگێکی من دەڵێی شێرم خوا لێت هەڵناگرێ خۆت لەمن گەورەتر دانێی). حیکایەتەکە دوور و درێژە هەر هێندەی لێ دەگێڕمەوە.

سرنجێك بدە نامەکەی حاجی قادر بۆ باپیرم لەوێشدا ئیشارەتێك هەیە بۆ ئەم هەڵوەستەی باپیرم لە دێرە شیعرێکدا شێخ عوبەیدوڵلای بۆ نزم دەکاتەوە لە قالبی هێمادا کە دەڵێ:

چ (عبداللە) ، (عبیداللهّ احرار)

(مصغر) بەندەیێکە زەرِ خریدار

عوبەیدوڵلاهی ئەحرار هەرچەند پیاوێکی ئاینی کۆنینەیە و هەر لە ناوی (عبیداللە)دا لەگەڵ شێخی نەهری دەگەنەوە یەکتر، بەلام حاجی قادر لە رێی هێنانەوەی وشەی (مصغر)ەوە بە دوا ناوەکەدا بیری خوێنەر بە ئاسایی دەباتەوە بۆ ئەو (مصغر و مکبر)ە کە لە وتوویژەکەی باپیرم لەگەڵ شێخی نەهری ناوەکانی (عبداللهّ و عبیداللە)ی خستە دووتاو تەرازووی هەڵسەنگاندنەوە.

ئەوەی راستی بێ جگە لەم بەیتە مەیلە و هێماییە، حاجی قادر لە بەیتێکی تریشدا بێ پەردە و هێما شێخی نەهری داشکاندبوو بۆ حاجی مەلا عەبدوڵلا بەلام ئەم بەیتەیان لەبەر هۆیێکی یەکجار تایبەتی لە کاتی یەکەم چاپکردنی دیوانەکەی حاجی پشتگوێ خرا و تێ چوو.

من کە ئەمە دەگێڕمەوە نامەوێ خوێنەر بە سەهوو ببەم لە عاست (شێخ عبیداللهّی نهری). دەمەتەقەیێك هەڵستابێ و پیاوێکی وەك حاجی مەلا عەبدوڵلای بە دەنگ هێنابێ هەڵبەت دەبێ بە پێی داخوازی ئەو جێگەیە و پایەی حاجی مەلا عەبدوڵلا قسەی ئەوتۆی تێدا گوترابێ، حاجی قادریش کە بیەوێ مەدحی حاجی مەلا عەبدوڵلا بکا دەبێ بگەڕێ بە =

مەبەس هەر واتای سادەی وشەکەیە کە بە کوردی (کەر)ە، پیتی (ی)ش کە بە دوایدا هاتووە بۆ نیسبەت نییە بەڵکو بێکهێنەری دارشتنی (اضافی)یە کە لە هەندێ لەهجەدا، وەك هی کۆیێ، دێتە ناوەوە. بەڵام ئەم باوەڕە لە عاست (ست عشر) بە تەواوی کورت دێنێ چونکە کۆکرنەوەی ١٦ ژن لە ژێر نیکاح کاری (کەر) نییە، فەند و فێڵ و تێك بەستنێکی حیلە کاری (خلع و تعليق) و گەلێك کوێرە رێی (قیلە شەرع)ی پێ دەوێ و بە بێ وەستا ناکرێ. هەمزە حیماریش نەبێ دەبێ یەکێکی تر ئەوە سازدا. مەزهەبی (کەر – حمار) بە تایبەتی ناڕوا بۆ (ست عشر)، هەموو ژمارە بۆ ئەو وەك یەکن[١٢].

= دوا پیاوی گەورەی وەك عوبەیدوڵڵاهی ئەحرار و شێخی نەهری تاکو لەسەر ناو و شۆرەتی ئەوانەوە پەیکەرێکی حورمەت بۆ مەدحکراوەکەی داتاشێ. ئەو موناسەبانە نەبن (شێخی نەهری) بخەنە بەر تیشکێکی کزەوە، پرشەنگی ناو و پایەی دەسەڵات و شەخسییەتی ئەو چاو خیرە دەکا. بەسە بۆ ئەو لەم غەزایە گەورەیەدا سەرۆکی تێکڕای غەزاچییانی کورد بووە، لە ناویاندا پیاوێکی وەك سەرۆکی تایەفەی کاك ئەحمەدی شێخ لە سلێمانی، کە خۆی سەرۆکی هەموو ناودارەکانی کوردی عیراق بووە. بە موناسەبە دەڵێم باپیرم لە فەردێکدا مێژووی غەزاکەی بە حیسابی جومەل دەرهێناوە کە دەڵێ:

ئـەنـگـوشـتـی قـەدەر لـە لـەوحـی نـووسی
تــەئــریـــخـــی غـــەزا (غــزای روسی)

دوو وشەی کۆتایی فەردەکە، (غزای روسی) ١٢٩٤ دەگرێتەوە.

خوێنەر دەبینێ من کە بۆ ئەوە ناچم ئەم فەردە سەر کزەڵەیە هی باپیرم بێ، یەك لە سەبەبان ئەوەیە رووداوی وا بووە لە ژیانی باپیرمدا رێ نەدا خەیاڵ بڕوا بۆ ئەوە کە کۆمەی لە شێخ نەبی کردبێ. لەگەڵ ئەمەشدا چونکە خاوەنی فەردەکە نەناسراوە رێگە نابەسترێ بگوترێ هی حاجی مەلا عەبدوڵڵایە و چ (استحالە)ش نییە هی ئەو بێ، بەڵام بە پێی زاهیری حاڵ و ئەو راستییانە کە لە حاجی مەلا عەبدوڵڵاوە ماونەوە من قەناعەتم هەیە کەسێکی دیکە فەردەکەی هەڵبەسبەتێ. بە هەمە حاڵ باسی (عبداللهّ) و (عبیداللهّ)ش هەر چەند تایبەتییێکی حاڵی باپیرم بێ مەوزووعێکیشە لەو مەوزووعانەی حاجی قادر هەڵبەستی پێوە گوتوون، کە بویسترابا واتاکەی روون بێتەوە دەبوو ئەم داستانە بێتە ناوەوە. جاریکی دیکەش دەڵێم زانینی سەرچاوەی هەڵبەست گیانێکی پێ دەبەخشێ ئەوەندەی بڵێی لە نرخ و لەززەتی زیاد دەکا.

(١٢) رایەك هەیە دەڵێ بەیتەکە وا نییە وەك دەگوترێتەوە، گۆیا گۆڕانێکی بەسەردا هاتووە ئەسڵەکەی ئەمە بووە: =

بەپێی گێڕانەوەی دەماودەم کە گەیشتووەتە رادەی (تواتر) ناوی تەواوی (حیماری) بە نازناوەوە (هەمزە حیماری) بووە. دیارە کورد دەڵێ (هەمزە) دەنا ئەسڵی ناوەکەی (حمزە)ی عەرەبییە.

سەر گوزەشتێکی کورتیلە هەیە زۆر دەگوترێتەوە بۆ مەبەسی گەپ و پێکەنین، کەمێکیش لە ئەخباری (حیماری) و جۆری لەهجەی قسانی بەیان دەکا. هەر لەو سەرگوزەشتەشدا دووبارە مەعلوم دەکرێ ناوی (هەمزە) بووە.

جارێ لە جاران بە یەکدی گەیشتنی شێخ رەزای تاڵەبانی و هەمزە حیماری لە کۆیێ، بە عادەتی هەمیشەیی، شەڕە شیعرێنە دەست پێ دەکا. وام بیستووە لە مزگەوتی گەورەی کۆیێ یەکدی دەگرنەوە، مەلا و فەقێ و خەلقێکی زۆریش لێیان کۆ دەبنەوە. هەڵبەت شەڕە دندۆکەیان زۆر بووە و شێخ گەلێك شیعری (ارتجالی) گوتووە بەڵام لە تاکە فەردێك بەولاوە لە بیران نەماوە، فەردەکەش ئەمەیە:

لە سەر شاهـ و گەدا ئەم ئیشە فەرزە
ئەوی ئەلفێکی بێ بیکا بە (هەمزە)

تەورییەکاریەکەی شێخ رەزا ئاشکرایە پێویست نییە شەرح درێ. خەلقەکە گوێ دەگرن و شیعری شێخ رەزا دەبیێن و خامۆش دەبن و پێ ناکەنن. هۆی پێ نەکەنینیان ئاخۆ پلانگێڕی بووە بۆ سەغڵەتکردنی شێخ رەزا یاخود ئەو شیعری گوتوونی لەگەڵ لایەنی جنێو فرۆشی کە تێیاندا بووە هێندە سەنگین و بە ویقار بوون پێکەنینی خەلقی نەهێناوەتەوە، هەر لایێکیان بی واقیع ئەوە بووە خەلقەکە بە هەڵبەستەکانی شێخ رەزا نەکەوتوونەتە سەر پێکەنین. هەمزە حیماریش لە سەری زمانیەوە و بە بزاوتی سەر و دەست کە مناسبی واتای قسەکانی بێ گوتووەتی:

= (ست عشر) ژنیەتی بە مەزهەبی (قفال)ی
ئیبنو ئادەم نەماوە.. .

«قفال» زانایێکی سەردەمی عەباسییەکان بووە، بە پێی ئەم رایە دەبێ ئەو لە رێی فەند و فێڵی کوێرە رێیەکانی شەرعەوە کۆکردنەوەی شازدە ژنانی لە ژێر نیکاحی پیاوێکدا جایەز کردبێ. من لە نووسیناندا ناوی (قفال)م دیوە بەڵام شارەزای مەزهەب و مەشرەب و ئاینی نیم تا بتوانم لێرەدا لە بارەیەوە شتێك بڵێم، بەڵام باییی ئەوەی ئەم فەردە بگرێتەوە دەتوانم سرنج راکێشم بۆ لایەنی قافیەی دوو نیوە دێڕی فەردەکە: دیارە (حیماری، وەك ماری) هاو قافیەن نەك (حیماری، قفالی).

رەزا نـــیـــە و قـــەزایـــە
لـــە سەر....م دانــــایـــە
لـۆ کـەرکـوکێم هـەڵدایـە

دەستـێکـیشی هـەڵتـەکـاندووە بـەرەو کـەرکـووك. خـەلـقـەکـە لـەبـەر شیدەتـی پێکـەنین دەکەونە سەرپشت. شێخ رەزا زیاتر بە وەزعی خەلقەکە سەغڵەت دەبێ نەك گوتەکانی حیماری کە زۆر سادە و خوێریلە بوون، هەر جارە شێخ رەزا شیعرێك دەڵێ، حیماری هەمان گوتەی پێشووی دووبارە دەکاتەوە تەنها ناوی جێگاکە دەگۆڕێ کە شێخ رەزای بۆ هەڵدەدا وەك بڵێ (لۆ بەغدایێم هەڵدایە.. لۆ بەسرایێم هەڵدایە).

دەگێڕنەوە شێخ رەزا وای لێ بەسەردێ بە اصطلاح لە دین دەردەچێ و دەڵێ (ئەوە کوشتوومی من دوڕ دەقەڵێشمەوە کەس پێ ناکەنێ ئەم وا وا لێ کراوە گوو دەخوا خەلقەکە بۆی دەکەونە سەرپشت).

ئەم شەڕە دەنووکێیەی شێخ رەزا و حیماری لە لایەن کاتی روودانیەوە پاڵپشتی ئەو رایـە دەکـا کـە بڵـێ مـەبـەس لـە (حـمـاری)یـەکـەی بـەیـتـی (ست عشر) هـەر ئـەم هـەمـزە حیمارییەیە کە لەگەڵ شێخ رەزادا شەڕە جنێوی کردووە، چونکە شەڕە جنێوەکە لە کاتی گەرمەی دەسەڵاتی شێخ نەبیدا بووە. واتە هەمزە حیماریی شێخ رەزا و حیماریی (ست عشر) لە یەك کاتدا بوون. کە نەختێکیش ورد بینەوە لە دەمودووی هەمزە حیماری ئەو خـەیـاڵـەمـان بـە دڵـدا دێ کـابـرایـێکـی وەهـا جـەربـەزە لـێی دەوەشێتـەوە بـۆ مـەبـەسـی خـۆشگـوزەرانـی، شوێن پـارووی خـۆی خـۆش کـردبـێ لای شێخ نـەبـی بـە فـەتـوای حەڵاڵکردنی شازدە ژن بۆ پیاوێك. پوختەی قسە ئەمەیە کە وا هیچ بەرهەڵستی مادی و مـەعـنـەوی نـابێـتـە بـەر یـەکـبـوونـی (حـمـاری)ی نـاو دیـوانـی حـاجـی قـادر و (هـمزە حماری) شێخ رەزا و (حماری) بەیتەکەی (ست عشر).

لەوەندە زیاتر لە خەبەراتی (حیماری) و هاوڕێکانی لە بیری من نەماوە. بەو چەند وشەیەی حیماری کە لەگەڵ شێخ رەزادا شەڕە شیعری پێ کردووە دەردەکەوێ لەهجەی ئـاخـاوتـنـی نـە هـی بـادیـنـی و نـە هـی سلێمـانـییـە، بـەڵـکـو هـی نـاوچـەی کـۆیـێ و ئـەو شوێنانەیە وەك کۆیێ قسە دەکەن. بەڵام لەوە زیاتر سەر و شوێنێکی لە منەوە مەعلووم نییە، هەروەها هی هاوڕێکانیشی، ئەوەندەی تازە لە گێڕانەوەی بوومەوە سەرپاکی مەعلووماتی منە لە بارەی گرووپی حیماری و قەبرخوار... هتد. بێ گومان شیعریان

زۆر گوتووە، دەشبێ نوکتە و نادیرەیان دەماودەم گەڕابێ، چونکە پتر لەوە خەریکی خوێندن بووبن خوویان داوەتە شیعر و لەتیفە و گەپ. بە خۆڕاییش نییە حاجی قادر سێ کەسیان لە جوملەی شاعیرە ناودارەکانی کورد دەژمێرێ دیارە دەبێ ئەوەندە شیعرەیان دانابێ پێیان بگوترێ شاعیر.

لەگەڵ ناوی ئەو کۆمەڵە جەربەزەیەدا ناوی پیاوێکی دیکەشم دەبیست کە ئەویش هاوڕێی خوێندنیان بووە، بەڵام نەك بە جەربەزەیی، لەگەڵ حاجی قادر و باپیرم برادەر و ناویشی کاك ئیسماعیلی چۆمانی بووە. بەو پێیە دەبێ خەلقی گوندی چۆمان بووبێ. لە ناو کاغەز و نووسراوی کۆنینە کە لای ئێمە پارێزراون پارچە کاغەزێك (٧) بەیتی تێدا نووسراوە بە شکڵ نوسی فارسی. لە سەرەوەی بەیتەکان (کاك اسماعیل) نووسراوە کە دانەری هەڵبەستەکەیە، لە بەیتێکیشدا شکایەتیی دووری (کاکە عەبد) هەیە.

وا پێ دەچێ ئەو کاك ئیسماعیلە هەمان کاك ئیسماعیل چۆمانی بێ کە تازە باسم کرد، کاکە عەبدیش حاجی مەلا عەبدوڵڵا بی کە لەسەردەمی دانانی هەڵبەستەکەدا هێشتا نەبووبووە حاجی و لە تافی گەنجایەتیدا بووە، دەگونجێ برادەرێکی خۆی بۆی نووسیبێ (کاکە عەبد). شیعرەکانی بێ هێزن، شاعیر خۆیشی دان بەوەدا دەنێ لەگەڵ هێنانەوەی عوزرێکی کلاسیکی بێ تالعیدا، وا لێرەدا بەیتەکە شکڵ نووس دەکەمەوە:

مـقـرّم شعـرەکـانم قـلـپـن امـا کـر نـبـی طـالـع[١٣]

لفرظی کر بچینم کل دریم بو دی لهر جای

لە کەرتی دووەمی بەیتی پێش ئەم بەیتەیان ناوی کاکە عەبد دێنێ:

(فراق کاك عبد جرکی بریم و نور بینای)[١٤]

نووسینەکە و شکڵی ئەو کاغەزەی بەسەریەوە نووسراوە لێیان دەوەشێتەوە هی ١٠٠ ساڵ زساتر پێش ئێستابن. بەڵام چ بەڵگەم بەدەستەوە نییە ئیسپاتی ئەوە بکا ئەم کاك

---

(١٣) بە شکڵ نووسی ئێستاکە وای لێ بەسەر دێ:

موقیرم شیعرەکانم قەڵپن ئەمما گەر نەبێ تالع

لە فەرزی گەر بچێنم گوڵ دڕیم بۆ دێ لە هەر جایی

(١٤) ئێستا وەهای دەنووسین:

فیراقی کاکە عەبد جەرگی بڕیم و نووری بینایی

ئیسماعیله و هی چۆمانی یەك كەس بن، چی گوتم كاری تەخمینە. هێندە هەیە دەبێ ئەوەش بڵێم مانەوەی ئەم نامەیە لە حاجی مەلا عەبدوڵڵاوە بۆ ئێمە پاڵپشتیی ئەوە دەكا كاكە عەبد حاجی مەلا عەبدوڵڵا بێ، لەوەیشەوە پتر دڵ بۆ هێندێ دەڕوا كاك ئیسماعیلی نامەكەش هەر خۆی كاك ئیسماعیلی چۆمانی بێ، چونكە مەعلوومە ئەویش شاعیر بووە وەك هاوڕێكانی تری. هەروەك نازانین ئەم كۆمەڵە شاعیرە لە كوێوە هاتوون ناشزانین، لە هەمزە بەولاوە، ناوی ئەسلییان چی بووە، دوای بڵاوبوونەوەیان چییان لێ بەسەر هاتووە ، بۆ كوێ چوون، شوێنەواریان كوێر بووەتەوە یاخود منداڵ و نەوەیان لەدوا بەجێ ماوە، شیعرەكانیان كۆ كراونەوە یاخود وەك خۆیان تێ چوون. خولاسە هەرچی مەعلووماتە دەربارەیان بەدەستەوە نییە و خۆشیان بەهەموو چاكە و خراپەیانەوە بێ سەر و سۆراغن. خێرەومەندێك شتێك بزانێ دەربارەی هەركامیان بێ پێویستە بە خەلقی رابگەیەنێ و نەیفۆتێنێ. كۆمەڵبوونی ئەو شاعیرانە لەو ناوچەیەدا بۆ خوێندن لەگەڵ چەندین فەقێ و مەلای غەیری وان وا رادەگەیەنێ ئەوسا باڵەكەتی مەڵبەندێكی پێشكەوتووی كوردستانی خواروو بووە لە رووی ژیاری و خوێندەواری و گوزەرانیشەوە. دیارە زانستپەروەریی پاشای كۆرە لە كاتی حوكمڕانیی خۆیدا ئەسەری هەر ماوە تا ئەو كاتەی حاجی و هاوڕێكانی خوێندنیان تێدا كردووە. حاجی قادر بە چاوی خۆی پاشماوەی كردەوەی پاشای كۆرەی دیوە هەروەك پاشماوەی غیرەتكەشیی حاكمێكی دیكەی كوردیشی دیوە بۆیە لەم بەیتەدا ئەمە دەڵێ:

تا تەعیناتی كۆر و لاڵ ما بوو
لە گەلێ دێیەكان مەلای چا بوو(١٥)

---

(١٥) ئەم بەیتە لە دیوانەكەی حاجی بەم شێوەیەی خوارەوە نووسراوە:

تا تەعیناتی كۆر و لاڵە هەبوو
لە گەلی دێیەكان مەلای چا بوو

وەنییە شیعری وەها قافیە مەیلە و بێهێز نەبێ وەیا كەم بێ، بەڵام بێ گومان ئەو جۆری تر كە (التزام)ی تێدایە و لە لایەن زوربەی شاعیرەكانی سەدەی نۆزدەمەوە چاوەدێری دەكرا رێكتر و خۆشتر و شاعیرانەترە. لە لایێكی دیكەشەوە (مابوو) پتر دەگونجێ لەگەڵ واقیعی حاڵی حاجی تا (هەبوو) چونكە حاجی بۆ خۆی لە هەڵبەستدا مەبەسی شتێكە كە پاشماوەكەی دیوە لەو گەشتی باڵەكەتیدا یا لە شوێنێكی تر كە ئاگاداری حاڵ و وەزعی =

مەعلوومە (کوڕ) لەم بەیتەدا پاشای کوڕەیە بەڵام تۆ بڵێی (لاڵ) کێ بێ. بیستوومە (عبدالرحمان پاشای بابان) لاڵ بووە یاخود نەختێك زمانی گرتووە، دەگونجێ مەبەسی حاجی لێرەدا ئەو بێ. بەو پێیە قسەکەی سۆران و بابان دەگرێتەوە. لە لایێکی تریشەوە ئیمکان هەیە مەبەسی میر ئەحمەدی برای پاشای کوڕە بی کە مەعلوومە لاڵ بووە، ئەوسا واتای شیعرەکە حەسر دەبێ لە سۆران. بەلای قەناعەتی منەوە بەر لە کوڕ و لاڵەش مەلای چاك لە دێیەکان هەر هەبوون بەڵام لە سەردەمی ئەم دوو خونکارەدا، مەبەس پاشای بابان و رەواندزە، رەونەقی خوێندن لە عادەت بەدەر بووە. ئەوەی راستی بێ بەربەرەکانیی بەینی بابان و سۆران کە بە تێکڕایی کارێکی وێرانکەر بووە، لەو مەیدانەی خوێندنەدا سوودێکی زۆری بووە. هەبوونی مەلای چاك لە قەڵەمڕەوی هەر دوو لا هۆی شانازی و خۆ پێ هەڵدانەوە بووە. هەر ئەو شانازییە بە مەلای چاك بووە وای کردووە (عبدالرحمن پاشا) جێگە و رێگە و مڵك و ماڵ و مزگەوت و مەدرەسە ئامادە کا لە کۆیێ بۆ مەلا عەبدورەحمانی کاکی جەلی و لە دێی (جەلی)یەوە رای گوێزێ بۆ کۆیێ. بێگومان نزیکیی دێی جەلی لە قەڵەمڕەویی رەواندز و مەترسیی راگوێستنی کاکی جەلی بۆ ئەولا خێراییی کردووە بە عەبدوڕڕەحمان پاشا لە هێنانی کاکی جەلی بۆ کۆیێ و کۆتاکردنی دەستی رەواندز لێی. من ناڵێم ئەگەر هاڤرکێ نەبا (کوڕ و لاڵە) یاخود میرەکانی تر مەلاکانیان بەلاوە دەنا، بەڵام رێی ئەوە دەدەم بە خۆم، ئینسافیش لێم دەسەلمێنێ، کە بڵێم بوونی مونافەسە تیژتری کردوون لە یارمەتیدانی مەلایان. وە نییە لەوەشدا کارێکی ئەوتۆیان کردبێ چ عەیبێکی تێدا بێ. لە مێژووی سەرەتای ئیسلامدا نموونەی لەوە ئاشکراتر هەیە: (المؤلفة قلوبهم) بە فەرمانی قورئان پشکێکی دیارکراویان هەبوو لە بیت المال)، تا دوا خەلیفەی یەکەم ئەم پشکەیان پێدرا، بەڵام کە (عمر بن الخطاب) بوو بە خەلیفە تەعیناتەکەی بڕی و گوتی ئیسلامەتی حەوجە بەوان نەماوە بێ لزووم بۆ نازیان بکێشێ.

هەروەك کۆمەڵبوونی ئەو گرووپە بەڵگەی بوونی وەزعێکی لەبارە بۆ خوێندن لە

= بووە، نەك شتێك کە لە حزووری خۆیدا بنیاد نرابێ. حاجی کە لەو هەموو مزگەوت و مەدرەسانەی باڵەکەتی دەرسی دەخوێند بیست ساڵێك بەسەر نەمانی پاشای کوڕەدا تێ پەڕیبوو، دیارە ئەوسا تەعیناتی کوڕە (مابوو) دوای بەسەر چوونی (کوڕە) خۆی بۆیە حاجی دەبێ بڵێ (مابوو – نەك هەبوو). هەر چۆنێك بێ من دڵم بۆ ڕستەی (مابوو) پتر دەچێ.

باڵەکەتیدا، ئەگەر مەعلووم بکرێ دوای رۆیشتنیان لە باڵەکەتی سەرلەنوێ لە جێگەیێکی دیکەی کوردستان جەمبوورەیان بەستووە، ئەویش دەبێتەوە نیشانەیێکی وەزعی تایبەتی ئەو جێگەیە، ئەوسا رەنگە شیعری شاعیرێك وەیا نووسینی نووسەرێك وەیا بەیتی شایەر و گۆرانیبێژێك لەگەڵ ئەو وەزعەدا دەنگ و رەنگی یەکدی بدەنەوە هەر وەك حاجی قادر باڵەکەتی و (کۆر و لاڵە و مەلکە و کیسەشکەل و... هتد)ی دووبارە کردەوە. با لەوەش گەڕێین، هەر خودی شاعیرەکان پارچەیێکن لە مێژووی سەد ساڵ پێش ئیمڕۆمان، دیمەنێکی بێ مانەندیش نیشان دەدەن لە جۆری بوێژی و گوتە و کرەوەی لە کەس نەچووی و نەبیستراو. پێوە خەریك بوون و بەدوادا گەڕان و لێتۆژینەوەیان لە لایەن ئەدیب و مێژووناسی کوردەوە پێویستێکی رۆشنبیرییە. من کیسەی خۆم بەتاڵ کرد لە هەرچی کالاًیێك لەوانەوە بۆ من بەجێ مابێ، رەنگە بەوەدا قەرزێکی ئەدەبیشم بە میللەتەکەم دابێتەوە، وەك بلّێی سەرگوزەشتیان مۆمێکیشی هەڵکرد لە رێبازی خوێندنی حاجی قادر و گەشتە درێژەکەی لە هەندێ شوێنی دوو پارچەی کوردستانی گەورەدا. دوور نابینم لێرە و لەوێ، دوور و نێزیك خەبەر و ئەسەری دیکە پەیدابێ ناتەواوی نووسینەکەی من پڕ کاتەوە یاخود کەم کاتەوە.

پشووییێکی لێکۆڵینەوە

بەر لەوە رووپەڕەی باڵەك وەرگێڕین و یەکێکی تازە بکەینەوە، شتێکی گرنگ هەیە لە تۆماری گەشتەکەی حاجی قادر کە پێوەندیدارە لەگەڵ هەموو ژیان و بیر و باوەڕی لێرە بەدواوەی حاجی، دەبێ بە قەدەر توانایی لێی بدوێین و بوون و نەبوون و چەند و چۆنی شتەکە ساغ کەینەوە و نرخی راستەقینەی خۆی پێ بدەین.

هەروەك بۆشت روون دەبێتەوە لە درێژەکێشانی باسەکە، کەنەکردن تێیدا دەست و قەڵەمی نووسەر و تۆژەرەوە دەبا بۆ دەروون و هەستی کۆمەڵایەتی و نەتەوایەتیی ئەوسای کورد. چ مەبەس دیراسەی حاجی بێ و چ دیراسەی تێکڕای باری کوردەواری بێ، لەگەڵ وەشاندنی هەر کولنگێکی لێدانەوەی زەوییە کۆدە و نەکێڵراوەکانی ژیانی کوردیی ئەو سەردەمانە، داروپەردووی بەسەریەکدا تەپیوی مێژوو تۆژاڵ تۆژاڵ سەر زەوی دەبنەوە بۆ بەر چاوی کەسێك بیەوێت رابردوو بە ئێستاکەوە ببەستێتەوە و سەرەدەری لە دوارۆژ بکات . لە لای خۆمەوە هەر ساتە سپاسگوزاریم بۆ گیانی حاجی قادر زیاد دەکات لەو رووەوە کە خەباتە دەوڵەمەندەکەی بە هەموو گۆشە و قوژبنێکی کورد و کوردستانمدا دەبات، کە ئەگەر وا نەبا نە لەو و نە لە کورد و کوردستانیش دەگەیشتین، لە رێی ئەم تەرزە تۆژینەوەیەوە.

لەو چەند ساڵەی دوایی، دەماودەم لە پەراوێزێکی تەسکی گوتووانددا دەگوترا حاجی قادر و حاجی عەبدوڵڵا بیری میللەت پەروەرییان لە باوەڕەکانی ئیبنو ئادەم وەرگرتووە. گۆیا ئەو چەند ساڵەی خوێندن و ژیانیان لە باڵەکەتی و هەرێمێك کە مەلای ئیبنو ئادەم تێیدا ژیاوە سوودمەندی کردوون لە باوەڕە پێشکەوتووەکانی ئەو مەلایە زلەی کورد، بە تایبەتی حاجی قادر کە لە دواییدا بۆی رێك کەوت جغزی تەسکی کۆمەڵایەتیی کۆیێ و کوردستانی خواروو جێ بهێڵێ و مێشکی زاخاودراوی بەو بیرە رۆشنانە لە ئەستەمبۆڵ گەشە بکا. واتە حاجی قادر بەر لەوەی بچێ بۆ ئەستەمبۆڵ بیری نیشتمانپەروەرانەی هەبووە و لە پاشماوەی بیری مەلای ئیبنو ئادەمیشی وەرگرتووە.

من لە لانی خۆمەوە (تعصب)ێکی تایبەتیم نییە بۆ هیچ رایەك، بەلاشمەوە راستی هەرچییێك بێ ئەوا هەیە، نە بە پێ خۆشبوون ونە بوونی من دەگۆڕێ و نە لزوومیش

هەیە بەنەفەسسواریی ئێستاکەی من و غەیری من لە فەرزی حەزمان بەو راستییە کرد یا نەکرد. تازە پەنجەیێکی قودرەت لێرانەوە بەرەو دوا ناگەڕێتەوە بۆ چەرخ و چارێگە چەرخێك لەمەوبەر تا دوا رووداو بگۆڕێ و چارەنووس لە نوێوە بکێشێ.. بە قسەی سادەش سەد جاران رووداو بگۆڕین وەیا هەڵبەستین وەیا بشارینەوە یەك میلیمەتر هەڵوەستی ئێستاکەمان بەرەو پێشەوە نابەین .

دەستخاوێنی لە هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی ئەو راستییە و هەموو راستییێك قەرزێکی ئەخلاقی – میللی – مێژوویی – مرۆڤایەتییە لە ئەستۆی نووسەر و ئەدیب و قسەکەر و هەموو ئەو کەسانەی شت بە خەلقی رادەگەیەنن و هەرگیز لەگەڵ خزمەتی میللەت و مێژوو رێك ناکەوێ شتی دەستکرد هەڵبەستریٰ و بەرگی راستیی لەبەر کرێ.

دەزانم هەندێ جار بەڵکو زۆر جاران لە رووی دڵسۆزییەوە یەکێك شتێك هەڵدەبەستیٰ بۆ خزمەتی مەبەستێك، ئیتر رەنگە ئەو مەبەسە سوود لەو هەڵبەستنە وەرگرێ یاخود وەرنەگرێ، بەڵام ئەنجامی هەڵبەستن و دەستکاری هەرچی دەبیٰ با ببیٰ و چەندێك سوودی لیٰ وەربگیرێ و وەرنەگیرێ تبریر – دروستاندن[١٦]) ی کارەکە ناکا. نابیٰ شت لە نەبوو هەڵبەستریٰ.. نابیٰ راستی بگۆڕێ وەیا ئینکار بکرێ وەیا بشرێتەوە. نابیٰ هەڵە بەرگی راستیی لەبەر بکرێ.

لزووم نابینم بەدوا بەڵگە هێنانەوە و میسال گوتنەوە بکەوم بۆ جۆری دەستکاری کە لە مێژووی کۆنەوە کراوە چونکە رووپەڕەکانی مێژووی کۆن و نویٰ پڕن لە درۆ و شتی هەڵبەستراو و راستی شاردنەوە و هەزاران کاری وەها نارەوا، ئەوەی چاوی لێیان نەتۆقێنیٰ دەچنە چاویەوە. دەزانین لێرە بە پێشەوە ساختە و دەستکاری چی بە ئینسان

(١٦) دروست لە وشەی (بر)ی عەرەبی نێزیکە کە (تبریر)ی لیٰ وەرگیراوە کەواتە بۆ ئێمەش ریٰ هەیە وشەی (دروست) بکەین بە (فعل) وەك عەرەب (بر)ی کردووە بە سەرچاوەی (برر، یبرر، تبریر) ئێمەش (دروستاندن). پێشینان زۆر وشەی وایان داهێناوە و تەنانەت وابووە وشەی عەرەبییان لە رێی (داڕشتن – اشتقاق)ەوە کردووە بە کوردی وەك ئەوەی گوتوویانە (جەڕباندن، عەملاندن، کەرهاندن) بە واتای تەجربە کردن و بەکارهێنان و رق لێبوونەوە کە لە (جرب و عمل و کره)ی عەرەبییەوە هاتوون. بادینییەکان لەو کارەدا یەکجار چالاکن، بایی نیمچە فەرهەنگێك وشەی عەرەبییان کردووە بە کوردی. وشەی (دروستاندن) بە واتای (تبریر) دێ، وشەی (دروستکردن) بە واتای (بناء و صنعة و عمل) دێ.

کردووە و چندین فەلاکەتی بەسەر هێناوە.

لەگەڵ زانینی ئەوەدا دەبێ ئەوەش بزانین، دەستکاریکردنی لێرە بەدواوەش هەمان نسکۆکانی کوشندە دێنێتەوە بەر مرۆڤ. دەبێ باوەڕ بێنین بەوە کە دەستکاری رەفتارێکی خراپە ئەگەر بۆ چاکەش بێ و چاکەشی لێ پەیدا بێ، چونکە گومان لەوەدا نییە کە وا هەر کاتێك رێگەی کرایەوە با جارێکیان بۆ چاکەش بێ دەیان جار بۆ خراپە دەبێ.. لە فەرزی لایەنێکیش سوودی لێ وەرگرێ لایەنێکی دیکە یا پتر لە لایەنێك لێی زەرەرمەند دەبێ. کە دەستکاریکردن چاکەکەی خراپ بێ دەبێ بەدەکەی چۆن بێ. هەر ئەو کەسەی دەستکاری دەکا چەند سەغڵەت دەبێ بۆ خۆی لە دەستکاریکردنی خەلق. دەبوا پەند لەو ناڕاحەتییەی خۆی وەرگرێ و بەزەییی بە راستیدا بێتەوە و رەحمیش بە عالەم بکا و خۆ بگێڕێتەوە لەو کارە چەوتە. رەنگە هەندێ کەس لە رێی ناچارییەوە وەیا لەبەر پەرەسەندنی دەستکاریکردن لە نێوان نووسەراندا، بە تایبەتی نووسەری سیاسی، ئەویش شت هەڵبەستێ و خۆی بەوە ئیقناع کا کە بڵێ سوود چییە لەوەدا یەکێك یا چەند کەسێك مل دەنە راستی و (قل الحق ولو علی نفسك) بکەن بە پێڕەو لە حاڵێکدا زۆر کەسی دیکە گوێ نەدەنە ئەم پەندە، هەڵبەت گوێشی نادەنێ؟ خۆ ئیقناعکردنی ئەوتۆیی هەرچەند باری ئەو تەرزە کەسانە لە نەزەر خۆیاندا راستیش کاتەوە، چیی لێرەدا گوتم دەربارەی راستگۆیی و دەست خاوێنی هەر دەمێنێتەوە وەك بەردی بناغەی فەلسەفە و باوەڕ و پرۆژە و شەقامی بەرەو کامرانی و خێر و خۆشی بۆ زوربەی ئادەمزاد لە ماوەی بێ بڕانەوەی هەر لە ئێستاوە هەتا هەتایێ. لەبەر ئەمە فەرمانی نووسەر هەر لەوەندە ناوەستێ کە بڵێ نابێ راستی بگۆڕێ، بەڵکو دەبێ تا دەتوانێ لە دژی ئەو خووەی دەستکاریکردن و گۆڕینی راستی بێ و ئەوەندەی پێی دەکرێ هەڵە و چەوتی راست کاتەوە و راستیی شرایەوە بەدەر خا.

لەبەر ئەوە خۆم خەلقی کۆییم و لە دڵ و دەروونی دانیشتووەکانی شارەزام و هەست بە مەیل و ئارەزۆیان دەکەم زیاتر لە یەکێکی کۆیی نەبێ، نەك هەر بە خەیاڵ بەڵکو دەتوانم بڵێم بەسەری پەنجان گەرماییی مەیلی بە تێنی کۆییان هەست پێ دەکەم بۆ دۆزینەوەی ئیسپاتی پتەو کە بوونی بیری نەتەوایەتی لە حاجی قادردا بسەپێنێ بەر لە سەفەرەکەی بۆ ئەستەمبوڵ. جگە لەو هەستە خەیاڵییە، لە وتووێژدا، وابووە بە نامەی تایبەتیش، گەنج و خاوەن بیر و باوەڕی کۆیی بیر و رای ئاشکرایان لای من دەربڕیوە لە بارەی بوونی ئەو هەستەی نیشتمانپەروەری لای حاجی قادر لە

زوویکەوە. وەك ئەوان منیش حەزم دەکرد بگەیشتمایە قەناعەتهێنان بە بوونی بیر و باوەڕی میللەتپەروەری لە حاجی قادری پێش سەفەری بەرەو ئەستەمبۆڵدا. وەنییە هەر خەلقی کۆیێ حەز بکەن بە بوونی هۆی شانازی بۆ خۆیان و شارەکەیان، خەلقی هەموو جێگایەك، مەگەر نەخۆشی نەفسییان هەبێ، دەنا حەز بەو تەرزە شانازییە دەکەن.. حاجی قادر خۆی کە دێتە شانازیکردن بە کۆیێ بۆ ئاسمانی بەرز دەکاتەوە. بەڵێ ئەو مەیلە و خۆ هەڵدانەوە شتێکی سروشتییە لە مرۆڤدا. بەڵام کە مەیلەکە رووی کردە لادان لە شەقامی راست دەبێتە ناڕە وا و لە جایەزی دەردەچێ. دەبێ مرۆڤ ورتە لە مەیل و ئارەزۆی خۆی ببڕێ کاتێك کە خەریکی لێکۆڵینەوەی مێژوو دەبێ. ئەوەی راستیش بێ چ میللەتێك و چ شارێك و چ عەشرەتێك پێویستی بە شانازیی بێ بنج نییە. رابردوو وەك ئێستاکە نییە بتوانێ سوود وەرگرێ لە رازاندنەوە، هەرچی جوانی هەیە بۆی بخوازیەوە ناتوانێ لێرەوە ببێتە ئارایشت بۆی. ئێمە با مێژوو قبوول کەین وەك هەبووە بەڵام بە وەزعی نالەباری ئێستامان رازی نەبین و خەریکی چارەسەرکردنی بین. لەبەر تیشکی ئەو تێبینیانە با هەوڵدەین بە تەرازووی فکر و لێکدانەوە و بەڵگەی مێژوویی، ئازادانە و ئازایانە، ئەو گوتە و بیر و باوەڕە هەڵسەنگێنین کە دەڵێ حاجی قادر لە راگەیاندنەکانی مەلای ئیبنو ئادەمەوە فکری نیشتمانپەروەریی وەرگرتووە، بەو پێیەش گۆیا بەر لە چوونی بۆ ئەستەمبۆڵ شیعری کوردپەروەرانەی گوتووە و خەباتی کوردایەتیی کردووە.

مەلای ئیبنو ئادەم زانایێکی ئەوتۆیە لە هەر میللەتێکدا هەڵکەوێ شانازیی پێوە بکا. لە سەردەمی خۆیدا گەیشتووە بەوپەڕی شارەزایی و پسپۆڕی لەو زانستانەدا کە لە باو و ناودا بوون. لە باری فکری ئازادیشەوە بە کێش و تەرازووی هەڵسەنگاندنی واتای (ئازادی) لەو سەردەمەدا ماوەیێکی فراوان لە تێکڕای رۆژگاری خۆرهەڵات پێش کەوتووەتەوە. ئەگەر لیستەیێکی ناوی زانا گەورەکانی کورد بگیرێ ناوی ئەو لە دێری هەرە پێشەوە دێ لەگەڵ چەند ناوێکی دیکەی بایی دێڕێك بکەن، لەوانە هەر یەکێکیان لە دەوری خۆیدا پێشەوای زانست بووە. بە گوێرەی گێڕانەوەی دەماودەم کە میراتی فۆلکلۆری وەك ئەو بەیتەی (ست عشر) ئەویش پشتگیریی لێ دەکا، مەلای ئیبنو ئادەم تایبەتییێکی خۆی هەبووە نەبیستراوە لای کەسی دیکە هەبووبێ لەو مەلا و شێخ و پیاوە دینییانەی کورد کە ناو و خەبەراتیان پێمان گەییوە. رستەی (ئیبنو ئادەم نەماوە سەری پان کا وەك ماری) وا رادەگەیەنێ کە وا هەر ساتێك بیستبێتی (بێ

شەرعی) دەکرێ لە جێگەیێکی ئەو دەستی بیگاتێ، بۆ خۆی بەرهەڵستیی ئەو بێ شەرعییەی کردووە و سزای تاوانبارەکەی داوە. ئەو بەیتە و گوتەی دەماودەمیش پێ لەسەر هەندێ دادەگرن کە مەلای ئیبنو ئادەم وا بووە لەسەر بێ شەرعی تاوانبارەکەی کوشتووە. (سەری پان کا وەك ماری) لە کوشتن کەمتر بەدەستەوە نادا، (هەر چەند لزووم نییە لەوە بدوێین ئاخۆ مەلای ئیبنو ئادەم چۆن ڕێی بە خۆی داوە خۆ بکاتە (قاضی) و بڕیاری کوشتن بدا و کوشتنەکەش جێبەجێ بکا، بەڵام کە باسی ئەو لایەنەمان کرد دەبێ کەمێکیش یارمەتیی خوێنەری ئاسایی بدەین تاکو سەری لە کارەکە سوڕ نەمێنێ. بێ گومان مەلاتیی ئیبنو ئادەم کاتێك ڕێی فەتوای وەهای بە خۆی داوە کە دیویەتی دەسەڵاتێکی حکومەتی و شەرعی یا هەر نەبووە سزای تاوانبار بدا، یا سزاکەی پشتگوێ خستووە و فەرمانی شەرعیی ئەنجام نەداوە کە حاڵیش وا بوو واتای حەدیسی پێغەمبەر کە دەفەرموێ (من رأى منكم منكراً فليغيره بيده فأن لم يستطيع فبلسانه فأن لم يستطع فبقلبه وذلك أضعف الأيمان) دەبێتە واجیب. هەر ئەم پێ هەڵستانەی ئیبنو ئادەم بەو تەرزە کارە زەحمەت و گرنگانە بێ ئەوە کەس بتوانێ مەنعی بکا، بۆ خۆی بەڵگەیە بۆ بەرزی و چەسپاویی پایەی لە مەیدانی زانست و ئایندا.

وەك دەبینی ئیشکالێك نییە لە بلیمەتی و ئازایی و زانایی ئیبنو ئادەم، لەوەشدا ئیشکال نامێنێ کە مرۆڤێکی یەکجار بێ هاوتا بووە. کاشکی خێرەومەندێك چ مەلا چ ڕۆشنبیرێکی دیکە لەوانەی خولیای زیندووکردنەوەی کەلەپوور و رابردووی مردوومان لە مێشکیاندایە ژیان و بیر و باوەڕ و بەرهەم و کرد و کۆش و چالاکیی ئەم زانایە زلەی زیندوو کردبایەوە بۆمان ، بیخستبا ناو کتێبێکەوە تاکو وەك (فرض الكفاية) کە تەرککردنی هەمووان گوناهبار دەکا و پێ هەڵستانی لە لایەن یەکێکەوە هەمووان لە گوناه رەها دەکا ئەویش خۆی و میللەتەکەی رەها کردبا لە کەمتەرخەمی و بێباکی بەرامبەر چرای هێندە پرشنگدارمان، ئەوسا ئەو کەلەبەرانەی لە نووسینەکەی مندا پڕ نەبوونەتەوە و هەندێ پرسیاری گرنگیان بێ وەرام بەجێ هێشتووە ئەو خێرەمەندە پڕی کردبانەوە و دڵ و مێشکمانی لە ناڕاحەتیی بێ وەرامی پرسیارەکان حەساندباوە، قەرزی مەلای ئیبنو ئادەمیشی دەدامە لە جیاتی خۆی و گەلی کورد..

بەڵێ پایەی ئیبنو ئادەم، هەر چەند لە تێکڕای بەسەرهاتی ژیان و زانینەکانی کەمێك نەبێ بە ناوماندا بڵاو نەبووەتەوە، دیسانەوە لێمان مەعلوومە چ پایەیێکی بەرز

و نرخداره. بەڵام ئاخۆ لەوەی پێی دەگوترێ (بیری نیشتمانپەروەری) بە زاراوەی ئیمرۆکەمان، یاخود لەبەر تیشکی نیشتمانپەروەرییەکەی حاجی قادردا، ئا لەو مەیدانەدا ئیبنو ئادەم گەیوەتە کوێ؟ جگە لە مەلایەتییەکەی کە شۆڕەتی لە باسکردن و هەڵدانەوە بێ نیازە و بەولای بەرهەڵستکردنی خورافات و دوشمندارییی پیاوی ئاینیی تەڵەکەباز و سەلماندنی بێ شەرعی ئاشکرا و چەوساندنەوەی خەلق بۆ سوودی شەخسی بە ناوی دینەوە، کە ئەمانە لەسەردەمی ئەودا و بە نیسبەت مەلایێکی سەر بەرماڵەوە بە نرخترن لەوە من و تۆ ئیمرۆ خۆ بکەینە سۆشیالیست، ئایا لەمانە بەولاوە بەرەو بیری کوردایەتی چ قۆناغێکی تێ پەڕاندبوو؟

ئەوەندەی بیستبێتم و زانیبێتم و لە کتێبی بایەخداردا خوێندبێتمەوە بۆم ساغ نەبووەوە مەلای ئیبنو ئادەم کوردایەتیی کردبێ بە واتای بزووتنەوە وە یا فەلسەفەیێکی قەومی. بەڵێ بە پێی ئەوە کە مسڵمانێکی راست بووە و لە خوا ترساوە و بڕوای بە قیامەت و ترسی دونیای لە دڵدا بردووەتە دەرێ و تەمای ناڕەوای لە پەڕەی مێشك و گیانی سڕیوەتەوە مومکینە لە ڕێبازی ئەنجامدانی فەرمانی شەریعەتەوە بەرەنگاری کاری ناڕەوای حکومەتی ئەوسا بووبێ، جا ئەگەر عوسمانییەکان فەرمانڕەوا بووبن یەخەگیریان بووبێ و کەوتبێتە هەڵوەستی وەها لە ڕێی مەفهوومی بەرهەڵستیکردنی بێگانەوە لە رواڵەتدا شێوەیێکی کوردپەروەرانەی وەرگرتبێ. بەڵام ئایا ئەو کارانە هەموویان کە لە پەراوێزی واتای ئاین دەرناچن، تا بشڵێی بە نرخ و پیرۆز و شەرافەتکارن، مومکینە پێیان بگوترێ کوردایەتی؟ بێ ئەوە جورئەت بکەم لەو قسانەدا عەیبێك لە ئیبنو ئادەم بگرم، بەوپەڕی تەقدیسەوە بۆ گیانی پاکی و رەوشتی قارەمانانەی دەڵێم کوردایەتی دروشم و روخسار و ناوەڕۆکی تایبەتی هەیە جیاوازی دەکاتەوە لە (پیوریتانیزم)ی ئاینیی بێ فێڵ. وا دەبێ نیشتمانپەروەری و ئاین بەیەکەوە جووت بڕۆن وەك ئەوەی بە جووت لە دژی ستەم بن وەیا خەلق هان دەن بۆ بەرگرتنی هێرشی بێگانە، رەنگە ئاین خۆی ببێ بە دەستووری میللەتێك و لەسەری بڕوا، بەڵام هەموو دەزانین تۆ و کێڵگە و دروێنەی نیشتمانپەروەری شتێکە و هی ئاین شتێکی سەربەخۆی خۆیەتی. وا هەیە نیشتمانپەروەری، تاکی یا کۆمەڵی، (ملحد)ن، یاخود لە عاست دیندا بێ پەروان. لزوم نییە بڵێم، وا دەشڵێم بۆ مەبەسی زێدە روونکردنەوە، نیشتمانپەروەرێکی برازیلی چ بیر لەوە ناکاتەوە ئاخۆ قورئانی ئیسلام چ دەفەرمووێ و مەرقەدی گەیلانی چەند منارەی بەسەرەوەیە، میللەتان ئاینی

جوداوازیان هەیە هەمووشیان بیری تایبەتی نیشتمانپەروەریی خۆیان هەیە. هەر میللەتێکیش هۆش و گیانی میللەتپەروەری هەژاندی، پێش ئەوە بیر لە فەلسەفە و ئاین بکاتەوە هەر پێداویستەکانی فەرمانی میللی دێنەوە بەرچاوی. با لێرەدا نموونەیێکی سەر بە مەوزووعەوە بێنمەوە بۆ روونکردنەوەی لایەنی ئەوە کەوا رەنگە نیشتمانپەروەری رێك نەکەوێ لەگەڵ فەلسەفەیێکی تری کۆمەڵایەتی و سیاسی وەیا باوەڕی دینی. با لە پێشەوە نموونە لە ئاین بێنمەوە بە دوا ئەودا لە فەلسەفە.

زوربەی مێژوونووسان لەسەر ئەو قەناعەتەن کەوا وەزیر (ابن العلقمی) لەبەر جیاوازیی مەزهەب خەلیفەی عەباسی (مستعصم باللە)ی هەڵفریواند و بەغدای تەسلیم بە هۆلاکۆ کرد.. با ٦٠٠ ساڵێك واوەتر بێین و نموونە لە مێژووی کورد بێنینەوە لە رۆژگارێك کە حاجی قادر تێیدا ژیاوە و خۆی ئاگاداری بووە، هەرچەند نەختێکیش لە دوورەوە بێ، گوتەیێکی مەشوور هەیە دەڵێ (مەلای خەتێ) لەبەر باوەڕی ئاینی خۆی کە ناسەلمێنێ مسڵمان لە دژی خەلیفەی ئیسلام چەك هەڵگرێ، فەتوای دا بە کافربوونی هەر کوردێك شەڕ بکا لەگەت لەشکری عوسمانی کە ئەوسا بە دەوڵەتی ئیسلام دەزانرا و پاشایان لەقەبی خەلیفەی پێوە بوو، گۆیا ئەو فەتوایە بوو لەشکری میری رەواندزێی لە شەڕکردن وەستاندووە و چەکی پێ فڕێ داوە و بەوەدا میری رەواندز ناچار بووە بە تەسلیم بوون و حکومەتی لێ تێك چووە. من لێرەدا بە نموونەی هەڵوەستێکی دینی لە تەك داخوازی و پێویستیی هەڵوەستی قەومی و هەم بۆ مەبەستی (جدل) وا رادەنوێنم کەوا مەلای خەتێ ئەو فەتوایەی دابێ، دووریش نابینم لە حاڵی وەهادا مەلاییێك کورد بێ غەیری کورد بێ فەتوا بدا بە کافربوونی پیاوی یاخی لە دژی خەلیفەی ئیسلام، دەنا ئەگەر بۆ ئەم مەبەسە و لەبەر ئەوە نەبێ کە فەتواکەی مەلای خەتێ زۆر بەسەر زمانانەوەیە، نموونەم لە رووداوی تر دەهێنایەوە چونکە گوتەیێکی دیکەی یەکجار دژی ئەم گوتەیە بە بەڵگەی عەقڵییەوە پاشەکشە دەکا بەو شۆرەتەی کراوەتە عەیبێکی گەورە لە مەلای خەتێ. من بی ئەوە چ مەبەستێکم هەبێ غەیری دەست خاوێنیی مێژوویی، گوتەی دووەمیش بە خوێنەری کورد رادەگەیەنم، ئەوەندەش دەڵێم قسەیێکی لەو رووەوە پێم گەییوە لە پیاوی ئەوتۆم بیستووە هیچ پێوەندیێکی خزمایەتی وەیا دۆستایەتیی بە بنەماڵەی مەلای خەتێوە نییە، بە پێچەوانە لەلایەن مەشرەبی (تصوف)ەوە دەبێ بە ناحەزی مەلای خەتێش بژمێررێ. سەرەڕای بێ پێوەندی، چ سوودێکیشی پێ ناگەیەنێ نە لە ئێستاکە و نە لە دوا رۆژدا لەو سوودە

بەولاوە کە ناوناوە دووچاری دەمەتەقەی بکا لەگەڵ ئەو کەسانەی مەلای خەتێ تاوانبار دەکەن. قسەکە کە هی لایەنگیری و خزمایەتی و سوودی شەخسی نییە، لە ناوچەیێکیشەوە هەڵستاوە شارەزایە لە ڕووداوەکانی سەردەمی پاشای کۆرە لە ڕەواندزدا، ئەم گوتەیە ئینکاری فەتواکەی ناکا بەڵام دەڵێ لەسەر خواهشتی پاشای کۆرە دەرچووە نەك لە دژی. واتە مەلای خەتێ بە پێی بەرژەوەندێك کە پاشا خۆی ڕەچاوی کردووە بۆ ئەوە هەم وڵاتەکە وێران نەبێ و هەم ئابڕوو نەتکێ بە پەلە و دواکات فەتوای ڕەوانەبوونی ئەو شەڕەی دەرچوواندووە تا ببێتە هۆی ئیمکانی گێڕانەوەی لەشکری کورد بۆ ڕەواندز و کردنەوەی دەرگەیێکی ئاشتی و ڕێککەوتن. بەپێی بیستن و لێکدانەوەی خۆم دوو بەڵگەی گەورە پشتگیری ئەم ریوایەتە دەکەن.

یەکەمیان ئەوەیە لە سەرەتای دانانی مەلای خەتێ بە (باش مەلا) و مەرجەعی دینی لە قەڵەمڕەوی پاشای کوردا، ڕێککەوتنێك و پەیمانێکی بنجی و سەرەتایی هەبووە لە میانی پاشا و مەلادا لەسەر ئەوە کەوا نە پاشا تێکەڵ بێ لە کاری سەر بە شەرع و ئاینەوە و نە مەلاش دەخلێکی ببێ بەسەر کاروباری حوکمڕانی و هەڵسووڕاندنی ئیشی دونیاییەوە، هەر یەکەیان لە مەیدانی خۆیدا ئازاد بێ و سنوور و پەرژینی لێ نەشکێ . هەر لەبەر ئەم ڕێککەوتنە بووە مەلای خەتێ بێ دەنگ بووە لە زۆر کردەوەی پاشا و دەستوپاوەندەکانی لە هەڵسووڕاندنی کاری حوکمڕانی کەوا گەلێك جاران چ خزمایەتیی نەبووە لەگەڵ فەرمانی قورئان و حەدیس و شەریعەت. پیاوێکی وەك پاشای کۆرە هەرچەند خزمەتی مەلایانیشی کردووە و گەشەی داوە بە خوێندن لە مزگەوتەکان جارەها کاری وای کردووە نەك هەر ئاین بەڵکو کوێرە ئینسافیش لێی نەسەلماندووە، بەڵام بەلای خۆیەوە پێویست بووە بۆ سوودی حکوومەتەکەی. وەك پاشای کۆرە هەموو حاکمێکی تریش بێ ئینسافی و دڕندەیی کردووە هەر کاتێك بە پێویستی زانیبێ، چەند حاکمێك نەبێ لە درێژاییی مێژوودا کە ژمارەیان لە پەنجەی دەستان تێناپەڕێ.

بەڵگەی دووەم ئەوەیە، کە وا تا ڕادەیێك لە هی یەکەمەوە هەڵدەستێ، پاشای کۆرە لە حوکمڕانیی خۆیدا دەستی نە پاراستووە لە کوشتن، یەکێك بووبێتە هۆی بێ هێزیی حکوومەتەکەی وەیا ئەو گومانەی لێ کردبێ کوشتوویەتی. بەر لە هەموو خەلق مامەکانی خۆی کوشتوون. دەوجا پیاوێکی وا ڕژد لەسەر پاراستنی دەسەڵاتەکەی چۆن بێدەنگ و دەستپاچە ڕادەوەستێ لە عاست مەلای خەتێ کە خەریك بێ کارێکی وا

بکا تەخت و تاجی لێ تێك دا؟ مەلای خەتێش کە شارەزای خوێنڕێژیی پاشای کوێرەیە چۆن ئەو فەتوایەی دا و هەڵنەهات بۆ جێگاییێك خۆی تێدا بپارێزێ تا ئەو کاتەی ئیشی پاشا یەکلا دەبێ؟ یاخود با بڵێین دەبوا لە پێشەوە مەلا پەنا ببا بۆ جێگەیێك کە لە دەسەڵاتی پاشا بەدەر بێ ئەوسا فەتواکە بڵاو کاتەوە. وەك دەزانین نە پاشا مەلای کوشت و نە مەلاش ترسا لە کوشتن چونکە فەتواکەی لەسەر ئارەزۆ و پەسەندکردنی پاشا بووە. بەیتێکی حاجی قادر، کە لەمەوپێش بە شایەدمان هێنایەوە و دەڵێ:

تــا تــەعـیـنـاتـی کـوێر و لاڵ مـابـوو
لـە گـەلـێ دێیـەکـان مـەلای چـا بـوو

لێرەدا زیمنەن پاکانەیێك دەکا بۆ مەلای خەتێ، ئەوساش حاجی قادر نەیدەزانی لە دوا رۆژدا ئەو توهمەیەی دەخرێتە پاڵ تا پاکانەی زیمنیی بۆ بکا. پاکانەکە لەوەوە دێ کە وا مەعلوومە بە دوای مەلای ئیبنو ئادەمدا یەکەم مەلا لە تەعیناتی پاشای کوێرە سوودی وەرگرتبێ مەلای خەتێ بووە، بەو پێیە ئەو بەر لە هەموو مەلاییێك دەکەوێتە ناو پەڕاوێزی قسەی حاجی (لەگەلێ دێیەکان مەلای چا بوو) زاهیری حاڵ ئەوەیە حاجی قادر بە وەهم و خەیاڵیشیدا نەهاتووە مەلای خەتێ چ عەیبێکی هەبووبێ دەنا بێگومان لێی بێ دەنگ نەدەبوو و لە پەڕاوێزی شیعرەکەی دەردەهاویشت.

جگە لەمە، حاجی و باپیرم لە مزگەوتی مەلای خەتێ خوێندوویانە، گریمان لەوکاتەدا بیریان نەپژابوو فەتواکە لە مەلای خەتێ بە عەیب بگرن، خۆ دوای چوونی حاجی بۆ ئەستەمبوڵ و کرانەوەی هۆشی میللەتپەروەرانەی دەبوو فکرێك لەو فەتوایە و خوێندنەکەی خۆی لە مزگەوتی مەلای خەتێ بکاتەوە و شتێك لە بارەیەوە بڵێ. زۆر ئاشکرایە فەتواکەی لە کاتی دەرچوونیدا چ عەیبێکی لێ نەگیراوە، لە دواییشدا هەمان بێ عەیبی بووە وای کردووە پیاوێکی کوردپەرستی وەك حاجی قادر رەخنەی لێ نەگرێ.

ئەم دوو گوتەیە هەن دەربارەی هەڵوەستی مەلای خەتێ، گوتەیەکیان پەرەسەندوو ئەوی دیکەیان لەبەر سێبەری یەکەمیان کز و بێ دەنگ. من هەرچەند لە وەزعێکدا نیم بتوانم نووسینەکەم تەرخان کەم بۆ تۆژینەوەیێکی ئەوتۆ پرسیارەکە یەکلا کات، لەگەڵ ئەمەشدا قەناعەتم ئەوەیە فەتواکە لەسەر خواهشتی پاشا دەرچووە، هەر ئەمەش زیاتر دەگونجێ لەگەڵ دەلالەتی حاڵ و چوونەتی رووداوەکانی ئەو کاتە و وەزعە کە

فەتواکەی تیدا دەرچووە. مەیلە و یەقینم پێك هاتووە لەوەدا ئەگەر مەلا لە خۆوە ئەو کارەی کردبا لە سەرەتای بەرپابوونی شەڕەکەوە دەیکرد چونکە کە جایەز نەبووبێ هەر لە رۆژی یەکەمەوە جایەز نەبووە. ئەوەی راستی بێ یەکێك بە وردی کتێبەکەی خوا لێخۆشبوو حوزنی موکریانی بخوێنێتەوە ترووسکەی حەقیقەتی لێ بەدیار دەکەوێ هەر چەند حوزنی بۆ خۆی باوەڕی تایبەتی خۆشی هەیە دژی مەلای خەتێ.

رەنگە بێ سوود نە بێ لێرەدا لە هەڵوێستەکانی مەلای کورد دوو هەڵوەستی نوێ بە بیران بێنمەوە یەکێکیان تایبەتی کۆیێ، یەکێکیشیان هی تێکڕای کوردستانی عیراق، کە هەردوویان لەلای خۆیانەوە پاکانەیێکی نهێنی دەکەن بۆ مەلای خەتێ لەو رووەوە کە میللەتی زۆر لێکراو داخوازی دوێنێ و ئیمڕۆی لە رۆڵەکانی یەك چەشنە، رۆڵەکانیشی وایان چاوەڕوان لێ دەکرێ یەك هەڵوەست راوەستن لە دوێنێ و ئیمڕۆدا چونکە زەرفی هەڵوەستیان یەکێکە، خۆفرۆشێك و خەڵەتاوێك نەبێ لە هەڵوەستەکە لانادات.

هەڵوەستی تایبەتی مەلاکانی کۆیێ ئەوە بوو لە ساڵی ١٩٦١ دوای بەرپابوونی شۆڕش لە (١١)ی ئەیلوول حکوومەتی (عبدالکریم قاسم) داوای لێ کردن برووسکەی پیرۆزبایی بۆ بنێرن و شۆڕشگێڕەکانی کوردی تێدا تاوانبار بکەن. (١٠) مەلا لەوانەی فەلسەفە و تەئویلات فێری نەکردبوون تەبریران بێننەوە بۆ خراپە، بەوپەڕی سەربەرزییەوە رەفزی خواهشتی میرییان کرد و چوونە بەندیخانە و دووچاری عەزاب و زەحمەتێکی گەورە بوون، نە خۆیان نە کەسیش دەیزانی سەرئەنجامیان بە چی دەگا چونکە دەعواییێکی عورفیی قورس رێك خرا لە دژیان کە سزای خنکاندن بوو هەندێك بێ دین شایەدیشیان لێ دان، بە تایبەتی لە مەرحووم مەلا مەعسووم..

چەند مانگێك لە بەندیخانەکانی بەغدا و دەوروبەری بەغدا مانەوە، بەڵام بەختیان یار بوو لەوەدا شۆڕشی کورد بەردەوام بوو و چارەنووسی زۆر کەس و زۆر لایەنی سیاسی بەو دەوامکردنەی شۆڕشی کورد گۆڕا و مەلاکانی کۆیەش وەك چەندین خەڵقی دیکە بەردران. ئەمە بە نیسبەت مەلاکانەوە کەچی هەموو دەزانین بە سەدان برووسکە لە رادیۆ دەخوێندرایەوە و لە رۆژنامان بڵاو دەکرایەوە، یا لە ترس یا لە تەماع کورد و غەیری کورد، بەشەهادە و بێ شەهادە، خاوەن شۆرەت و بۆرەپیاو دەیانناردن بۆ پشتگیری عەبدولکەریم و لە دژی شۆڕش. مەلاکان ئەمانە بوون:

خوالێخۆشبووی مەلا مەعسومی هەورامی، خوالێخۆشبووی مەلا محەمەدی مەلا عەلی، خوالێخۆشبووی مەلا محەمەد ئەمین مەلا مستەفا عاسی، حاجی مەلا ظاهری مەلا صادق، مەلا ئەنوەری شیواشانی، مەلا علی حاجی توفیق، مەلا سەدری مەلا سالحی خەتیب، مەلا محەمەد ئەمین کەریم کانی رەشی، مەلا فەتحوڵڵا عەبدولکەریم، شێخ حیسامەدین تاڵەبانی.

ئەو ساڵە دوای گرتنی مەلاکان وا رێك کەوت چووم بۆ سلێمانی، برادەران وەزعی کۆیەیان لێ پرسیم ، پێم گوتن ئێستا لە کۆیێ خەلق بە بانگی کەڵەشێر نوێژ دەکەن چونکە مەلای تێدا نەماوە بانگ دات.

هەڵوەستی تێکڕای مەلایانی کوردستانیش ئەوە بوو لە ساڵی ١٩٦٦ بە بۆنەی ئاهەنگێکی دینییەوە (عبدالسلام عارف) ئەغڵەب مەلاکانی لە بەغدا کۆ کردنەوە و گوتاری پێ خوێندنەوە. ژمارەیێکی زۆریش لە مەلاکانی کورد هێنرابوون بەو نیازە قسەکانیان بە رادیۆ بڵاوکرێتەوە، ئیتر یا بە ترس یا بە تەماع لە قسەکاندا شۆڕشی کورد تاوانبار بکەن. ئەوەی رووی دا شتێك بوو دژی هەموو حیسابێکی (عبدالسلام). یەکێك لەو مەلایانەی کورد کەرتی وشەیێکی لە زاری دەرنەچوو (عبدالسلام) پێی خۆش بێ، تێکڕایان داواشیان لە حکوومەت کرد ئاشتی بنێتەوە لەگەڵ شۆڕشگێڕانی کورد. هەرچەند مەرج نییە مەلایێکی ١٤٠ ساڵێك پێش ئیمڕۆ خۆی کردبێتە (قدوة) بۆ مەلاکانی ١٤٠ ساڵ دواتر، بەڵام کە بەڵگەیێکی (قطعی) نەبوو ئیسپاتی لە یەکدی دوورکەوتنەوەی رەفتاری باپیر و نەوە بکا لە گوتەی دەماودەم بەولاوە، لە هەمان کاتیشدا گوتەی بە (منطق و ئیقناع)یش هەبێ وا راگەیەنێ نەوەکان رەفتاری باپیریان دووبارە کردبێتەوە، پتر بە دڵەوە دەنووسێ لە رابردوودا ئەوە روویدابێ کە نیسبەتی باپیر و نەوە داخوازی دەکا.

بە هەمە حاڵ مەلای خەتێ یا بە رەزامەندیی پاشای کۆرە فەتواکەی داوە یا لە دژی ئەو. ئەگەر بەرەزامەندیی پاشا بووبێ چ گلەیی نایێتەوە سەر مەلا. خۆ، لە فەرزی (مستحیل) ئەگەر لە خۆوە فەتواکەی دابێ دیارە لە نەزەر گیانی نیشتمانپەروەری کوردا دەبێتە جێی گلەییی زۆر گەورە، بەڵام ئەوساش گومان لەوەدا نابێ کە لەبەر مەحزی باوەڕی دینی کارەکەی کردووە، پوولێکی لە کەس وەرنەگرتووە. بە پێی باوەڕی خۆی شمشیر هەڵکێشان لە رووی خەلیفەی ئیسلام کارێکی ناجایەز بووە. ئالێرەدا نیشتمانپەروەری و دینپەروەری لە یەکدی دەترازێن جا هەر لایەکیان چ

دەلیلێك دێنێتەوە با بێنێتەوە بۆ راستی و دروستیی باوەڕەكەی. مەبەس ئەوەیە بۆ خوێنەری روون كەمەوە ئایا دەشێ دینداریی مەلای ئیبنو ئادەم بێ سێ و دوو روو لە نیشتمانپەروەری بكا وەیا بیری كوردایەتی بخاتە مێشكانەوە!

نەك هەر ئاین بەڵكو هەموو باوەڕێك كە لە سەرچاوەیێكی غەیری نیشتمانپەروەرییەوە هەڵبقوڵێ مومكینە لەگەڵ نیشتمانپەروەری سادە و بێ تەئویلدا نەگونجێ. لەوەش زیاتر دەتوانم بڵێم، ئاین هەڵدەگرێ رێگا بدۆزێتەوە لە ئایەت و حەدیس و فەتوای موجتەهیدەكان بۆ ئەوە لە كاری دونیاییدا كنارەگیربێ و لێی بەدەنگ نەیێ، وەك ئەوەی پەیڕەوی (لكم دینكم ولي دين) بكا، بەڵام باوەڕەكانی سیاسی كە لە سەرچاوەی تایبەتی خۆیانەوە هەڵدەستن رێبازی ئەوتۆ نادۆزنەوە لە فەلسەفەكەیان فەتوایان بۆ بدا لەتەك هەڵوەستەكانی نیشتمانپەروەریدا كنارەگیری بكەن و مەیدانی بۆ بەجێ بێڵن. فەلسەفەی سیاسی بەدرێژاییی كات و لە هەموو هەڵوەست و مەیدانێكدا خۆ زاڵ دەنوێنێ بەسەر بیر و باوەڕی غەیری خۆیدا، بەڕادەی بوونی گیانی شۆڕشگێڕیش لە فەلسەفەدا لایەنی تاوانباركردنی غەیر بەهێز دەبێ تێیدا. هەموو لە بیرمانە ئەو ساڵە كە كۆماری مەهاباد لەناوچوو سەرۆكەكانی خنكێنران چەندین رۆشنبیری كورد دەیانگوت و دەیانگوتەوە لەناوچوونی كۆماری مەهاباد رووداوێكی باش بوو چونكە خزمەتی ئاشتیی جیهانی كرد. ئەمەیان دەگوت نەوەك گلەیی بكرێ لەبەرەی سۆشیالیزم كە مەهابادی نەپاراست. بەزاری كەسیشدا نەهات بڵێ كە پاراستنی ئاشتی ئەو پێویستە بوو، دەبوا لەپێشەوە بەرەی جەنگخواز نەورووژێنن بە دروستكردنی كۆماری مەهاباد، هەر نەبا ئەو قوربانییانە لە كیسەی كورد دەمانەوە. بێگومان باوەڕێكی سیاسی ئەو تەئویلەی دێنایەوە بۆ شیرنكردنی تامی كارەساتەكە لە زار و گەڵوی كورد. لەمەشدا هەموو لایەنە سیاسییە شۆڕشگێڕەكانی كوردستان یەك دەنگ بوون. بۆ ئەوە تەمێكی تاریك و بێ لزووم بە دەوری نووسینەكەمەوە نەمێنێتەوە دەربارەی رووداوی مەهاباد لێرەدا ئەوەندەش دەخەمە سەر قسەكانم و دەڵێم بەلای باوەڕی خۆمەوە چ گلەیی ناكرێ لەبەرەی سۆشیالیزم لەوەدا نەیتوانی یاخود نەیویست بە ئەركێكی زل كۆماری مەهاباد بپارێزێ، بەڵام ئەگەر كورد پێی كرابا كۆمارەكەی بپارێزێ دەبوا بیپارێزێ وەلەو دە جارانیش شەڕی گەورە یا گچكە لەو پاراستنەدا پەیدا بووبا. هیچ میللەتێك ئامادە نییە خۆ بكاتە (مسیح)ی سەردەمی چەرخی بیستەم لە پێناو جیهاندا، بۆ دەبێ كورد خۆ

بکاتە (مسیح). خۆ کردنە (مسیح) کاری ناچارییە.

هەر لەو هەڵوەستانەدا کە بیری نیشتماپەروەری لەگەڵ فەلسەفەی تردا یەکدییان نەگرتووەتەوە ئەوە بوو لە دەوروبەری راپەڕینەکەی ۱۹٤۸ کە پێی گوترا (وثبة) نامێلکەیێك دەرچوو، وا بزانم کوردیش دەری کردبوو، بەلای خۆیەوە ئیسپاتی ئەوەی کردبوو کورد (ئوممەت) نییە، دیارە کە کورد ئوممەت نەبێ مافی ئەوەی نامێنێ خەباتی قەومی بکا. بێگومان فەتوای وەها گەلێك کوشندەترە بە نیسبەت چارەنووسی کوردەوە لە فەتواکەی مەلای خەتێ ئەگەر بووبێ و ئەگەر نەبووبێ. دیارە خاوەنی نامێلکە رەچاوی ئەوەی کردووە بوونی خەباتێکی قەومیی کورد بزووتنەوەی چینایەتیی عیراق کەرت دەکا. لێرەدا ئەم فەلسەفەیە نەك هەر رێك ناکەوێ لەگەڵ بیری نیشتمانپەروەری، بەڵکو هەندەی خۆ دوورخستووەتەوە لێی چووەتە ریزی دوشمنە هەرە گەورەکانیەوە. وەك ئەم نامێلکەیە، تێکدانی قەبری عەلی کوردی و خێزانەکەشی کە بە وەسیەتی خۆیان لە حەمرین هەڵنرابوون ئەویش لەو فەلسەفەوە هەڵستاوە کە پاراستنی یەکیەتی خەباتی چینایەتیی عیراق بەر لە هەموو ئامانجێکیەوە دێ.. نازانم بە دوا تێکدانی قەبرەکان تەرمی مێرد و ژن چین لێ هات.

دەوجا لێت مەعلووم دەبێ دینداریی مەلای ئیبنو ئادەم لە خۆوە نابێتە سەرچاوە بۆ بزافتنەوەی هەستی نەتەوایەتی لە دەروونی خەلقدا. فکری نیشتماپەروەری دروشم و رێبازی فەلسەفە و باوەڕی تایبەتی خۆی هەیە لە نەزەر فەلسەفەی دیکەدا کز نابێتەوە، رەنگە لەگەڵیان رێك کەوێ و رەنگە رێك نەکەوێ. لەبەر ئەوە تا ئیمکان دەبێ بگوترێ مەلای ئیبنو ئادەم کوردایەتیی کردووە و گیانی نیشتمانپەروەریی هەبووە بە واتای کوردستانپەروەری دەبێ بەڵگەی قەتعی و رابەر پەیدا بێ کە ئەم لایەنە بسەپێنێ. پیووریتانیزم و عەلەیهی درای ئەفسانە و خراپە کە بۆ خۆیان جێی پێوە نازینن نابن بە کوردایەتی هەروەك لە وڵاتێکی دیکەدا نابن بە تورکچیەتی وەیا رووسپەروەری.

ئاخۆ لە نووسینەکانی ئیبنو ئادەم چیی ئەوتۆمان بەدەستەوەیە کە کوردایەتییەکی ئاشکرای تێدابێ؟ یا ئەگەر کوردایەتیی سەریحیش نەبێ، لە جغزی ئاین دەرچووبێ و گەیشتبێتە سنووری بەرژەوەند وەیا فەلسەفەیێکی دونیایی؟ وە نییە من هەموو وەیا زۆرینەی نووسینەکانی ئیبنو ئادەمم دیبێ بەڵام لە دەستنووسێك کە ئەسڵەکەی مەلای ئیبنو ئادەم خۆی لە ۱۲۳٤دا نووسیوەتی و ناوی هەموو تەئلیفەکانی خۆی تێدا

هـێنـاوە و کـورتـەیـێکـیش لـە سەرگـوزەشتـی خـۆی دەگـێڕێتـەوە، دەردەکـەوێ لـەو نووسینانەیدا بەولای دین و مەوزووعەکانی خوێندنی مزگەوتەوە نەڕۆییوە، با لەو مەیدانەشدا لە مەلای دیکە و غەیری مەلایانیش ئازاتر و خواناستر و زاناتر بێ. لە عاست حەقیقەت شەرم و ترس جێی نابێتەوە، حەقیقەتیش ئەوەیە لەوەندەی بیستوومە و بە خوێندنەوە دیتوومە، تا ئێستا، لە پاشماوەی ئیبنو ئادەم شتەکم پێ گەیشتبێ مەلایەتیی بێ هەمتا و ئاینی پاك و سروشتی چاك و دڵی ئازا بووە.

بەڵام چاکتر بۆ من و نووسینەکەم ئەوەیە بڕیاری پێشەکی نەدەم، ساغکردنەوەی مەبەس بدەمە دەست تۆژینەوە و چی لە بن بێژنگی تۆژینەوەدا مایەوە ئەوە ببێتە کاکڵ و ناوەڕۆکی هەوڵ و تەقەڵلام. لەگەڵ ئەمەشدا رەنگە ناوناوە خامە پەلەم پێ بکا و وردە بڕیاری یەکجارەکیم پێ بدا، تۆ ئەم بڕیارە سەر پێییەم لەسەر حیساب مەکە و لێم بە پشوو بە تا کۆتاییی شیکردنەوەی باسەکە.

دەنگ و سەدای کردەوەکانی ئیبنو ئادەم لە چاو پیاوانی تری وەك خۆی گەلێك پتر دێتە بەر گوێیانەوە. دەنگێکی یەکجار ئاشکرای یەکێك لە گوتەکانی کە وا بەولای دینداریی رووتەوە چووبێ ئەو دەنگەیە لە سێ بەیتی مەشووریەوە هەڵدەستێ کە کەوتوونەتە ریزی کەلەپۆری زۆر بە نرخی کوردییەوە و گیانێکی بەرچاوی ئازایی و ناڕەزایی لێیانەوە دەدرەوشێتەوە. کە سرنجێکی ورد لە بەیتەکان بگرین دەبینین یەکەم و دووەمیان رەخنەکارییێکی نەبەردانەیە لەگەڵ ئاسماندا، بەڵام بەیتی سێیەم لەگەڵ نرخی تایبەتی خۆیدا پارسەنگکردنێکی رەخنەکەیە لەو رووەوە هۆیێکی بەهێزی رازی نەبوون و رەخنەگرتن بەدەستەوە دەدەن. واتە ئیبنو ئادەم دوای ئەنگوست لە چاونانی ئـاسمـان دەرحـاڵ کـارەساتـێکی وەهـا دەکـاتـە عوزری رەخـنـەکاری کە هـیـچ قسە و گلەییان بۆ ئاسمان ناهێڵێتەوە. سێ بەیتەکە ئەمانەن:

هـەوران کـردە گـۆڵـە گـۆڵ
مـیـکـائـیـلا ئـەتـۆش دەی
تـووتـن و مـاشان بـڕشێنـە
دەبا نۆش بێتە سەر دەی
رۆمـی ئـەوا پـەیـا بـوون
تـوبـخـانـان دەکـەن (طی)

بەیتەکان لە رووی باوەڕی ئاینەوە جورئەتێکی ئاشکرایان تێدایە ئەگەر لەبەر تیشکی دینداریی کلاسیکی کۆنی رازی بوون بە قەزاوقەدەر تەماشا بکرێن، چونکە هەر لە هەورەوە کە جاران بە زاهیرەییێکی ئاسمانی دادەنرا تا فرشتەی میکائیل کە فەرمانبەری یەزدانە، تا ڕشاندنی تووتن و ماشان، تا هێنانی نۆ بۆ سەر دە هەموویان گلەیی و نارەزامەندییە کەم وایە پیاوی ئاین خۆی لێ دابێ هەر نەبێ لەبەر خۆپاراستن لە تانە و توانجی ئەم و ئەو، زۆر بە سادەیی گوتوویانە لە فەرزی مافی گلەییکردنیشمان هەبێ لە کارەساتی زەمانە خۆ گلەییکردن چ سوودێکی نییە، بێ دەنگبوونیش چ تاوانێکی تێدا نییە، کەواتە سەلامەتی لە بێ دەنگیدایە. زۆریان، یاخود زۆرینەیان، لەسەر ئەو رێگەیە رۆیشتوون کە ئەم بەیتەی شێخی سەعدی نەخشەی دەکێشێ:

بەهەمە حال شکر باید کرد
کە مبادا ازین بتر گردد

واتە (لە هەموو حاڵێکدا دەبێ سپاسگوزاری بکەین نەوەك لەوە خراپتر بێ).

جورئەتی سێ بەیتەکە لە مەلای ئیبنو ئادەم دەوەشێتەوە و رێك دێ لەگەڵ ئەو کردەوانەی کردوونی لە دژی کەسانێك بێ شەرعییان کردبێ. نامەوێ بچمە ناو موناقەشەی باوەڕی ئیبنو ئادەم دەربارەی (جبر و اختیار) چونکە زۆر دوورمان دەخاتەوە لە مەوزووع و کاتێکی دوور و درێژیشی دەوێ تا لێی دەبینەوە.

بە هەمە حاڵ ئەم سێ بەیتە بە هەموو ئازایی و ئازادیی باوەڕەوە کە تێیاندا چی ئەوتۆ بەرەو بیری نیشتمانپەروەری سادەی نابەن، چونکە داد و فیغانی ئەو بەیتانە لە دەست رۆمییان بۆ کتێبخانانە نەك بۆ فۆتانی مافی نەتەوایەتیی کوردە. رەنگ بوو ئەگەر چەند بەیتێکی دیکە بە دوا ئەمانەدا هاتبا و باسی زوڵمی جۆر جۆری تورکانی کردبا، لەو ناوەدا تووشی شەکواییێکی کوردانە هاتبابن، بەڵام لەو سێ بەیتە بەولاوە هیچمان لا نییە و لە کەسم نەبیستووە چی دیکەی لابێ(١٧).

---

(١٧) لە هاوینی ١٩٧٣دا دوای (کۆڕی شەقلاوە) کە بۆ لێکۆڵینەوە لە گیروگرفتی کتێبەکانی قوتابخانەی کوردی بەسترا، سەردانێکی باڵەکەتیم کرد، لە گەڵاڵە چوومە دیدەنیی جەنابی مەلا وەیسی کە لە نەوەی ئیبنو ئادەمە و پێشتریش بە نامە و راسپاردە لە یەکتر خەبەردار بووین، لەم سەردانەدا تەواوێك لە بارەی ئیبنو ئادەمەوە دواین. سەیر لەوەدا =

لێرەدا هەڵوەستێك پێویستە. لە ژمارەیێکی گۆڤاری (هەولێر) گوتارێك بڵاو کرایەوە دوو بەیتی ئیزافەی سەر ئەم سێیانە کردووە و سەر جوملەی گەیاندووە بە پێنج. دوو بەیتەکە ئەمەن:

میری سۆران و بۆتان لە ناو چوون لە دەسیسەی
کوردستانمان چی لێ هات کوردان بۆ ماتن تا کەی

راستییەکەی، کە ناچارم دەبێ بڵێم بێ ئەوە ناوی کەس بێنم، ئەم دوو بەیتە پێوەندی نە بە مەلای ئیبنو ئادەم نە بە کەسێکی دیکەی سەردەمی ئەوەوە هەیە، ئەگەر ئیبنو ئادەم دانەری سێیەکەی تر نەبێ. هەر دوو بەیت هەڵبەستراون و خراونەتە سەر سێیەکەی رەسەن. نەختەك سرنج لە شێوەی ئەم دوو بەیتە و هەندێك بەراوردکردنیان لەگەڵ سێیەکەی تردا، دەستکاری و هەڵبەستنەکە بۆ هەموو چاوێکی شاعیرانە دەردەخا. نووسەری گوتارەکە چ گلەییی لێ ناکرێ لە نووسینیان چونکە هەمووی بیستوون و چ هۆیەکیشی لا نەبووە گومان بکا لە رەسەنیی هەندێکیان، تەنها ئەوەندە گلەیەی لێ دەکرێ کە چاوی هەڵەنگووتووە لە جەمسەری پێکدا دروانی سێیەکەی سەرەتا لەگەڵ دووەکەی کۆتایی چونکە دەم و دوویان هەند لە یەکدی دوورە هەر دەڵێی جۆگەلە ئاوێکی روون و یەکێکی لێڵن دەگەنەوە یەکدی و تا ماوەیێك تێکەڵی یەکتر نابن و لەوانەن ببرێنەوە بۆ سەرچاوەکەیان.

بەڵام لە تەك ئەو بۆرە گلەیەدا نووسەری گوتارەکە کە خۆی کۆییە، عوزرێکی دیکەی بە دەستەوەیە، لێشی دەسەلمێنرێ، ئەویش وەك زوربەی رۆشنبیر و خوێندەواری کۆیێ حەزی بەوە کردووە نیشتماپەروەریی حاجی قادر لە تێکڕای رێبازی عومریدا درێژاییەکی زیاتری گرتبێتەوە لەو ماوەی ژیانی لای بەدرخانییەکان، رەگی کوردایەتیشی قووڵتر بووبێتەوە بۆ ناو دەروون و سروشتی لەوەندە قوڵاییەی کە خەباتیساڵەکانی عومری لە ئەستەمبۆڵ رای دەگەیەنن، چونکە گومان نییە تا لە زووترەوە کوردایەتیی کردبێ خەباتەکەی پتر دەبێتە شیرمژی کۆیێ.

= بوونە مەلا وەیسی و نە هاوڕێکانی کە خەلقی باڵەکەتین و هەندێکیان خزمی مەلا وەیسی بوون یەکیان ئەم سێ بەیتەیان نەبیستبوو. من لێرەدا هیچ گومانێکم بۆ پەیدا نابێ لە نیسبەتی بەیتەکان بۆ مەلای ئیبنو ئادەم چونکی لەو جۆرە هەڵکەوت و رێکەوتانە شتی زۆرم بیستووە، تەنانەت وا بووە گوتەیێکی باوکم لە زاری خەلقەوە بە خۆم گەیشتووەتەوە.

باوەڕ دەکەم گەلێك کۆیی پێی خۆش بێ حاجی قادر هەر لە منداڵییەوە کوردایەتیی کردبێ و پەك لەسەر هێندێ نەکەوێ داخوا مەلای ئیبنو ئادەم چیی گوتووە و چۆن پیاوێك بووە و گوتەکانی چ وتارێکی هێناوە بۆ سەرگیان و بیر و باوەڕی حاجی قادر. مەیلی وەها دڵسۆزانەی مرۆڤ بۆ هەبوونی هۆی شانازی لە مەفتەنەکەیدا تا بڵێی پەسەند و پیرۆزە، بەڵام لە عاست حەقیقەتدا نابێ ورتەی لێوە بێ.

کەواتە ئەو دوو بەیتەی کۆتاییی پێنج بەیتەکان ڕەسەن نین و هەڵبەستراون و بەدوا سێیەکەی ڕەسەندا قەتار کراون. پێویست نابینم بە دوا چۆنەتیی هەڵبەستنیان بکەوم، هەر ئەوەندە دەڵێم با خوێنەر دڵنیا بێ لەوەدا کە مەبەس لە هەڵبەستەکە خزمەتێك بووە بۆ پایە و شۆرەتی حاجی قادر و بۆ پتەوکردنی بنجی کوردایەتییەکەی، کە ئیسپات بێ لە ئیبنو ئادەمەوەیە.

جگە لەوەی تا ئێستە گوتم، بەڵگەی زیهنی و مەنتیقیش هەن بۆ سوورکردنەوەی ئەوە کە مەلای ئیبنو ئادەم لە ڕێی دینداریەوە دەستی بۆ کاربارى دونیا درێژ کردووە، ئەگەر کوردایەتییێکی ڕاستەوخۆ و سەر بە فەلسەفە و بیر و باوەڕێکی نیشتمانپەروەرانەی بێ تەئویلی کردبا دەبوا کۆمەڵێك لە شیعری سیاسیی هەبێ نەك تەنها ئەو دوو بەیتە (کە زانیمان ڕێك خراون و هی ئەو نین) هەڵبەستیشی لە دوا بەجێ نەمابا دەبوا، وەك چالاکییەکانی ئاینی، چالاکیی کوردایەتی و سیاسیشی لێ نەقڵ کرابا و دەماودەم بە ئێمە گەیشتبا هەروەك گوتە و کردەوەی دیندارانەی پێمان گەیشتووە، یاخود هەر نەبا لە نووسینی پەخشانی چەند رووپەڕەییێکمان بەدەستەوە با.

کوردی دەڵێ بە گوڵێك نیسان نابێ. گریمان ئەو دوو بەیتە دەسکردە بە گوڵیش حیساب کەین بۆ لەحزەییێك، هەر دەبنەوە بە گوڵی نایلۆن و بەدەستمانەوە وشك دەبێ چونکە نیسانی ڕاستەقینەی بەهار بە ئەنواعی گوڵ و لالە و نەرگز خۆ دەنەخشێنێ، کە ئەو نەخش و ئارایشتە نەبوو دەبێ ئەو تاکە گوڵەش دەسکرد بێ نەك زادەی بەهار و سروشت.

لەمەش زیاتر دەتوانین لە مەوزووع هەڵکرێنین بە سرنجدان و لێکدانەوە، عەجەب نەدیترا و نەبیسترا پێش حاجی قادر یا لەگەڵ ئەودا چ کەسێك لە دەوروبەری مەڵبەندی ئیبنو ئادەم لەو فیکرە میللییە سوودی وەرگرتبێ و دوو بەیتی بەسەر زماندا هاتبێ لە کوردایەتیدا چ بەهەڵبەست بێ چ گوتەچ پەخشان؟ بۆ دەبێ کوردایەتیی ئیبنو

ئـادەم ساڵـەهـای ساڵ بـن بـوو بـێ و کـەس ئـاوازێکـی نـەگـوتـبـێتـەوە و تـەلـێکـی نەلەراندبێتەوە تاکو حاجی قادر بەرێکەوت دەچێتە باڵەکەتی و لە دەمی ئەم و ئەوەوە دوو سێ بەیتی مسڵمانانە و دڵپاکانە، با بڵێین کوردپەروەرانە، دەبیێ و دەبنە هەوێنی رۆحی نیشتمانپەروەری، بۆ یەکەم جار، لە وێژە و شیعری تازەی کوردیدا و بناغەی بیری سیاسی و هەستی بە خۆنازینی میللی لەو رێیەوە لە ناو کوردان دەچەسپێ؟ لەبەر چاوی من رێکەوتی وەها لە کاری سیحر دەچێ وەك لە حیکایەتان دەڵێن فلانە تەڵەسم بە ناوی فلانە پاڵەوانەوە بەسترابوو تا بە خۆی و ئیسمی ئەعزەم و رەخش و شیریەوە نەهات دەرگای نەکرایەوە و نهێنییەکانی دەروونی ئاشکرا نەبوون. زەحمەتە رووداوی وەها لە جەرگەی واقیعەوە هەڵقوڵێ.

کە ئەمە دەڵێم دەزانم پێشتر تاقە سوارەی وەك ئەحمەدی خانی هات و چەند سەد ساڵێك بەدوا ئەودا کەس نەهات، هەر حاجی قادر خۆی ژیا و مرد و دەیان ساڵ بەسەر مردنیدا تێ پەڕی بەر لەوە شاگردێکی ئەو پەیدا بێ، کەواتە لە زاهیردا رێی تێ دەچێ مەلای ئیبنو ئادەمیش تاقە سوارێك بوو بێ وەك ئەحمەدی خانی، لە دەوروبەری خۆیدا کەس نەبووە هێندە ژیر و هەڵکەوتوو بووبی توانیبێتی خۆی بە تیشکی بیر و باوەڕی ئەو رووناك کاتەوە، بەو پێیە هاتنی حاجی قادریش بۆ مەڵبەندەکەی ئیبنو ئادەم دەبێتە رێکەوتنێکی خۆش کە نەیهێشت دەنگی ئیبنو ئادەم بێ سەدا بڕوا و ون بێ. بەڵێ دەشێ شتی وەها بگوترێ، وا من شتەکم گوت ئەگەر کەسی دیکەش نەیڵێ و نەیگوتبێ. بەڵام لە چەند سەرێکەوە قیاسی حاڵەتی ئیبنو ئادەم لە هی ئەحمەدی خانی و حاجی قادر دوور دەکەوێتەوە نەك نزیك دەبێتەوە. ئەحمەدی خانی و حاجی هەردووکیان بەڵگەی کوردایەتی و بیری میللییان لەگەڵ خۆیانە و پێویستییان نییە بە (استدلال) و سرنج گرتن و بەدوادا گەڕان. نەهاتنی کەسی وەك خۆیان بە دوایاندا، تـا مـاوەیـێکـی زۆر درێژ یـا کـەم درێژ، نـابـێتـە بـەڵگـەی خـەریك نـەبـوونـی ئـەوان بـە کوردایەتییەوە، چونکە خەریکبوونیان بە ژووررووی بەڵگانەوەیە راستییێکی بێگومانە. نەهاتنی کەسی ئەوتۆیی بە دوایاندا دەبێتە بەڵگەی زێدە گەورەیی و پێشکەوتوویی ئەوان لە چاو کات و خەلقی سەردەمی خۆیان و دوای خۆیانیشەوە. با واز لە دەلالەتی حاڵی خانی بێنین و بە حاجی قادرەوە بلکێین(١٨):

(١٨) لێرەدا جێی بەراوردیکردن لە میانی خانی و حاجیدا نابێتەوە لە رووی پایەی تێ هەڵکشانیانەوە لە خەباتی سیاسیی کوردایەتی، زۆر بە کورتی و سادەیی ئەوەندە =

حاجی بۆ خۆی دەبێتە مانیع لەوەدا بکرێتە جێگەی (قیاس) بۆ بەهێز کردنی ئیحتمالی ئەوە کە مەلای ئیبنو ئادەم وەك تاقەسوار لە سەردەمی خۆیدا کوردایەتیی کردبێ، چونکە حاجی قادر لە باڵەکەتییەوە نەکەوتە سەر خەیاڵی کوردایەتی تا ببێتە بەڵگەی کوردایەتی بۆ ئیبنو ئادەم، وەك لێرە بەدواوە لێی دەدوێم حاجی لە دەرەوەی کوردستان و لە زەرفێکی پێشکەوتووتر تا زەرفی کوردستان کەوتە سەر فکر و بیروباوەڕی سیاسیی خەست.

بەڵێ بێگومان، لەو باوەڕەدام، ئەوەی پێی بگوترێ باوەڕی خاوێن و رەوشتی پاك و کردەوەی چاك و بەرهەڵستیکردنی بێ دینی و ستەم، راستەوخۆ لە خەبەرانی ئیبنو ئادەمەوە هەڵدەستن وەك تیشك لە چرا هەڵدەستێ، ئەمانەش سامانێکی ئەدەبی و روحیی کەم نین، نەخێر یەکجار زلن و لەوانەن ببنە پاڵپشتی مەیل و لایەنگیری بۆ چاکە لە دڵ و دەروونی مرۆڤێکی وەك حاجی قادردا و تیژتر و ئازاتری کەن لە عاست تەڵەکەبازی و شەعبەدەدا. دەتوانین بڵێین ئیبنو ئادەم بە رەوشت و کردەوەی خۆی زەویی هەموار کردووە بۆ لێڕوانی تۆی راستی و چاکە لە سەردەمی خۆی و دواڕۆژدا، بەڵام ناتوانین لەوەندەڕا بڵێین پەیامی کوردایەتیی بە خەلق راگەیاندووە. هەر نەبێ نەبیستراوە رای گەیاندبێ.

وام تێ مەگە بڵێم مەلای ئیبنو ئادەم لەسەر خەتێکی باریکی سنووری میانی حەقپەرستی و کوردایەتی راوەستاوە و ئەو راوەستانەی بە بەریەوە نەبووە شوێنپێیەکی یا سێبەرێکی خستبێتە ناو جغزی کوردایەتییەوە، ئەوەی راستی بێ تۆژینەوەم گەیاندوومی بە دۆزینەوەی شوێنپێی ئیبنو ئادەم لەسەر چەقی رێبازی کوردایەتیدا بەڵام شوێنپێیەکە بەرهەم و ئەنجامی پەیڕەویکردنی فەلسەفەیێکی سیاسیی سەر بە کوردایەتیەوە نەبووە بەڵکو لە شەقامێکی ترەوە هەنگاوی هەڵێناوە و بە ئاسایی لە سنووری حەقپەرستی رووتەوە و بێ مەبەسێکی مادیی دونیایی و

= راستییە لێرەدا دەردەبڕم کە دەڵێم خانی وەك (مفکر) بۆ بیری کوردایەتی چووە، زەرفی مێژوویییش یارمەتیی نەداوە بیروباوەڕەکانی بکاتە بانگهێشتن بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی. حاجی کە خۆی بە قوتابیێکی خانی ژماردووە لەبەر زۆر هۆی تایبەتی کە لە سەردەمی خانیدا پەیدا نەبووبوو لە پلەی پەند و ئامۆژگارییەوە تێپەڕی بۆ قۆناغی هاندان و داواکردنی خەباتی چەکدار لە میللەتی کورد بۆ وەدەستهێنانی مافەکانی خوراوی.

فەلسەفی، چووەتە ناو کوردایەتییەوەی مەلای ئیبنو ئادەم بە هۆی دڵی هۆشیار و فکری حەقپەرستییەوە گەیشتووەتە ئەم راستییە کەوا لە دەربڕینی کوردبوون و نووسینی کوردی و هێنانی ناوی کوردستان هیچی ناجایەز پەیدا نابێ و چ (بدعة) روو نادا. لەم مەیدانەدا گاڵتەشی بەو کەسانە کردووە، نەخێر تاوانباری کردوون، کە بەلایانەوە نووسینی کوردی کارێکی ناڕەوایە. دوای کەمێکی تر ئەمەت بۆ روون دەکەمەوە.

ئەم هەنگاوە زلەی مەلای ئیبنو ئادەم بەرەو راگرتنی کورد لە ریزی میللەتانی تردا تاکە هۆی بلیمەتی و حەقپەرستی خۆی پێی هەڵێناوە، لە هیچ فێرگەیێکی سیاسیی سەردەمی خۆی و پێش خۆیەوە فێری هەڵێنانی نەبووە. وەنییە منیش بە لێکدانەوە و سرنجگرتن لە هێمای کردار و گوفتاری ئیبنو ئادەم گەیشتبمە قەناعەت بە بوونی ئەو هەنگاوە لە رەوتی ئەودا، خۆی بە نووسین و سەراحەتی پاتەوپات راستییەکەمان دەخاتە بەردەست و چاوان. لەم مەیدانەدا بە دواداگەڕان گەیاندمی بە دەسکەوتێکی زل لە کەلەپۆری ئیبنو ئادەم کە تا ئێستا وەك گەوهەری شرایەوە وابووە دەنگ و ناوێکی نەداوەتەوە. ئێرەکانە هەموارترین و لەبارترین جێگەیە بۆ کردنەوەی ئەم رووپەڕە پیرۆزە لە دەفتەری ژیان و بلیمەتیی ئیبنو ئادەم.

بۆ یەکلاکردنی پلەی تاو و تەئسیری ئیبنو ئادەم لە ویژدانی حاجی قادردا، لە زیمنی پەلەفرە و تەقەللای وەدەستهێنانی مەعلوماتی پێویست، خواهشتی فریاکەوتنم لە مامۆستا مەلا وەیسیی کوڕی مەلا عەبدوڵلا کرد کە خۆی لە نەوەی ئیبنو ئادەمە. لە سەرەتاوە بە نامە، دوایی بە ناردنی کتێبێك لە دانان و نووسینەوەی ئیبنو ئادەم فریام کەوت و بەمەدا یەکجار منەتباری کردم و خزمەتێکی زلیشی پێشکەش بە مێژووی گشتی و هی تایبەتیی کورد کرد.

کتێبەکە لەژێر ناوی (مشكاة المنقول)دا چەند مەبحەسێکی لە زانستەکانی ئیسلام تێدایە کە ئیبنو ئادەم خۆی دای ناون، لە کۆتاییی کتێبەکەدا، وەك دوا ئاڵقەی زنجیرەی باسەکان، نامێلکەیێکی عەرەبی بە سەرەتایێکی فارسییەوە شەرح و سەرگوزەشتی ئیشکالێك دەگێڕێتەوە کە بە (عويصة) ناوی دەبا و لە بنەڕەتدا (ابن كمال) دایناوە و بە جۆرێکی یەکجار زەحمەت و سەخت ئایەتی (لا تَخشَوُن)ی پێ شی کردووەتەوە. لە کنارێکی نووسینەکە ئیبنو ئادەم دەفەرموێ هەوەڵ جار لە شەوی هەشتی شەوالی (١٢٠٥)ی کۆچی لەبەر شەوقی مانگ گرێی ئیشکالەکەی

ڕەواندووەتەوە و لە ڕۆژی (عرفە) کە دەکاتە (٩)ی شەوالی ١٢٠٥ پاکنووسی کردووە بـەڵام دوای دوو ساڵ سەرلـەنـوێ نـووسیـوەتـیـەوە و خستـووەتـیـە سەر زنجیـرەی نووسینەکانی (مشکاة المنقول). لە پێشەکییەکەی فارسیدا دەڵێ لە (قریە اولز – واتە وەڵزێ – از قرای کردستان) بووە کە (عویصە)کەی بۆ هاتووە. بەدوا ئەوەدا ناوی (عبدالرحمان پاشای بابان) دێنێ و شاری سلێمانیش بە (مقر سلطنة کردستان) دادەنێت. دەبینی لە پێشەکییە فارسییەکەدا دوو جاران ناوی کوردستان دەبا.

ئیبنو ئادەم لە پەڕاوێزی شەرحەکەی عەرەبی ڕستەیێك دەنووسێ من لێرەدا وەك خۆی بێ زیاد و کەم دەیهێنمە بەرچاوی خوێنەر تاکو بێ تەرجومان و بە جۆرێکی ڕاستەوخۆ گەرمایی و سۆزی نووسینەکە بێنە بەر هەست و زانینەوە:

(ومن العجب انی سمعتُ أنه شُنِّعَ علي بان الديباجة كردية فصدق عليهم المثل الكردى السائرُ هم كبيضة خرجوا من قشرها...).

لە پەڕاوێزەکە هەر هێندەمان مەبەستە لێرەدا کە پێوەندیی بە گیانی کوردایەتیی ئیبنو ئادەمەوە هەیە، واتاکەشی بە کوردی ئەمەیە (سەیر لەوەدایە کە لێیان بە عەیب گرتووم پێشەکییەکەم کوردییە، بەوەدا ئەو گوتەیەی کوردیمان لێ بە ڕاست گەڕا کە دەڵێ وەك هێلکە لە قەپێلکی خۆیان دەرچوون..).

سەیری چەند زیرەکانە و زانایانە و دڵسۆزانە لە زەمینەی دیفاعکردن لە نووسین بە زمانی کوردی، هەر بە پەندی کوردی، ئەو کەسانە ریسوا دەکا کە کوردن و شەرمیان دێتەوە لە زمانەکەیان.

ئەم نووسینەی ئیبنو ئادەم کە لە ١٢٠٥دا نووسراوە شەش ساڵان دەچێتە پێش وەقفـنـامـەکـەی (عـبدالـرحـمـان پـاشای بـابـان) کـەوا بـەسەر کتێبـەکـەی (صحیح البخاری[١٩]) یەوە نووسراوە و ناو و سنووری کوردستانی قەڵەمڕەوی بابانی تێدا تۆمار کراوە.

لـزووم نـابـینـم مـن خۆ هـەڵقوتێنم لـە هێما و ڕاگەیـاندنی ئـەم نووسینـانـە چ لـە پێشەکییەکە و چ لە پەڕاوێزەکەدا، هەر ئەوەندە دەڵێم بەدەست خۆم نییە تا تێوەیان ڕادەمێنم ئیبنو ئادەمم بەلاوە زلتر دەبێ و خۆمانم بچووکتر دێتە بەرچاو کە هێندە نانکوێرین لەگەڵ مرۆڤی وا بێ هاوتاماندا. گیانی کوردایەتی و شۆڕشی کورد قەرزە

(١٩) بە زەنگۆغراف لە بەشی یەکەمی ئەم نووسینەدا بڵاو کرایەوە.

بەسەر شانیانەوە پەیکەرێکی سامناك بۆ ئیبنو ئادەم بەرپا بکەن لە شوێنێکی ئەوتۆی کوردستان یاخود هی باڵەکەتی کە وا پڕ بێ لە دەلالەت.. بابڵێین لەسەر چەقی ئەو شەقامەی کە دەنۆڕێتە خانووەکەی (قصر السلام).

بگەڕێینەوە بۆ پێشەکی و پەراوێزەکە.

زانیمان پێشەکییەکە بە فارسی نووسراوە، کەچی لە پەراوێزەکە وا دەردەکەوێ عەیبگرەکان کوردیبوونی پێشەکییەکەیان بە عەیب داناوە. تۆ بڵێی هۆی نەمانی ئەم پێشەکییە کوردییە چی بووبێ؟ بەلای هەندێك لەو کەسانەی کتێب و پێشەکی و پەراوێزەکەیان دیوە هەر پێشەکییە فارسییەکەیە وەك کوردی هاتووەتە بەر گوێی خەلق یاخود بە کوردی ناوی ڕۆییوە. من ئەم ئیحتماڵە زۆر بێ هێز دادەنێم چونکی سەرەڕای ئەوە کوردی بە فارسی لە قەڵەم نادرێ، هەر فارسییەکە خۆی لەوانە نییە لە سەرەتاوە پێشەکیی نووسینەکە بووبێ چونکە باسی دەنگدانەوەی نووسینەکە و دەمەتەقەی کە لەسەری هەڵستاوە دەکا. هەڵبەت دیارە فارسییەکە بە درەنگەوە نووسراوە، دەنا نەدەشیا شتی دواکات بە نیسبەت نووسینەکەوە باس بکا. وا دەزانم لەبەر هەر هۆیەك بێ، ئیبنو ئادەم کە دوای دوو ساڵ پاکنووسی کردووە پێشەکییە کوردییەکەی هەڵبواردووە و سەرلەنوێ بە فارسی پێشەکییێکی تازەی نووسیوە کە سەرگوزەشتی (عویصە)کە و ئەو ماجەرایەش دەگێڕێتەوە کە دوای شیکردنەوەی لە لایەن خۆیەوە لە نێوان مەلایان رووی داوە و هەندێکیان بە ناوی خۆیانەوە بڵاویان کردووەتەوە و خەڵات و بەراتیشیان پێ وەرگرتووە. دەزانم ئەم قسەیەم بە نیسبەت پرسیارەکەوە زۆر سافیلکەیە و یەکلاکردن و ساغکردنەوە و رەواندنەوەی گرێی ئیشکالی نەمانی پێشەکیی کوردی و گۆڕانی بۆ فارسی پتر لێکۆڵینەوە و زیهنکاری دەوێ، بەلاّم ئەوەی راستی بێ بۆ زەرفی ئێستاکەی من و باری نووسینەکەم نەدەست دەدا و نەئیمکانیش هەیە بایی پێویست خۆمی پێوە خەریك کەم و لێی بتۆژمەوە، هەر نەبێ لەبەر ئەوە کە بارستێکی زۆر لە نووسینەکەم دادەگرێ، گریمان بۆم لوا پێوەی خەریك بم و یەکلاشی بکەم. لەبەر ئەمە ئیشکالەکە دەهێڵمەوە بۆ دوارۆژ و هەلێکی لەبارتر. جارێ بەوەندە لێدوانە و خستنە بەرچاوە وازی لێ دێنم.

دەبینی شوێن پێی ئیبنو ئادەم لەسەر شەقام و ناو جغزی کوردایەتیدا هەموو چاوێك دەیخوێنێتەوە بەلاّم لەگەڵ ئەمەشدا دەبێ بسەلمێنین ئیبنو ئادەم لە مەڵبەندی حەقپەرستی و موسڵمانەتی و دڵ هۆشیاریی خۆیەوە گوزەری کەوتووەتە هەرێمی

کوردایەتی و لەم گوزەرەدا چ هاندەرێکی سیاسی پاڵی نەناوە و بە دەروونیشیدا خەیاڵی هەڵگێڕانەوەی کوردان لە دژی (خلیفە) تێ نەپەڕیوە، بەڵگەی ئەمەش هەر لە نووسینەکەی خۆی دێتە بەردەست چونکە ناوی (سلطانی عثمانی – کە ئەوسا سلطان سلیم بووە) بە حورمەتەوە دەبا.

بۆ پشوویێکی کورت با واز لە راگەیاندنی سیاسی و مێژوویی ئەو نووسینانەی ئیبنو ئادەم بێنم و دوو پەیامی سۆزناکی مرۆڤایەتییان لێ بگێڕمەوە، سۆزی پەیامێکیان بە نیسبەت خۆمەوە ئەوەی تریان بە نیسبەت هەموو کەسێکەوە کە پایەی بەرزی ئیبنو ئادەم بناسێ.

لە دوا پەڕی نامێلکەی کۆتایی زنجیرەی (مشكاة المنقول) رێکەوت و هەڵکەوتێکی هەست بزێوم کەوتە بەرچاو. ئەم پەڕە کاغەزەی کۆتایی کتێبەکە بە ئەسڵ نامەیێك بووە لە مەلا عەبدورەحمانی کاکی جەلییەوە، کە کوڕی مەلا عەبدوڵڵای کاکی جەلیی باپیرە گەورەی جەلیزادانە، بۆ مەلای ئیبنو ئادەم هاتووە. خەت و ئیمزای نامەکە دەستنووسی مەلا عەبدوڕڕەحمانن و بەلای ئێمەوە زۆر ئاشنان، هەڵبەت ناوەڕۆکی نامەکەش کە بە فارسی نووسراوە هەر زادەی دەروونی ئەوە. لەم نامەیەدا کاکی جەلی لە عادەت بەدەر پایە لە ئیبنو ئادەم دەنێ و هەڵی دەداتەوە. دیارە ئەم هەموو پایەلێنانە و هەڵدانەوەیە هی (مجاملە)ی سادە نین و چەندێکی لێیان کەم کەیەوە بۆ تێبردنی لانی مجاملە دیسانەوە بایی ئەوەیان لێ دەمێنێتەوە کە نامەکە بۆ مەلایێکی زێدە زل و باوەڕ پێهاتوو و لێسەلمێنراو نووسرابێ، بە تایبەتی ئەگەر ئەوەی تێ بخوێنینەوە کە مەلا عەبدوڕەحمانی کاکی جەلی خۆی یەکێك بووە لە مەلا هەرە گەورەکانی ئەو سەردەمە و لە تەمەنیشدا هەڵکشیوتر بووە لە ئیبنو ئادەم.

بۆ من ئەم پێوەندییەی میانی جەلی زادە و ئیبنو ئادەم یەکێك بوو لە مژدە هەرە خۆشەکانی ئەو سەردەمە لەبیرکراوە کە لە رێی زۆر پیرۆزی کتێبێکی مەلای ئیبنو ئادەمەوە پێم گەیشت.

پەیامی دووەمی کاغەزەکە کە سۆزێك دەداتەوە بۆ هەمووان، نەك هەر بۆ خۆم، ئەوەیە کە ئیبنو ئادەم پشتی کاغەزەکە و بەتاڵایی میانی دێرەکانی نامەی جەلی زادەی بە نووسینی ئاخەلێوەی کتێبەکەی خۆی پڕ کردووەتەوە، واتە هێندە کاغەزەی نەبووە بۆ تێدا نووسین کە ئەو تاکە پەڕەی نامەی دۆستێکی خۆی لە بیر بباتەوە،

دەرلەحزە وەك هەلێکی هەڵکەوتوو کار دروستیی خۆی پێ کردووە، لە هەمان کاتدا نووسینەکەی مەلا عەبدورەحمانیشی پاراستووە. لەمەڕا، جارێکی دیکەش کەم دەستی ئیبنو ئادەم خۆ دەنوێنێ، پێشتر بەوەدا خۆی نواند کە شەرحی (عویصە)کەی لەبەر شەوقی مانگ نووسیوەتەوە، دیارە چرا و مۆمی نەبووە، یاخود بە گرانبەهای زانیوە، کە شتی لەبەر بنووسێتەوە. تۆ بزانە زاڵبوونی خۆشەویستی زانست بەسەر مرۆڤدا چەندی خەریك دەکا و بە کوێیدا دێنێ و دەبا.

من لە سرنجگرتنی خۆمدا لە عاست ئەم گیانە پاتەوپاتەی کوردایەتیی مەلای ئیبنو ئادەم، سەرلەنوێ و بەجۆرێکی روونتر لە جاران بۆم ئاشکرا دەبێ کەوا کوردایەتیی ئیبنو ئادەم لە حەقپەرستنێکی رووت و بێ فێڵەوە دێت و چ پەکی لەسەر رابەری سیاسی نەکەوتووە فێری بکات، بۆ هیچ مەبەسێکی سیاسیش ئەم قسانەی نەکردوون. پیاوێکی خواپەرستی حەقناسی نەترساوە و چیی بەڕاست دەزانێ ئەمە دەڵێ و دەکا بەبێ نیازێکی نهێنیی سەر بە بەرژەوەندی دنیاوە. کە ئەمە دەڵێم بەلای خۆمەوە لە نرخی راستەقینەی بیر و باوەڕەکانی ئیبنو ئادەم زیاد دەکەم، بەڵام نەك زیادکردنی بە واتای خستنە سەر و بۆ خواستنەوە بەڵکو ئەو زیادکردنە کە بە دەرخستنی نرخەکە نەبێ نایێتە بەرچاوانەوە. ئەگەر مەلای ئیبنو ئادەم وەك خەلقی تر لە رابەر و مامۆستایان فێری گوتنەوەی راستی و مافی میللەتەکەی بووبا دەبووە قوتابییێکی باش نەك پێشەوایێکی هەڵکەوتوو لەو مەیدانەدا.

لەم تێبینییەی دواییڕا بۆ تێبینییێکی گرنگی تر دەڕۆم، ئەویش لەلای خۆیەوە نەختێك رۆشنایی داوێژێ بۆ سەر بابەتی لێکۆڵینەوەمان لە بەرچاوی خوێنەر بە تایبەتی ئەو خوێنەرانەی دەیانەوێ مامۆستاییێك بدۆزنەوە لە کوردستانی عیراقدا بیری حاجی قادری بۆ کوردایەتی بردبێ.

ئێمە کە بمانەوێ وا رابنوێنین، وە یاخود بسەپێنین، حاجی قادر لە کوردستانەوە دەستی بە کوردایەتی کردبێ بۆ ئەو ئیسپاتەش پێویستیمان هەبێ بە مامۆستاییێك مێشکی زاخاو دابێ بە بیری کوردایەتی، ئەوسا گرفتێکی گەورەترمان دێتە بەر کە بەگەز و گرێی ئەم بۆچوونە چ ڕەواندنەوەییێکی بۆ پەیدا نابێ، چونکە کە دڵنیا نەبین بەوە سەردەمی حاجی قادر کە سەردەمێکی نوێتر و پێشکەوتووتر بووە لە سەردەمی مامۆستاکەی و ئەم سەردەمە پێشکەوتووترە ببێتە مامۆستای حاجی، ئیتر لە کوێ و چۆن مامۆستایێکی تر پەیدا کەین بۆ مامۆستاکەی حاجی؟ خۆ ناشکرێ و

ناسەلمێنرێ بڵێین مامۆستاکەی حاجی حەوجە بە مامۆستایان نەبووە چونکە ئەم تەرزە گوتەیەی بێ بەڵگە لە کەس وەرناگیرێ، کە وەریش گیرا دەبێ لە هەموو کەسێك و بۆ هەموو کەس و لە عاست هەموو داواییێکی وەك ئەم داوایەدا پەسەند بکرێ. ئەوساش شیرازەی سەرلەبەری لێکۆڵینەوە و تۆژینەوان هەڵدەوەشێ و ئارەزۆی تێکڕا گووتوان و نووسەران و خاوەن داوایان دەبێتە بەڵگە. کە حاجی قادر پێویستی بە مامۆستا هەبووبێ دەبێ مامۆستاکەشی ئەو پێویستەی هەبووبێ. کە یەکێك بێ و بڵێ نەخێر مامۆستای حاجی ئەو بلیمەتە بووە لە خۆوە شتی زانیوە ئەوسا ئەو کەسە دەبێ چەند پرسیاران یەکلا بکات و ئەم خاڵانەی خوارەوە بە بەڵگەی پتەو بسەپێنێ.

خاڵی یەکەم: حاجی لە کوردستانی عیراقەوە دەستی کردووە بە کوردایەتی، چونکە ئەگەر ئەمە نەسەپێ پێویست نامێنێ بە دۆزینەوەی مامۆستا بۆ حاجی لەو رووەوە کە حاجی لە دواییدا ژیانی ئەستەمبۆڵی بۆ دەبێتە مامۆستا.

خاڵی دووەم: ئەم کوردایەتییەی لەو مامۆستایە وەرگرتووە کە نیازە بکرێ بە مامۆستای حاجی، نەك لە یەکێکی تر.

خاڵی سێیەم: مامۆستاکەی حاجی هێندە زانا و بلیمەت بووە بە بیری تیژی خۆی راستیی سیاسی و مافی میللەتی دۆزیوەتەوە لە سەردەمێکدا کە هێشتا ئەو تەرزە بیرکردنەوەی لەو مەڵبەندەدا لە سکی مێژووی کورددا نەڕسکابوو . سەپاندنی ئەو جۆرە بلیمەتییەش بە کەیفە نابێ، دەبێ هەبوونی شتی وەها لە لێدانەوەی زوربەی زانراو و نەزانراوی گوتە و کردەی ئەوکەسە بەدەرخرێ. بە نیسبەت منەوە کە دەڵێم مەلای ئیبنو ئادەم لە رێی گیانی حەقپەرستی و ئازایی و زانایی خۆیەوە کوردبوون و بە کوردی نووسینی رەوا دیوە، هیچ ناچار نابم ئەو بەڵگانە بێنمەوە کە هەبوونی بیری سیاسی داخوازییان دەکات چونکە سەلماندنی راستی و ملدانە حەق شتی ئەوتۆن لە مەلایەتیی راستەقینە چاوەنوارِ دەکرێن. من نەمگوت ئیبنو ئادەم کوردایەتیی سەربەخۆی کردووە کە لە رێی ناسینەوە مافی نەتەوایەتیی کورد و هەستکردن بە نەبوونی کیانی کوردییەوە بۆی پێك هاتبێ تاکو ناچار بم هۆی ئەم ناسین و هەستکردنە لەودا بدۆزمەوە لە کاتێکدا ناسین و هەستی وەها لای کەسی تر نەبووە. ئەو هێندە ئاکار و ئاساری زانایی و ئازایی و حەقپەرستییەی کە من لە ئیبنو ئادەمدا رەچاوم کرد و بە بەڵگەش سەپاندم بایی ئەوەندە گوتە و کردە و بیروباوەڕانە دەکەن کە راستەوخۆ لە گیانی حەقپەرستی و زانایی و ئازاییی رووتەوە هەنگاوی پێ

هەڵێنابێ بۆ ناوەڕاستە شەقامی گڕوگاڵی کوردایەتی و بەڕەوا زانینی کورد بوون و بە کوردی نووسین، کە ئەمانە جارێ قۆناغێکی مێژوویی بەرفرەوان لە پێش سیاسی و قەومییەوە دێن و رەنگە لە هەموو قۆناغێکی مێژوودا لای تاکە مرۆڤی ئازا و هۆشیار و زانا بدیترێن. یەکێك بیەوێ پەیدابوونی ئەو تەرزە حەقپەرستییە و مێشك روونییە بکا بە شتێکی ئاسان و ئاسایی دەتوانێ چەندین ئایەت و حەدیس و مەبدەئی ئاینی بە ئیستگە و لەسەری هەڵچەقێ وەك (کلکم من آدم و آدمُ من تراب – لا فضل لعربی علی عجمي الا بالتقوی – ان اکرمکم عند اللّه أتقاکم... هتد) بەڵام نووسراوی ناو قورئان و کتێب شتێکە و هەڵوەستی راستەقینە شتێکی تەواو جودایە. ئەم ئایەت و حەدیسانە هەر هەبوون کە مەزهەبێکی گەورەی ئیسلام ژنی عەرەبی هەڵاوێرد لەوەدا کە پیاوی غەیری عەرەب ببێ بەهاوکوفی (کفوء).

(ان اکرمکم عنداللّه أتقاکم) دەچووە چاوانەوە لە حاڵێکدا خەلافەت کرا بە مافی تایبەتی قورەیش، هەندێکیش ویستیان بیکەن بە مافی بێ هاوبەشی نەوەی عەلی و فاتیمە. خۆت دەزانی توهمەی (الشعوبیە) چەند کەسی هونەروەر، زانای ریسوا کرد و چەند رێگەی بیرکردنەوەی پیرۆزی کوێر کردەوە.

دەبینی من نامەوێ هەڵوەستی رۆشنبیرانە و حەقپەرستانەی ئیبنو ئادەم لەبەر تیشکی ئەم مەبدەئە نەزەرییانەی ناو کتێبان کز کەمەوە و پێی بڵێم ئەمە هەڵوەستێکە بە ئاسایی و راستەوخۆ لە نووسین و باوەڕەکانی ئیسلامەوە دێنە دی و بەوەشدا دەمەتەقە داشکێنم بەلای بەرژەوەندی خۆمەوە کە بمەوێ لە بایەخی راگەیاندنەکانی ئیبنو ئادەم کەم کەمەوە بە نیسبەت کرانەوەی هۆشی حاجی قادر بۆ بیری نیشتمانپەروەری، چونکە من لە بەیەکدی گرتنی هەڵوەستی ئیبنو ئادەم لەگەڵ تێکڕای هەڵوەستی پیاوانی ئاین و تایبەتی پیاوانی رۆژگاری خۆی لایەنی واقیع دەکەم بە حەکەم، نە خۆم و نە خوێنەر و نە راستیش ناهاوێمە هەڵەی حوکمی نەزەرییە و مەبدەئی رووتەوە واقیعیش ئەوە بوو کە لە پێشەوە بەرەنگاری بووم و مافی تەواوی ئازایی و زانایی و حەقپەرستیی مەلای ئیبنو ئادەمی لێ وەرگرتم، بە شانازییەوە بۆخۆم. وا دەزانم لەم دیارخستنانەشدا هەموو سوودمەندبوونێکی مومکین لە زەمینەی کرانەوەی هۆش و ئازابوون بە نیسبەت حاجی قادر و غەیری ئەوەوە خرایە تای تەرازووی راستی بێ فێڵەوە، واتە یەك تۆسقاڵم لە بایەخ و نرخی پەیامەکانی ئیبنو ئادەم دانەشکاندوە، هەر ئەوەندەشم لێ داوا دەکرێ و چی تریش نە بەبەر

مەوزوعەوەیە و نە بەبەر منەوە. هەروەك لێرە بەدواوەش بۆت روون دەبێتەوە بەدەم رەوتــی بــەرەو ئــاسۆی دیــار و نــادیــاری ئــەم لـێکـۆڵـیـنـەوە لـە رادەی کــارتـێـکـردنـی پەیامەکانی ئیبنو ئادەم لە ویژدانی حاجی قادر، چی بەدەستەمەوە بێ بە دەستەوەی دەدەم و هێندەی تۆسقاڵێکی لێ گل نادەمەوە، ئەوساش ئەگەر من بەسەر شتاندا تێ پەڕیبم و فەرقم پێی نەکردبێ لە من بەدواوە کوڕە کوردی زیرەك و چالاك بەسەهوو چوونەکانم بۆ راست کاتەوە، خۆ پێی ناوێ من بڵێم کاری وا نەفەسدرێژی کۆتایی نادیار بە کەسێك و دوو کەس ئەنجام نادرێ، بەبەریەوە هەیە چین چین نووسەران بێن و لێی زیاد کەن و کەلەبەرەکانی پڕ کەنەوە.

ئاشناییی خودی خۆم لەگەڵ ئەم باسەدا شتێکی تازە نییە، بەر لەوە کەس لەسەری نووسیبێ وەیا من (مشكاة المنقول)ەی ئیبنو ئادەمم دیبێ لە جیلی جەلیزادانی پێش خۆمم بیستووە، بە تایبەتی لە مامم شێخ نوورەدین، کە وا یەکێك لە سەرچاوەکانی ئیلهام بۆ حاجی قادر و مەلا عەبدوڵڵا لە مەیدانی پژانی مێشك و رەوشەنی بینین و ئارا بوون لە کۆمەڵدا بیر و باوەڕ و هەڵوەستەکانی ئیبنو ئادەم بووە. رەنگە ئەمە لەو راستییانە بێ چ دەمەتەقە هەڵنەگرێ، بەڵام ئایا لەم رێبازەدا تا کوێ چوون و ئیبنو ئادەم بە کام پایەی ئازایی و حەقپەرستی و رووناکی بینینی گەیاندوون؟ تۆ بڵێی فێری کوردایەتی و بەواتای خەباتی سیاسی قەومیی کردبن؟ تێکۆشان و تەقەڵلای مـــن لـــەم پـــێچـــە بـــەدەورەی هـــەڵسووڕ و داسووڕەم، وەك راوچـــیـــی نـــاشارەزا، بـــۆ وەدەستهێنانی (یقین)ە لەناو ئەو هەموو تاریکستانەی دەوری مەبەستدا، دەڵێم بەڵکو، کوردی گوتەنی، خواو و راستان بگەمە ئەنجامێك بایی ئەوە رووناك بێ کە لە گرنگیی باسەکە و نرخی خەباتی حاجی قادر بوەشێتەوە. یەکلاکردنی پرسیاری سەرەتای دەست پێکردنی حاجی قادر بە خەباتی سیاسیی کوردایەتی یەکێکە لە پرسیارە هەرە بنجییەکان لەسەرپاکی مێژووی خەباتی سیاسیی کوردیی نوێ.

ئەوەی من بۆم ساغ بووەتەوە بە جۆرێکی بێ تەئویل و پاتەوپات، تاو و تەئسیری مەلای ئیبنو ئادەم لە گیانی حاجی قادردا هەر تا ئەو رادەیەی بووە کە لە شیعر و نووسینەکانی حاجی مەلا عەبدوڵڵادا بەدی دەکرێ، لەو رووەوەش گەشترین میراتێکی حاجی مەلا عەبدوڵڵا کە لەبەر دەستماندا بێ ئەو دوو بەیتەیە کەوا بە دوا قەسیدەیێکی (متصوف)انەی مەیلە و درێژی فارسیدا دێن:

با بکەم تبدیلی وزن و قافیە و رویە و عروض

بەم زمانە هیچی تر شیعرم لە بۆ هەڵناستی

بیکەمە کوردی زمانی خۆمە چاکی تێ دەگەم

خوایە توفیقم بدەی من بەندە توو مولاستی

جگە لەمە، لە برە شیعرێکی دیکەی فارسیشدا کە درەختی سەرۆکەکانی تەریقەتی نەقشبەندی دەڵێتەوە، کاتێك نۆرەی سەرۆکایەتی دەگاتە (مەولانا خالد) ئەم دوو بەیتە دەڵێ:

زشاه دهلی عبدالله انور

محمد خالد ما یافت زیور

سراسر نسبتش دریای نورست

ضیابخش لوای شهرزورست

گوتەی (خالد ما) واتە خالیدی خۆمان، هی کوردان، و پێدا گرتنی لەسەر ئەوە کە (خالد) هی خۆمانە، بەدوا ئەویشدا هەڵدانەوەی ناوی شارەزوور هەستێکی کوردایەتیی ئاشکرای تێدایە بە تایبەتی کە ئەسلی کارەکە چ پێوەندییێکی بە دونیاوە نییە و بە ئانقەست نەبێ جێگەی هەست و سۆزی کوردایەتیی تێدا نابێتەوە. بەڕاستی لەم دوو بەیتەدا حاجی مەلا عەبدوڵڵا دڕی بە درەختی نەقشبەندی داوە و کوردایەتیی تێ ترنجاندووە.

دەشێ مەولوودنامەکەشی کە وەری گێڕاوەتە سەر کوردی بخرێتە ریزی ئەم هەڵبەستانەوە ئەگەر لە پێش ئەوانەوە نەبێ، چونکە نووسینی پەخشان بە کوردی لەو سەردەمانەدا کەمتر باو بووە تا هەڵبەست.

ئەم نووسینانەی حاجی مەلا عەبدوڵڵا بۆ کاتی خۆیان هەنگاوی بەرەوپێشەوە بوون لەسەر رێبازی کرانەوەی نیگای کوردایەتی. بەڵام هیچ کامێکیان لەو دەمەدا نەنووسراوە کە هێشتا حاجی هەر لە کۆیێ بووە و هەموویان پاش رۆیشتنی ئەو بووە بۆ تورکیا. بەڵگە بۆ نووسرانی ئەمانە لە دوای رۆیشتنی حاجی لەوەوە دێ کە وا حاجی مەلا عەبدوڵڵا لە تەمەنی کامڵی، دەمەو پیری، هەڵبەستی متصوفانەی داناون. بێ گومان بەر لەوە ببێتە جێنشینی باوکی، حاجی مەلا ئەسعەد، هەڵبەستی گۆشەگیرانە و دونیا نەویستانەی دانەناون، هەر بیریشی لە دانانیان نەکردووەتەوە. ساڵی مەرگی باوکی ١٢٨٩ی کۆچییە، ئەوسا دەمێك بوو، هەر نەبێ ٦–٧ ساڵێك بووە

حاجی قادر لە کۆیێ ڕۆیشتووە. پێی ناوێ درێژە بدەم بەم لاباسە و جێی بۆ بستێنم لە باسی حاجی قادر، بەڵگە زۆرن ئەوە ئیسپات بکا کە دوای ڕۆیشتنی حاجی قادر بە ماوەیێك حاجی مەلا عەبدوڵڵا ئەو هەڵبەستانەی هۆندوونەوە، من لێرەدا تەنها یەك بەڵگە دێنمەوە بۆ ئەوەی قسەکەم بچێتە دڵی خوێنەرەوە.

دیتت لە هەڵبەستەکەی یەکەمدا حاجی مەلا عەبدوڵڵا دەیەوێ (قافیە و رویە و عروض) و زمانی هەڵبەست بگۆڕێ و بیکاتە کوردی. دوای ئەمە لە قافیە و کێشێکی نوێدا بە کوردی دەست دەکا بە هۆندنەوە:

یا خاتم الرسل چ عەجیبە حیکایەتم
یا هـادی السبل چ غەریبە شیکایەتم

ئیتر لەسەر رەوشتی کۆنینەی شاعیرانی رۆژهەڵات خۆ دەشکێنێتەوە و خۆ نزم دەکاتەوە تا دەگاتە ئەم بەیتە و دەڵێ:

مەنوارە قامەتی زلم و مێزەری سپیم
دڵم رەشە . . . . هـتاد

لەم بەیتەدا دەردەکەوێ حاجی مەلا عەبدوڵڵا لە کاتی هەڵبەستنی بەیتەکەدا مێزەری سپیی لەسەر ناوە. ئەوەی مەعلوومێکی بێگومانە حاجی مەلا عەبدوڵڵا دوای مەرگی باوکی لە ١٢٨٩مێزەری بەستووە، تەنانەت لە ١٢٨٨دا کە لە خزمەت باوکیدا دەچێ بۆ حەج رانك و چۆغەڵ و جل و بەرگی قەتارچییانەی لەبەر کردووە. پێی ناوێ هێندەش گوماناوی بین و بڵێین بە چ مەعلووم مەبەسی لە وشەی (عمامە) ماناکەی حقیقی بێ و بە (مجاز) مەبەسی (مەلایەتی) نەبێ بەوەدا (عمامە) لە بەیندا هەڵبستێ؟ چونکە راگەیاندنی (حقیقی)ی عەمامەکە رێکتر دێ لەگەڵ ئەو (حقیقەتە) زانراوەی کە لە جل و بەرگی حاجی مەلا عەبدوڵڵاوە بە ئێمە گەیشتووە، لێرەدا (بە چ مەعلوم) هەموو راستییان کوێر دەکاتەوە. ناشێ بێ بەڵگە و بۆ خاتری گومان لێکردن بێ بنج واز لە واتای (حقیقی) وشە بێنین و (مجازی)یەکەی بەدەستەوە بگرین، ئەگەر وا بکەین دەگەینە حاڵێك کەس لە کەس نەسەلمێنێ و کەس بە کەس باوەڕ نەکا. خۆ ئەگەر بە بیری خۆماندا بێنینەوە کە لە کاتی سەفەری حاجی قادر و جێ هێشتنی کۆیەیدا تەمەنی حاجی مەلا عەبدوڵڵا لە ٣٢ ساڵی تێ نەپەڕاندووە ئیتر هەر بە جارێ دەسەلمێنین ئەم مێزەرە و شیعری متصوفانەی دوای رۆیشتنی حاجی قادر بووە.

خولاسەی گوتە ئەمەیە نووسینەکانی حاجی مەلا عەبدوڵڵا لە دمەو پیریدا بەرهەم هاتوون و تەواوێك دوای دوورکەوتنەوەی حاجی قادر بووە لە کۆیێ.

من لێرەدا کە بەرهەمەکانی باپیرم، حاجی مە عەبدوڵڵا، بە نموونە دێنمەوە بۆ دیارخستنی تین و تاوی فیکری ئیبنو ئادەم لە دەروون و ویژدانی حاجی قادردا بۆیەیە چونکە لەسەر پاکی بەرهەمی حاجی قادر و حاجی مەلا عەبدوڵڵا کە کوردایەتییان تێرا دیار بێ و مەعلوومیش بێ زادەی کۆیەن هەر ئەمانەی حاجی مەلا عەبدوڵڵا هەن، کاتی بەرهەمهاتنیشیان بێگومان دەکەوێتە دوای سەفەری حاجی قادر. کەواتە من بە هێنانەوەی نموونەکان لە خۆمەوە یارمەتیی ئەو باوەڕە دەدەم کەوا بێ بەڵگە دەڵێ حاجی لە زووێکەوە کوردایەتیی کردووە، چونکە ئەگەر ئەو نموونانە نەبن، نەك هەر رۆحی کوردایەتی بەڵکو هەرچی تاو و تەئسیرێکی ئیبنو ئادەم هەیە لە ژیانی حاجی قادردا وەك نەخشی سەر ئاوی لێ دێ لەو رووەوە کە هیچ بەڵگەی مادی بەدەست کەسەوە نامێنێ تریسکەیێکی ئەو تاو و تەئسیرە بداتەوە هەر نەبێ بەهۆی لەگەڵ یەکدیدا ژیان و لەرێی رەفاقەت و هاومەشرەبییەوە دەشێ بەرهەمی حاجی مەلا عەبدوڵڵا بکرێ بە بنگەی (استئناس) بۆ جۆر و چۆنەتیی دڵ و دەروون و ویژدانی حاجی قادر، ئەگەر ئەو (استئناس)ە نەبێ تاکە یەك بەیت و دێر و پیتی حاجی قادرمان بەدەستەوە نییە کە لە کۆیەی گوتبن وەیا نووسیبن بە تەئویلیش بچێتەوە بۆلای بیری کوردایەتی. لە فەرزی ئەگەر شتێکی واش هەبێ و بەو فەرزە دانانەمان ئەوپەڕی (احتمال) بگرین، شتەکە لە پەراوێزی واتا و گیانی هەڵبەست و نووسینەکانی باپیرم دەرناچێ. خۆت دەزانی، خوێنەری بەڕێز، لێرەدا سەرلەنوێ بەو گوتەی (لە فەرزی هەشبێ) یارمەتی (احتمال)ی بوونی تاو و تەئسیری ئیبنو ئادەممان دا لە ویژدانی حاجی قادردا و یارمەتییەکەشمان لێی دێ ببێتە دڵدانەوەیێك بۆ ئەوانەی حەز دەکەن حاجی قادر لە بێشکەی منداڵی و گەنجایەتی خۆیەوە دەستی کردبێ بە کوردایەتی، سرنجت بۆ ئەوەش رادەکێشم کە فەرز دانانەکە بەلانی کەمەوە ماوەی ٢٠ ساڵێك، حاجی قادر پێش باپیرم دەخاتەوە لەو مەیدانەی هەست بە کوردایەتیکردنەدا چونکە هەر نەبێ باپیرم ٢٠ ساڵێك دوای رۆیشتنی حاجی گوتە و هەڵبەستەکانی سەر بە کوردایەتی داناون، کە حاجی لە کۆیەڕا شتی وای گوتبن وەیا هەستی پێ کردبن، ئۆتۆماتیکی، ئەو ٢٠ ساڵە پێش باپیرم دەکەوێتەوە. وە دەزانم فەرز دانان و تێ خوێندنەوەی (احتمال) هەرگیز داوامان لێ ناکا لە ٢٠ ساڵ زیاتر مەیدانی بۆ چۆڵ

کەین و گەردەنی ئازاد کەین لە بەڵگە و ئیسپات.

لەبیرت نەچێ من لەم چەند گوتە و دێری نووسینی دواییمدا مەبەسم بیر و هەستی سەر بەکوردایەتییە نەك گیانی ئازایی و حەقپەرستی و دژایەتیی ئەفسانە، چونکە گوتوومە و لێرە بە دواوە زیاتریشت بۆ ئاشکرا دەبێ حاجی لە ماوەی مانەوەی کۆیەی و بەدوا ژیان و گەشتی لە باڵەکەتیدا کە مەفتەنی ئیبنو ئادەمە چ قسورێکی نەبووە لەو مەیدانانەدا، چەندێکی بشڵێی لە بوونی تین و تاوی ئیبنو ئادەم بۆ بردنی حاجی قادر بەرەو ئازاتر و تیژتر بوون لە دژی تەڵەکەبازی و ئەفسانە و کاری ناڕەوا جێی بە زیادەوە بۆ دەبێتەوە لە کردەوە نەترساوەکانی حاجی قادر.

ئەوجا، سەرلەنوێ، با بگەڕێینەوە بۆ دەلالەتی ئەو چەند بەیتە کە بە هی ئیبنو ئادەم ناسراون.

لە برِە شیعرەکەدا دەردەکەوێ ئیبنو ئادەم هەر لە رۆمییانی دیوە کتێبخانان وێران کەن (رۆمی ئەوا پەیابوون، کتێبخانان دەکەن طی)، لەوە پێشتر چاوی بە دەسترۆییەوێکی کورد نەکەوتووە بێ حورمەتی بکا لەگەڵ کتێبان.

ئاخۆ ئەگەر دەسەڵاتدارێکی کورد، وەك داگیرکەرێکی عوسمانی، وڵاتی غەیری خۆی داگیر کردبا کتێبخانەی وێران دەکردن و قورئانی دەسووتاندن! یاخود سەبارەت بە باوەڕی سادە و بەهێزی سەر بە غەیبەوە ترسێکی ئاسایی لە کتێب و نووسراوی پێوەست بە ئاینەوە لە سووتاندنی کتێبانی مەنع دەکرد! رەنگە کوردیش کە رەوی بردبێتە سەر غەیری خۆی وەك تورك و غەیری تورکی کردبێ لە لانی کوشتن و تاڵانکردنەوە، بەڵام قەناعەتم هەیە رێزی لە کتێب و نووسراو گرتووە.. لێیان ترساوە. بەیتەکان وا رادەگەیەنن کە لەوە بە پێشەوە ئیبنو ئادەم کارەساتی وێرانکردنی کتێبخانانی نەدیوە، ئاغا و بەگ و میری کورد لە کوردستاندا کتێبیان نە سووتاندوون. ئەوەی راستی بێ تا ئێستاش کورد لە عاست کتێباندا هێندە ئازا نین بوێرن بیانسووتێنن. جارەهای جار دیومە، تۆش دیوتە، گەورە و گچکە، دەوڵەمەند و هەژار، دەسەڵاتدار و لات پەڕە کاغەزیان لەسەر زەوییەوە هەڵگرتووەتەوە و ماچیان کردووە و لە کونە دیوارێکیان ئاخنیوە. بەڵی بەم دواییە کە کاغەزی رۆژنامە و گۆڤار و دەفتەر و کتێبی قوتابخانان و کاغەزی میری کەوتنە کووچە و کۆڵانان و وێنەی رووت و بێ حورمەت لە رووپەڕەی نووسراواندا زۆر بوون، کاغەز حورمەت و پیرۆزیی

جارانی دۆڕاند. بەڵام لێرە بە پێشەوە لە نەزەر کورددا کاغەز خزمی (قرآن) بووە و لەسەردەمی ئیبنو ئادەم و کاتی هەڵبەستنی ئەم چەند دێرە شیعرەدا لە کتێبەکانی مزگەوت بەولاوە بە دەگمەن نەبێ کاغەز بەرچاوان نەدەکەوت، بۆیەیە دیتنی سووتاندن وەیا وێرانکردنی کتێبخانە ئەو کارە زلەی کردووە لە دڵ و هەست و خوێنی پیاوێکی وادا. سووتاندنی کتێبخانە راستەوخۆ سووتاندنی ئاینە و بێ حورمەتیکردنە لە بەرامبەر ئەو ناوانەی دڵی دیندارێك دەجۆشێنن. لە دەوروبەری کۆیە و عەشرەتەکانی رانیە قورئانێك ناوی دەرکردبوو بە (قەیسەر کوژ)، سەد جاران لە تەڵاق و پاکانە زیاتر دزی دەگێڕایەوە لە سوێندی درۆ.

شەکوای بەیتەکان لە وێرانبوونی کتێبخانان بەدەستی تورکانەوە (رۆمی)، بە شێوەییێکی نهێنی ئەوە رادەگەیەنێ کە مەلای ئیبنو ئادەم ژیابێ تا دوای کۆتاییهاتنی میرایەتی پاشای کۆرە و داگیرکردنی رەواندز لە لایەن سوپای تورکەوە. لە دڵی خۆمدا بڕیاری نیهائیی گەڕانەوەی ئەو سێ بەیتەم بۆ ئیبنو ئادەم هەڵگرتبوو تا کاتێك بۆم روون دەبێتەوە ئیبنو ئادەم کەی وەفاتی کردووە، کە مەعلووم بکرێ بەر لە هاتنی سوپای تورك بۆ رەواندز ئەو مردبێ دیارە بەیتەکان یەکێکی تر دایناون و بە هەڵە بۆ ئەو ساغ بووەتەوە.

چەندین پرسیارم لەم و لەو کرد بۆ وەدەستهێنانی مێژووی مەرگی ئیبنو ئادەم هەمووی بێ سوود بوو تاکوو نامەکەی مەلا وەیسیم بۆ هات و لە ئەنجامی پرسینەوەی دووبارە لە منەوە وەرامی راستەقینەم لێیەوە بۆ هات کە ئەوەی پشتاوپشت بەوان گەیشتووە دەربارەی مەرگی ئیبنو ئادەم ئەوەیە کە لە ساڵی ١٢٦٠ی کۆچی گیانی سپاردووە. لەم مێژووەرا دەردەکەوێ لە رووی کاتەوە چ بەرهەڵستییەك نایەتە بەر راستی ئەو تەواتورە کە دەڵێ سێ بەیتەکە هی ئیبنو ئادەمن، چونکە چەند ساڵێك بەر لەو ساڵەی (١٢٦٠)ە میرایەتی رەواندز تێك چوو و وڵاتەکەی داگیر کرا... کە رۆمی کتێبخانەیان سووتاندبێ ئەوەندە ماوەیان بە دەستەوە بووە دوای تێچوونی میری رەواندز و هەر لە ژیانی ئیبنو ئادەمدا کاری وا بکەن لەگەڵ سروشتی داگیرکەر رێك بکەوێ زیرە لە گیانی رۆڵەییێکی هۆشیار و دڵسۆزی کوردستانی داگیرکراو هەڵستێنێ. تۆش لەگەڵ مندا بڵێ هەزار لەعنەت و نەفرین لە گیانی داگیرکەر، ئەو داگیرکەرە هەر کەسێك و لایەنێك دەبێ با ببێ..

ئەوەندەی من بزانم و فکرم تێی بڕ بکا لەو باسەی بوون و نەبوونی کوردایەتی لای ئیبنو ئادەم هەر ئەوەیە کە لەم چەند لاپەڕەی دواییی نووسینەکەمدا باسم کرد و بۆی چووم. سەرجوملە و پوختەی وەرگرتنی واتا و دەلالەت لە هەڵوەست و نووسینەکانی ئیبنو ئادەم قەناعەت دەبەخشێ بەوە کە وا کوردایەتی ئیبنو ئادەم لە ڕێگایەکی تایبەتی بلیمەتی و حەقپەرستی و زانایی و دڵ هۆشیاریی خۆیەوە بووە و دەتوانین قسەی تێدا کورت کەینەوە و بڵێین ئەم مرۆڤە لە کولانەی ئاینەوە سەیری جیهانی کردووە، بەڵام بە چاوێکی تیژ و نەترساو. کە زانیبێتی شتێك لەگەڵ ئاین دژایەتیی نییە با ئەو شتە باویشی نەبووبێ یاخود ناحەزی زۆر بووبێ، ئەو پەسەندی کردووە و لەبەر لۆمە خۆی لێ لانەداوە. بە نیسبەت حاجی قادریشەوە زۆر جێی باوەڕە لە هەڵوەست و بیر و باوەڕ و قسەکانی ئیبنو ئادەم سوودی وەرگرتبێ و بۆ دواڕۆژ بووبن بە زادێکی گیانی و پەندی ئازایەتی و حەقپەرستی بۆی.

بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا کە بگەین بەو ئەنجامەی کە وا حاجی سوودمەند بووە یا نەبووە لە قسە و خەباتی ئیبنو ئادەم بۆ پەیداکردنی هەستی نەتەوایەتی و خەباتی سیاسی، ئەو پرسیارە هەر دەمێنێتەوە ئایا حاجی قادر بەر لە سەفەری بۆ ئەستەمبوڵ شیعری کوردپەروەرانەی گوتوون و خەباتی سیاسیی کردووە؟ خۆ ناکرێ بوون و نەبوونی بیری سیاسیی حاجی قادر ببەستینەوە بە سوود وەرگرتن و وەرنەگرتن لە تاکە کەسێك با ئەو تاکە کەسە مەلای ئیبنو ئادەمیش بێ. ئیمکان هەبوو حاجی قادر ناوی ئیبنو ئادەمیشی نەبیستبا و فکری کوردایەتیی لە ڕێبازێکی دیکەوە بۆ پەیدا بووبا.

وەرامدانەوەی ئەم پرسیارەی تازە لە خۆمانم کرد شتێك نییە بە وشەی (ئا) یاخود (نا) لێی ببینەوە. تا مافی ئەوەمان دەبێ پرسیارەکە یەکلا بکەین پێویستە لێکدانەوەیێکی قووڵ بکەین لەبەر ئاوێنەیێکی روون و بێ گەرددا، نەفەسی ئەو تەرزە زیهنکارییە تا بڵێی درێژە. کوردی گوتەنی هەویرەکە زۆر ئاو دەخوازێ. ماوەی هاتوچۆکردن و خۆ هێنان و بردن بۆ تەرجیحی لایەکیان بەسەر ئەوی تردا گەلێك فراوانە. یەکێك ئارەزۆ بکا بڵێ حاجی قادر لە کۆیەوە دەستی کردووە بە کوردایەتی کۆسپێك نایێتە پێشی وەك دیواری چەمەنتۆ ڕێگەی لێ ببەستێ و بیوەستێنێ، ئەگەر هەوەسبازی بکا دەتوانێ بڵێ فلانە بەیت و فلانە قەسیدەی لە کۆیێ گوتوون. لەم ڕۆژگارەدا نووسین پەیدابوون ئەوەندە بێ باکن لە عاست ڕاستیدا و بە جۆرێك تەنگ بە

ئینساف و مێژوو و حەقیقەت هەڵدەچنن، لەتەك ئەواندا داوای بوونی نیشتمانپەروەری لای حاجی بەر لە چوونی بۆ تورکیا هەر ئیعتیرازی لێ ناگیرێ. لەوە تێ فکرە کە نووسراوە و بڵاویش کراوەتەوە (مەم)ی قارەمانی چیرۆکە ناودارەکەی (مەم و زین) ئاژێری تراکتۆر بووە لای باوکی (زین) و سەبارەت بە جوداوازیی چینایەتی (زین) نەدراوەتە (مەم). لەو تەرزە نووسینانە لە مەیدانی جودا جودادا بەزۆری چنگ دەکەون. کەواتە با حاجی قادر لە کۆیەڕا کوردایەتیی کردبێ گەرچی نەشیکردبێ، (چ قەوما کەعبە کەچ بوو مەسجیدولئەقسایە رووخاوە؟). بەڵام من کە قسەی وا دەڵێم بە موناسەبەی جێگەیە و گوتەیێکە لە تەك گوتەی شۆفێربوونی کاکە مەمە لای باوکی زین، دەنا گوتەی راست و مرۆڤانە ئەوەیە کە بڵێین قەیدی چ دەکا و زەرەر لە کێ دەکەوێ دان بە حەقیقەتدا بێنین؟ ئەگەر بۆمان ساغ نەبووەوە حاجی لە کۆیەڕا کوردایەتیی کردبێ، بۆ شەڕ لەگەڵ رووداو بکەین؟ لە گوتنەوەی ئەوەی راستە یاخود بە بەڵگە و نیشانە خۆ بە راست دەنوێنێ چ نالەبارییێك پێك دێ و کام بەرژەوەند تێك دەچێ؟ هەڵبەت هیچ! خۆ ئەگەر لە گوتنەوەی راستی بەرژەوەندیش تێك بچێ، کە مەعلوومە تێك ناچێ، دەبێ گوێ نەدرێتە ئەو بەرژەوەندە. سوودێك لەگەڵ راستی نەگونجێ با هەر نەبێ دەوجا با هەوڵ دەین و بزانین بە لێکدانەوە و هەڵسەنگاندن و کێشانی بەڵگە و رووداوی رابەر بۆ کام لا دادەلەنگێین، ئایا حاجی قادر لە کۆیەوە دەستی کردووە بە خەباتی کوردپەروەرانە و دانانی هەڵبەستی سیاسی یاخود دوای گەیشتنی بە ئەستەمبۆڵ!

لێرە بەپێشەوە(٢٠) گوتم کەم وایە شاعیرێکی کوردی چەرخی نۆزدەم زەرف و کاتی هەڵبەستەکانی دیار بن. بە داخەوە حاجی قادریش یەکێکە لەو شاعیرانە. ئەگەر لیستەیێکی زەمەنی هەبا بۆ هەڵبەستەکانی، لزووم نەدەما دەمەتەقە لەسەر ئەوە بکرێ ئاخۆ لە کەنگیەوە دەستی کردووە بە دانانی شیعری سیاسیی سەر بە کوردایەتی. ئایا لە کۆیەوە یا لە ئەستەمبۆڵەوە؟ بەڵام پێویستە لێرەدا ئەوەندەش بڵێم، بوونی لیستەی زەمەنی هەر شیعرەکانی ناو دیوانەکەی و ئەو کەم تا کورتەی بەسەر زمانانەوەیە ساغ دەکاتەوە و دەمەتەقەیان لەسەر هەڵدەگرێ، گریمان ئەو لیستەیە بۆشمان دەرخا کە شیعرە سیاسییەکانی ناو دیوانەکەی دوای دەرچوونی لە کۆیێ هۆنراونەوە دیسانەوە رێگە نابەسترێ لە کەسێك کە بیەوێ بڵێ شیعرە سیاسییەکانی کۆیەی

(٢٠) دەبێ بگەڕێیتەوە بۆ بەبەشی یەکەم.

لەناوچوون. شیعریش خاتری تۆبێ، ئەو کەسە دەتوانێ بڵێ بە قسە و ئاخاوتن کوردایەتیی کردووە، لە ترسی تورکی داگیرکەر شیعری کوردپەروەرانەی دانەناون نەکا خەلق دووچاری گیروگرفت بکا. کە لێرەدا ناوی (ترس) دێنم قسە و تێبینیی غەیری خۆشمی پێ دووبارە دەکەمەوە، چونکە نووسەر هەیە بە نامە پێی ڕاگەیاندووم کەوا ئەم ترسە دەبێ حاجیی مەنع کردبێ لە هەڵبەستی سیاسی دەنا ناچێتە عەقڵەوە لە رۆژگاری پێش سەفەری بۆ ئەستەمبۆڵی هیچ خەباتی کوردایەتیی نەکردبێ.

لێرەدا هەڵوەستێکی کورت دەکەم بایی ئەوە بکا بیروڕای خۆم دەربارەی (ترس) و ترسانی حاجی قادر دەربڕم بەدوا ئەودا بکەومەوە سەر شریتەی لێکۆڵینەوە.

ئەگەر (ترس) هۆی مەنعکردنی حاجی قادر با لە دانانی شیعری سیاسی، فەرقی کۆیە و ئەستەمبۆڵ نەبوو لە رووی ترسەوە ئەو فەرقە نەبێ ئەستەمبۆڵ پتر جێی ترس بووە، دەبوا حاجیش لە غەریبیدا ترساوتر بێ. ئەو هێرشە زلانەی کە حاجی بردوونی بۆ سەر تورکی عوسمانی و سنوورێکی نەهێشتووەتەوە لێی تێپەڕ نەکردبێ بۆ ریسواکردنیان هەر لە نەفەر و ئونباشییانەوە تا دەگاتە خەلیفەیان، بۆ خۆیان شاهیدی ئەوەن کە (نەترسان) گەورەترین عاملی پێکهاتنیان بووە چونکە تەنها نیشتمانپەروەریی رووت داوا لە کەس ناکا تا ئەو رادەیە تیژ و خورت بێ. جگە لە حاجی قادر شاعیرێك نەبووە لە ناو عەرەبانیش (مووی معاویە)ی لەگەڵ تورکان پساندبێ و هەموو پردێکی پێوەندیی لە نێوان خۆی و ئەواندا رووخاندبێ. ترس چ تەفسیرێك بەدەستەوە نادا بۆ روونکردنەوەی هەڵوەست و گوتە و کردەوەی حاجی ئەو تەفسیرە نەبێ کە پێچەوانەی (ترس) واتە نەترسان و ئازایی بەدەستەوە دەدەن.

تەفسیری نەبوونی شیعری سیاسی حاجی لە رۆژگاری زوویدا لە ڕێی هینانە ناوی ترسەوە، هەر لەوەندەی تازە گوتم کورت ناهێنێ، لە هەموو مەیدانێکی باسی حاجی قادردا کورت دێنێ، هێند کورت دێنێ هەموو حیسابان تێك دەدا و راستییان سەرەوبن دەکا.

حاجی کە بترسێ لەوە گوتنی شیعری کوردپەروەرانە خەلق دووچاری تەنگ و چەڵەمە دەکا و ئەم ترسە لەم تەرزە شیعرەی بگێڕێتەوە، ئەدی چۆن داوایان لێ دەکا راستەوخۆ و بێ دوودڵی چەنگەوبازی داگیرکەر بن و مافی نەتەوایەتیی خۆیانی لێ بسێنن. هەر نەختێك ورد ببیەوە (تناقض)ی هەڵوەستەکەت وا بۆ ئاشکرا دەبی پێی

ناویٚ من یا غەیری من بۆت ئاشکرا کا. حاجی بە هەڵوەستی وا سەیر وەك کەسێکی لیٚ بەسەر دیٚ کە بە دەمانچە و خەنجەر هێرش ببا بۆ سەر دوشمنی، کە لێشی بپرسن ئەدی بۆ لێرە بە پێشەوە جارێکیان گلەیی لیٚ کردن وەیا خراپە گوتنەوەی ئەو کابرایەمان لیٚ نەبیستیت؟ لە وەرامدا بڵیٚ دەترسام گلەیی و گازاندە دڵگیری بکا وەیا بیتۆرێنیٚ.

سەرەڕای ئەمانە هەمووی، بە نیسبەت خۆمەوە دەبیٚ بڵێم وەك من لە حاجی قادر گەیشتووم و بایی روونکردنەوەش لەسەری رۆیشتووم، ئازایی و نەترساوی و باوەڕ بە خۆ هێنان و سەرکەشی بەشێکی هەرە گەورەی نەفس و دەروونی حاجی قادر پێك دەهێنن. هەر ئەم ئازاییيە وەك چرایێکە سەرانسەری رێبازی ژیانی حاجی روون دەکاتەوە و تەفسیری هەڵوەست و گوتە و کردەوەی دەکا. کە ترسمان تێکەڵ بەو تەفسیرە کرد تێکڕای ژیانی، هەر لە منداڵییەوە تا مردنی، وا لێڵ دەبیٚ سەرەدەری لیٚ نەکریٚ و ئیمکانی تێگەیشتنی نەمێنیٚ. کۆبوونەوەی (ترس) لەگەڵ (حاجی قادر)دا وەك ئەم دیمەنانەی خوارەوەیە:

(دەوڵەمەندی) و (لە برسان مردن)
(راوکردنی پڵینگ) و (نەوێرانی تەقە کردن).
(تەمووزی بەغدا) و (سەرما بردن).
(پاداشتی خێرا رۆیشتن) و (شەل بوون).
(ئاو) و (وشکایی).
(هیزەی رۆن) و (بیٚ چەورایی)... هتاد.

تا بتەویٚ حاجی قادر کۆکەیتەوە لەگەڵ شتێکی دژی سروشتی خۆی وەك ئەوە نابیٚ کە بە ترساو ناوی ببەی. بەڕاستی (ترس) ئیفلاس بە هەموو تۆژینەوەیێك دەکا کە لە بارەی حاجی قادرەوە بکریٚ.

با واز لە ترس بێنین بۆ ناو چەقی باسی حاجی و بگەڕێینەوە بۆ پێوە خەریکبوون بەوەی پێوەی خەریك بووین.

ناو ناوە رووداوێکی مێژوویی وەیا ناسراو لە بەیتێکدا کاتی هەڵبەستنی بەیتەکە دەردەخا، بەڵام بە داخەوە هەڵبەستی وەها لە زوربەی دیوانی شاعیرەکانی کوردی سەدەی نۆزدەم زۆر کەمن، بەشی هەرەزۆری شیعرەکانیان وەك گۆڕستانی بیٚ کێلە

قەبری لێنووسراو سەرڕشتەیان بزرە.

دیوانی هەریەك لەو شاعیرانە سەرەوبن دەكەی و چەند جاران دەیخوێنییەوە و سرنجی دوور و قووڵ لە زۆر شوێنی دەگری و خۆت دێنی و دەبەی بۆ ئەوەی بزانی هەڵبەستەكانی ئەو شوێنانەی دیوانەكەی لە كام تەمەنی عومریدا گوتوون و لەگەڵ كام پلەی پێگەیشتن و فراژیبوونی شاعیریەتیی شاعیرەكەدا رێك دەكەوێ ناگەی بە ئەنجامێكی وەها، كە خۆشتی لێ رازی بێ، بتوانی خەلقی دیكەی پێ ئیقناع بكەی. بەڵێ رەنگە دوای خەریكبوونێكی وەك (شامپلیۆن) كە نووسینی سەر (بەردی رەشید)ی خوێندەوە بە ماندووبوونێكی بیست ساڵی، تۆش بەهۆی بەیەكدی گرتنی زانراو لەگەڵ نەزانراو و هەڵكێشانی هێمای شیعرێك بە تەرازووی داخوازییەكانی رووداوی مێژوویی وەیا باری كۆمەڵایەتی... بگەیتە ئەنجامێك ماندووبوونەكەت بێنێ و دەست بدا بۆ ئیقناعكردن و تەگەرە رەواندنەوە. بەڵێ ئەمە مومكینە بەڵام حاجەت ناكا بڵێم لە خۆوە دیارە زەرف و ماوەی هێندە لەبار و درێژ نە بۆ من نە بۆ یەكێك لەوانەی دەیانناسم پەیدا نابێ، لە فەرزی بۆ من بە زۆرەملێ پەیداش ببێ لەگەڵ پێویستی بڵاوكردنەوەی باسەكەم گونجانێكی نییە. كاری وا نەفەس درێژ ئەوە نییە چاوەنۆڕی كۆتاییەكەی بكەی و دیواری بەرهەمێكی ئەدەبیی بە پەلەی لەسەر هەڵستێنی. لەگەڵ ئەمەشدا ئارەزۆی دۆزینەوەی زەرف و كاتی هەڵبەست لەبەر تیشكی ناوەكیی هەڵبەستەكە خۆی و رۆناكیی تێكرای ناوەڕۆكی دیوانی شاعیر چشتێكە لە جەرگەی مەیلی ئەدەبیمدا. بۆ مەبەسی نووسین و بڵاوكردنەوەش نەبێ لە خۆمەوە، وەك گەلێ كەسی تر، سرنج دەگرم لە شێواز و داڕشتن و وشەكانی هەڵبەستێك كە كاتی دانانی مەعلووم نییە بەڵكو لە دەلالەتی وشەیێكی وەیا هێمای رستەیێكی وەیا وێچوونی نەبزی لەگەڵ هەڵبەستێكی تردا سەرەدەرێك بكەم لە كات و زەرفی هۆندنەوەی. بە نموونە لێرەدا یەك دوو تەجرەبەی خۆم دەنووسمەوە یەكێكیان لەگەڵ ئەو بەیتەی نالی كە دەڵێ:

هودهودی دڵ حەبسی بەلقیسی سەبای دیوە یەقین
خۆی كە دامەنگیری شاهی ئاصەفی (ثانی) دەكا

جارەهای جار بەسەر ئەم بەیتەدا تێ پەڕیوم بە پەلە بێ ئەوە چ واتای نهێنی و راگەیاندنێكی تایبەتی لێ وەرگرم. بەڵام كە كەوتمە سەر وردبوونەوە لە وردەكارییەكی تێیدایە و سرنجم گرتە وشەكانی و ئەو حیكایەتەی دەیگێڕنەوە واتای (شاهی ئاصەفی

ثـانـی) لـەبـەر چـاوی زیـهـنـم تـریـسـکـایـەوە و یـەکـسـەر سلیـمـان پـاشای بـابـانـی بـاوکـی ئـەحـمـەد پـاشای دەسـتـنـیشان کـرد چـونکـە (ئـاصـەفـی بـەرەخـیـا) وەزیـری (سلیـمـان پـێـغـەمـبـەر) بـووە دیـارە ئـەوان (واتـە سلێـمـان پـێـغـەمـبـەر ئـاصـەفـی کـوڕی بـەرەخـیـا) هـەردووکیـان یـەکـەمـن، ئـاصـەفێکـی (ثـانی) کـە ئـەم بـەیتـە بـاسـی دەکـا دەبـێ عـائید بـە (سلیمـان)ێکی تر بێ. کێ بێ لەسـەردەمی (نالی)دا سلیمـان بێ و شاهیش بێ غـەیری سلیمـان پـاشای بـابـان؟ جوانی و قوولّی و لەتافـەتی (هودهودی دڵ و بـەلقیس و سـەبـا) و تێکڕای نیسبـەتی ئـەم حیکایـەتە (قرآنی)یە لەگـەڵ (سلیمـان پێغـەمبـەر) و لـە ڕێی ئەوەوە لەگەڵ (سلیمـان پاشای بـابـان)دا لـە بیر خۆت ببـەرەوە هـەر سرنج بگرە لایـەنی ڕاگەیاندنی بـەیتـەکـە لـە ڕووی بـەدەسـتـەوە دانی کـات و زەرفی دانـانی. هـەڵبـەت کـە زانرا لـە بـەیتـەکـەدا (سلیمـان پـاشا) مـەبـەسـتـە، لـە خـۆوە ئـاشکرا دەبێ کـە لـە حـاڵی ژیـان و حـوکـمـڕانـیـی ئـەودا گـوتـراوە و لـە لانـی کـاتـەوە دەکـەوێتـە پـێش قـەسیدە شێوەن و پیرۆزبـاییـیەکـەی (تـا فـەلـەك دەورەی نـەدا) کـە بۆ مـەرگی سلێمـان پـاشا و هـاتنە حوکمی ئەحمەد پاشا دانراوە لە ساڵی ١٢٥٤دا. فـەرموو سرنجێك بدە ئـەم چـەند بـەیتـەش کـە لـە هـەمـان قـەسیدەدا هـاتوون:

ضـابـطـەی طـبـعـم سوارە ادعـای شاهـی هـەیـە
مـحـتشم دیـوانـە داوای تـەخـتـی خـاقـانـی دەکـا

نـوکـی خـامـەی مـن کـە بـێتـە مـعـنـی ارایـی کـمـال
خەت بە خەت اظهاری نەقشی صورتی مانی دەکا

استـطـاعـە و قـوەتـی طـبـعـم بـە کـوردی و فـارسی و
عـارەبـی اظـهـاری چـالاکـی و چـەسپـانـی دەکـا

وشەکانی عەرەبیم هـەر بە ڕێنووسی عەرەبی نووسییەوە چونکە زۆریـان گەلێك پیتی وایان تێدایە لە کوردیدا هەر بەکار نایەن و نووسینیان بە پیتە جێگرەکانیان لە کوردیدا زۆر دوورمان دەخاتەوە لە ڕۆحی نالی و شیعرەکانیش.

هـەست دەکرێ لـەم بـەیتانـەدا تـەوژم و تینێك هـەیە هی نیوەی یـەکەمی عومری (نالی)یە. شوێن پێی (نالی) لەناو گوڵ و گوڵزار و گیای گەنجایەتی خۆی و بەهاری هـەڵبـەستـەکـەدا وەك نـەقـشی بـەستبێ وایە. بـەڵام بـاوجودی ئـەم هێز و تـەوژم و تینـەش ئەگەر دەلالـەتی (شاهی ئاصەفی ثانی) نەبا نەماندەتوانی کات و زەرفی دانانیان

ببەینەوە بۆ سەرچاوەی راستەقینەیان.

نموونەی دووەم چوارینەیێکی حاجی قادرە بە پیاوێکی (تەقتەقی)دا هەڵدەڵێ:

شەوکەتی جووتەی سمێڵت تاکە مانەندی کەمە
تەرکەشی تیری تەژاو و شیری دەستی رۆستەمە
رووی لە تەختی روومەتت هێناوە بۆ شانت دەڵێی
ماری سەر شانی (ضحاك) و دوشمنی تەختی جەمە

لەم چوارینەیەدا چ وشە و رستە و ناویك نییە بە نهێنی وەیا ئاشکرایی پەنجە بۆ ساڵ و زەرفێکی تایبەتی درێژکا بەو پێیە لە ناوەڕۆکی خۆیدا شەوقێك نادیترێ لێرە ڕا بەرەو دواوە مێژوومان بۆ روون کاتەوە، بەڵام لە دارِشتن و شێواز و زرینگەی نەفەسدا دەڵێی جمرانە (توأم)ن لەگەڵ قەسیدە مەدحەکەی کە بۆ ئەمین ئاغای داناوە و بەم جۆرە دەست پێ دەکا.

ئەی (محمد) وەی (امین الدولە) ئیمرۆ کۆیی تووە
جەننەتێکە کەوتە دۆزەخ هەرچی لێی دوور کەوتەوە

چاوێکی وردبین هەمان دەسەڵاتی لەحەد بەدەر لە مەدحەکەی ئەمین ئاغا و چوارینەکەی پێشووتردا دەبینێ، هەر ئەوەندە فەرقیان پێ دەکرێ چوارینەکە بۆ پیاوێکی عادەتیی لادێیی دانراوە قەسیدەکەش بۆ ئەمین ئاغا. کە سمێڵی ئەمیان بکا بە شیری دەستی رۆستەم و ماری سەرشانی (ضحاك) دەبێ ئەمەش بۆ بەزمی مەجلیسی ئەمین ئاغا بڵێ:

قاوەچی بەزمی ئەتۆ دونیایە سینی ئاسمان
ئافتابی زەرفە فنجانی مەهە قاوەی شەوە

یەك زەوق و یەك نەفەس و یەك هێز لە هەردوویان خۆ دەنوێنن، بۆیە من بۆ ئەوە دەچم هەردوویان بەرهەمی یەك قۆناغی عومری حاجی بن. ئەمما ئەم قۆناغە کامەیە، لە جێی مناسبی خۆیدا دیاری دەخەین. جارێکیان لە پێك گرتنی ئەم دوو پارچە هەڵبەستەدا من گوتم رەنگە هەردوویان لە یەك دوو مانگدا گوترابن، برادەرێکی شاعیرم گوتی من لە تەجرەبەی شیعر دانانی خۆمەوە دەتوانم بڵێم هەردوویان لە یەك دوو رۆژدا گوتراون.

ئەم دوو تەجرەبەیەم باس کرد تاکو پاکانەیێك بکەم بۆ لێکدانەوەییێکی لێرەدا دەیخوێنیتەوە لە بارەی بوون و نەبوونی کوردایەتی لە هەڵبەستەکانی حاجی بەر لە سەفەری بۆ تورکیا. ئەوەندەی ئیمکانم هەبێ لە نیگا و هێما و ئیشارەی وشە و رستەکانی دیوانی حاجی واتای نهێنی و رابەر هەڵدەگوشم، خۆم لە بیروڕای سەرپێیی و عاتیفی دەدزمەوە، بە شێوەیێکی هەستی و نەستی بەدەم تێپەڕینی کاتەوە واتا و رووداو بە یەکدی دەگرم بەڵکو بگەم بە ئەنجامێکی نزیك لە قەناعەت و هەڵچەقیو لەسەر زەوییێکی سەخت. ئەوەی راستی بێ لێرە بە پێشەوە، دەمێکە، ئەم وردەکارییە دەکەم لەگەڵ شیعر و دەنگ و باسی حاجی قادردا، بێگومان لە هەمان رێبازیشەوە بەرەو دواڕۆژ گوزەر دەکەم لەم گەشتە فکری و زیهنییەی ناو جیهانی بەرفرەوانی ئەم کەڵە شاعیرەدا.

ئەگەر زەوقی شاعیری یارێکی وەفاکاری نووسەر بێ، لەوانەیە بتوانێ لە تامی شیعر چەژی تەمەنێکی لێ بکا کە لەو تەمەنە بوەشێتەوە و شیعرەکەش بداتەوە بە خاوەنی خۆی با نازناویشی تێدا نەگوترابێ، چونکە ناسینەوەی شیعری شاعیر بۆ زەوقی شیعر دۆست، تا رادەیێك، وەك ناسینەوەی دەنگی گۆرانیبێژە. ئەگەر هەڵە لە گوتنەوە و نووسینەوەیاندا نەکرابێ دەشێ بزانرێ فلاّنە بەیت هی (کوردی)یە یا هی (محوی)، هی شێخ رەزایە نەك فایەق بێکەس. کە زەوقیش دیاری خست شیعرەکە هی کێیە سەرلەنوێ، مرۆڤ دەتوانێ بکەوێتە گەڕ بۆ دەستنیشانکردنی تەمەنێك کە لە دەم و دووی وشەکان بوەشێتەوە. بەلاّم وەك لە خۆڕا دیارە کارەکە کارێکی ئاسان نییە، تا بڵێی زەحمەتە. سەرەڕای زەحمەت، لێکدانەوەی ئەوتۆیی هەرچەند ئوستادانە بێ و ئەوپەڕی مووقڵاّشیشی تێدا بەکارهاتبێ دیسانەوە دەمەتەقە هەڵدەگرێ و کەسێك بیەوێ ئەنجامەکەی نەسەلمێنێ دەتوانێ نەیسەلمێنێ. بۆیە من چەندێکی خۆم خەریك کەم بۆ دۆزینەوەی کاتی هەڵبەستنی شیعرەکانی حاجی قادر هەر ناتوانم خوێنەری نەسەلمێنی پێ ئیقناع کەم و رێی رەخنەی گومانکارانە و لاسارانەی لێ ببڕمەوە. بەڵێ وا دەبێ لە هەڵبەستدا وشەیێك ئیشارە دەکا بۆ کات و زەرفی دانانی، وەك ئەم بەیتەی حاجی کە دەڵێ:

لەسەر تەناف کە لەرزی هەتیوی سندووسی
شکا مەتاعی زەریفی و قیمەتی لووسی

زاهیر وا پێ دەچێ وشەی (سندوس) جێگەی تەنافبازییەکە دیار خا، بەو هۆیەوە دەگەینە ئەو باوەڕە، یاخود مەیلمان بۆ ئەوە دەچێ، حاجی کاتێك هەڵبەستەکەی داناوە کە خەریکی خوێندن بووە لە دەوروبەری (سندوس)[٢١] هەڵبەت لە بەیتەکەڕا دەشزانین حاجی لە سەردەمی فەقێیەتیدا سەیری تەنافبازی و سەما و سووڕانی کردووە، بەوەدا جارێکی دیکەش حاجی ئیسپاتی دڵتەڕی و دووره (تزمتی)ی خۆی دەکا. بەڵام ئەم تەرزە شیعرە لە دیوانەکەیدا زۆر نین، هەشبن گەلێکی بێ سەر و شوێنی هەن. هەر چۆنێك بێ ئەوەی ئێمە لێرەدا ئیشمان پێی هەبێ تێکڕا و سەرلەبەری شیعرەکانی نین، هەر ئەو هەڵبەستانەمان مەبەستن کە خەریکی کوردایەتین، چونکە مەبەستمان ساغکردنەوەی کاتی دانانی ئەو شیعرانەن کە سەرەتای خەریکبوونی حاجی بە کوردایەتییەوە دیار دەخەن ئایا لە کۆیێ بووە یا لە ئەستەمبوڵ.

بۆ نموونەی خۆ تاقیکردنەوە با سرنج بگرینە قەسیدەی

وەرە سەیــری بــزانــە لاوی کــۆیــی[٢٢]
مــەهــە دانـیشتـووە یــا سەروە رۆیــی

تا بزانین بۆمان ساغ دەبێتەوە هی دەوری ژیانی کۆیەیتی یا هی ئەستەمبوڵ. لە هەموو بەیتەکانی قەسیدەکەدا، نە تاکە بەیتێکی نە تاکە وشەیێکی نە تێکڕایان

---

(٢١) ریوایەت هەیە دەڵێ تەنافبازەکە خەلقی سندوس بووە بەڵام لەگەڵ هەموو تاقمی گەمەکەرەکان بەیەکەوە هاتوونە کۆیێ، ئەمین ئاغا لەگەڵ حاجی قادر بەیەکەوە لەبانی مزگەوتی گەورەوە سەیری بەزمەکەیان کردووە، تەنانەت گۆیا هەتیوەکە تەنافەکەی پساوە و کەوتووەتە خوارەوە. کە ئەمە راست بێ وشەی (سندوس) دەلالەتی نامێنێ. هەڵبەت هێمای وشە کاتێك بایەخی دەبێ کە لە هیچ لایێکەوە خەبەرێکی بێگومان بێبایەخی نەکا.

(٢٢) لە دەستنووسێك کە مەلا رەئووفی سەلیم ئاغا بۆ کۆڕی زانیاری کوردی ناردووە سەر جوملەی قەسیدەکە ٣٥ بەیتە، واتە بەیتێکی لە دیوانە چاپکراوەکەی حاجی زیاترە. بە پێی دەستنووسەکە دوای بەیتی بیست و نۆیەمی ناو دیوانە چاپکراوەکە ئەم بەیتە دەبێ بکرێتە بەیتی سێیەم:

خەریکی کاسبی و کاری حەڵاڵە
بە غەیری ئەم ئەوانی تر بەتاڵە

دیوانەکەی ئەم بەیتەی تێدا نییە و سەر جوملەی ٣٤ بەیتە.

راستەوخۆ جێگەی نووسینیان بە دەستەوە نادەن، لەوانەیە خوێنەری عادەتی کە نیازێکی لێکدانەوە و بەراوردکردنی نەبێ لە خوێندنەوەیاندا بیریش لەوە نەکاتەوە ئاخۆ زادەی کۆیەن یا هی ئەستەمبوڵ. کەسێکیش کە مەیلی بڕوا بۆ ئەوە کە لە کۆیێ گوتراون چ بەڵگەیێکی بێ رەخنە پاشگەزی ناکاتەوە. بەڵام بایی ئەوەی خۆم ئیقناع بکەم، ئەگەر خەڵقیشم بۆ ئیقناع نەکرێ، لە تێکڕای بەیتەکان و لە تایبەتی هەندێکیان دەگەم بەو باوەڕە کە لە دەرەوەی کۆیێ، واتە لە ئەستەمبوڵ، دانراون. لە بارەی دەلالەتی تێکڕای بەیتەکانەوە وەك گەرد و وەردی دوای بەیانی بۆم مەیلەو روون دەبێتەوە دەم و راوێژی گلەییەکانی حاجی لەم قەسیدەیەدا لەوە دەچێ لە دوورەوەی ناردبن بۆ کۆیێ نەك رووەوڕوو بە خەلقی کۆیەی گوتبێ. لەلایەن شێواز و داڕشتن و سۆز و تاسەیشەوە بەیتەکان برای قەسیدەی (لەمەیدانی بەهارا شارەکەی کۆیە)ن، خۆ مەعلوومیشە ئەمەیان لە ئەستەمبوڵەوە بۆ کۆیێ هاتووە چونکە ئەوەندە شکایەتی تێدایە لەدەست غەریبی کە کزە لە دڵی زیندووانی ئیمڕۆکەش هەڵدەستێنێ.

بە قەددی ئاوەگردە دەردی دووری
نەزیری (ئیچ قەڵا)یە بێ حضووری

بەلای زەوق و تەبعی منەوە ئەوەندە لە یەکدی چوونە و هەم ئاهەنگییە بەسە بۆ ئیسپاتکردنی هەڵبەستنیان لە ئەستەمبوڵ نەك لە کۆیێ.

سەرەڕای ئاوازی تێکڕای بەیتەکان کە لە دوورەوە دێتە بەر گوێچکەی دڵمەوە، تاکە بەیتێکی تێدایە بە تیشکێکی تایبەتی خۆی زیاتر لە نزیکەوە جێگا بۆ خۆی دیار دەخا:

لە عەهدی کەر نەبی تا عەهدی گای کوێر
لـــە گوێی گا نوستوون زۆر حەیفە بۆ شێر

لەم بەیتەدا دیار دەکەوێ کاتێك حاجی قەسیدەکەی داناوە کە رۆژگاری (کەرنەبی–شێخ نەبی ماویلی) بەسەرچووە و دەوری شێخێکی تر[٢٣] داهاتووە و

---

(٢٣) مەشوور ئەوەیە کە مەبەستی حاجی قادر لێرەدا (شێخ غەفووری تاڵەبانی)یە. دەبێ عوزر بێنمەوە بۆ بنەماڵەی تاڵەبانی کە بە ناچاری ناوی مەزنە پیاوێکی وەك شێخ غەفوور لە جێگەی وەها نالەباردا دێتە ناو ئەم نووسینەوە. ئەوەی لە خۆمی ئازاتر کردم کە دەست نەپارێزم لە گێڕانەوەی ئەم حیکایەتە، باڵ قووڵی و دڵفرەوانیی تاڵەبانیانە لەوەدا کە بۆ خۆیان زۆر مەردانە دیوانەکەی شێخ رەزایان لە چاپ دا و یەك وشەی ناقۆڵاشیان لێ =

هێشتا بەسەرنەچووە. کە حاڵ وابێ مەعلوومان کرد حاجی لە ئەستەمبوڵەوە شیعرەکانی بۆ کۆیێ ناردوون چونکە کاتێك ئەو کۆیەی جێ هێشت شێخ نەبی لە گەرمەی جەزبە و های و هووی و دەسەڵاتدا بووە لە کۆیێ. ئیمکان هەیە نەختێك لەوەش زیاتر پەراوێزی زەمەنی لە دەوری هەڵبەستەکە تەسك کەینەوە و لە ساڵی تێدا هەڵبەستنی نزیکتر کەوینەوە و بە هۆی ئەوەوە مە شێخ غەفوور لە ١٣٠٧ی کۆچی مردوە. باپیرم لە چەند بەیتێکی مەرسیەدا کە بۆ مەرگی شێخ غەفوری داناوە (یاغفوری) کردووە بە مێژووی مردنی کە ١٣٠٧ دەگرێتەوە . کەواتە شیعرەکانی حاجی قادر لە دوای راگوێستنی شێخ نەبی لە کۆیە و پێش مەرگی شێخ غەفوور لە ١٣٠٧دا هۆنراونەوە. هەرچەند بە تەواوی نازانم شێخ نەبی چ ساڵێك کۆیەی جێ هێشتووە بەڵام بە پێی دەلالەتی هەندێ قسە و باس کە من پێیان ئاشنام، دەبێ ئەو ساتە بەینێك پێش ١٣٠٠ی کۆچی بووبێ، رەنگە بەلای کەمەوە شەش حەوت ساڵێك. چونکە لێرەدا پەکمان نەکەوتووە لەسەر دەستنیشانکردن وەیا نزیکبوونەوەی لەو ساتە، لزووم نابینم خوێنەر خەریك کەم بە خوێندنەوەی ئەو قسە و باسانە بۆیێ لێیان بێدەنگ دەبم.

ئەم خۆ هێنان و بردنە دوور و درێژە بۆ دیارکردنی ساڵی نووسینی یەکێك لەو قەسیدانەی کوردایەتییان تێدایە، هەرچەند بایەخیشی هەبێ لە رووی لێکدانەوە و رووناککردنەوەی مەوزووع و هەموارکردنی رێگەی تۆژینەوە، دیسانەوە ئەوە نییە ئیشکالەکە یەکجارەکی برەوێنێتەوە. من لەلای خۆمەوە و لە جیاتی خوێنەر دەڵێم دەشێ گەلێك کەس پێی دڵنیا نەبێ و لەسەر ئەو باوەرەی بمێنێتەوە کە شیعرەکە لە کۆیێ هۆنراوەتەوە یاخود هەر نەبێ بڵێ بەلامەوە ساغ نەبووەتەوە لێرە دانراوە یا لەوێ.

مەبەستم لەم درێژەدانە بە لێکۆڵینەوە لە یەك دوو برە شیعری حاجی قادر ئەوەیە بە قەناعەتەوە پێت بڵێم هانابردنە بەر دیوانی حاجی بۆ دیارخستنی ساڵی دانانی شیعرەکانی کاریکی بێ سوودە، چونکە ئیمکان نییە لەو هەوڵەدا شاهیدی هێندە راست و دروست پەیدا ببێ کەوا (تەزکەرەی نفوس) بۆ هەموو قەسیدەیێك رێك خات و ئیسپاتی ساڵی لە دایکبوونی بکا، کە دایکەکە مێشك و دڵی حاجی بێ. جگە لە کەم

= نەسرپەوە لەوانەی شێخ رەزا کردوونی بە تیری کوشندە و لە خزمانی خۆی گرتووە کە یەکێکیش لەوان سەرۆکی بنەماڵەکە شێخ غەفوور بووە.

سوودی هەوڵدانەکەش، نەفەسی کاری وەها هێندە درێژە مەودا و کات و دەرفەتی یەکجار فراوانتری دەوێ لەوەی بۆ ئەم نووسینەم لواوە. سەرەڕای کەم سوودی و بی مەودایی، کێشان و پێوانەی هەموو قەسیدەیێکی گوماناوی کە بخرێتە سەر کاغەز، بارستێکی ئەوتۆ پەیدا دەکا ببێتە هۆی ئێسك قورسیی نووسینەکە و وەڕز بوونی خوێنەریش، جگە لە ئەرکی مادیی لە عادەت بەدەر. لەبەر ئەم هۆیانەیە خۆم ناوێمە باوەشی زێدە فرەوانی شیکردنەوە و لەبەریەك هەڵوەشاندنی واتا و رەمز و نیگا و نیم نیگای شیعرەکانی حاجی و لە جیاتی ئەو کارە زەحمەتە هەوڵ دەدەم لە سەرچاوەی دیکەی وەك تەواتور و رووداوی بێگومان و مێژووی رابەر و فەرمانی مەنتیق و راگەیاندنی حاڵ بەڵگە پەیدا کەم کە مەبەست بسەپێنێ. هەڵبەت لەو کارەدا هەمیشە ئەوەم لەبیرە کە پەیدابوونی بەڵگە لە شیعری حاجی لە رێگەیێکی نێزیکەدەستەوە راستترین و باشترین هۆی سەپاندنی مەبەستە و وەك ئەوەی شیعرێك بە ئاشکرا خۆی مەعلووم بکا کە لە فلانە شوێندا گوتراوە یاخود شەکوای غەریبی جێگەی بۆ دەستنیشان بکا.. هتاد. دەشمەوێ خوێنەر لێم بسەلمێنێ کە لێی داوا دەکەم نابێ گومانی بۆ ئەوە بڕوا من لە پێشەوە بیروباوەڕێکی حازر و بزرم بۆ خۆم قەراردادە کردووە و بەڵگەی بۆ رەچاو دەکەم وەیا بۆی دادەتاشم، بە پێچەوانەوە بیر و باوەڕێکی بۆی بچم بەرهەمی ئەو بەڵگە و لێکدانەوە و قسەی دەماودەم و سەرگوزەشت و خەبەر و مێژووی بێ شوبهەیە کە تێکڕایان لێیان دێ ببنە بنج بۆ قەناعەت و متمانی.

پێش هەموو هۆیێکی ئەوتۆ وەك رێگەی راست هەنگاومان بگەیەنێ بە ئەنجامی قەناعەت بەخش، قسەی جیلی رابردوو و گێڕانەوەی بەسەرهات و خەبەراتە کە هیچ بەڵگەی مادی وەیا هیچ راستییێکی بێ شوبهە و سەپێنراو بە درۆیان ناخاتەوە. گوتەکە دەگا بە رادەی (تواتر) ئەگەر گونجا لەگەڵ بڕیاری هۆش و رووداوی زانراو و داخوازی زەرف، دەبێتە بەڵگەیێك کە مرۆڤ بحەسێنێتەوە لە سەرێشەی زیهنکاری و لێکۆڵینەوە و ئەرکی نەفەسبڕی پەردە هەڵگرتن لەسەر رووی نەزانراو. جگە لەو پاداشتە گەورەی حەسانەوە کە لە (تواتر)ی قەناعەت بەخشەوە بە مرۆڤ دەگا، چ مەترسیی بەهەڵەچوون و سەر لێشێوانیشی تێدا نییە کە لە زیهنکاریدا پەیدا دەبێ. تەواتور هەر دەڵێی گۆشتی بێ ئێسکە کە قسەی پێشینان لە میسالاندا پەسەندی کردووە. بەڵام تا تەواتور دەگا بە پلەی سەلماندن و لە سنووری گومان لێکردن تێ دەپەڕێ گەلێك مەرجی قورس و زەحمەتی پێ دەوێ کە پوختەیان ئەوەبوو تازە گوتم، واتە نابێ هیچ

بەڵگەیێکی پتەو هەڵی وەشێنێ و بەدرۆی خاتەوە. هەر بۆیەیە کەوا من بەڕادەی مەرحەباکردنم لە تەواتوری بێگومان ئامادەم گوێ بگرم لە بەڵگەی مادی وەیا زیهنی کە گومان بخاتە سەر تەواتور. گریمان ئیمڕۆ لە تەواتورێك رازی بم دەشێ سبەینێ لێی بگوێزمەوە بۆ رایەکی نوێ کە لە سەرچاوەیێکی روونترەوە هەڵقوڵێ و خۆی ئیسپات بکا.

لەبەر تیشکی ئەم تێبینییانەوە، تەواتورێك بە ئێمە گەیشتبێ و باسی خەباتی سیاسی و شیعری کوردپەروەرانەی حاجیمان بۆ بکا ئەوەیە کەوا حاجی دوای چوونی بۆ تورکیا کەوتووەتە سەر هەوای کوردایەتی، بابڵێم ئەوسا لە ناو پەڕاوێزی (حەقپەرستی) خۆیدا ناوەڕۆکێکی تازەی پەیدا کرد کە خەباتکردنە بۆ وەدەستهێنانی مافی نەتەوایەتیی کورد. لە کەس نەبیستراوە، چ ئەوانەی هاوچەرخی حاجی بوون وەك حاجی مەلا عەبدوڵڵا و ئیبراهیم حەیدەری و (حاجی)یە گەورە و شێخ رەحیم چ ئەوانەی دەخرێنە سەر جیلی دوای حاجی و قسە لەوان دەگێڕنەوە وەك باوکم و مامم (شێخ نورالدین)، کەوا حاجی قادر تا ئەو کاتەی کۆیەی جێ هێشتووە خەباتی سیاسیی کردبێ وەیا شیعری نیشتمانپەروەریی هەڵبەستبێ. نەبوونی تاکە یەك خەبەر و سەرگوزەشت و قسەی دەماودەم ئەوە رابگەیەنێ کە حاجی قادر جارێك لە جاران بە قسە یا هەڵبەست یا نووسینی پەخشان لە کۆیێ خەریکی کوردایەتی بووبێ خۆی لە خۆیدا ئیسپاتێکی سەرەتاییە بۆ ئەوە کە دواتر کەوتووەتە سەر خولیای کوردایەتی. جا ئەگەر من بمەوێ وەیا کەسێکی تر بیەوێ پێچەوانەی ئەمە داوا بکا دەبێ ئەرکی بەڵگە و سەپاندنی پێچەوانەکە بخاتە سەر ئەستۆی خۆی. بەڵگە و سەپاندنیش ئەوە نییە بگوترێ ناشێ وەیا ناچێتە عەقڵەوە خەباتی کوردایەتیی نەکردبێ و هەر دەبێ مێشکی بۆ بیری نیشتمانپەروەری چووبێ و هۆی وەك ترس لە تورکان نەیهێشتووە فکر و هەڵبەستەکانی بڵاوبوونەوە.. هتاد چونکە ئەو تەرزە قسانە چ بایەخێکیان نییە و ئەوە نین بکرێنە دووخی(٢٤) موناقەشە. وا من لەلای خۆمەوە دەڵێم دەشێ و دەچێتە عەقڵەوە ئەو خەباتەی نەکردبێ، لەوەش زیاتر پێ دادەگرم و دەڵێم ناشێ و ناچێتە عەقڵەوە ئەو خەباتەی کردبێ دەوجا لەو گوتەیەمدا چی کەمترم گوتووە لە گوتەکەی تر، کام بەڵگەم هەڵبواردووە کە ئەویتر خۆی پێ رازاندووەتەوە، بە چ گەز و گرێیەك گوتەی من کورتتر دینێ!

---

(٢٤) دووخ واتە محور.

ئەو گوتەیە بێ بەڵگە (ناشێ و ناچێتە عەقڵەوە) هەر ئەوەندەی بە دەستەوەیە بۆ سەپاندنی خۆی کە بڵێ وا دادەنێم خەباتی حاجی لە ئەستەمبوڵ درێژە پێدانی خەباتەکەی کۆیەیتی، ئەوی ناسەلمێنێ با بۆ خۆی ئیسپاتی نەبوونی ئەو خەباتە بکا لە کۆیێ. وەرامی ئەم داوایە یەك و دوو و سێ نین تا بڵێی زۆرن. لەگەڵ رچەی نووسین و پێ بە پێ تێیان هەڵدەنگووین.

هەبوونی شتێك لە سەردەمێکدا راستەوخۆ ئیسپاتی هەبوونی ئەو شتە ناکا لە سەردەمێکی جودای کۆنتردا، وەك ئەوەی کە هەبوونی خۆت لەکاتی خوێندنەوەی ئەم دێرانەدا نابێتە بەڵگە بۆ هەبوونت لە پێش سەد ساڵدا، توانای خوێندنەوەت لە کاتی ئێستادا هەر ئەوەندە دەسەپێنێ کە تۆ لە تەمەنێکدای خوێندنەوەی لێ بوەشێتەوە، ئەم توانایەت بە تەنها بۆ خۆی لەو تەمەنەت زیاتر ئیسپات ناکا. ساغبوونەوەی هەبوونی هەڵبەستی کوردپەروەرانەی حاجی قادریش لە ئەستەمبوڵدا راستەوخۆ نابێتە بەڵگە بۆ هەبوونی ئەو هەڵبەستانە لە قۆناغێکی زووتری زۆر جودا لە عومری حاجی قادردا کە وا گردەبڕ لە قۆناغی ژیانی ئەستەمبوڵی جوداوازە. قۆناغی ژیانی کۆیەی گردەبڕ لە هی ئەستەمبوڵ دەترازێ و چوونی بۆ ئەستەمبوڵ واقیعێکی تازە داهاتوو بۆ حاجی قادر دیاری دەکا بە خۆ و هەموو داخوازی و دەلالەتێکیەوە. شیعرەکان لەو واقیعە تازەیەدا دەبنە بنگە و بەڵگەی موناقەشە بۆ دۆزینەوەی سەرەتای پەیدابوونیان لە واقیعە تازەکە خۆیدا، نەك پلە و قۆناغێکی کۆنتر، کە کۆیەیە.

ئەم قسەیەم لێم داوا دەکا بڵێم هەروەك کوردایەتیی حاجی لە ئەستەمبوڵ لە خۆوە نابێتە بەڵگە بۆ بوونی کوردایەتیی حاجی لە کۆیێ، نەبوونی بەڵگە و ئیسپاتیش بۆ کوردایەتیی حاجی لە کۆیێ ئەویش خۆی لە خۆیدا و بە تەنها ئیسپاتی ئەو نەبوونە ناکا چونکە ئیمکان هەیە شتێك هەبێ بەڵام بوونەکەی ئیسپات نەکرێ. هەر بۆیە بوو، کەمێك پێشتر، گوتم نەبوونی خەبەریك و ئەسەرێکی خەباتی سیاسیی حاجی لە کۆیێ دەبێتە (ئیسپاتی سەرەتایی) بۆ نەبوونی ئەو خەباتە نەك ئیسپاتێکی (دوایەکی و یەکجارەکی) واتە (نهائی و قطعي). با لەوەش زیاتر باوێمە سەر ئەم قسانەم بۆ زەحمەتترکردنی گەیشتنم بەو ئەنجامە کە پێی گەیشتووم لە رێی لێکدانەوە و بەڵگە و داخوازی مەنتیقەوە. نەبوونی خەبەر و ئەسەری خەباتی سیاسیی حاجی لە کۆیێ نەدەبوو بە ئیسپاتی سەرەتاییش ئەگەر زەرف و حاڵ و مێژووی زانراوی حاجی قادر داوای هەبوونی خەبەرێك و ئەسەرێکی نەکردبا. با بزانین چۆن؟ پێمان گەییوە حاجی

لە گۆڕە قەرەج خاوەن زەوی بووە. حاجی لە کۆیێ ژیاوە و فەقێ بووە... حاجی لەگەڵ باپیرم چووەتە باڵەکەتی بۆ خوێندن.... حاجی یەخەگیری شێخ غەفوور بووە .. حاجی .. حاجی. گەلێك لە رووپەڕەکانی ژیان و چالاکیی حاجی تەواو و ناتەواو بە ئێمە گەییوە، بۆ دەبێ تاکە یەك وشەی قسە وەیا هەڵبەست وەیا هەڵکەوت و هەڵوەست کە سەر بگەیەنێ بە مەفهوومی کوردایەتی لە حاجی قادرەوە نەگا بە ئێمە نەدەسودەم نە بە نووسین نە ئیسپاتی مەنتیق و هۆش لە سەرانسەری ئەو عومرەی کە لە کۆیە و کوردستانی رابواردووە؟

با جارێکی دیکەش لە خۆمەوە یارمەتیی رەخنەگر و نەسەلمێن بدەم بۆ زەحمەتترکردنی قەناعەتهێنان بە لێکدانەوەکەم لەبەشی یەکەمی نووسینەکەم کاتێ کە دووام لە بارەی مێژووی کۆیێ گوتم چەند راستییێك هەن ئەوە دەسەپێنن کەوا کۆیێ شارەکی یەکجار کۆنە (وەك بوونی ئاوی حەمامۆك و جێگەی هەموار و نەبوونی بەرهەڵستی گەورەی هاموشۆ .. هتاد) هەرچەند ناو و شۆرەتی لە مێژووشدا زۆر بەرچاو نەبێ. گوتم ئەو راستییانە کە لە کۆنەوە هەن داوا دەکەن کۆیێ لە کۆنەوە هەبووبێ با بەڵگەی دیکەی وەك نووسین و شوێنەواری بەرچاویش دەست نەکەوێ. دەوجا کە من بۆ ئیسپاتی هەبوونی کۆیێ لە کۆنەوە ئیکتیفا بکەم بە بوونی ئەو راستییانە کە ئیمڕۆ هەن بۆچی ئیکتیفا نەکەم بە بوونی خەباتی سیاسیی حاجی لە ئەستەمبوڵ بۆ ئیسپاتی بوونی ئەو خەباتە لە زووترەوە؟ لەو رووەوە جوداوازیی کۆیێ لە حاجی قادر چییە؟

ئەوەی راستی بێ زۆر جوداوازیی بنجی هەن ناهێڵێ قیاسی حاڵەتی حاجی بکرێ لە هی کۆیێ، لێرانەدا یەك دووەکان بە نموونە دێنینەوە:

یەکەم: چەندین شاهید هەیە لە مێژووی بێگومان ئیسپاتی ئەوە دەکەن رێککەوتنی وەزعی سروشتی و ستراتیجیی وەك هی کۆیێ، لە کۆنەوە شاری دروست کردووە. پەیدابوونی چەندین شار بەهۆی بوونی عەوامیلی وەك ئەوانەی لە کۆیێ هەن پشتگیری دەکەن لەو نەزەریەی کە بڵێ دەبێ لە کۆنەوە کۆیێ شار بووبێ. هەبوونی کۆیێ لە کۆنەوە بەر ئەو دەستوورە دەکەوێ کە لە (فقە)دا پێی دەڵێن (الاستصحاب المقلوب). هەر لەبیرمە کە لە کۆلێجی حقوق بووین بەم جۆرە تەعریفیان بۆ کردین: (الاستصحاب المقلوب هو الحکم بوجود شیء في الماضي لتحقق وجوده في الحاضر مع عدم وجود دلیل لنفیة في الماضي).

واتاکەشی بە کوردی ئەمەیە (استصحابی مقلوب بڕیاردانە بە بوونی شتێك لە رابردوودا لەبەر هەبوونی ئەو شتە لە حازردا چ بەڵگەیێکیش نەبیّ بۆ نەبوونی لە رابردوودا)، وەك ئەوەی مەعلووم بی فلاّنە خانوو لەم ڕۆژەدا هی تۆیە، ئیتر بەمە بڕیار دەدەین پار و پێراریش ئەو خانووە هەر هی تۆ بووە مەگەر بەڵگەیێکی سەربەخۆ ئیسپاتی ئەوە بکا ئەوسا خانووەکە هی تۆ نەبووبیّ.

بەڕاستی وەزعی کۆییّ لە حوکمی ئەو (استصحاب)ەش بە هێزتر رادەگەیەنیّ چونکە هەروەك دەلیلێك نییە بۆ نەبوونی کۆییّ لە کۆنەوە، پێویست و داخوازیش زۆرە بۆ بوونی لە کۆنەوە.

وەزعی خەباتی حاجی قادر وانییە، زەرفی ئەستەمبۆڵ کە لێی دەوەشێتەوە ببیّ بە کێڵگەیێك بیری سیاسیی قەومی لیّ بڕویّ شتێکی تازە بوو بە نیسبەت حاجی قادرەوە، ئەو زەرفە لە کۆییّ وجوودی نەبوو تا بڵێین دەبیّ بیری سیاسیی قەومیی حاجی قادر لە ئەستەمبۆڵ بەردەوامبوونی هی کۆیەی بیّ هەرچەند بەڵگەشمان نەبیّ بۆ سەپاندنی ئەم بەردەوامبوونە.

سەرەڕای ئەمە ئەستەمبۆڵ زەرفێکی تازە بوو بۆ حاجی و ئەو زەرفە تازەیە مەودا نادا قیاسی رابردووی ئەو لە رابردووی کۆییّ بکریّ، چ کەسێکیش لە کۆییّ و غەیری کۆییّ لەو کاتانەدا پەیدا نەبوو خەباتی سیاسیی کردبیّ لە کوردستان تا بڵێین حاجیش وەك ئەو کەسە پێویستی بە زەرفی تازە نەبووە، لەمەشدا سەرلەنویّ قیاسی ئەو لە کۆییّ دوورتر دەکەوێتەوە چونکە، وەك گوتم، مێژووی کۆن زۆر نموونەی تێدایە بۆ پەیدابوونی شار لە وەزع و هەڵکەوتی وەك هی کۆییّ.

دووەم: بە نیسبەت کۆییّ هیچ بەڵگەیێك نییە نە تەواتور (وەك ئەفسانە) نە نووسراو کە وا رابگەینیّ پێش ئەوەندە سەد ساڵە یا ئەوەندە هەزار ساڵە لە شوێنی ئێستاکەی کۆییّ چ شار نەبووە، کەچی بە نیسبەت حاجی قادرەوە چاوگی نووسراو هەیە کە دەسنووسی خۆیەتی رادەگەیەنیّ تا ساڵی ١٢٧٧ی کۆچی حاجی قادر کوردایەتیی نەکردووە. چاوگەکە کتێبەکەی (سیوطی)یە کە نووسین و پەراوێزی حاجیی بە سەرەوەیە و لە زۆر شوێنی ئەو نووسین و پەراوێزانەدا بۆ بابەتی ئەوتۆ چووە پێوەندیی نییە لەگەڵ بابەتی کتێبەکە کە (صرف و نحو)ە، بەڵکو تاسە و هەستی حاجی دەدەنەوە. چەند جاران لە دژی چاپی عەجەم هەڵبەستی داناوە بە کوردی و فارسی و عەرەبی

وەك:

(١) یارب بقدر حرف سیوطی یك یك.

(٢) زینـهـار نـخر کتـاب چـاپ عجمی.

(٣) ایـــاك ان تشتـــری المطـــبـــوعـــا.

وا بووە کوتومت یەخەگیری شای عەجەم بووە:

قـد سمـعـنـا مـن مـنـاد مـات شا

لـعـنـة الـلّـه عـلـیـه مـاتشا[٢٥]

جارێکی دیکەش باسی هەڵاتنی سوپای عەجەم دەکا لە پێش لەشکری میری سنە. لەو شوێنانەدا مرۆڤ نەفەسی خۆی دەگرێ بە چاوەنۆڕی دەرکەوتنی هەستێکی تایبەتی کوردایەتی کەچی کتێبەکە لەو رووەوە خامۆش دەبێ و لە جغزی (رق هەڵستان و خۆش نەویستن)دا دەمێنێتەوە کە هەستێکی نەیارە بەرامبەر مەوزووعی هەڵبەستەکان و ئاودیو نابێ بۆ ناو سنووری هەستی (ایجابی)ی کوردایەتی. بەڵام رق هەڵستانەکە بێ دەلالەت نییە چونکە نیشانمان دەدا پەنجەیێك ئەو خامەیە نارەزایەی گرتووە و پێی دەنووسێ کە وا پۆرگی نەفسی خاوەنەکەی وەك بورکانێکی بچووك خەریکە دەجۆشێ و دەخرۆشێ و هەر درزێك بدۆزێتەوە تێیدا دەتەقێتەوە. لەچەند جێگایەکدا شیعری عەرەبی وەردەگێڕێتە سەر فارسی و کوردی. جارێکیان لە هێنانەوەی میسال بۆ بەکارهێنانی (لولا) بەیتێکی (ابو العلاء المعری) کە لە کتێبەکەدایە وەردەگێڕێتە سەر فارسی و بەدوا

(٢٥) ئەم تێ هەڵپێچانەی حاجی لە شای عەجەمان جگە لەوە کە بێ حورمەتیی شای عەجەم رادەگەیەنێ لای حاجی، سرنجیش رادەکێشێ بۆ بیرکردنەوە لە هۆی راستەقینەی بێ حورمەتییەکە ئایا شیعەیەتیی شای عەجەم بووە یاخود عەجەمایەتی؟ ساغکردنەوەی پرسیارەکە و داشکاندنی بە لایەکدا کارێکی ئاسان نییە کە وەرامێکی سەرپێیی یەکلای بکات، بەڵام لە دیمەنی تێکڕای باری دەروون و هەستی «حاجی»یەوە کە لە ئێمەوە دیار بێ، دوور نییە هۆیێکی ئاویتە (مزیج)ی شیعەیەتی و عەجەمایەتی و کارە ناپەسەندەکانی دەوڵەتی ئەوسای ئێران لە حاجیی خۆش هێنابێ شای عەجەم بداتە بەر تیری هەڵبەست. چ سەیرم نایێتەوە لەوەدا حاجیی قادر بە دیتنی زوڵم و زۆری فەرمانبەرەکانی عەجەم لە خاکی کوردستانی ئێراندا قینی نژادی و مەزهەبی کۆ بوو بێتەوە ئەم لەعنەتەی سەرەتای دێڕی دووەمی هەڵبەستەکە قسەش لەوەندە نابڕێتەوە بەڵام من بە ناچاری دەیبڕمەوە.

ئەوەدا درێژە دەدا بە نووسینەکەی و دەڵێ نووسەری ئەم پەراوێزە، کە حاجی خۆیەتی، بۆ بەکارهێنانی (لولا) بەیتێکی دانا نیوە کوردی نیوە عەرەبی ئەمانەن نموونەکان، ئەسڵ و وەرگێڕدراو. بەیتەکەی (ابو العلاء) ئەمەیە:

یذیب الرعب منه کل عضب
ولولا الغمد یمسکه لسالا

وەرگێڕانەکەی حاجیش بە فارسی ئەوەیە:

گدازانیدی بیم از او همه تیغ
نیامش گر نسبتی می چکیدی

ئەمەش بەیتە فەردەکەی حاجی خۆیەتی، وەك خۆی دەینووسمەوە:

لیلی کتی بنیانی عماراتی هوی[٢٦]
لولا لە قیس عامر ینهدم

بەدوا ئەمەدا عوزر دێنێتەوە بە رستەیێکی عەرەبی کە وا کاتی دانانی ئەم بەیتە حاجی هێشتا عەرەبیی نەزانیوە، بۆیێ فلانە هەڵە و فیسارە غەڵەتی تێدایە.

پوختەی قسەم لەم رووەوە ئەوەیە حاجی وەك فەقێیەکی بزۆز لە گەلێ شوێنی کتێبەکەدا خۆ لە باسەکانی هەڵدەقوتێنێ و بەدەنگ دێ، بەڵام بە هیچ جۆر بێنی سیاسەتی سەر بە کوردایەتییەوە لەم نووسینانەی نایێ، تەنانەت بەشی فارسیی ئەم نووسینانەی پتر لە کوردی. تێکڕای (تدخل)کردنی چ بە پێچەکە و خوارەکە بێ چ پاتەوپات بێ لە سەرچاوەی ئایینەوە هەڵدەقوڵن، بەڵام سەرچاوەکە بۆ خۆی لە ناخی دڵ و دەروونێکی بلێسەداری وەك بورکانەوە سەر هەڵدەدا.

نووسراوێکی حاجی کە وا بەسەر کتێبەکەی (سیوطی)یەوە هەیە دەبێتە شایەد بۆ گێڕانەوەی واقیع: ئاین، نارەزایی، پەرۆش، هەست، سۆز، هەژاری، غوربەت، زیرەکی، بزۆزی، بوێژی ... ئەمانەی هەموو تێدان، دەبوا ئەگەر کوردایەتیش هەبێ لەگەڵ ئەمانەدا خۆ بنوێنێ، چونکە هەستی نەتەوایەتی وەك هەموو هەستەکانی خوێن کوڵێن و دەروون جۆشێن و پتریش لەوان، کە پەیدا بوو موناسەبەش نەبێ موناسەبە دروست دەکا بۆ خۆنیشاندان. حاجی قادر کە لەبەر هەستیاریی خۆی وەك زیل دەزرنگێتەوە لە

---

(٢٦) بە رێنووسی نوێی کوردی وەها دەنووسرێت:

(لەیلا گوتی بونیانی عیماراتی هەوا)

چاو شاعیرانی تردا، تعصبیشی بۆ کوردایەتی گەیاندییە ئەو پایە بڵێ مەدحی خوا دەکەم بە کوردی تا نەڵێن بە کوردی مەدحی نەکراوە و (ئەگەر کوردێ قسەی بابی نەزانی...) دەبوا لە ناو دەیان جار کە لەگەڵ مەوزووعەکانی سیووطیدا بەدەنگ دێ جارێکیشیان کوردایەتییەکەی لێ بەدیار کەوتبا بەڵێ دەزانم و گوتیشم دیارنەکەوتنی شت نابێتە دەلیلی یەکجارەکی نەبوونی ئەو شتە، بەلام کە پێویست هەبوو بۆ دیارکەوتنی و هەر دیاریش نەکەوت، ئەوسا ئەگەر مرۆڤ خۆشی بگرێ لە بڕیاردانی نەبوونی ئەو شتە، بە هیچ جۆرێك مافی ئەوەی نامێنێ بڵێ هەر هەیە و دەبێ هەبێ. سرنجێکیش بدە ئەو ساڵەی (١٢٧٦-١٢٧٧)ە کە پەراوێزەکانی حاجی تێدا نووسراوەتەوە لەو رووەوە کە دەکەونە دوای ساتەکانی فەقێیەتیی حاجی قادر لە باڵەك، واتە باوەڕ و فکرەکانی ئیبنو ئادەم کاری خۆیان کردبوو ئەگەر چ کارێکیان کردبێ و چ مەوداش نەماوەتەوە گومان بۆ ئەوە بڕوا کەوا دوای ١٢٧٧ حاجی قادر بەسەر فەلسەفە و بیروباوەڕی ئیبنو ئادەمدا کەوتبێ.

بەو پێیە کتێبەکەی سیوطی بەڵگەیێکی یەکجار (سلبی) بە دەستەوە دەدا لە رووی بوون و نەبوونی هەستی نەتەوایەتیی روون و ئاشکرا لای حاجی قادر تا کۆتاییی (١٢٧٦)ی کۆچی. لەگەڵ بوونی ئەم بەڵگە گەورەیەشدا ئەگەر یەکێك هەر سوور بێ لەسەر بوونی ئەو هەستە لای حاجی دەبێ لە پەراوێزی (عقل ناسەلمێنێ و دەبێ هەبووبێ و ناکرێ نەبووبێ) دەرچێ و شایەد و بەڵگەی مادی بێنێتەوە بۆ بوونی. بەڵگەی مادیش لەم مەیدانەدا ئاسن و چەمەنتۆ نییە، یا نووسراوە یا گوتەی بێ شوبهەیە. خۆ ئەگەر ئەو کەسە چ بەڵگەیێکیشی پێ پەیدا نەکرا و هەر مانیشی گرت لە داواکەی خۆی ئەوا کار لە زیهنکاری و ئیقناع و لێکدانەوە دەردەچێ دەبێتە حەز لێکردن و کەیف پێهاتن و هەوەسبازی، ئەوساش هەڵوەستی وەها لەگەڵ (موضوعیە) چ پێوەندییێکی نامێنێ ، روو لە (گرێی نەرگزی) یا نەخۆشییێکی تری وەك ئەو دەکا.

خوێنەری بەڕێز دەبینێ لەو بەیەکدی گرتنی بوون و نەبوونی گیانی کوردایەتی لای حاجی لە زووێکەوە، جیاوازییێکی گەورەمان دۆزییەوە لە میانی هەردووکیاندا کە ناهێڵێ قیاسیان لە یەکتر بکرێ، لەگەڵ زانینی ئەم جیاوازییەش بۆمان روون بووەوە، با بڵێم بۆ من روون بووەوە، تا کۆتاییی ساڵی ١٢٧٦ی کۆچی چ بەڵگەیێك پەیدا نابێ ئیسپاتی بوونی خەباتی کوردایەتی بکا لای حاجی؛ لەگەڵ نەبوونی بەڵگەی ئیسپات بەڵگەی سەلبیشمان قسە لێ کرد کە چ گومانی لێ ناکرێ چونکە دەسنووسی حاجی

خۆیەتی. ئەگەر نووسینەکە بە خۆی و دەلالەتی سەلبییەوە هی مرۆڤێکی دیکە با نەك هی حاجی لەوانە بوو بڵێین رەنگە کابرا لە بیری کردبێ یاخود مەبەسێکی بووە لە نەدانی شایەدی بۆ حاجی. من ئەوەندەی لە دەسەڵاتی مادی و زیهنی و فکریمدا بێ بە خەرجی دەدەم و داومە بۆ گەیشتن بە متمانی لەو مەوزووعە گرنگەدا. لێرە بەپێشەوە تا ئێستا کە ئەم دێرەی تێدا دەنووسم تاکە یەك بەڵگەم بەدەست نەکەوتووە پرشنگێك بداتەوە و واتای (کوردایەتی) راگەیەنێ لە گوتە و نووسین و هەڵوەستەکانی رۆژانەی حاجی قادر تا کۆتاییی ساڵی ١٢٧٦.

قسەمان لە سەرەتاوە لەگەڵ (تواتر) بوو داخوا چیمان بۆ دەگێڕێتەوە، پێویستیی رچەی وتووێژ کتێبەکەی سیوطیی هێنا ناو پەراوێزی تەواتورەوە کە دەبوو بە جۆرێکی سەربەخۆ بکرێ بە بنگەی لێکدانەوە.

راگەیاندنی (تواتر) وەك کتێبەکەی سیوطی نییە لە سنووری ١٢٧٦ و ١٢٧٧دا بوەستێ بەڵکو هەموو ئەو کاتە و رۆژگارە دەگرێتەوە کە دەکەوێتە پێش سەفەری حاجی بۆ تورکیا، واتە ئەو چەند ساڵەش دەگرێتە ناو باوەشی خۆی کە دەکەوێتە میانی ١٢٧٧ و ساڵی چوونەدەری حاجی لە کۆیێ.

ئەمەی تا ئێستا لێی دواین لەبەر تیشکی جووتە بەڵگەی (قسەی دەماودەم لەگەڵ کتێبەکەی سیوطی) شەقامی رەوتی حاجیمان بۆ رووناك دەکا لە لایەن پلەی گۆڕانی نەفس و دەروونی بەرەو ئامادەبوون بۆ وەرگرتنی هەموو فکرێکی نوێ وەیا تین و تاوێکی بەرەوپێشەوە کە لە رۆژانی ئایندەدا شەوق و هێزیان باوێن بۆ ناو مێشك و گیانی حاجی.

سەرت سوڕ نەمێنێ لەوەدا کە گوتم چیی کردمان روونکردنەوەی ئامادەبوونی حاجی بوو بۆ وەرگرتنی تین و تاو و فکری بەرەو پێش لە حاڵێکدا ئێمە خەریکی ئیسپاتی ئەوە بووین کە وا حاجی بەر لە چوونی بۆ تورکیا کوردایەتیی نەکردووە، واتە خەریکی کۆکردنەوەی بەڵگەی (سلبی) بووین لەو رەوتەدا زیاتر لە هۆیەکانی هاندەر و تەکاندەری بەرەو پێشەوە. رەنگە تا رادەیێك بە ئانقەست قسەکانی خۆم خستبێتە قالبێکی ئەوتۆ لە رواڵەتدا نەگونجێ لەگەڵ ناوەڕۆکەکەی تاکو وەك ئیشکال خۆ بنوێنێ و وەرامیشی بدەمەوە. ئێمە دەمانەوێ بزانین حاجی کەی دەستی کردووە بە کوردایەتی، واتە هەوڵ دەدەین سەرەتای شتێکی سەرەتا نادیار بدۆزینەوە.

ئێمە کە لە تاریکاییدا سەرە پەتێکمان بەدەستەوە بێ و نەزانین سەرەکەی تری لە کوێ دەگاتە رووناکی، دەبێ باڵەوباڵ پەتەکە هەڵکەینەوە و هەنگاو بە هەنگاو لەگەڵی بڕۆین تا دەگەینە سەرەکەی تری. هەرچەند هەنگاوەکانمان لە سەرەتاوە دووریش بن لە رووناکی هەر ئەوانن بە رووناکییەکەمان دەگەیەنن. بۆ دۆزینەوەی سەرەتای دەست پێکردنی حاجیش بە خەباتی سیاسی هەر دەبێ کارێکی وا بکەین کە لەگەڵ پەتەکەدا کردمان واتە هەموو ئەو رۆژگارانەی حاجی هەڵکەینەوە کە کوردایەتییان تێدا نییە تاکو سەر بە رۆژگارێکەوە دەنێین کە کوردایەتیی تێدا دەدۆزینەوە. هەڵکردنەوەی رۆژگارەکە و هەڵێنانی هەنگاوەکان لە سەرەتاوە وەك رواڵەتێکی (سلبی) خۆ دەنوێنن چونکە بەرهەمەکەیان، جارێ، کوتومت (نییە .. نییە)یە، بەڵام بەڕاستی خۆیان تاکە رێگەن بەرەو ئەنجامێکی (ایجابی).

سەرەتای دەست پێکردنی حاجی بە کوردایەتی وەك سەرەتای جەنگی جیهانی وەیا رۆژی (١١)ی ئەیلول نییە مێژووی زانراوی هەبێ، بۆیە دۆزینەوە و ساغکردنەوەی ناچارمان دەکا کە هەموو قۆناغێکی ژیانی حاجی بپشکنینەوە و تێوەی ڕامێنین بەڵکو بزانین بە پێی رادەی گەیشتن و پوختەبوون کام قۆناغیان دەشێ دایکی ئەم بەچکە تازە بووەی فەلسەفەی کوردایەتی بێ. رواڵەتی (سلبی)ی نەگەیشتن و پوختەنەبوونی چەندین قۆناغی ژیانی دەمانگەیێنێ بە (ایجاب)ی رووداني هاتنە دونیای بەچکەکە لە قۆناغێکی خاوەن ژان و ژوارێکی تایبەتیدا. لە گوێرەی بۆ لوانی محدودی لێکۆڵینەوە و بەراوردیکردنی بەهۆی کەمبوونی سەرچاوەی زانینی بێ شوبهەوە، پێ بە پێی هەنگاوەکانی حاجی هەرجارە هەوڵمان داوە پسوولەی (دور و تسلیم) لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێك لە چەنگی رووداو و دەلالەتی خەبەرات و گوتە و کردەوەی حاجی دەربێنی. شوێن پێی ئەو هەنگاوانە جڵەوی خامەی راکێشا لە گۆڕقەرەجەوە بۆ کۆیێ و گوزەری پێ کرد لە دەوری فەقێیەتی و کژی (مستعدی)، ئیمجار گەشتە دوور و درێژەکەی باڵەکەتی و کوردستانی پێ کرد تاکو بەسەر پردی کتێبەکەی (سیوطی)دا پەڕاندیەوە، بە موەقەتی، بۆ کۆتایی ساڵی ١٢٧٦.

لە پاش ئەم ساڵەی زۆرجار گوترایەوەی (١٢٧٦)ەوە تا ئەو ساڵەی کە تێیدا ئەڵوەدای دواجاری لە کۆیە و کوردستان کرد، ماوەیێکی چەند ساڵی هەیە دەمێنێتەوە بۆ ئیحتیمالی ئەوە کە حاجی شیعری سیاسیی کوردپەروەرانەی تێدا گوتبن. وەك گوتم (تواتر) لەویش بووەتەوە کە هیچ گوتە و کردەیێکی سەریحی کوردایەتیی تێدا نییە،

بەڵام ئاخۆ راگەیاندنی حاڵ و داخوازی زەرفی ژیانی حاجیش پشتگیریی گوتەی دەماودەم دەکا بۆ ئەو ماوەیە هەر وەکو پشتگیریی کرد لە ماوەی پێشووتر؟

بەرلەوە بکەوینە سەر ساغکردنەوەی ئەم لایەنەی بوون و نەبوونی کوردایەتی، جارێ با بزانین ماوەکە خۆی چەندە! بۆ ئەم پرسیارەش وەك زۆربەی پرسیارەکان دەربارەی چەند و چۆنی ژیانی حاجی لەو وەرامە بەولاوە دەست ناکەوێ کە کاری گەز و تەرازووی زیهنی دەیداتەوە. هەردوو سنووری ئەم لاو ئەو لای ماوەکە، واتە کۆتاییەکەی ١٢٧٦و سەرەتای سەفەری بۆ تورکیا لە تاریکیدان.

هۆی تاریکبوونی کۆتاییی ساڵی ١٢٧٦ ئەمەیە.

حاجی لە رووپەڕەی (١٢١)ی کتێبەکەی (سیوطی)دا ئەم بەیتەی کردووە بە کۆتایی پەڕاوێزێك لە دەسنووسەکانی خۆی.

شبی سە شنبە بیست از ماە آخر

هزار و دوصد و هفتاد و شش در

هاتنی ئەمرازی (در) لە کۆتاییی بەیتەکە، ئەویش بۆ خۆی دەمەتەقە هەڵدەگرێ و پرسیار دێنێتە پێشمان کەوا بۆچی حاجی بەپێی دەستووری زمانی فارسی ئەمرازەکەی نەخستە پێش (هزار و سیصد و هفتاد وشش)ەوە و کردی بە قافیە؟ ئایا ئەمە بەڕاستی ئەمرازە، واتە ئەو (حرف جر)ی عەرەبییە کە (من، فی) و لە کوردیدا (لە)یە یاخود ئەمراز نییە و (اسم – ناو)ە بەواتای (دەرگە – باب) ئەوساش واتای نیوە دێڕەکە دەبێتە (هزار و سی صەد و هفتاد و شش در – دەرگە) کە هەر ساتەی تێدا بە دەرگەیێك دانرابێ؟ من لەو کەشمەکەشە لادەدەم و خۆم و خوێنەری پێوە خەریك ناکەم چونکە حاجی هەر کامێك لەمانە یا غەیری ئەمانەی مەبەست بووبێ ساڵەکە وەك خۆی دەمێنێتەوە و مانگی کۆتاییش ئەو مانگە دەبێ کە هەیە. ئیشکال لە شتێکی ترەوە هەڵدەستێ کە تا ئێستا رەوانەوەی بۆ نییە، رەنگە هەر نەشێ یاخود زۆر زەحمەت بێ، ئیشکال لەوەدایە، حاجی تا رووپەڕەی ١٤٤ی کتێبەکە لە پەراوێزدا نووسینی هەیە، دەوجا دەبێ ئەم ٢٣ رووپەڕەیەی لە کۆتاییی ساڵی (١٢٧٦)ەوە بە چەند هەفتە و مانگ بڕیبێ و بۆ ناو جەرگەی ١٢٧٧ چەندی هەڵچنیبێ؟ لێرەدا بۆخۆت لێتەوە دیارە لە تەخمین بەولاوە چمان بەدەستەوە نییە. ئەوپەڕی ئیمکانمان ئەوەیە لە فەقێیان بپرسین ئاخۆ، بەعادەت، خوێندنی ٢٣

لاپەڕەی کتێبی سیوطی چەند کاتی دەوێ!

ویستم لە کوێرەڕێیەکی ناو حاشیەکانی (حاجی)یەوە ماوەی بڕینی ئەم ٢٣ لاپەڕەیە لێك دەمەوە بەڵام داخەکەم لێی بە مراد نەگەیشتم. کوێرە ڕێیەکەش ئەمەیە:

حاجی لە رووپەڕە ٧٩ ئەم فەردەی نووسیوە کە لێرە بەپێشەوەش باسم کرد:

قد سمعنا من مناد مات شا
لـعـنـة الـلّـه عـلـيـه مـاتشا

زاهیری وا پێ دەچێ مەرگی شاهێکی عەجەمی مەبەست بێ نەك شاهی شەترەنج یاخود شاهێکی خەیاڵی شاعیر بە نیازی (جناس) و وشەسازی. ئەگەر ئەمە وا با دەمانتوانی بزانین لە چ وەخت و ساڵێك حاجی ئەم فەردەی لە رووپەڕە ٧٩دا نووسیوەتەوە و کەنگین خەریکی خوێندنی ئەم رووپەڕە بووە چونکی مەرگی شاهەکانی قاجاری هەمووی زانراوە و تۆمار کراوە. دەوجا کە بۆمان لێك درابایەوە حاجی بە چەند کات ماوەی میانی روپەڕە ٧٩ و رووپەڕە (١٢١)ی بڕیوە کە دەکاتە ٤٢رووپەڕە دەمانتوانی لە ڕێی قیاسەوە بزانین لە ١٢١ تا ١٤٤ بەچەند کات تێی پەڕاندووە. بەڵام دەرکەوت نێزیکترین مەرگی شاهێکی عەجەم (١٠) ساڵان دەکەوێتە پێش ئەم ساڵەی (١٢٧٦)ەوە. خۆ بە وڕێنەشدا تێ ناپەڕێ حاجی ٤٢ رووپەڕەی (٧٩) و (١٢١)ی بە دە ساڵان تەواو کردبێ. گریمان بۆ ئەوەش بچین کە وا ناگزووری و هەژاری دە ساڵان (حاجی)یان بەو ٤٢ رووپەڕەوە خەریك کردووە، ئەوسا فەردەکە چ دەلالەتێکی نامێنێ چونکە قیاس هەڵناگرێ. جگە لەمە واقیعی زانراو لە ژیانی حاجیدا ئەو فەرز دانانە بەدرۆ دەخاتەوە لەو روەوە کە وا حاجی دە ساڵ پێش ١٢٧٦ هێشتا نەچووە بۆ جێگایەك لە قەڵەمڕەوی حکومەتی ئێران بووبێ تا ئەگەر (شاه) مرد جارچی جاڕی بۆ راهێڵێ و حاجی لێی ببیێ و بەو بەیتە دڵی خۆی بحەسێنێتەوە. کەواتە تا ئێستا گەز و گرێیەکمان بەدەستەوە نییە ئەو ماوەی پێ بپێوین و بزانین تا چەندی ساڵی ١٢٧٧، حاجی خەریکی ئەم ٢٣ لاپەڕەیەی سیوطی بووە. بەڵام دەتوانین بڵێین بە پێی ئەوە کە حاجی زۆر خەریك بووە بە نووسینەوەی حاشیە لەسەر ئەغڵەب لاپەڕەکان وا دیارە خێراییی لە خوێندنەوەکەی نەکردبێ و زیاتر مەبەستی ئەنجنینی مادەکە بووبێ کەواتە دەشێ بڵێین ئەو ٢٣ لاپەڕەیەی بە ٣ مانگێك وەیا زیاتریش تەواو کردبێ.

با لەو ٣ مانگەش دەست هەڵگرین و وا دابنێین لەگەڵ تەواوبوونی ساڵەکەی ١٢٧٦ حاجی ئەو ٢٣ رووپەڕەی تەواو کرد، لەمەشدا یارمەتیی ئەو کەسانە دەدەین کە دەڵێن دەبێ حاجی لە کۆیەوە دەستی بە خەباتی سیاسی کردبێ چونکە هەتاکو لە مەودای شایەدی کتێبەکەی سیوطی کەم کەینەوە مەودای ئیحتیمالی کوردایەتییەکە درێژتر دەبێتەوە.

لەپاش ئەم چاوپۆشینەمان، لە نوێ، گرێیەکی تری بێ رەواندنەوەمان دێتە بەر، ئاخۆ حاجی قادر کە وەستا لە نووسینەوەی حاشییان بەسەر (سیوطی)یەوە وازی لە فەقێیەتی هێنا و گەڕایەوە بۆ کۆیێ؟ یاخود وازی لە (سیوطی) هێنا بۆ کتێبێکی تر و بەردەوام بوو لەسەر خوێندن؟ کە خوێندنی بەردەوام کرد ئایا هەر مایەوە لە کوردستانی ئێران؟ چەند مایەوە؟ کەی هاتەوە کۆیێ؟ وەرامی ئەم پرسیارانە ئەگەر ئەوەبێ کە وا حاجی دوای کتێبەکەی (سیوطی) بەینێکی تریش لە کوردستانی ئێران مایەوە بۆ خوێندن، بایی ئەو مانەوەیە لە ئیحتیمالی کوردایەتییەکەی کەم دەبێتەوە چونکە چ ئیمکان نییە و لە هیچ زارێك نەبیستراوە و تاکە دەلیلێکیش پەیدا نابێ کەوا حاجی قادر لەو غوربەتە و بێ کەسییەدا لە ناکاو کەوتبێتە سەرباری فکر و خەباتی سیاسییەوە. کە دەڵێم (لە ناکاو) بۆیەیە چونکە کتێبەکەی سیوطی چ پێشەکییێکی کوردایەتی بەدەستەوە نادا چاوەنۆڕی فکر و خەباتێکی سیاسیی لێ بکرێ، کە خەباتێك لە (حاجی)یەوە رووی دابێ دەبێ لە ناکاو بووبێ.

هەرچەند ساغکردنەوەی ئەو پرسیارانە لە گۆشەی نیگای زانینی سەرگوزەشتی حاجی قادرەوە تا بڵێی کارێکی بە نرخ و بایەخدارە، بەڵام لەبەر ئەوە کە وا لێرەدا دەرفەتی ساغکردنەوە و لێکۆڵینەوەمان چەنگ ناکەوێ، بە ناچاری وازیان لێ دێنین بۆ دەرفەتێك کە دواڕۆژ پێکی بێنێ وەیا ئەدیبەکانی کوردستانی ئێران پرسیارەکان ساغ کەنەوە، ئێمەش ئێستا هەر ئەوەمان بۆ دەمێنێتەوە بکەوینەوە سەر رێبازی ئەسڵیمان. لەم رێبازەدا سەرلەنوێ یارمەتیی ئەو کەسە دەدەم کە حەز دەکا حاجی قادر لە زووەوە کوردایەتیی کردبێ، وا دادەنێم حاجی لە سەرەتای ساڵی ١٢٧٧ەوە گەڕابێتەوە بۆ کۆیێ و لەوێ مابێتەوە تا سەفەری کردووە بۆ ئەستەمبۆڵ، بەمەشدا ماوەی ئیحتیمال درێژتر دەکەینەوە بۆ ئەو خەباتە سیاسییە چونکە وەك گوتم لە کوردستانی ئێران چ ئیمکانێکی خەباتی سیاسی نەبووە بۆ حاجی. لێرە بەدواوە بۆ خوێنەری روون دەکەمەوە بەمەدا ماوەیێکی لە دوو ساڵ زیاتر دەبەخشم بەو

ئیحتیماله چونکه گوتەیێك هەیە بۆ ئەوە حاجی تا ۱۲۷۹ لە کوردستانی ئێران مابێتەوە، من کە دەڵێم با وادابنێین حاجی لەسەرەتای (۱۲۷۷)ەوە گەڕاوەتەوە کۆیێ لەم گوتەیە و دوو ساڵەکەش واز دێنم. پاش چەند لاپەڕەیێکی تر دەگەینە باسی ئەم گوتەیە.

ئەمە لەبارەی تاریکاییی سنووری کۆتایی ۱۲۷٦و سەرەتای ۱۲۷۷. ئیمجار تاریکاییی سنووری کۆتاییی مانەوەی حاجی لە کۆیێ دێتە پێش، حاجی قادر کەی کۆیەی جێ هێشت بەرەو تورکیا؟ بۆ وەرامی ئەم پرسیارەش مێژووی بەستەزمان و گوتەی دەماودەمی کەڕ و لاڵ (دەمی بەسراوە وەکو فندەق و بادام) و هیچ کامێکیان ورتەیان لێوە نایێ.

هەر هێندەمان پێ دەکرێ بۆ زانینی سەرەتای ئەم رووداوە کە گردەبڕ ژیانی حاجی دەکا بە دوو کەرتی لە یەکتر کشایەوە وەك دوولای دەمی مەقەسی کرایەوە، بێین و بە زیهنکاری خەریکی دەرهێنانی واتای مەتەڵی زەحمەت و هەڵهێنانی موعەمما و لوغزی تەماوی بین. چمان بەدەستەوەیە ساڵی سەفەری حاجیمان بۆ روون کاتەوە؟ تا ئەمن زانیبێتم چش! کە دەڵێم چش مەبەستم شتی وایە نوقتەیێك لەسەر پیتێك دانێ. برۆ بۆ ساڵێك هەڵتەکێنی.. وەك کێلەڕێی سەر شەقامان (علامة مرور) پەنجە بۆ لایێك درێژکا.

لەوە زیاتر کە لە گوتارەکەی (کەیفی جوانڕۆیی)دا باسم کردووە و لە دەفتەری کوردەواریدا بڵاوبووەتەوە، تا ئێستا چ مەعلووماتێکی تر پەیدا نەبووە، بابڵێم لای من پەیدا نەبووە، ساڵی سەفەرەکەی حاجیمان بۆ دیار دەخات. لە گوتارەکەدا ئەم راستییانە ساغ کراونەوە:

١– حاجی و کەیفی لە کۆیێ رەفیقی یەکتر بوون.

٢– کەیفی لە ۱۲۸۰ لە کۆیێ بووە بە بەڵگەی ئەوە کە لەو ساتەدا مەرسیەی داناوە بۆ مردنی خێزانی حاجی مەلا عەبدوڵڵا، بەڵام نازاندرێ بەر لە ۱۲۸۰ کەی هاتووە بۆ کۆیێ.

٣– کەیفی لە (۱۲۸٦)ەوە کۆیەی جێ هێشتووە. بەڵگەی ئەمەشیان لەوەڕا دەرکەوت کە حاجی مەلا عەبدوڵڵا گوتووەتی (لە ۱۲۸۸ کە کەیفیم دیتەوە لە حەڵەب دوو ساڵی تەواو بوو نەمدیبوو).

٤– حاجی قادر بەر لە کەیفی سەفەری کردووە. لە گوتارەکەدا بە جۆری (تقریب)

ماوەی بەینی سەفەری کەیفی و حاجی باس کراوە لێرەدا شتێکی تریشی دەخەمە سەر.

تەواتور هەیە کە حاجی زووتر رۆییوە و لەمەشدا گومان نییە، بەڵام لەو دواییەدا قسەیێکی مامم بیرکەوتەوە کە دەیگوت حاجی قادر بەینێك بوو چووبووە ئەستەمبۆڵ کە کەیفی رۆیی، مەبەسیشی لە وشەی (بەینێك) چەند ساڵێك بوو. بەو پێیە و لە رێی (مەسڵەتی – هدنە) کردن لەگەڵ نەزانینی راستیدا دەبێ ساڵێك دەستنیشان کەین لە میانی ١٢٧٧ و ١٢٨٦دا. دیسان بۆ ئەوەی یارمەتیی ئەو رایە باسکراوە بدەین لەو ٩ ساڵانە (٥–٦) ساڵێکی بدەینە (احتمال)ەکە و (٣–٤) ساڵانیش بدەینە تەواتور و قسەی مامم و لێکدانەوەی ناو گوتارەکەی (کەیفی جوانڕۆیی). کەواتە با بڵێین حاجی لە ١٢٨٢، ١٢٨٣ کۆیەی جێ هێشت. بزانین ئاخۆ ئیمکان هەیە لەو (٥–٦) ساڵانەدا زەرفی خەباتی سیاسی بۆ حاجی پەیدا بووبێ؟

خەریکبوون بەو تۆژینەوەیە هەر وەك لایەنێکی زێدە گرنگی ژیانی (معنوی) حاجیمان بۆ رووناك دەکاتەوە، رووپەڕەیێکی ژیانی مادی حاجیشمان بۆ دەخوێنێتەوە لە هەوڵ و تەقەللای گوزەران و سەغڵەتی بەیەك کەوتنەوەی لەگەڵ ناحەزانی. رەنگە سوودی وردە مەعلووماتی سەر بە کۆمەڵایەتی و جۆری رابواردنی ئەو رۆژگارەشمان پێ رابگەیەنێ.

حاجی کە گەڕاوەتەوە بۆ کۆیێ چەند ساڵێك بووە لێی دوور کەوتووەتەوە. وەك لێرە بە پێشەوە باسم کردووە، کە سەفەرەکەی بۆ باڵەکەتی (١٢٧٠) وەیا (١٢٧١)ەوە دەستی پێ کردبێ و لە ١٢٧٧ کۆتاییی هاتبێ شەش حەوت ساڵێکی بەلای کەمەوە خایاندووە. چ مەعلوومیش نییە لەو ماوەیەدا هیچ جارێکیان سەردانی کۆیەی کردبێ. بەلای منەوە هیچ هۆیێك نییە حاجی ناچار کا زەحمەت و ئەرکی سەفەرێکی دوور و درێژ لە کوردستانی ئێرانەوە بۆ کۆیێ بچێژێ و سەرلەنوێ زەحمەت و ئەرکەکە دووبارە کاتەوە تا دەچێتەوە ئێران. ئەوسا نە بابی هەبووە نە دایکی ماوە نە ماڵ و منداڵی لەدوا بەجێ ماوە، خزمانی گۆڕ قەرەجیشی کە خۆشی ویستوون لە کۆیەوە خۆشی ویستوون، لە نێوانیاندا نەژیاوە تا بڵێین خۆشویستنێکی بێ ئەندازە هەبووە لە بەینیاندا پێویست بکا لە ئێرانەوە بگەڕێتەوە وڵاتی کۆیێ بۆ چەند رۆژێکی دیدەنیکردنیان تا ئاگرەکەی هەناوی دادەمرکێنێ و دەگەڕێتەوە کوردستانی ئێران. جگە لەم لێکدانەوەیە، ئەو سۆزی غەریبی کە چوارینەی حاشیەیێکی سەر کتێبەکەی سیوطی رای گەیاند (یارب بکرم

بجای طاعت ازمن[٢٧]..) لێرە بەدواوەش هەمان سۆز لە قەسیدەکەی مەدحی ئەمین ئاغادا هەستی پێ دەکەین وامان تێ دەگەیەنێ کە سۆزی سەفەرێکی دوور و درێژی بێ پشوو بێ و دیدەنیی خزم و دۆستانی تێدا نەکرابێ. من وام دێتە بەر هەست و زانین کەوا حاجی قادر هەروەك لە ئەستەمبۆڵەوە هیچ جاران سەردانێکی کۆیەی نەکردووە لە گەشتەکەی فەقێیەتیشی ئەو سەردانەی نەکردبێ. لە هەردوو حاڵدا بێ ماڵ و منداڵی و بێ پێوەندیی مادیی بەهێز نەفەسی سەفەرەکەی درێژ کردووەتەوە بێ بڕانەوە و پچڕانەوەی ناوناوە کە سەردانی ناچاری بە مرۆڤی دەکا.

چەند جارێك ناوی ئەم قەسیدەیەی مەدحی ئەمین ئاغامان هێنا، هەر جارە لە مناسەبەیێکی جودادا، ئێستا بۆ دواجار لێی دەدوێین و ئەوەندی بۆمان بکرێ سوود لە راگەیاندنەکانی وەردەگرین. پێشتر بەڵێنمان دا کات و زەرفی ئەم قەسیدەیە ساغ کەینەوە و دەسەڵاتی شیعری حاجیش لەو قۆناغەدا روون کەینەوە. جارێ با لە پێشەوە شیعرەکە بنووسین ئەوجا لێی بدوێین:

ئەی (محمد) وەی (امین الدولە) ئیمڕۆ کۆیی توو
جەننەتێکە کەوتە دۆزەخ هەرچی لێی دوور کەوتەوە

مودەتێکە[٢٨] دەربەدەر کردەی وڵاتی غوربەتم
بەندە یادی ئاستان بۆسی ئەتۆی کرد هاتەوە

چونکە (تحفە) لازمە هەرکەس لە غوربەت بێتەوە
بەم دوو فەردە من قەزای سەد گۆنە (تحفە)م کردەوە

قاوەچیی بەزمی ئەتۆ دونیایە سینی ئاسمان
ئافتابی زەرفە فنجانی مەهە قاوەی شەوە

ئەو شەوە بۆ هەرکەسێ دونیا بکاتە رۆژی روون
شەو لە (خطە)ی عومری ئەو عەنقایە دەربانی خەوە

بەیتەکان بۆ خۆیان هاواریانە لە دەست غەریبیی بێ ڕەحم و دەربەدەریی دوور و درێژ و سۆزی یادکردنەوە و ئارەزۆی گەڕانەوە و دیداری وڵات. تۆ بڵێی ئەم سەفەرە

---

(٢٧) لە بەشی یەکەمدا بڵاو کرایەوە.

(٢٨) لە هەندێ نوسخە (مودەیێکە) نووسراوە.

دوور و درێژه و پڕ سۆز و غوربەتەی کەی کردبێ؟

لە هەموو عومری حاجیدا تەنها یەك گەشتی وا دوور و درێژ هەیە بەر ڕۆژگاری ئەمین ئاغا بکەوێ، ئەویش گەشتەکەی خوێندنیەتی لە باڵەکەتی و کوردستانی ئێران. بۆ ئیسپاتی ئەم لایەنە بەڵگەی بێ دەمەتەقەی ئەوتۆ هەیە کە هیچ تێبینییەك و رەخنەیێك بەرامبەری ناوەستێ، پێش ئەم سەفەرەی بۆ باڵەك و کوردستانی ئێران هیچ ماوەیێك نییە لە ژیانی حاجی قادر و خوێندنیدا سەفەرێکی دیکەی دوور و درێژی تیدا کردبێ و گەڕابێتەوە کۆیێ بۆ مەدحی ئەمین ئاغا. گریمان لە تەمەنی حاجیدا ماوەی وەها بدۆزینەوە، کە نادۆزرێتەوە، ئەمین ئاغا بۆ خۆی ئەوە نەبووە زووتر مەدحی بکرێ و کۆیێ بە هی ئەو دانرێ و (ئیمرۆ کۆیی توو)ی بۆ بگوترێ چونکە ئەوسا منداڵ بووە و هێشتا زۆری ماوە جێی باوکی بگرێتەوە و بە گەورە و خاوەنی کۆیێ حیساب بکرێ. لە منداڵیش وازبێنە، تا حاجی بەکر ئاغا مابێ بەو هەموو گەورەیی و شۆرەت و شەخسییەتی خۆیەوە چۆن کوڕێکی مێردمنداڵەی ئەو بە گەورەی هەموو کۆیێ ناوی دەبرێ؟ گومان لەوەدا نییە ئەم بڕە شیعرە پێش مەرگی حاجی بەکر ئاغا لە (١٢٧٠)دا نەگوتراوە. ئەو ئیحتیمالەش نییە بگوترێ رەنگە لە دەمی مەرگی حاجی بەکر ئاغادا حاجی قادر بەینێك بووبێ لە کۆیێ دوور کەوتبێتەوە و دوای مەرگی هاتبێتەوە کۆیێ و مەدحی ئەمین ئاغای کردبێ چونکە پێشتر (لە بەشی یەکەمی ئەم نووسینەدا) زانیمان حاجی قادر خۆی شیعری سەر کێلە قەبری حاجی بەکر ئاغای داناوە، واتە لە دەمی مەرگیدا لە کۆیێ بووە. کەواتە حاجی قادر پێش ساڵی ١٢٧٠ کە ساڵی مردنی حاجی بەکر ئاغایە ئەم شیعرەی نەگوتووە.

لە سەرەتای نووسینی ئەم بەشەی دووەمەدا مەعلوومان کرد کە حاجی لە پاش مەرگی حاجی بەکر ئاغا گەشتەکەی دەست پێ کرد و بەلای کەمەوە تا کۆتاییی (١٢٧٧)ی خایاند دوای گەڕانەوەی حاجیش بۆ کۆیێ لە ١٢٧٧دا تا ئەو ساڵەی کۆیەی جێ هێشت ئەو ماوەیە نییە سەرلەنوێ گەشتێکی دوور و درێژی تێدا کردبێ. کە بێی و ماوەی گەشتێکی دوور و درێژ لەو چەند ساڵەیە داشکێنی هێندەی لێ نامێنێتەوە بایی ئەو کەین و بەینەی دوشمنایەتیی میانی حاجی و شێخ نەبی ماویلی بکا کە دەزانین دوشمنایەتیێکی تووڵانی بووە. ئەوەی راستی بێ ماوەش هەبێ، کە نییە، ناچێتە عەقڵەوە بەدوا سەفەرێکی حەفت ساڵیدا حاجی سەفەرێکی تازەی چەند ساڵی بکا، هەمووی لە غەریبی و بە فەقیری.

کەواتە بە نیسبەت هەموو رۆژگاری حاجی لە کوردستاندا تەنها ئەو زەرفەی دوای گەڕانەوەی لە باڵەکەتی و کوردستانی ئێران هەیە کە بگونجێ بۆ هەڵبەستنی ئەم مەدحە. بە زاراوەی عەرەبی (دلالة الحصر) هەیە بۆ ئیسپاتکردنی ئەوەی تازە لە گوتنی بوومەوە.

دەمێنێتەوە بگوترێ حاجی لە ئەستەمبۆڵەوە ئەم هەڵبەستەی ناردووە بۆ کۆیێ وەك لە لاپەڕە (٥٧)ی دیوانەکەی حاجی، چاپی هەولێر، نووسراوە و لەوەدا بیروباوەڕی خەلقی تریش دەڵێتەوە. بە شەرمەوە دەڵێم ئەم گوتەیە وەك ئەو گوتە مەشوورەیە کە دەڵێ (دال دوو ژیر دٍ، إذا قوقب): لە حینجەییکردنی وشەدا بەپێی دەستووری خوێندنەوەی کۆن کە پیتی کۆتایی وشە (دال دوو ژیر د) بێ واتە دالێکی (تنوين) داری مەکسوور بێ چۆن ئیمکان هەیە ئەم پیتە ببێتە دوا پیتی وشەی (قوقب) کە پیتی (ب)ی مەفتووحە؟ حاجیش لە شیعرەکەدا بانگ رادێڵێ، نەك جارێك بەڵکو دوو جار و سێ جاریش، کەوا لە غەریبی گەڕاوەتەوە بۆ کۆیێ و دەبوو بە دەستووری سەفەر کردان (تحفە) و دیاریی پێ با، دەزانین هێندەش دەستکورت بووە تاقەتی دیارییانی نەبووە، بۆیە دوو بەیتی کۆتاییی قەسیدەکە قەزای سەد جۆرە دیارییانی کردووەتەوە.. وا من دەڵێم ئەو دوو بەیتە سەد ئەوەندەی کۆشك و تالارەکەی ئەمین ئاغا کە داریشی لەسەر بەردی نەماوە پارێزگاریی ناو و شەخسییەتی ئەمین ئاغای کرد نەك هەر جێی دوو کیلۆ تووتنی بێشەما وەیا دوو تەسبیحی قەزوانی ئەبلەقی بۆ حاجی و ئەمین ئاغا گرتەوە، خۆ دەشزانین حاجی بەبەریەوە نەبووە لەو جۆرە (تحفە)یە زیاتر بکا بە دیاریی گەڕانەوە لە سەفەر بۆ ئەمین ئاغا یا یەکێکی تر. وەی باوانم حاجی چ بەخشندەییێکی! لە گەنجینەی غەیبەوە شەوچراغی نەمری دێنی و دەیکەیتە نیشانەی جاویدان بەسەر سینەی دۆستی وەفادارتەوە، چاوی مێژووش فرمێسکی تێدا قەتیس دەمێنێ بۆ رووتی و هەژاری و ئاوارەییت.

نازانم چۆن لەگەڵ ئاشکراییی واتای شیعرەکانی گومان بۆ ئەوە چووە کە وا حاجی لە ئەستەمبۆڵەوەی هەناردبن. هێشتان لەبارتر بوو بگوترابا حاجی بۆ خۆی جارێکیان لە ئەستەمبۆڵەوە گەڕاوەتەوە کۆیێ و ئەو (تحفە)ی پێشکەش بە ئەمین ئاغا کردووە هەرچەند دەشزانین حاجی هەرگیز نەگەڕاوەتەوە نە بۆ کۆیێ و نە هیچ جێگەیێکی تری کوردستانی ژێروو.

پوختەی قسە ئەمەیە، تاکە یەك زەرفی گونجاو هەبێ لە هەموو ژیانی حاجی قادردا

بۆ ئەم قەسیدەیە دەست بدا ئەم زەرف و کاتەی دوای گەشتە دوور و درێژەکەی باڵەکەتی و کوردستانی ئێرانە. نە لە پێش ئەودا و نە لە دواتردا چ مەودا و دەرفەتێك پەیدا نابێ و جێی بۆ ناکرێتەوە. نەسەلماندنی ئەم راستییە وەك ئەوەیە نەسەلمێنی کە شیعرەکان هی حاجی قادر بن.

ئەم برە شیعرە، کە لێرە بە پێشەوە گوتمان وەك غەزەلەکەی (هودهودی دڵ)ی نالی دەبێتە کێلەرێی سەرشەقام (علامة طریق)، بە ئاشکرا قۆناغی شاعیریەتیی حاجی دوای خوێندنی فەقێیەتیی لە باڵەك و کوردستانی ئێران دیار دەخەن، بۆ کەسێکیش بیەوێ لیستەی زەمەنی دانێ بۆ شیعرەکانی حاجی ئەم برە شیعرە هەم جێی خۆی کردۆتەوە لە ناو لیستەکەدا هەم لەوانەیە جێی هەندێ شیعری تریش بکاتەوە وەك مەدحەکەی کابرای تەقتەقی. هێندە هەیە ناسینەوەی کاتی دانانی شیعرێکی تر لە رێی بەراوردکردنی لەگەڵ ئەم شیعرەدا کارێکی ئاسان نییە، تا بڵێی ورد و زەحمەتە، ئەنجامەکەشی لە دەمەتەقە و سەلماندن و نەسەلماندن رزگار نابێ.

جگە لە شەکوای غەریبی و دەستنیشانکردنی کاتی هەڵبەستنیان، ئەم چەند بەیتە مەبەستێکی نهێنیی دەروونی حاجیش بەدەستەوە دەدەن، بەڵام بە شێوەییێکی هێندە خامۆش و بێ تەقە و هەرا، تاکو گوێ رانەگرێ بەسەر هەناسەی شیعرەکانیدا و هەموو هەست و زانینت نەکەی بەهێزی بیستن، خورپەی ئەو مەبەسە نابیەیت، حاجی بەهۆی ئەم شیعرانەوە، سەرەرای قەزاکردنەوەی (سەدگۆنەتوحفە)، لە رێی بەکارهێنانی هونەر و دەسەڵاتێکی ئەدیبانەی بێ هەمتا لە هۆندنەوەیاندا پایەیێکی (معنوی)ی کۆمەڵایەتیی بێگومان و چەسپاوی بۆ خۆی دروست کردووە لە ریزی پیاوانی هەرە پێشەوەی ئەو سەردەمەی کۆیەدا. با بزانین چۆن؟

گوتمان حاجی قادر بەلای کەمەوە حەفت ساڵێك بوو کۆیەی جێ هێشتبوو. بێگومان پایە و ریزی حەفت ساڵ لەمەوپێشی کە لەسەر تاکە بنجی شەخسیەت و هونەر هەڵستابوو و چ پاڵپشتێکی نەبوو لە دەسەڵات و رەوتی دنیاییی وەك سامان و جێگە و رێگە و دیوەخانە و ملك و ماڵ، کەم و زۆر شلۆقاوە و کزبووەتەوە، ئەگەر نەڵێم لە دڵاندا تارماییی فەرامۆشکردنی بەسەردا هاتووە، بەو بۆنەوە پێویستی زۆری بووە بە چەسپاندنەوە، بە تایبەتی چونکی دوای دوورکەوتنەوە و بزربوونی حەفت ساڵەیی هەر هەمان هەژار و دەستکورتەکەی جاران گەراوەتەوە بۆ کۆیێ، نە دارایی و

سامانێکی کۆنی هەبوو ڕێی بەرەوپێشەوەچوونی بۆ تەخت کا، نە چ سامانێکی تازەی لەگەڵە خۆی هێناوەتەوە بیکا بە خەرقە و تەیلەسان، وەك جلە خوازرایەوەکانی مەلای مەشوور، پێی بچێتە باری سەرەوە لە سفرە و شیلانی داوەتاندا. هەرچەند حاجی قادر لە پاشماوەی حورمەتی کۆن و ناوبانگی شاعیریەتیی کۆن و نوێی سەرمایەیێکی هەبووە لە حورمەت، بەڵام دەبوو بازێك هەڵاوێ و خۆی بڵند کاتەوە تا شانی بگاتە ڕێکاری شانی پیاوە کەڵەگەتەکانی ئەو سەردەمە. هیمەتی بەرز و سروشتی لە خۆڕازی و سەرکەشی ئارامی لێ هەڵدەگرت ئەگەر لە نێو خەلقدا کەوتبا نزماییی پێپلکەی دووەم و سێیەمی پەیژەی کۆمەڵایەتیی ئەوسای کۆیێ. حاجی قادر بەم هەڵبەستە ئەوەی کرد کە سەدان ساڵ زووتر (متنبی) کردی لە دەرباری (سیف الدولەی حمدانی). یەکەم خۆناساندنی (متنبی) بە (سیف الدولة) لە ڕێی قەسیدەیێکی ئەوەندە بەهێز و زرینگەدار بوو دڕی دا بە پاسەوان و پەردەدار و حاجیبان و ڕێی بۆ (متنبی) هەموارکرد تا گەیاندییە لای (سیف الدولة) و ژووروی هەموو شاعیر و ئەدیب و خاوەن جێگە و ڕێگەیێك.

وفاؤكما كالربـع أشجاه طاسمه
بأن تُسعدا والدمع أشفاه ساجمه

ئەم بەسەرهاتەی (متنبی) و قەسیدەکەی، بە درێژی و شێوەیێکی دڵنیاکار، لە کتێبەکەی دکتۆر (طە حسین)دا دەخوێنیتەوە کە لە ژێر ناونیشانی (مع المتنبی) نووسیوەتی. هەڵبەت حاجی قادر ئاگای لە (متنبی) نییە ئاخۆ چۆن جێگەی بۆ خۆی خۆش کردووە لە دەرباری (سیف الدولة)دا تا بگوترێ پەیڕەوی ئەوی کردووە لە هۆندنەوەی ڕشتە گەوهەرەکەی خۆی، ئەوسا (طە حسین)یش پەیدا نەبووبوو بە نووسینی زیرەکانەی خۆی پەندە نهێنییەکانی مێژوو لە خەلق بگەیەنێ، دوو هەڵوەستی هەمئاهەنگ و یەك جۆر، دوو دەسەڵاتی ئەدەبیی خاریقی هان داوە بۆ یەك ڕەفتار لە دوو کات و دوو جێگەی جودادا.

ئەم چۆنەتییەی کە باسم کرد و خۆم بەڕاستی دەزانم هیچ لێکدانەوەیێك و هۆیێکی مادی و زیهنیش بەرهەڵستی لێ ناکا، بە پێچەوانەوە پێویستی واقیع داخوازی دەکا، تەقەللا و پەلەی ژیانی حاجی قادریشمان بۆ روون دەکاتەوە لەو رۆژگارەدا بەو شێوەیە و بەو چەکەی کە لە دەسەڵاتی حاجیدا بووە و لێی وەشاوەتەوە.

حاجیش وەکو هەموو خەلقی تر دەبوو خەریکی گوزەران و ژیانێك بێ و لەو ژیانە و

گوزەرانەشیدا لە ریزێکی کۆمەڵایەتیی حورمەت و ناو و پایە هەڵچەقیٚ، ئیتر لە ریزی پێشەوە یا ناوەڕاست یا بەرەوباشتر. بێگومان سەبارەت بە سروشتی بە خۆنازیو و هەستی مووقڵاشی شاعیریەتی ئەو ناڕاحەتییەی کە هەژاری و دەستکورتی بۆ ئەوی پێك هێناوە لە هی مرۆڤێکی عادەتی گەلێك زیاتر بووە. هەزاران مەردی هەژار لەو سەردەمەدا کونجی قەناعەتی گرتووە و دەستی لە ئەژنۆی خۆی وەرهێناوە و تەسلیم بە قەزا و قەدەر بووە، چ نانێکی هاتبێتە کاسەوە سەڵەواتی بۆ لیٚ داوە، چ مەرحەبایێکی لیٚ کرابیٚ دەست لەسەر چاو قۆستوەتیەوە. بەڵام حاجی قادرێك کە ئێمە دەیناسین ئەگەر بە لەش و سك تەحەمولی رووتی و برسێتیشی کردبیٚ، گیانی لە نێو قەفەسی هەژاری و سەرکزەڵەییدا نەوەستاوە و یاخی بوە لەو هەڵکەوتە نالەبارە. شاعیری عەرەب (متنبی) راستی کردووە کە دەڵیٚ:

و اذا کانت النفوس کبارا
تعبت فی مرادها الأجسام

(کە نەفس گەورە بوو، لەش لە رێی مەبەسیدا ماندوو دەبیٚ).

شارەزابوون لە دەماری (رەفز و یاخیگەری) لە سروشتی خورتی حاجیدا راستەوخۆ دەمانگەیەنیٚ بەو باوەڕە کەوا حاجی قادر لەو چەند ساڵەی دوای فەقێیەتی و بەر لە سەفەری بۆ تورکیا کە لە کۆیەدا رای بواردووە بەهۆی (تناقض)ی میانی باری مادیی زۆر کز و دەسەڵاتی هونەری زۆر هێژای کە وەك ئاگر و ئاو لە زەرفی گیانیدا کۆبووەتەوە، ئۆقرەی لیٚ هەڵستاوە و وەك مەلی سەربڕاو پەلەقاژەی کردووە.

دوای چەسپاندنەوەی حورمەتی کۆنی و لیٚ زیاد کردنیشی، بەهۆی سەپاندنی هەڵکشانی لە شاعیریدا لە رێی ئەو قەسیدەیەوە و دیارخستنی زەکا و شیاوی خۆی بە وتوویژ و دەمەتەقەی ئەدیبانە، حاجی قادر تەکانی رۆژانە و سات بەساتی داوە و هەنگاوی حورمەتکارانەی هەڵێناوە تاکو تەرازووی سامانی مەعنەویی سووك هەڵنەستیٚ، نەفس زلی و سەرەوژوور نۆڕینی فیتری کە لە دەماری حاجیدا هەڵی هاویشتووە وەك تەلی کەمانی کێشرایەوە کرژی کردووە و لە هەر لایێکەوە نووکی رەخنەی بۆ هاتبیٚ زیرەی لیٚ هەستاوە. بنیادی حورمەتی لەسەر تاکە کۆڵەگەی (هونەر) وەستاوە بایی ئەوەی بەبەرەوە نەبووە ریٚ بە کەس بدا کەنەی لیٚ بکا. تاکە کۆڵەگەی (هونەر) چەندێك بەهێز و دامەزراویش بیٚ ناتوانیٚ قورساییی دەروون و هیمەتی گەورە راگریٚ ئەگەر پلار و رەخنەی ئەم و ئەو لێی داخورێنیٚ و داشۆرێنیٚ وەك

(تعرية و تآكل – رووتاندنەوە و داخوراندن) کەمی کاتەوە.

لە هەڵوەست و هەڵکەوتی وادا پلاری بێ دەسەڵاتان چاوی لێ دەپۆشرێ چونکە تەئسیری کەمە یا هەر نییە، بەڵام پلاری گەورە پیاو و دەسەڵاتداران دەبێ بکرێ بە تیر و تێیان بگیرێتەوە لەگەڵ تیرێکی تەڕ و تازەی دەسکردی حاجی خۆیدا. لێرەدا سەرگوزەشتێکی کورتیلە دەگێڕمەوە هەم مەبەس روون دەکاتەوە و هەم بابەتێکی شرایەوە لە کاڵای ئەدەبی ئەوسای حاجی و غەیری حاجیش باس دەکا.

یەك لە بنەماڵە دەسەڵاتدارەکانی کەرکوك و کۆیێ بنەماڵەی (تاڵەبانی)یە. ئەوسا شێخ غەفووری برای شێخ ئاوڕەحمان و مامی شێخ عەلی و شێخ رەزای تاڵەبانی سەرۆکی کەرتی ئەم بنەماڵەیە بووە لە کۆیێ. دیارە شێخ غەفوور پیاوێکی شارەزای ئەدەب و زاراوەکانی شیعر و تەورییەکانی فەند و فێڵی شاعیران بووە. بەپێی دەستووری زۆر باوی ئەوسای (قلب و تصحیف) لەگەڵ ناوی (حاجی)دا ئەم فەندەی گاڵتە بە وشەکردنی لەکارهێناوە، لە رێی (تصحیف)ەوە وشەی (حاجی)ی کردووە بە (چاپی) کە بەفارسی بە (کەمان) دەڵێن. وشەی کەمان بە رێنووسی جاران (کمان) دەنووسرا کەوا مومکینە بکرێتە (گمان – گومان)، لە عەرەبیدا گومان (وهم)ە ئەویش دەبێتە (شك) وشەی (شك)یش کە خاڵەکانی لێ سڕایەوە دەبیتە (سك). جاران وشەی (سەگ)یش هەر (سك) دەنووسرا. دەوجا بەو شریتەی (قلب و تصحیف)ە کە شێخ غەفوور لەناوی (حاجی)دا کردووەتی ئەم ریزە وشەیە پێك دێ: (حاجی – چاچی – کمان – گمان – وهم – شك – سك) بەوپێیە (حاجی – سك: سەگ) یەك دەگرنەوە. ئەم باسە دەگاتەوە حاجی قادر، حاجیش بایی چرکەیێکی سەعات ناوەستێ و بەم فەردە وەرامی شێخ غەفوور دەداتەوە:

شێخ غەفوور بیستوومە چاچیم پێ دەڵێی
چاکە من نابم بە نوقتەی لا بە لا

مەبەس لەو (نوقتەی لابەلا)دا ئەمەیە کەوا نوقتەی پیتی (غ) لەناوی (غفور) لابەلا بێتەوە بەرەو پیتی (ف) ئەوسا غەینەکە دەبێتە (ع) فێیەکەش دوو نوقتەی دەبێ و پیتی (ق)ی لێ پێك دێ. بەم جۆرە وشەی (غفور)[٢٩] دەبێتە (عقور) کە بە سەگی نهێنگیر دەگوترێ.

(٢٩) لە (المنجد) وشەی (عقور) بە دڕ و برینداركەر دانراوە.

هەر ئەو جۆش و خرۆشەی دەروون بووە حاجی قادری دەستەویەخەی شێخ نەبی ماویلی کردووە. سوودێك نییە بۆ شێخ نەبی لە خۆڕا زمانی قسە و پەنجەی شیعری حاجی قادر، وەك تیر و شیر، لە گیانی خۆی بەردا و خۆی پێ کوناش کوناش بکا و تا رۆژی حەشر وەك بلوێر ئاوازی بەدناویی لێ هەڵستێنێ. دەتوانم لێرەوە شایەدی بۆ شێخ نەبی بدەم، بەسەرزمانە، بە هەر نرخێك کڕیار و فرۆشیاری پێ رازی بێ، دەیەویست حاجی قادر رازی کا یاخود هەر نەبێ لێی بێ دەنگ بێ. سیاسەتی خەلق چەوساندنەوە و بەهەڵە بردن هەمیشە مەسڵەتی دەکا و رێك دەکەوێ لەگەڵ بەهرەی هونەر و وێژەدا تاکو بتوانێ بیکا بە دۆستی خۆی و بازاڕی مامڵەتی پێ بڕازێنێتەوە و خەلقی پتر پێ گێل کا. خۆ ئەگەر دۆستایەتیش نەلوا، بە سوپاسەوە، بێدەنگبوونی لێ دەکڕێ. گەلێك جاران پیاوی بە اصطلاحی کوردستانی ئێران (عەوام خەڵەتێن) چ لە ئاین چ لە سیاسەت، مووچە و بەرات و دیاری مانگانە و ساڵانە وەیا بێ کات و سات دەنێرێ بۆ ئەو کەسانە کە لە دەسەڵاتیان دەترسێ و کۆمە لە ناڕەزامەندی و گلەمەندییان دەکا جا ئەو دەسەڵاتە هی هێز و سامان بێ وەیا پایەی میری بێ وەیا جەوهەری مەعنەوی بێ. با بڵێین زۆر جاران وا دەبێ دۆستایەتیی دەسەڵاتدارێك لەگەڵ یەکێکی وەك خۆی ناچێتە سەر بەهۆی نەگونجانی بەرژەوەندییان، خۆ لەگەڵ بەهرەوەر چ رێك نەکەوتنێکی بەرژەوەندی مادی لە میاندا نییە تا هەرا و ناکۆکیی میانی بەهرە و دەسەڵات ببێتە کارێکی ناچاری. پیاوێکی وەکو شێخ رەزا سەرانەی لە چەندین خاوەن دەسەڵات و سامانی کورد و غەیری کورد ستاندووە لەبری مزەی وسکت بوون، زۆر راستیشی کردووە کە لە موناسەبەدا گوتووەتی:

تۆ هەتە تیغی دەبان و من هەمە تیغی زمان
فەرقی ئەم دوو تیغە هەر وەك ئاسمان و ریسمان

بە نیسبەت پیاوێکی وەك شێخ نەبیشەوە تیغی زمانی حاجی قادر ئەو بڕندەیە بووە کە بە دڵ لێی ترساوە و ئامادە بووە بۆ هێورکردنەوەی کالانی گەوهەرنیگاری بۆ بکا بە پێشکەش. بەڵام سروشتی حاجی لەلای خۆیەوە نەیتوانیوە مەسڵەتیی لەگەڵدا بکا، بە پێچەوانە لە جیاتی رێککەوتن، یاخود هەرنەبێ وسکتبوون، ویستوویەتی دەستێك کە شێخ نەبی بۆ دۆستایەتی درێژی کردووە بۆی، ئەو بە تیغی زەهراویی هەڵبەست بیبڕێتەوە. شێخ نەبی، دوای بێ ئومێدبوونی لە دۆستایەتی، یاخود هەر نەبێ بێ تەرەفیی، حاجی قادر و پەیدابوونی مەترسیکردن لە کاری رووخێنەری

هەڵبەستەکانی، بە ناچاری و لەوپەڕی سەغڵەتیدا کەوتووەتە سەر بیرکردنەوەی لە کوشتنی. کوردی پەندێکی هەیە دەڵێ: (دەستێك کە نەتوانم بیبرِم ماچی دەکەم). ئەم پەندە بە نیسبەت شێخ نەبییەوە لە عاست حاجی قادردا سەرەوبن بووە و بووەتە (دەستێك کە نەتوانم ماچی کەم دەیبرِم). بێگومان سەغڵەتبوونی شێخ نەبی بەدەست هەڵوەستی حاجی قادرەوە گەیشتووەتە سنووری بەخۆ نەوەستان ئەوجا رێی داوە مریدەکانی خەریکی کوشتنی بن. بە حیسابێکی زۆر سادە و بێ گرێ و گاڵ کوشتنی حاجی لەگەڵ هەموو ناوبەدی و کاری پێچەوانە (ردفعل) کە لە نێو خەلقدا پەیدای دەکا دژی شێخ نەبی، زەرەری کەمتر بووە لە زەهری هەڵبەستەکانی. وەك لە نامێلکەی مەلا عەبدورەحمان دەردەکەوێ و گوتەی دەماودەمیش دەیگێڕێتەوە، شێخ نەبیش ویستوویەتی وەك حاجی لەسەرەتاوە بە چەکی (ژمارە یەك) کە قسە و پرۆپاگەندەیە هێرشی حاجی پاشاگەز کاتەوە. کە ئەم چەکەی کاریگەر نەبووە و بەرامبەر تیغی بلێسەداری زمانی حاجی کول وەستاوە ئەوسا شێخ نەبی دەستی بردووە بۆ چەکی (ژمارە دوو) کە چەکی راستەقینەیە. مەلا عەبدورەحمان لە مەیدانی قسە و پڕۆپاگەندەدا ناوی مریدێکی شێخ نەبی دێنێ کە (سۆفی رەشك) بێ. هەر چەند بەڵگەی قەتعیم بەدەستەوە نییە بەڵام رواڵەتی ناوەکە و راگەیاندنی حاڵ وا دەردەخا ئەم سۆفی رەشکە هەمان (حاجی رەشك) بێ کە کەیفی جوانڕۆیی لە هەڵبەستە ناودارەکەیدا ناوی دێنێ:

جان و دڵ و دینم بە دەسی دولبەرێ دابوو
نەیدابوو وەها (حاجی رەشك) دینی بە دینار

ناوەکە و چەند تێبینییەك پشتگیری لەو ئیحتیماڵە دەکەن کە (سۆفی رەشك و حاجی رەشك) یەك کەس بووبێ، تێبینی یەکەم ئەوەیە ناوی (رەشك) وەك ئەحمەد و حەمە و باپیر نییە زۆر بەکاربێ. ئەوەندەی دەماودەم بیسترابێ لە کۆن و نوێدا لەو تاکە (حاجی رەشك)ە بەولاوە کەسی تر لە کۆیێ ناوی ئەوتۆی نەبووە. نەوەی حاجی رەشك ئێستاش ماون لە کۆیێ و بنەماڵەکەشیان ناسراوە و پیاوی کاسب و خێرەوەمەندی چاکیشیان لێ هەڵکەوتووە. بە پێی تۆژینەوەی تایبەتی خۆم، حاجی رەشك لەو سەردەمەدا پیاوێکی دەوڵەمەند بووە. چ دوور نابینم ئەویش وەك هەندێ لە دەوڵەمەندەکانی ئەوسای کۆیێ بە شێخ نەبی هەڵخەڵەتابێ و بووبێتە مریدی. وەك ئەویش (حاجی ئەفەندی) بۆ ماوەیێکی درێژ مریدی شێخ نەبی بووە. کۆیی دەزانن

(حاجی ئەفەندی) سەرەکی بنەماڵەیێکی ئەوسا و ئێستای کۆیێ بووە. بنگەیێکی تیجارەتی لە (بصره) و یەکێکی لە کۆیێ هەبووە. بوونە مریدی ئەو تەرزە پیاوانە لای شێخ نەبی باری شێخایەتیی ئەم شێخەمان بۆ دیارتر دەخات لە رووی ئەوەوە کە پیاوی خاوەن جێگە و رێگە و سەروەت و دارایی شوێنی کەوتوون و فەرمانبەری بوون.

تێبینیی دووەم ئەوەیە، هەمان ناحەزی سۆفی رەشك لەگەڵ حاجی قادر لە شیعرەکەی (کەیفی)دا دەنگ دەداتەوە، خۆشەویستیی میانی کەیفی و حاجی قادر لێی دەوەشێتەوە یەکێکیان دوشمنی ئەوەکەی تر بە دوشمنی خۆی دانێ و لە هەڵکەوتدا بە خواری ناوی بێنێ، وەك کەیفی ناوی حاجی رەشکی هێنا. بەراستی شیعرەکەی کەیفی بایی بەڵگەیێکی مادی هێزی سەپاندنی هەیە.

تێبینیی سێیەم ئەوەیە دەشێ مرۆڤ کە بوو بە مریدی شێخ پێی بگوترێ (سۆفی) یا حەجیشی کردبێ و لەقەبی حاجیەتیی هەبێ. بۆیە رێی تێ دەچێ (حاجی رەشك) لە هەمان کاتدا (سۆفی رەشك) بووبێ و بە هەر دوو لەقەب ناوی برابێ.

لێتەوە دیارە، حاجی قادر کە بەگژ شێخ نەبیدا چووە لەگەڵ بەرەیێکی فراواندا کەوتووەتە جەنگ، شێخ نەبیش دەبێ پیاوێکی خاوەن قابلیەتی تایبەتی لە خشتەبردن بووبێ. تاو و تەئسیری هەر ئەوەندە نەبووە بەند و باوی وای نابێتەوە جحێڵ و دەمرووت کەیفیان پێی هاتبێ، بەڵکو لە رێی پسپۆری لە فنونی (تشیخ)دا مسڵمانی بەرێزی سەرمایەداری خواناس و حاجیشی خستووەتە داوی خۆیەوە. ئەوەی راستی بێ، وەك لە بەرگی یەکەمدا باس کرا، مەیلە و بەدرەنگەوە کەوتە سەرکاری نارەوای ئاشکرا، چ بە دوور نابینم پێ لێ هەڵماڵینی دوای رۆیشتنی حاجی بۆ ئەستەمبۆڵ بووبێ، رەنگە ئەوپەڕی لە رێگە دەرچوونیشی دوای خۆی لە کۆیێ بووبێ.

بە هەمەحاڵ، شێخ نەبی لە رووی کارتێکردن لە دڵی مریدەکانی برا چووکەیێکی (حسن الصباح) بووە، بەڵام نەبیستراوە بەنگ و حەشیشەی بەکار هێنابێ، یاخود با بڵێین هێشتا نەگەیشتبووە بەکارهێنانی هەموو ئەمرازەکانی (حسن الصباح). بە داخەوە بۆم ساغ نەکرایەوە لە چ ساڵێکەوە شێخ نەبی لیسی خۆی هاویشتە کۆیێ تا بزانین ناکۆکی میانی ئەو و حاجی قادر چەندی کێشاوە. بەڵام بە پێی زۆری باسکردن و گێرانەوەی کەین و بەینی ناکۆکییەکە دەبێ چەند ساڵێکی خایاندبێ. هێندە مەعلووم دەکرێ لەو ساتەوە دەستی پێ کرد هەر بەردەوام بوو، بێ پشوو و بێ

وچان، تا حاجی کۆیەی جێ هێشت لەوەش بەولاوە لە شیعری حاجیدا دەنگ دەداتەوە ئەوەندەی حاجی لە ژیاندا بووە. دوور نابینم کاتیك حاجی قادر لە خوێندنەکەی گەڕاوەتەوە بۆ کۆیێ شێخ نەبی لە کاردا بووبێ یاخود دوای ماوەیێکی کورت کەوتبێتە کار، چونکە ئەگەر وانەبێ ئەوەندە کاتەی کە حاجی دوای فەقێیەتی لە کۆیێ ماوەتەوە بایی ئەو هەموو تێك هەڵگیرسان و شەڕ و نیوە شەڕە ناکا. بێگومان لە گوێرەی زیادکردنی دەسەڵاتی شێخ نەبی ئاگری دوشمنایەتییەکە گەرمتر بووە تا گەیشتووەتە رادەیێك، دەسەڵات و دوشمنایەتی، سەر بگەیەنن بە تەقەللای کوشتن.

تێکڕا وەزعی لێرە بە پێشەوە وەزعێك بووە حاجی خۆی تێدا دیوەتەوە دوای گەڕانەوەی بۆ کۆیێ لە گەشتی خوێندن و چ کەلەبەرێکی تێدا نەبووە لەو چەند ساڵەی پێش رۆیشتنی بۆ تورکیا کە هەناسەیێکی حەسانەوەی تێدا هەڵبێنێ.

دەوجا لەگەڵ مندا سرنجێکی بێ تەرەفانە بگرە.

حاجی قادر کە بەو جۆرە خەریکی چەکمەسەریی گوزەران و دروستکردنی شەخسیەت و ئالوودەی ناکۆکی و دوشمنایەتیی ئەم و ئەو بێ تا دەگاتە حاڵێك ناچاری خۆپاراستن بێ لە کوشتن، لە کوێوە ئەو دەرفەت و مەودایەی بۆ پەیدا بووە بێ هیچ پێشەکییەك لە کوردایە تیدا، بیری نیشتمانپەروەری بێتە تاکە مێشکی ئەوەوە و بە تەنها دەست کا بە خەباتی قەومی و شیعری بۆ بهۆنێتەوە؟ چۆن وا کوتومت لەناو ئەو گەرداوەی پڕ فرتەنەی ژیانێکی نالەبار و ناگزوور حاجی قادر ملی نایە خەباتی سیاسی و پەیامی کوردایەتی؟ کوا زەرف کوا ئیمکان؟

من ئەوەندەی تێ دەفکرم و یارمەتیی بوونی کوردایەتی حاجی دەدەم لەو سەردەمەدا بە دوورخستنەوەی هەموو ئیحتیمالێکی تر کە کاری پێچەوانەی کردبێ لە پێش هەنگاوی حاجیدا و تەنها تیشکی زەرفی راستەقینە و رووداوی بێگومان دەکەمە ئەو رۆناکییە کە ئیمکانی پەیدابوونی گیانی کوردایەتی لای حاجی، یا غەیری حاجی، دیارخا و نیشانمانی بدا، هەرگیز نایێتە دڵمەوە نە وەزعی حاجی تەحەمولی خەباتی سیاسیی کردبێ نە ئەو ماوە کورتەی ٥ – ٦ ساڵی پڕ تەگەرە بایی ئەوەی کردبێ تۆی فکری سیاسیی تێدا پەیدا بووبێ و نێژرابێ و روابێ و گەشەی کردبێ، لەوە هەر گەڕێ کە باری کۆمەڵایەتی و پلەی گۆڕانی ژیاری هێشتا چەندین ساڵەهای ساڵی تر لە خەودا بوو بەر لەوە چاوێك بترووکێنێ و سەیرێکی سیاسەت و کوردایەتی

و خەباتی قەومیی پێ بکا. گوتەی دەماودەم و راگەیاندنی زەرفی کۆمەڵایەتی و باری وەزع و ژیانی حاجی لەو ساڵانەدا هەموویان یەکتر دەگرنەوە و شایەدی بۆ یەکتر دەدەن کەوا حاجی دوای چوونی بۆ ئەستەمبوڵ کەوتووەتە سەر خەباتی کوردایەتی.

لەگەڵ ئەمەشدا ئەگەر یەکێك بتوانێ لە رێی بەڵگەی چەسپاو و لێکدانەوەی بێ تەرەفانە بۆمان ئیسپات کات وەیا لە باوەڕمان نێزیك خاتەوە کە حاجی قادر بەر لە تەرکی مەفتەن کوردایەتیی کردووە و هەڵبەستی نیشتمانپەروەرانەی هۆندووەتەوە هیچ بەرهەڵستێك نییە بۆ ئەوە بێ دوودڵی لێی بسەلمێنین و کۆڵێکیش سپاسگوزاری بکەین. وەنییە (استحالە) هەبێ لە پێش رووداوێکی وەهادا، هەر ئەوەندەیە کارێکە خۆی لە خۆیدا زەحمەت و لە کەسیش نەبیستراوە و دەستنووسی حاجیش ئیشارەتی بۆ ناکا. بۆیەیە منێکی دەستگرتوو بە دامەنی راستییەوە تا بەڵگەی پتەوم چەنگ نەکەوێ لە خوێندنەوەی مێژوو ناچارم بە دڵێکی تەنگەوە سەر دانوێنم بۆ بڕیاری ئەو لێکۆڵینەوەی خستمە بەرچاوی خوێنەر و لەسەر بنجێکی مادی و زیهنیی بە هێزیشەوە هەڵستاوە. کەواتە تا جوانمێرێکی لە خۆم مەلەوانتر بەرەو قووڵاییی زیاتر خۆی لەبنی گۆم نزیك دەکاتەوە و خەبەرێکی تازەترمان بۆ دێنێ کە قەناعەتێکی نوێ دروست کات من لەو باوەڕەدا دەمێنمەوە کە وا حاجی دوای چوونی بۆ ئەستەمبوڵ و لای بەدرخانییەکان دەستی کردووە بە کوردایەتی.

بێگومان ساغکردنەوەی لایەنی بوون و نەبوونی خەباتێکی سیاسی لای حاجی قادری پێش چوونی بۆ ئەستەمبوڵ خۆی لە خۆیدا تابلێی کارێکی گرنگە و راستییێکی گەورە دەسەپێنێ لە ژیانی حاجی قادردا، بەڵام شوێن و ئەسەری ئەو ساغکردنەوەیە هەر لە پەراوێزی بوێژیی حاجی قادر ناوەستێ، چونکە دەبێتە رۆشنەیێك بۆ تێوەڕامان لە سەرپاکی هەست و بیری سیاسیی خەست و گووراو لە سەرانسەری کوردستانی ژێرووی ئەو رۆژگارانەدا، ئاخۆ بوون و نەبوونی فکری سیاسی لای حاجی تا چەند رێك دێ لەگەڵ بوون و نەبوونی ئەو فکرە لای کۆمەڵانی ئەوسای کوردەواری!

چوونە ناو باس و حیکایەتی پەیدابوونی فکرەی سیاسی کە بوویێتە فەلسەفە و باوەڕ (نەك هەستی فطری) لە کوردستان و غەیری کوردستاندا گەشتێکی بێ بڕانەوەی لەدوایە و بۆ گەلێك مەیدانی لە یەکترجودای مێژوو و کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسیمان دەبا، خۆ ئەگەر لە هەموانیش بکشێینەوە دەبێ ئەو راستییە مێژوویییە شی

کەینەوە کە دروستبوونی (کیان – حکومەت) گەلێك پێش پەیدابوونی باوەڕی قەومی وەیا چینایەتی دەکەوێتەوە لای کۆمەڵانی خەلق و هۆی ئەم زاهیرەیەش دەرخەین.. دەبێ جیاوازیی میانی هەوڵ و تەقەللای ئەمیرێك بۆ گەیشتن بە دەسەڵات روون کەینەوە لەگەڵ باوەڕ هێنانی خاوەن بیرێك وەیا زوربەی گەل بە فەلسەفەیێکی تایبەتی سیاسی، بەڵام باس لێکردنی ئەو مەوزووعانە بە رادەی لێوەشانەوەیان و پاككردنەوەیان لە عاتیفەکاری چەندین فرسەخ بەولای باسی حاجی قادرمانەوە دەبا. لە رووی ناچارییەوە بەچەند دێرێکی کورتیلە لێی دەدوێین کە هەر بایی ئەوە بێ کەلەبەری گەورە لە نووسینەکە ببرێ و حاجی و شیعری سیاسی و خەباتی کوردایەتیی پێش سەفەر و پاش سەفەری بۆ ئەستەمبوڵ بخاتە پەراوێزێکی مێژوویی راستەقینەوە کە بڕیاری سروشت (حکم الطبیعة) بۆی سازداوە – هەر نەبێ بەپێی بیر و باوەڕی من.

حاجی قادر، پێش سەفەری بۆ تورکیا، کە هەڵبەستەکانی لە سنووری بەکارهێنانی زمانی کوردی دەرنەچووبێ، چەندێکی بزۆزی و یاخیگەری و ئازاییشی لەو هەڵبەستانەدا بەکارهێنابێ، زۆر گونجاو دەبێ لە ناو جغزی واتای (کوردایەتی) ئەو رۆژگارەی کوردستانی خوارەوەدا، تازە بە تازە هەڵبەستی کوردی بەسەر زمانی نالی و کوردی و سالمدا هاتبوو، هەر سێشیان لە ناوچەی حوکمڕانیی باباندا دەژیان و هێشتا لە ناوچەی قەڵەمڕەوی سۆران ئەو هەنگاوە هەڵنەهێنرابوو. حاجی قادر و حاجی مەلا عەبدوڵڵا لە هەڵبەستی کوردیدا هەنگاوێکی باش و پێش ناوچەی نێوانی زێی بادینان و زێی کۆیێ کەوتبوونەوە. هۆی ئەم پێشکەوتنەوەشیان بەپێی لێکدانەوەی خۆم، سەرەڕای لێهاتوویی خۆیان، بەرەوپێشچوونی شاری کۆیێ بووە لە مەیدانی گۆڕانی مێژوویی و ژیاری و کۆمەڵایەتیدا لەچاو هەموو ئەو ناوچە فراوانانەی نێوانی هەردوو زێ. بە دوا ئەواندا ئەمین ئاغاش ئەم هەنگاوەی هەڵێناوە. کۆیێ ناوچەی حوکمڕانی نەبووە وەك سلێمانی و رەواندز تا بگوترێ هەڵکەوتنی حاجی قادر و حاجی مەلا عەبدوڵڵا و ئەمین ئاغا، زادەی هەستی نیمچە سەربەخۆیی و دەسەڵاتی نەتەوایەتی و بزووتنەوەی هەستی بەخۆنازینێکی نژادی بەرچاوە. دەتوانم بڵێم تەجرەبەی شاری کۆیێ لە بەربەرەکانیی سلێمانی و رەواندز بۆ پچڕینەوەی کۆیێ و دەست بەسەر ڕاگەیشتنی، خەلقی کۆیەی رەنجاندووە و تەجرەبەیێکی بە سفت و سۆ بووە. فرت و فێڵی عوسمانیش بۆ یاریکردن لە دوولای

پەتی (گوریس کێشەکێی) بەینی بابان و سۆران لە ئەرکی خەلقی کۆیەی گەلێك زیاد کردووە. بەو پێیە، شاعیرێکی کۆیی کە لە ڕێی هەڵبەستی کوردییەوە هەستێکی نەتەوایەتیی دابێتەوە، لە تامی خۆش و شیرنی حوکمڕانی حوکمدارەکانی ئەوسای کورد پەندی راستەوخۆ و هاندەری وەرنەگرتووە، بەڵکو لە هەڵکەوتنێکی خۆڕسکی مێژوویی کۆییێ بووە. بەڵێ بێگومان باری حوکمڕانی لە سلێمانی و ڕەواندزدا، وەك ڕووداوی مێژوویی، کاری کردووەتە سەر هەستی کۆیە و هەموو شوێنانی کوردستان، بەڵام دەبێ ئەوەش لەبیر نەکەین کەوا جۆری بزووتنەوەی دوشمنانەی میری بابان و سۆران لەدژی یەکتر (مد و جزر)ی ناخۆشی بە خەلقی وڵاتی کۆییێ کردووە، زیاتر لە شوێنانی تر. کۆییێ ئامانجێکی گەورەی هەردوو حوکمڕان بووە، بەدرێژاییی کات (گۆڵ)ێکی ستراتیجیی سیاسەتی هەر دوویان بووە و حیسابی تایبەتی بۆ کراوە و لەم کەشمەکەشەدا کۆییێ گەلێك ناراحەتی چێ شتووە. چاوەڕوان دەکرا لە حاڵی وادا (رد فعل) پەیدابێ لە کۆییێ بەرامبەر ماکی ئەو ناڕاحەتییە کە وجوودی دوو حوکمڕانی کوردە لە چەپ و ڕاستی ناوچەی کۆییێ، کەچی بە پێچەوانەی چاوەڕوانکردن لە ڕواڵەتی ڕووداو، کۆییێ لە ئەزموونی نژادپەروەریدا دەرچووە و عەیبی نەهاتووەتە سەرێ. وا دەزانم چەسپاویی شاری کۆییێ لە ژیار (حضارە) و تێگەیشتن و ڕۆشنبیریدا ئیمکانی ئەوەی پێ داوە لەو تەگەرە و گرفت و کۆسپە هیمەتشکێنانە سەرکەوێ و لە مەیدانی کرانەوەی نیگای نەتەوایەتیدا خۆ لە ڕێکاری[٣٠] سلێمانی بخشێنێ و تەواوێك لە ڕێکاری ناوچەی بەینی هەردوو زێ تێ پەڕێنێ.

لێرەدا با هەڵوەستێك بکەین و پشووێك بدەین بۆ وردبوونەوە لە ڕوخساری سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەم لە لایەن پژانی باوەڕی قەومییەوە تاکو دیمەنی گشتیی فەلسەفەی کوردایەتی لە کوردستانی باشووردا بهێنینە بەرچاوی زیهنمانەوە و لەوەڕا زاهیرەی پەیدابوونی هەڵبەستی کوردی لەو سەردەمەدا بکەین بەزاهیرەیێکی مێژوویی چاوەڕوانکراو و لە زەرفی خۆیدا جێی بکەینەوە. دەشمەوێ خوێنەر لێم ببوورێ کەوا ناوناوە هەڵوەستی ناچاریی پێ دەکەم و زنجیرەی باسەکەم دەبڕمەوە بۆ شیکردنەوەی ئەو گرفتانە کە دێنە بەر هەنگاوی خامە لەم ڕەوتە درێژەیدا بەناو مەیدانەکانی مێژوو و ئەدەب و فکر کە هەموشیان لە سەرچاوەی حاجی قادرەوە دەبن بە لاباس یاخود باسی سەربەخۆ.

---

(٣٠) ڕێکار: مستوى.

وەقفنامەکەی عەبدورەحمان پاشا، کە لە بەشی یەکەمدا بەزەنگۆگراف وێنەی بڵاو کرایەوە و بەئاشکرا سنووری قەڵەمڕەوی کوردستانی سەر بە بابان دەکێشێ و ناوی کوردستان دێنێ تیشکێکی بەهێز داوێتە بەرهەنگاومان لەم ڕێبازەدا و بێ نیازمان دەکا لە توێژینەوەییێکی مێژوویی دوور و درێژ کە ئێمە هەر بابیی بەشی کورد و کوردستانمان لێی دەوێ. ئەم وەقفنامەیەی لە ساڵی (١٢١١)ی کۆچیدا نووسراوەتەوە کە دەکەوێتە بەرامبەر ساڵانی ١٧٩٦ و ١٧٩٧ی زایینی. هەر چاوێك بۆ ئەم ساڵانە بکەینەوە دەزانین و دەبینین بە هەمووی شەش حەوت ساڵێکە شۆڕشی فرەنسە بەرپابووە و فرەنسەش بووەتە ناوەندێك لەوێوە شەپۆلی شۆڕش و فکرەی شۆڕشگێڕی و نەتەوایەتی بە جیهاندا بڵاو دەبێتەوە. بێگومان بەڕادەیی نێزیکی وڵات لە فرەنسەوە و لە گوێرەی پلەی گۆڕانی مێژوویی ئەو وڵاتە گرمەی شۆڕشەکە دەنگی تێدا داوەتەوە و خەلقی بەخەبەر هێناوە. بەو پێیە تا هاتبای بەرەو خاوەر تین و تاوی فەلسەفەی شۆڕشەکە کەم دەبووەوە، هەم لەبەر دووریی مەودا و هەم لەبەر سەرەتاییی باری کۆمەڵایەتی لە هەموو رووێکەوە. ئەم لێکدانەوە کە هەندی (بدیهیە) بەڵگەنەویست روونە، باری کوردمان بۆ ڕوون دەکاتەوە لە رووی توانای سوود وەرگرتن لە راگەیاندن و بەڵێنەکانی شۆڕشی فرەنسە کە وا دیارە سوودێکی بێ هێز و پێز بووە، چونکە کوردستان سەرەڕای دووریی لە فرەنسە هەم لاتەریك و هەم وڵاتێکی سەرەتایی بووە لە گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا. لەمەدا چ گومانێك نییە و شتێکە هەمووومان دەیزانین، هەر هێندەی پێ دەوێ بۆ زانینی بیری لێ بکەینەوە. بەڵام پیاوێکی وەك عەبدورەحمان پاشا کە حوکمڕانێك بووە لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ و بەولای دراوسێوە پێوەندیی هەمە چەشنەی هەبووە و پەیتا پەیتا دەنگوباسی جیهانی وەرگرتووە و لە راگەیاندنەکانی حاڵی بووە، زۆر بە ئاسایی و شێوەیێکی چاوەڕوانکراو ئیمکانی ئەوەی بووە گەلێك زووتر ئاشنایی پەیدا بکا لەگەڵ دروشم و بەڵێن و پەیامەکانی شۆڕشی فرەنسە. سەرانسەری مێژوو، ئەم دیمەنەی پێشکەوتنەی تاکی میللەتێك لە زوربەی خەلقەکەی، دەخاتە بەرچاوی خوێنەر و بینەریەوە. هەر لەم نووسینەدا تووشی مەلای ئیبنو ئادەم هاتین کە لە تاکە هۆی زانینی خۆیەوە و بێ تین و تاوی شۆڕشی فرەنسە و پێش زوربەی مەلا و خوێندەوارانی سەردەمی خۆی کەوتبووەوە نەك تەنها تێکڕای میللەتەکەی. ئیبنو ئادەم کە لە ساڵی ١٢٠٥دا ناوی کورد و کوردستان دێنێ و باسی نووسینی کوردی دەکا هێشتا چ خەبەرێکی شۆڕشی فرەنسەی وەرنەگرتووە چونکە

تازە بەتازە تەقیوەتەوە و جارێ کەس لە گرۆگاڵ و مانا و پەیامی دروشمەکانی نەگەیشتووە. پیاوێکی وەك (مارکس) لە زوربەی کرێکارانی ئیمرۆش پێش کەوتووەتەوە، نەك تەنها لە زانستی گشتیدا بەڵکو لە مەفهوومی چینایەتیدا بەر لە هەموو شتێکی تر کە بە زاهیری دەبوا کرێکار زگماك تێیدا پسپۆڕ بێ. هیچ سەیر نییە عەبدورەحمان پاشاش بە هۆی لوانی مادی کە بۆی لواوە و ئاگاداری کردووە لە بەسەرهاتی دوور و نێزیکی دەوڵەتان و رای هێناوە لە تێگەیشتنی رووداو و خوار و ژوور بوونەوەی لەنگەری کاروباری گێتی، مێشکی زووتر کرابێتەوە بۆ وەرگرتنی باوەڕی قەومی و مافی نەتەوایەتی لە دروشمەکانی شۆڕشی فرەنسەوە. لەمەدا سەیرێك نییە، ئەگەر وا نەبا سەیر بوو. بۆ عەبدورەحمان پاشا هەڵکەوتی حوکمڕانی و کاری دەوڵەتی بووەتە (ژێرخان)ێك کەوا گەلێك لە ژوورووی هی تێکرای میللەتی کورد بووە، بۆیە (ژوورخان)ی فکری ئەو لەو گوێرەیە بەرزتر بووە لە هی خەلقەکە. سەرەڕای ئەمە، هەر پێ هەڵستانی بە فەرمانی حوکمدانی قۆناغێکی بەرفرەوان پێشی خستۆتەوە لە رەوتی بەرەو پێکهاتنی مەفهومی سیاسییەوە. لەمانەش بترازێ، عەبدورەحمان پاشا بۆ خۆی خوێندەوارێکی پێشکەوتووی سەردەمی خۆی بووە، واتە هێندەی هەر رۆشنبیرێکی ئەوسای کورد ئاسۆی فکری فراوان بوە. لە کاتێکی دواتر تا ئەو کاتەی وەقفنامەکەی تێدا نووسراوەتەوە (مستر ریچ)یش لە کتێبەکەی خۆیدا شایەدییێکی بێ فێڵ بۆ کوردایەتیی عەبدورەحمان پاشا دەدا. سەیرێکی ئەم کتێبە و شایەدیدانەکەی بۆ پاشای بابان لەبەر تیشکی ئەم تێبینییانەدا قسە و بیروڕایەکانی ئەم ئەمیرەی بابانمان پتر بۆ دەکاتە زادەی ئەو زەرف و کاتە لەو رۆژگارەدا، نووسینەکەی منیش لەبەر تیشکی ئەو شایەدییەی مستر ریچ و قسەکانی عەبدورەحمان پاشادا پتر بە دڵانەوە دەنووسێ.

دەوجا عەبدورەحمان پاشاییێك لە ١٧٩٦دا سنوور بۆ کوردستانی قەڵەمڕەوی بابان دانێ لە کتێبێکی وەك (صحیح البخاری)دا کەوا لەدوای قورئانەوە دێ، دەبێ وەك سروشتێکی مێژووی حیساب کەین کە هەوەڵ بانگهێشتنەکانی نیشتمانپەروەریی ئەورووپای لەراندووەتەوە لەبەر گوێچکەی کوردەواریدا. لەمەڕا بۆ لێکدانەوەیێکی ئاساییتریش دەڕۆین و دەڵێین کە حوکمداری بابان بگاتە پلەیێك لە فکری سیاسی و هەستی کۆمەڵایەتی و نیشتمانی، شوێنی خۆی و بەرژەوەندی بنەماڵە و حکومەتەکەی لە جغزی کوردایەتیدا بناسێتەوە و کێڵگەی روانی رەگی خۆی بدۆزێتەوە کە

کوردستانە، چاوەڕوان دەکرێ لە قۆناغ و زەرفی وەهادا بوێژی مەڵبەندی بابانیش بگاتە پلەی بەکارهێنانی زمانی مادەرزادی خۆی لە هەڵبەستدا. نالی و کوردی و سالم بەشێکی شاعیریەتییان دەگاتە بەشێکی حوکمڕانیی عەبدوڕەحمان پاشا.

دیمەنەکە زۆر ئاشکرایە هەر دەیەوێ پەنجەی بۆ ڕاکێشی، پەیدابوونی فکری سیاسی و هەستی نەتەوایەتی لای میری بابان بوو بە فەجری هەڵبەستی کوردی لای بوێژەکانی بابان. هەڵکەوت بە نیسبەت بوێژەوە هەر هێندە هاندەر بوو کە هەڵبەستی کوردی دانێ، جارێ مابووی بۆ ئەو تۆی فکری سیاسیی خەست لەو هەڵکەوتەدا بڕوێ. لەو دەمەدا (ژێرخان) بۆ بوێژ هەر بایی ئەوەی بەبەرەوە بوو کە بەکارهێنانی زمانی کوردیی بۆ بکا بە (ژوورخان). چ شوبهە نییە لەوەدا کە پاشای بابان لە ئاسۆیێکی بڵندترەوە سەیری جیهانی دەکرد تا بوێژەکانی دەوری خۆی، پتریش لەوان، لە تێکڕایان، خەریکی کاری وەها بوو لە ژیانی رۆژانەیدا کەوا بە مەیدان و بە قۆناغ لەوانی پێشتر خاتەوە.

بێگومان ئەو بوێژانەش ماوەیێکی پان لە پێش تێکڕای میللەتەوە دەهاتن. دەتوانم بڵێم بوێژەکان وەك ئاوێنە بوون کە رووناکایی بداتەوە، لەو رووناکاییەی لێیانەوە دیار بوو تیشکە هەرە درەخشانەکەیان دەدایەوە کە زمانی کوردی بوو. بە نیسبەت سالمەوە ئێش و ئازاری زەرفی تایبەتی خۆی کە وا کوتومت زامی دەخستە گۆشتی لەشیەوە لە ئەنجامی تێکچوونی حوکمداریی بابان خەریك بوو لەو زەرفەدا لێڵاییی دەمەو بەیانی کوردایەتی جێ بهێڵێ و بگاتە بریق و باقی دەمەو رۆژهەڵات. وەرامەکەی بۆ نامەی نالی و هەندێ لە هەڵبەستەکانی تری کە داد و بڕۆ دەکا لە دەست زوڵمی تورکان و دەربەدەربوونی ئەمیرەکانی بابان لەرزوتای کوردایەتییان تێدایە.

حاجی قادر بەر لە سەفەری بۆ تورکیا تەنها لە لایەن کاتەوە هاوچەرخی بوێژەکانی بابان بوو، کەمێکی کەم لەوان درەنگتر. لە لایەن باری مادییەوە وەك ئەوان بۆی ڕێك نەکەوت دراوسێی دەرك بە دەرکی ئەمیرێکی کورد بێ تاکو لە تازیەدا (تا فەلەك دەورەی نەدا) دانێ و لە نمایشتی سپادا (ئەم تاقمە مومتازە) هەڵبەستێ. وەك ئەوان دەرباری ئەمیرێکی کورد لێی نەبوو بە ئاوێنە دیمەنی پێشکەوتنی فکری سیاسی لە جیهاندا دووبارە بکاتەوە بۆی. یارمەتیدەری تاك و تەنها و کوتومتی حاجی قادر بۆ گەیشتن بە پلە سەرەتاییەکانی فکرەی نیشتمانپەروەری، شاری کۆیێ و فراژیبوونی کۆیێ بووە لە رۆشنبیری و ژیاردا، جگە لە زەکا و بلیمەتیی خۆی کە

شتێك نییە بخرێتە ریزی دەوروبەر و زەرفی مادییەوە و حیسابی ئەوانی بۆ بکەین. من بۆ خۆم لەم باوەڕەدام، ئەگەر حاجی لە تەك ئەمیرێکی کورددا ژیابا هەر لە کوردستانەوە دەگەیشت بە قۆناغی خەباتی سیاسی لە رێبازی بەرەو پێشەوەچوونی فکردا. ئەم باوەڕەشم لە سەرچاوەی ژیانی (حاجی)یەوە هەڵدەقوڵێ نەك لە بیرکردنەوەیێکی سەراوی وەیا لە خۆشویستنێکی سادەوە: دیتمان بە دوایی لە زەرفی ئەستەمبۆڵدا، حاجی پێش هەموو هاوچەرخانی خۆی کەوتەوە هەروەها پێش جیلی دوای خۆشیەوە. بێگومان ئەگەر زووتریش زەرفێکی وەك زەرفی هاومەسەلەکانی خۆی چەنگ کەوتبا، کە بوێژەکانی بابانن، پێشیان دەکەوتەوە. نالی، کە ئەویش وەك حاجی کوردستانی عێراق بەجێ هێشت و چووە ئەستەمبۆڵ بەڵگەی راستی ئەم داوایەمە بەوەدا کە نەیتوانی لە مەیدانی فکری سیاسیدا ئەو ماوەیە ببڕێ کە حاجی لێی تێ پەڕی.

حاجی کە زەرفی لەباری وەك بوێژەکانی بابانی چەنگ نەکەوت و رێکەوتی کۆبوونەوەی هەژاری و خوێندنەکەی تا کۆتاییی ١٢٧٦ کە دەکەوێتە بەرامبەر ١٨٦٠ی زاینی ئاوارەی کرد و لە سەرچاوەکانی ئیلهامی فکری سیاسیی خەست و رووناك دایبڕی، هەر ئەو مەیدانەی لە پێش بوو کە بە کوردی هەڵبەست دانێ و بەپێی سروشتی سەرکەشی خۆی نارەزایی دەربڕێ لەو واقیعە کە هەبووە. بێگومان لە هەڵبەستی کوردیشدا بیستنەوەی شیعری نالی و کوردی هاندەرێك بووە بۆی. زۆر باسکردنی نالی و کوردی لە دیوانەکەی حاجی قادردا بەڵگەی ئەم راستییەیە. وەنییە لەمەشدا هیچ کەمایەتی پەیدا بێ بۆ حاجی، سەرەڕای ئەوە کە ئیلهام وەرگرتن لە بوێژێکی کورد بۆ بوێژێکی تری کورد جێی سەربڵندییە لە رۆژگارێکدا کە (حافظ و سعدی و متنبی و مجنونی لیلی) نموونەی لاساییکردنەوە بوون، سەرەڕای ئەم لایەنە بەسە بۆ حاجی لەو وەزعی نالەباری خۆی و گیروکێشەی خەریك بوون بە باسە وشکەکانی کتێبی وەك (سیوطی) بتوانێ لە قەپێلکی کلاسیکی جێوانەوەی رستەی عەرەبی و فارسی دەرچێ بۆ سەر چەقی رێگەی بەرەو کوردایەتی. بە پێی ئەوە کە بارستی هەڵبەستە کوردییەکانی یەکجار پترن لە هی فارسی و هەموو زمانێکی تری دیارە حاجی لە سەرەتاکانی بوێژیشیەوە دەستی کردووە بە هەڵبەستی کوردی نەك لە دواڕۆژەکانی ژیانی لە کوردستاندا. باسی ئەستەمبۆڵ هەر ناکەم چونکە، بێگومان، لەوێ هەرچی گوتووەتی بە کوردیی گوتووە. بەڵام (منطق) وا دەخوازی دەکا بڵێین ئەو

هەڵبەستەی ناڕەوایی و یاخیگەریی بەهێزی تێدا بێ پتر لە ڕۆژانی دواییی مانەوەی لە کوردستان دەوەشێتەوە، هەڵبەستێکی کە بەسادەییش خەریکی دڵداری و فەند و فێڵی ئارایشت بێ، لەگەڵ ناڕەزاییی کەمدا، لە سەرەتاکانی بوێژیی حاجی پتر چاوەڕوان دەکرێ.

لەم سرنجانە و لێکدانەوانە و چاوپێدا خشاندنەوە بەمێژوودا، من دەگەم بەو قەناعەتە کە وا بڕیاری مێژوو تێکڕا قۆناغی فکری و فەلسەفی کوردایەتی لەوسای کوردستاندا بە جووتە ڕێك دێن هەم لەگەڵ گوتەی دەماودەم و هەم لەگەڵ هەڵکەوتی زانراو و نووسراوی ژیانی حاجی لەوەدا کەوا دوای چوونی بۆ ئەستەمبوڵ حاجی قادر سەرکەوتبێ بۆ بەرزاییی کوردایەتیی ڕاستەقینە کە هێشتا کوردستانی عیراق لێی سەر نەکەوتبوو. تابلۆی واقیعی مێژوویی بە هەردوو باری مادی و فکرییەوە وێنەی جووڵانەوەی هەستی کوردایەتیی کوردستانی عیراق لە سەرەتاکانیەوە بەم شێوەیە دێنێتە بەرچاو:

١– بزووتنەوەی هۆشی حوکمداریی بابان بەرەو ڕۆناکاییی بیری قەومی لە دوای شۆڕشی فرەنسە بە هۆی واقیعێکی دەوڵەمەندتر لە هی تێکڕای کورد، کە بۆ حوکمدارەکە پەیدا بووە، لەم تێبینییەشدا نابێ هیچ کەم کەینەوە لە هەڵکەوتوویی حاکمی بابان کە عەبدوڕڕەحمان پاشایە.

٢– گەیشتنی بوێژانی بابان بەدوا ئەم هەستەی نەتەوایەتیی حوکمداری باباندا، بە پلەی ڕەهابوون لە کۆتی کلاسیکیی هۆندنەوەی هەڵبەست بە زمانی بێگانە و ئاشنابوون بە دەربڕینی هەستی سادەی دەروون بە زمانی مادەرزاد.

٣– ئیمکانبوونی گەیشتن بە هەمان پلەی بوێژانی بابان لە شاری کۆیەشدا بە هۆی هەبوونی میراتێکی ژیاری و ڕۆشنبیریی یەکجار کۆن لەو شارەدا لەچاو دراوسێکانی.

٤– هەڵچوونی کەفوکوڵی ناڕەزایی و یاخیگەری لە هەڵبەستەکانی حاجی قادرەوە لە ئەنجامی (تفاعل)ی سروشتی سەرکەش و خورتی حاجی لەگەڵ واقیعی مەیلە و تازە.

٥– سەرکەوتنی حاجی لە دوا پێپلکەی ناڕەزاییی فراوان و بێ ئامانج بۆ سەربانێکی سنووردار و ئاشکرای هەست بەخۆکردن و خۆناسینەوە و هۆش شکان بە واتای

(مافی نەتەوایەتی) لە ئەنجامی خۆدیتنەوەی لە دەوروبەرێکی خاوەن مێژوویێکی پێشکەوتووتر و گووراوتر[٣١] لە چاو کوردستان، کە ئەستەمبوڵ بێ.

وەك دەبینی یارمەتیدانی هەڵکەوت – واقع – لە لایێکەوە و لێهاتوویی تاکە مرۆڤ لە لایێکی ترەوە کاتێك کە دەگەنەوە یەکتر بەبەریانەوە هەیە (فکرە) لە زەمانێك دەربخەن و لە زەمانێکی دواتردا دەرنەکەوێ، لە جێگەیێك پەیداکەن و لە جێگەیێکی تردا سەروشوێنی نەبێ، لای یەکێك بیکەن بە مەشخەڵ و لای یەکێکی تر نەترووکابێ. نووسەر هەن حەز بەوە ناکەن (تاك) چ دەورێکی هەبێ لە هێنانەدیی باوەڕ وەیا گۆڕان وەیا بەسەرهاتی مێژوویی. ئەو نووسەرانە هێندە لە دژی دەوری (تاك)ن لە مێژوودا هەر دەڵێی بە لایانەوە (تاك) لە (مریخ)ەوە بە مێوانی دێ و حیسابی (تحلیل)ی مادیی سەر ئەرز تێك دەدا. بەڵام گریمان تاك حیسابانیش تێك بدا، خۆشی بێ و ترشی بێ، خۆ دێنێتە ناو حیسابەوە. لەو زەرفانەدا کە جارێ زوربەی میللەت نەگەیشتووە بە پلەی خەباتکردن و جووڵانەوە بۆ وەدەستهێنانی مافی خۆی و بەرهەڵستیکردنی ستەم، هەر (تاك) پەیدا دەبێ شتێك بڵێ و بکا رووی گۆمی مەند و ڕاوەستاوی کۆمەڵ بشڵەقێنێ. دەبینی سەدان ساڵ تێ دەپەڕێ بێ ئەوە یەك بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیی گشتی رووبدا، بەڵام لەو ماوەیەدا چەندین (تاك) شۆڕشی هەست و بیر وەیا کردەوە بەرپا دەکەن و گیانی کۆمەڵ دەهەژێنن، رەنگە دوای ئەو هەژانەش، سەرلەنوێ، کۆمەڵ بکەوێتە باوەشی خەوێکی دوور و درێژی وەك حەپەسانەوە و جوولەیێکی ئاشکرا نەکا لە جوولەی ئاسایی رۆژانەی گوزەران بەولاوە کەوا بەلای منەوە مێژوو دروست ناکا. بە (مجاملە – دڵخۆشکەری) نەبێ تێکڕای چالاکیی گەل کە لە رۆژێکەوە بۆ رۆژێك دەیکا لە پێناوی گوزاران و (پەلەی ژیان – تنازع البقاء) ئەوە نییە پێی بگوترێ مێژوو. کاری ئاسایی کە بە درێژایی سەدان ساڵ سەد هەزاران جار خۆی دووبارە دەکاتەوە و هیچ دەنگێك ناداتەوە نە مێژووە نە هیچ. بەڵێ نرخی ئەو کارانە مەیدانی خۆی هەیە کە مێژوو نییە و شتێکی

(٣١) وشەی (گۆران) کە هەندێ کەس بە (گووران) دەینووسن نابێ تێکەڵ بێ لەگەڵ وشەی (گۆڕان) کە هەندێ نووسەر بە (گۆرران)ی دەنووسن. وشەی (گۆران، گووران، لە عەرەبیدا بە واتای (نضوج، اختمار) دێ. وشەی (گۆڕان، گۆرران)یش لە کوردی ئێستاکەماندا بە واتای (تطور، تبدل) بەکاردێ. گۆران دەبێ لە (گروون، گروین)یش جودا بکرێتەوە کە بەواتای (سلخ الجلد)ە.

تره. کاری ڕۆژانەی هەزاران ساڵی خەڵق وەك زەوییەکە تۆدەرێك دێ و تۆی دەدا و دەبێتە خاوەنی دەغڵەکە و گوڵە گەنمەکە لە زەوییەکە دەڕوێ بەڵام زەوییەکە بۆ خۆی خاوەنی شتێك نییە. کاتێك زەوییەکە دەبێتە شریك و پێکهێنەری گوڵەگەنم کە بە خواهشتی خۆی خواردن بدا بە ڕەگی پنجە گەنمەکە، کە خواهشتی نەبوو دەبێتە (أمر واقع)ی ئاسایی. گەلی (مصر) کە هەرەمی دروست دەکرد بۆ فیرعەونەکان چ پشك و بەشی تێیاندا نەبوو، بەش و پشکی ئەو لەوەدا دەبوو کە هەرەم دروست نەکا. لە زۆرینەی ئەو جەنگە وێرانکەرانەی کە لە میانی گەلاندا قەوماوە، گوناهەکە و ئۆباڵەکە دەچێتە ملی پاشا و قوماندان و پاڵەوانەکانەوە نەك گەلەکان چونکە بە خواهشتی ئەو گەلانە جەنگەکان بەرپا نەبوون تا لە سەر وانی حیساب کەین، خوا و ئینسافیش لێمان قبووڵ ناکا لەبەر خاتری باوەڕێکی چەوتی خۆمان گوناهی ئەو جەنگانە بخەینە ئەستۆی گەلانەوە و بڵێین هەر دەبێ خالقی هەموو شتێك گەل بێ با ئەو شتە مەلعوونیش بێ. من دەڵێم تاکەکانی گەل هەریەکەیان لە ژیانی ڕۆژانەیاندا ئەوەندە ناشیرنی و ناڕەوایی و دزێوییە هەیە کە پێی نەوێ دزێوی ئەو مێژووانەشیان بخەینە سەر کە تاکی بەسەزمانی بێ دەسەڵات چ گوناهێکی نەبووە لە پەیدابوونیان، تەنانەت ئیمڕۆش خوا لێمان هەڵناگرێ زوربەی گەل تاوانبار بکەین بەو کارە دڕندانە و ناڕەوایانەی ئەوان هیچ دەستێکیان تێیدا نییە. چ مانعێك نییە لەوەدا گەل پێی بگوترێ داهێنەر و خالقی مێژووی مەلعوون ئەگەر بەڕاستی خۆی خاوەن و داهێنەری بووبێ. لەم ڕۆژگارەی خۆماندا بە چاوی خۆمان دیومانە گەلێك لە گەلان زۆر بە ئارەزۆ و پڕ بە دڵی خۆی بەشداریی کردووە لە تاوانێکی دڕندانەی گەورە دژی گەلێکی تر، لە کۆنیشەوە وا بووە گەلێك بە هۆی باوەڕەوە وەیا لە بەر تەماع تێکردن، هێرشی بردووە بۆ سەر گەلێکی تر و لێی کوشتووە و ماڵی وێران کردووە و شتی بە تاڵان بردووە. هەر لە نێوان هەمان گەلدا عەشرەتێك ئەوی تری شڕکردووە خۆیشی بەو کارە هەڵداوەتەوە. کە ئەمە وا بێ من و تۆ بڵێین چی! بەڵام کەوا نەبوو من و تۆ بۆچی لە هیچە خەلقی کەین هەر هەتا بگوترێ گەلان مێژوویان دروست کردووە. خۆ ئەوەی ڕاستی بێ سەیرێکی زۆر سەیرە کە وا هەر هەمان کەسانی بە پەرۆشن بۆ ئیسپاتی دەوری گەل لە پێکهاتنی مێژوو، لە هەموو کەسانی تر خەریکتر و دڵ گەرمترن بۆ ڕماندنی ئەو مێژووە. من لەو تەرزە دڵگەرمییە و خۆ خەریککردنە خۆڕاییە ڕەها بووم و گەیشتووم بە ڕازیبوون بەم ڕاستە حیسابە. چی تاك کردووەتی با بە هۆی تۆقاندن و

چەوساندنەوەی خەلقیش بێ ئەوا هی تاکە بە چاك و خراپیەوە، ئەوەی گەلیش تێیدا بەشدارە لە ڕێی خواهشتی ئاشکرایەوە ئەوا هی گەلە یاخود بە بەشداریی گەلە، ئەویش بە چاك و خراپیەوە.

لەم خستنە بەرچاوەی پەیدابوونی گیانی کوردایەتی، ڕۆڵێکی گەلی کورد هەبێ و تەقەللا و خواهشتی ئازادی تێدا بێ زۆر دواکەوتووە لە پڕانی هۆشی تاکەکانی کە حوکمدار و بوێژ و مەلا بوون. چ لزوم نابینم رازی نەبوونمان لە ڕووداو و هەڵکەوت بمانخاتە سەر خەریکبوون بە هەڵبەستنی ڕۆڵێکی ساختە بۆ گەلی کورد. گەلانی تریش هەر وا بوون، جوولانەوەی تێکڕایان چەندین ساڵ و زەمان لە هی فەیلەسووف و خاوەن بیرەکانیان دواکەوتووە. هەر وەك زوربەی میللەت ناتوانێ ببێ بە زانای کیمیا و فەلەك و بایۆلۆجی، هەروەهاش ناتوانێ فەیلەسووفێك وەیا بوێژێك وەیا حوکمدارێك بیری برِوا بۆ (واتا، فکر، تجرید) کە مافی نەتەوایەتیش لەو پەڕاوێزەدایە.

بەلاتەوە سەیر نەبێ کە من مافی نەتەوایەتی بە (واتا و تجرید) دادەنێم لەبەر زیهنی گەلی کوردا لەو کاتە باس لێکراوەی سەدەی نۆزدەمدا، پیاوێکی عادەتیی دەر و دەشت و کووچە و بازاڕی کوردستان، بەرژەوەند و گوزەرانی خۆی و خێزانەکەی هێندە نەبەسترابووەوە بە هەرێمە دوورەکانی کوردستانی دوور لە هەرێمی خۆی تاکو لە ڕێی ئەو پێوەندییە مادییەی بەرژەوەندی موشتەرەکەوە هەستی نەتەوایەتی بۆی ببێ بەو هەستە کە لە شتی مادیی بەرچاوەوە پێی دەگا وەك گەرم و ساردیی ئاو و هەوا وەیا ترش و شیرنیی ترێ و پەسیرە وەیا خۆشیی و ناخۆشی بێنی گوڵ و زبڵ.. بابایێکی سنەیی، باری چاك و خراپی ئابووریی دیاربەکر بەر هیچ ڕاستە حیسابێکی ناکەوێ و کار لە وەزعی ناکا تا لە خۆوە بیری بۆ ئەوە برِوا کە وا کوردبوونی سنە و دیاربەکر ئەرکێکی ئەدەبی وەیا مادیی موشتەرەك دەخاتە سەرشانی هەردوو مەڵبەند و ئامانجێکی یەکچوونیان بۆ دروست دەکا. پاڵەیێکی ئەوسای هەڵەبجە ئەوەندەی بۆ گیسکێکی خۆی دەکۆشا و لەگەڵ دز شەڕی دەکرد و بەگژ گورگدا دەچوو، بۆ کوردبوونی هەولێر و ئامێدی دەیێکی ئەمەش ئامادەی خۆ ماندووکردن نەدەبوو، ڕەنگ بوو هەر بیریش نەکاتەوە لە خەباتکردن بۆ کوردبوونی هەولێر، مەگەر بە دەرسدان و فێرکردنی . خۆ ئەوەی ڕاستی بێ پاڵەی ئەوسای هەڵەبجە نەك بەنیسبەت هەولێرەوە بیری لە خەبات نەکردووەتەوە، لە عاست پاڵە دراوسێکەی خۆیشی کەمتەرخەم بووە چونکە گوزەرانیان بە یەکترەوە نەبەسترابووەوە. پەندی (لە برام دەن

لە من مەدەن، وا دەزانم لە جەواڵی کا دەدەن) بەرهەمی کوتومتی بێ پێوەندیی میانی سوود و بەرژەوەندی تاکەکانە. ئێستاش کاروباری فەلاحێکی کورد کە زەویی خۆی بکێڵێ چ پێوەندییەکی نییە لەگەڵ هی دراوسێکەی. لە ژیانی سەرەتاییدا ئەم بێ پەیوەندییەی میانی بەرژەوەندی خەلق دیمەنێکی گشتی و جیهانییە و باس لێکردنی زۆری بەبەرەوەیە. لێرەدا ئەم ئیشارەتە بۆی شتێکی ناچاری بوو، پێویستیی مەبحەس داخوازی کرد.

ئەمە حاڵی زوربەی خەلقە بە نیسبەت بیرکردنەوە لە (واتا و تجرید). بەڵام وەزعی زیهنی حوکمدارێك وەیا بوێژێك وەیا فەیلەسووفێك شتێکی زۆر جودایە و لە هەموو روویێکیشەوە جودایە. هەست و پەرۆشی ئەمانە بۆ (فکر و واتا) شتێکی دوورەدەست نییە بە نیسبەت سەرچاوەکانی بیرکردنەوە و تا رادەیێك، خەریکبوونیشیان. دوور مەبینە هەریەك لەمانە بەرژەوەندی تایبەتیی خۆی بکا بە قوربانی کوردبوونی هەرێمێکی هەرە دووری کوردستان. میللەتیش کاتێك کە گەیشتە پلەی بزووتنەوە و راپەڕینی نیشتمانی لە ئەنجامی پێشکەوتن لە مەیدانەکانی فکر و مادەدا، ئەویش وەك ئەدیب و فەیلەسووف خۆ بەخت دەکا لە پێناو کوردبوونی هەموو بستێك لە خاکی وڵاتەکەی.

وەنییە هەر سەرەتای بیرکردنەوەی نیشتمانی لە تاکانەوە دەست پێ بکا، فەلسەفەی چینایەتیش کە بە زاهیر دەبوو لە جەرگەی چینی هەژار و رەش و رووتەوە هەڵستێ، ئەویش لە خاوەن بیر و فەیلەسوفی چینەکانی هەورازترەوە هەڵدەقوڵێ، دواتر سەرەوژێر دەبێتەوە بۆ ناو ریزەکانی چینی هەژار و پرۆلیتاریا، خواش دەزانێ بە چ شێوەیێك دەچێتە مێشکیانەوە. کرێکارێك وەیا پاڵەیێك وەیا کاسبێکی بچووك ئەو ئیمکانە زیهنییەی نییە بگا بە پلەی پاڵاوتنی (تیۆری) لە راگەیاندن و پەیامەکانی واقیعەوە؛ ئەو ناتوانێ واقیع بڵێتەوە لە گوتە و نووسینی خۆیدا، رەنگە هەر نەشزانێ بنووسێ.. واقیع تێ ناگا تا بتوانێ لە نووسینی خۆیدا بڵێتەوە. ئەگەر فەیلەسووفەکانی چینی بۆرجوازی وەیا هەورازتر لە جیاتی پرۆلیتاریا فەلسەفەی پرۆلیتاری دانەنێن رەنگە ئەو فەلسەفەیە هەر دانەنرێ وەیا سەدان ساڵ دوا بکەوێ. دوای دانانی فەلسەفەکەش دەیان و سەدان ساڵ تێ پەڕی بەر لەوە زوربەی پرۆلیتاریا تێی بگا وەیا خەباتی بۆ بکا. کە خەباتیشی بۆ کرد دەیان ساڵ تێ دەپەڕی تا تێ دەگا لە کوێوە هەڵە و چەوتی کەوتووەتە تطبیقیەوە. بە راستی کاری (تنظیر) واتە وەرگرتنی دەستوور و (نظریە) لە هەڵکەوت.. هەبوونی.. سروشت.. موجود.. پلەی گۆڕان.. بەرژەوەند.. یا هەر

تـعـبـیـرێکی تـر کـه خـۆت رات لـێیـه، پـۆپـی دەسەڵاتـی زیـهـنـیـی مـرۆڤـه و لـه هـەمـوو کردەوەکانی زەحمەتترە. ئێستاش سەرم لەوە سوڕ دەمێنێ چۆن زانایانی فەلەك بەر لە ٢٥٠٠ ساڵ توانیویانە نەخشەی بزووتنەوەی ئەستێرەی زوحەل وەیا مەریخ بکێشن. فەرموو خۆت سەیرێکی ئاسمان بکە و پێم بڵێ کوا زوحەل و کوا مەریخ. هەر زەحمەتی و سەختیی تێگەیشتنی ئاسمانە کە ناهێڵێ تاك تاك نەبێ پسپۆڕی تێدا پەیدا بێ، خۆ لە نێوان نەخوێندوواندا فەلەکناس هەر پەیدا نابێ. لە فەلەك واز بێنە و وەرە سەرباسی زمان کە هەمووەدەم لەبەر گوێی خەلق دەزرینگێتەوە، لەوێشدا دۆزینەوەی دەستوورێکی مەیلە و نهێنی چەندین زانای تێدا بەهەڵە دەچێ. خولاسە (فەلسەفە، نظریە، تجرید) لە هەر مەیدانێکدا بێ، بە پێی تایبەتییەکانی ئەو مەیدانە زەحمەت و نەفەسبڕە، هەڵبەت یەکێك لەو فەلسەفانەش بیری نیشتمانی و قەومی و چینایەتییە.

بەڕاستی تێکڕای باسی پژانی هۆش و هەستی نەتەوایەتیی کورد و سەرەباسی رۆڵی (تاك) لە مێژوودا تا بڵێی پان و قووڵن، دەشزانم ئەم چەند دێرە وەیا لاپەڕەی تازە لە نووسینیان بوومەوە هەر بایی ئەوە بوون کەلێنی رەخنەگر بدەن تا بە ئارەزۆی خۆی رەخنەم لێ بگرێ، هەر خۆم چەندین رەخنەم هەیە لە نەفەسکورتی و سەرڕەویی نووسینەکەم لەو باسانەدا. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ناچار بووم بەوە کە ئیشارەیێکیان بۆ بکەم و هەوڵ بدەم کولانەیێك بکەمەوە تا هەر نەبێ پرشنگێکی ئەو باسانە بکەوێتە ناو نووسینەکەوە چونکە بێگومان ئەو باسانە پێوەندییێکی بەهێز و نزیکیان هەیە لەگەڵ بابەتی نووسین. بە قەدەر ئەوە باران کاریگەرە لە روانی گیا و گوڵ، پەیدابوونی سەرەتای هەستی نەتەوایەتیش لە کوردستانی ژێرەوودا عەلاقەدارە لەگەڵ هەڵکەوتنی حاجی قادر، هەر نەبێ ئەمە با وەڕی منە و دەبوو روونی کەمەوە یا هەر بەجارێ لە هەموو باسەکە وسکت بم.

پوختەی قسە ئەوەیە، چی زانراوە، لە رێی قسەی دەماودەم و واتای هەڵبەستەکانی حاجی و دەسنووسی خۆی بەسەر کتێبەکەی سیوطییەوە هەموویان لەوەدا یەکتر دەگرنەوە کەوا حاجی قادر دوای چوونی بۆ ئەستەمبۆڵ کوردایەتیی کردووە. سەرەڕای ئەمانە، کە هەموویان بەڵگەی مادین، پژانی هەستی کوردایەتیش لە کوردستانی سەردەمی حاجی قادردا داخوازی دەکا کەوا حاجی قادر دوای گەیشتنی بە واقیعێکی پێشکەوتووتر لە کوردستان ئیمکانی مادیی لەباری بۆ پەیدا بووبێ کە خەباتی سیاسی و کوردایەتیی تێدا بکا، ئا ئەم لێکدانەوەیەش بەڵگەی زیهنییە.

سەرەوژوور چوونەوەیێك

خوێنەر بمبوورێ لەوەدا کە بە ناچاری زنجیرەی باسی بەسەرهاتی حاجی قادرم بڕیەوە بۆ مەبەسی روونکردنەوەی لایەنی زۆر گرنگی سەرەتای دەست پێکردنی خەباتی سیاسیی حاجی، بۆ ئەم مەبەسە هەنگاوێکی زەمەنیی فراوانم هاویشت لە رۆژانی خوێندنی باڵەکەتییەوەی تا دوارۆژی مانەوەی لە کۆیێ بەر لە سەفەری بۆ تورکیا. ئێستا کەوا ئەو ئەمانەتە زلەم لە ئەستۆی خۆم داڕنی و خستمە سەر خوانی مێژوو بۆ بەرچاو و زیهنی بینەر و نووسەر و خوێنەری کورد و غەیری کورد، بەرەودوا هەڵدەکشێینەوە بۆ ئەو جێگە و کاتە کە لە گەشتەکەی خوێندنی حاجی لە باڵەکدا پێی گەیشتبووین.

پێشتر گوتم نازانین دوای کەین و بەینی (میرکوڕان و میرکچان) و پەخشبوونی ماکی هەرا و بەزمەکە کە تاقمی (پەڕ بەجیق) بوو، حاجی قادر چەند ماوەتەوە لە باڵەکەتی. نە شتێکمان بۆ ماوەتەوە لە گوتەی دەماودەم نە چ نووسینێك بە ئێمە گەییوە حاڵیمان بکا کام گوتەی ساڵ و کام کژ حاجی لە باڵەکەتییەوە چووە بۆ کوردستانی ئێران. تەنها رێچکۆڵەیێك نزیکمان خاتەوە لە گەلاڵەکردنی فکرەیێك لە بارەی ماوەی مانەوەی حاجی لە باڵەکەتی دوای ئەو هەرایە، رێچکۆڵەی پڕ کۆسپ و بەردەلانی تەخمینە. لێرەشدا بۆ بەراوردکردن و لێکدانەوە و تێبڕکردن چەند بنگەیێکی پتەو هەیە هەڵوەستیان لەسەر بکەین و بەدەوروپشتی خۆمان و مەوزووعدا بنواڕین، لەم چەند تێبینییەی خوارەوەدا شێوەیێکی راستی وەك تارماییی پشت پەردەی تەنك دێتە بەرچاوی سرنجدەر:

١- حاجی قادر تاوانێکی نەبووە وەك تاقمەکەی (پەڕبەجیق) ناچاری بکا باڵەکەتی جێ بهێڵێ و لێی دەرچێ.

٢- حاجی کە هاندەرێکی نەبووە بۆ دەرچوون لە باڵەکەتی، خولیاییێکیشی نەبووە وەك هی حاجی مەلا عەبدوڵڵا بەو وڵاتەی ببەستێتەوە.

٣- رووداوی ناقۆڵای وەك ئەو هەرایەی (میرمیرانێ) هەستی راحەتی کەم دەکاتەوە لای کەسێك هەراکەی دیبێ با بۆخۆیشی تێیدا گوناهبار نەبووبێ. ئەگەر هۆیەکانی مانەوە و نەمانەوەی حاجی لە باڵەکەتی بژمێرین ئەو هەرایە دەخرێتە

ریزی هۆیەکانی نەمانەوەی.

٤- بە دوا ئەم چەند لێکدانەوەیەدا لێکدانەوەییێکی جغرافیمان دێتە بەر لە لای خۆیەوە یارمەتیمان بدا لەو تەخمینەدا. کە بێین و رووپێو (مساحە)ی باڵەکەتی بە رووپێوی ئەو شوێنانە بگرین کە حاجی گەشتی تێدا کردووە لە دیوی کوردستانی ئێراندا دەبینین رووپێوی ئەودیو گەلێك فراوانترە. لە دیوانەکەی و کتێبەکەی سیوطی ناوی لاجان و سندووس و بانە و بێتووش هەن. نووسینی تریش هەیە لەگەڵ (تواتر) کە ئیسپاتی ئەوە بکەن حاجی لە سابڵاغیش بۆ خوێندن ماوەتەوە ناوی سەردەشتیش لە شیعری حاجیدا دەدیترێ. ناوی سەردەشتی بە تەوریە لەم چوارینەدا سازداوە لە حاڵێکدا دووچاری نەخۆشیی زەردوو (زەرتك) بووە:

لە سەردەشتی میحنەت پەڕەی کردەوە
کەوانی بەلا لۆکەکەی پەیکەرم
بەلاڵووکە دەرمانی دەردم دەڵێن
بەپارە وەگیر ناکەوێ بیکڕم

بەیەکدی گرتنی رووپێوی باڵەکەتی لەگەڵ کوردستانی ئێران یارمەتیی ئەوەمان دەدا بە پێی پاناییيان پشکیان بۆ دابنێین لەو ٧ ساڵەی گەشتی فەقێیەتیی حاجی قادر چونکە بەلای کەمەوە (٧) ساڵی تەواوی لەم دوو هەرێمە بەسەربردووە.

ئەمانە راستیی زیهنی و واقیعین. باوەڕ دەکەم ئەگەر لێرەشدا لە رێی (مەسڵەتی)یەوە بەشە زۆرترەکەی ئەو ٧ ساڵە بدەین بە کوردستانی ئێران بە رێبازێکی هەڵە و ناعادڵانەدا نەڕۆیشتووین. کە بڵێین حاجی لە (١٢٧٠)وە تا (١٢٧٧) بە خوێندنەوە خەریك بووبێ لەم دوو وڵاتەدا، سێ ساڵی سەرەتا بۆ باڵەکەتی دانێین و چوار ساڵی دواییش بدەینە کوردستانی ئێران مەسڵەتییێکی بێ تەرەفانەمان کردوە. مانەوەی ٧ ساڵ بێ، وەك بۆی چووین، یاخود بە پشکنینەوەی زیاتر هەڵکشێ و داکشێ بنگەی مەسڵەتیەکە و دابەشکردنەکە ناگۆڕێ، چونکە رووپێوەکان و ناوی شوێنەکانی لێ خوێندنی حاجی هەر ئەوەن کە هەن.

دیسان دەبێ لێرەدا بڵێمەوە، بڕیاری یەکجارەکی لە دەسەڵاتی مندا نییە. دەشێ بەڵگەی گوتەی دەماودەم وەیا نووسین وەیا راگەیاندنی رووداو وەیا لێکدانەوەییێکی ورد و قووڵتر ئەم حیسابەی من هەڵوەشێنێ وەیا بیگۆڕێ چونکە مومکینە چۆنەتی،

راستەقینە شتێکی جودابێ لەو ڕواڵەتەی بە تەخمین دۆزیمانەوە وەیا نەخشەمان کێشا. بە ڕاستی کێشانی نەخشەیێك کە سەرلەبەری گەشتەکەی حاجی دیار خات پێویستی هەیە بە هاریکاریی گشتی، واتە هەر کەسێك شتێکی لێ بزانرێ زانینەکەی خۆی بخاتە سەر بارستی زانراو لەم گەشتە. وەنییە ئەمەش کارێکی گران وەیا کەس نەکردە بێ، بە پێچەوانە هەم ئاسانە و هەم هی وەك ئەو لە کۆن و نوێ و لە هەموو لایەکدا کراوە و بەرهەمیشی زۆر بە نرخ بووە، هەر کەسەی شتێکی لێ دەزانێ بە دوو سێ دێر بیخاتە سەر کاغەزێك و بینێرێ بۆ کۆڕی زانیاری کورد وەیا زانکۆی سلێمانی وەیا کارگێڕییەکانی (تربیە) لە پارێزگاکانی کوردستان وەیا کارگێڕیی گشتی خوێندنی کوردی لە بەغدا وەیا یەکیەتیی ئەدیبانی کورد وەیا لیژنەی بیرەوەریی حاجی قادر لە کۆیێ وەیا هەر دەستەیێك لەوانەی بە ڕۆشنبیریی کوردییەوە خەریکن وەیا هەر نووسەرێك کە لەسەر حاجییان نووسیوە وەیا هەر جۆرێکی تر کە خۆی بەلاوەی پەسەندە، بەمەدا مەعلووماتەکەی لە تێچوون دەپارێزێ و خەرمانی شارەزاییمان بە ژیانی حاجی دەوڵەمەندتر دەکا.

چەند جاران گوترا و ئێستاکەش دەبێ بڵێمەوە مەعلووماتی چەند و چۆنی ئەو ساڵانەی خوێندنی حاجی لە کوردستانی ئێراندا، وەك هی تێکڕای ژیانی، پچڕپچڕ و ناوناوە و لێرە و لەوێن. بێ تەگەرە نازانرێ کە لە باڵەکەوە تێی کردووە بۆ دیوی ئێران هەوەڵ جار لە کوێ بەند بووە و لێی خوێندووە. بەڵام ڕەنگە بتوانین لە ڕێی سەرەداوێکەوە کە بە دەستمانەوەیە لە باڵەکەتی، بگەین بەوسەری داوەکە لە کوردستانی ئێران بەهۆی هەڵکردنەوەی داوەکە، باڵەوباڵ، لەم سەرەوە بگەین بەو سەر، سەرەداوەکە لەوەڕا دێتە دەستمانەوە کە وا دەبێ حاجی دوای پیربوونی هاوین بە دمەو پایزەوە لە کوێستانەکانی باڵەکەوە سەرەوژێر بووبێتەوە بەرەو کوردستانی ئێران. زانیاریمان، پێشتر لەم نووسینەدا، فەقێ کە گەشتی بەرەو کوێستان دەکەن لە گەرمیانەوە، دوای بەسەرچوونی بەهار و لە دمە و هاویندا دەس بەو گەشتە دەکەن. کاتێك بە پێچەوانەوە، لەکوێستانەوە بەرەو گەرمێن ببنەوە لە کۆتاییی هاوین و دەمەو پایز سەرەوژێر دەبنەوە بۆ گەرمێن. ئەمە بڕیاری واقیعە و بەدەست کەس نییە، دەستوورەکەش ناگۆڕێ مەگەر کاریگەرێکی لاوەکی بێ و بە زۆر بیگۆڕێ. بە نیسبەت حاجی قادریشەوە چ ڕووداوێکی ئەوتۆ نەبیستراوە ناچاری کردبێ لە کاتێکی بیژۆك (شاذ)دا بەرەو گەرمێنی کوردستانی ئێران لە کوێستانی باڵەکەتیی کوردستانی

عیراقەوە سەفەر بکا. بە پێی ئەم لێکدانەوەیەم بیرم بۆ ئەوە چوو کەوا حاجی هەوەڵ زستانی دوای جێ هێشتنی باڵەکەتیی لە جێگەیێك رابواردبێ هەم خوێندنی تێدا بکرێ و هەم فەقێی تێدا بحەوێتەوە و بحەسێتەوە. بێ ئەوە هیچ بەڵگەیێکی نووسراو وەیا گوتەی دەماودەمم بەدەستەوە بێ و تەنها لە رێی ئەو لێکدانەوەیەی تازە خستمە بەرچاوی خوێنەرەوە من بۆ ئەو ئیحتیمالە چووم کە وا حاجی دوای جێ هێشتنی باڵەك لە دمەو پایزدا بۆ سابڵاغ رۆیشتبێ. ویستم بزانم ئاخۆ لایەنی نێزیکی و دووریی لەگەڵ ئەم لێکدانەوەیە رێك دێ؛ چاوێکم بە نەخشە (خریطە)دا خشاند دیتم سابڵاغ دەکەوێتە کێشی باڵەکەتی، واتە خەتێکی ئاسۆیی بکێشی لە باڵەکەوە بەرەو خاوەر بەسەر سابڵاغدا دەکشێ. لەم رووەوەش سابڵاغ دەبێتە نێزیکترین ئیحتیمال. هەموو مەرجەکانی خوێندنی سوودبەخش و حەوانەوە و حەسانەوە، سەرەڕای نێزیکی، لە سابڵاغدا کۆبووەتەوە. مەلا و (مدرس)ی چاك و مزگەوتی ئاوەدان و کەرستەی حەوانەوە بە تێروپڕی لە سابڵاغدا هەبوون، حاجیش لەوە زیاتری ناوێ، بە دەستیشی ناکەوێ، تا دوودڵی بکا و جێگەیێکی تر هەڵبژێرێ بۆ خوێندن. کەواتە ئەگەر داخوازی حاڵ بکەین بە بەریوان دەبێ بەوە رازی بین کە بڕیاری بەریوان غەیری سابڵاغ دەسنیشان ناکا بۆ هەوەڵ جێگەی تێدا خوێندن بچێتە کوردستانی ئێران لە باڵەکەوە.

کە دڵی خۆمان بەو لێکدانەوەیە تەسکین کرد و گوتمان حاجی بەر لە هەموو جێگەیێك رووی کردە سابڵاغ، لەوە بەولاوە نازانین چەند کات لەوێ ماوەتەوە و بەدوا ئەوێدا بۆ کوێ چووە و گەشتی خوێندن چەند جێگەی یەك لەدوایەکی پێ گۆڕیوە و چەند جاران هاتووەتەوە بۆ سابڵاغ، خەتی هاموشۆی حاجی بە هەرێمەکانی کوردستانی ئێراندا چ سەرەدەری لێ ناکرێ.

رەنگە بە لای هەندێ کەسەوە دۆزینەوەی ئەم خەتە بایەخێکی نەبێ و نەدۆزینەوەشی زیانی نەبێ، بەڵام من لەو باوەڕەدا نیم و ئەگەر بۆم کرابا خەریك دەبووم بە پێکهێنانی خەتێکی زیهنی لە رێی وردبوونەوە لە هەموو ئەو سەرچاوانە کە لێوردبوونەوە هەڵدەگرن. وەنییە ئەم کارەش لە ژووروویی دەسەڵاتی تۆژینەوەی پسپۆڕانەی نەفەسدرێژ بێ، بەڵام نەفەسی وا درێژ بەبەر سینەی منەوە نییە با خۆشم بە پسپۆڕ دانێم لە هەڵگرتنەوەی شوێنپێی گەشتەوەران.

وەك لێرە بە پێشەوە لە موناسەباندا راڕەو گوتوومە، تەواتوری بێگومان هەیە لەوەدا کە حاجی دڵی بۆ کچێکی سابڵاغی چووە، بەلام نە ناوی کچە و کەسوکاری دەزانرێ نە

مەعلوومە دڵدارییەکە چەندی دەوام کردووە و نە هیچ باسی ئەو لایەنەش هەیە کەوا بۆچی دڵدارییەکە سەری نەگەیاندووە بە مارەکردن. بە هەمەحاڵ ئەو دڵدارییەی حاجی رێکەوتێکی بایەخدارە لە رووی ئەوەوە کە وا کەلەبەرێك دەکاتەوە بۆ ناو دەروونی حاجی و پەردەیێك لە عاتیفەی هەڵدەداتەوە لەوەڕا تیشکێك بخەینە ناو ئەو دەروون و عاتیفەیەوە و هەندێك بە ناوەڕۆکی ئاشنا بین. دوای نەختێکی تر ئەم گەشتە پڕ جورئەتەمان بۆ ناو باغی دڵداریی حاجی دەست پێ دەکەین و وەرامی هەندێ پرسیار دەدەینەوە و سەیرەك (علامة تعجب) لەسەر ئەو مەوزووعە دەسڕینەوە. ئەمە دەکەین لە سنووری ئەو ئیمکانە کە هەبوونی سەرچاوەی لێکدانەوە بە دەستمانەوەی دەدا.

بە پێی باس و خواسێك کە سابلاّ غ بە ئێمەی راگەیاندووە حاجی سەردەمێك لەوێ ماوەتەوە. لەو ماوەیەدا بەینێك لە مزگەوتی رۆستەم بەگ لای (مەلا حسێن)ی خوێندووە، مەلا حوسێنیش هەر بە مزگەوتەکەوە هەڵدراوەتەوە و گوتراوە مەلا حوسێنی مزگەوتی رۆستەم بەگ. چەند دێرە شیعرێکی لە دیوارێکی مزگەوتەکە نووسیبووەوە، هەر مابووەوە تا لەو ساڵانەی دوایدا ژێر سواغی سپیکاری کەوتووە. بێگومان کەمتەرخەمی و بێ پەرۆشی نەبا دەبوا نووسینەکە وەك خۆی بهێڵرێتەوە لە ناو سپیکارییەکەدا و ببێتە میراتێکی مێژوویی و ئەدەبی و نەتەوایەتیی زۆر نرخدار. ناشزانم برە شیعرەکە هەڵبەستی خۆی بووە یا شیعری شاعیرێکی تر بووە و کەوتۆتە بەر دڵی و کردووەتی بە مەشقی سەر دیوار. کارێکی وەك ئەمە لە مزگەوتێکی کۆیەشدا کرا بە نیسبەت برایێکی حاجی قادرەوە کە (کەیفی جوانڕۆیی)یە. بۆ خۆم دیتبووم لە دیوارێکی هەیوانی مزگەوتی حاجی مەلا عومەر لە کۆیێ بە خەتێکی زۆر خۆش رستەی (عزّ من قنع و ذل من طمع) نووسرابوو. دەماودەم لە پێشینانەوە دەگوترا خەتەکە هی (کەیفی)یە. ئەم گوتەیەش جێی گومان لێکردن نییە، چونکە هەروەك هۆیەکی تایبەتی نییە بۆ گومان لێکردنی بەڵگەش هەیە پاڵپشتیی بکا و راستبوونی بسەپێنێ، لە ناو کەوانەی یەك لە دوو پیتە (ع)ەکان کە بە خەتی گەورە نووسرابوو چوارینەیێکی فارسیی خەت خۆش هەبوو بە نووسینێکی ورد لێرەدا تۆماری دەکەم:

نوشتم این براین ایوان خانه
بماند از من مسکین نشانه
اگر گویند این مسکین کجا رفت
بگو بگریخت از جور زمانه

واتای چوارینەکە کەوا لێرەدا دەینووسم:

ئەمەم نووسی لە هەیوانی ئەم خانەیە
تا لە منی مسکینەوە بە نیشانە بمێنێ
ئەگەر بڵێن ئەم مسکینە بۆ کوێ چوو
بڵێ لە بەر ستەمی ڕۆژگار هەڵات

بە تەواوی لەگەڵ ئەو بەسەرهاتە بێگومانە دەگونجێ کە هۆی دەرچوونی کەیفی بووە لە کۆیێ. کە وا بێ لەم چوارینەیەدا سێ شایەد کۆ دەبنەوە بۆ ساغکردنەوەی هەڵبەستیان لە لایەن (کەیفی)یەوە:

یەکەمیان خەتخۆشی: کەیفی ناوبانگی هەیە لە خەتخۆشیدا.

دووەمیان بوێژی: کەیفی لە ڕیزی هەرە پێشەوەی بوێژانی کوردەوە دێ.

سێیەمیان، هەڵاتن لە دەست جەوری زەمانە: کەیفی لەوانەیە ببێتە نموونەی غەدر لێکراوی.

کە ئەم سێ شایەدە وەك کۆڵەگە خۆ بدەنە بەر گوتەی دەماودەم چ درزێك نامێنێتەوە ترووسکەی گومانی لێوە بدیترێ.

ئەم خەت و نووسینە و چوارینەیەی کەیفیش وەك نووسینەکەی حاجی کەوتە ژێر سواغی سپیکارییەوە. بەڵام خۆ و تالع چوارینەکە ئەزبەر کرابوو بەر لە ونبوونی. من لە ڕێی مەلا ئەمین یومنی خەتخۆشەوە چوارینەکەم پێ گەیشت، کە خۆی کۆیییە و ئاوارە بووە و ئێستا لە بەغدا نیشیەجێیە. خوا لێخۆشبووی مامۆستا (صابر اسماعیل) کردی بە دیاری بۆم.

لە دیوانەکەی حاجی، قەسیدە مەدحی خێوەتی قەرەنی ئاغا یەکێکە لە چەند سەرچاوەیێکی کەم و تاریك کە بە هێما شتێك ڕاگەیەنن لە خەتی بزووتنەوەی حاجی لە کوردستانی ئێراندا. با بزانین چۆن!

لە خوێنەر داوا دەکەم وەك من سرنجی وردی خۆی بداتە ئەم بەیتە:

هەروەك ئەلفی جانە ستوونی لە سکووندا
نەك تابیعی غەیرە و (متحرك) وەکوو (همزە)

دەزانین لە عەرەبیدا کە پیتی ئەلف بزووت دەبێتە هەمزە. لێرەدا کارمان هەر لەگەڵ

ئەلف و هەمزەدا هەیە، وردەکاریی تری شیعرەکە جێگەی تایبەتی و کاتی لەبارتری هەیە. کەواتە بەوەندە ئیکتفا دەکەین کە بڵێین ستوونەکانی خێوەتەکە وەك ئەلفە کە لە وشەی (جان)دا وەستاوە سکوونی بەستووە و نابزوێ، خۆ (متحرك – بزۆ) نییە وەکو (همزە) کە سکوونی بۆ نییە و هەر دەمە لەسەر بارێکە. لەم رواڵەتەدا (توریە)یێك هەیە بێ دەلالەت نییە لە رووی دروستکردنی شێوە خەتێکی گەشت و هاموشۆی حاجی. دەزانین ئەوسا لە کوردستانی ئێراندا سەرەك عەشیرەتی (مەنگوڕ) هەمزاغا بووە. بێگومان لە لایەن ناوبانگ و دەسەڵاتی عەشیرەتییەوە هاوتای سەرۆکانی پیران و مامەش و عەشیرەتەکانی ئەو هەرێمەی کوردستانی ئێران بووە. لەم بەیتەدا حاجی قادر کە سکوونیی ئەلف دێنێ بە مەدح و بزۆزیی (هەمزە) دێنێ بە زەم، لە ژێر پەردەی (توریە)دا هەمزاغا دەشکێنێ بۆ مەدحکراوەکەی خۆی. من لەمەوە بیرم بۆ هەندێ دەڕوا کە وا حاجی لە گەشتی گەڕانەوەیدا ئەم قەسیدەی هەڵبەستبێ، واتە دڵنیا بووە لەوە جارێکی تر ڕێی بەو هەرێمانە ناکەوێ کە دەسەلاتێکی هەمزاغای مەنگوڕی تێدابێ، دەنا حاجی لەوە زیرەکترە یەکەم سەلاموعەلێکی لە کوردستانی ئێران بە نانەوەی بنیادی ناکۆکی بێ لەگەڵ میرێکی وەکو هەمزاغادا. خۆ ناشچێتە عەقڵەوە بگوترێ رەنگە حاجی لەسەرەتای چوونیەوە بۆ کوردستانی ئێران بڕیاری دابێ هەرگیز بە مەنگوڕایەتیدا گوزەر نەکا یا لێی نەمێنێتەوە.

جگە لەو تێبینییەی ناڕەزاییی هەمزاغا، قەسیدەکە بۆ خۆی خەریکی مەبەسێکی وابووە باوکی گوڵێ لە حاجی ناڕەزا بکا هەرچەند لەسەر بناخەی مەدحیشەوە هەڵستابێ چونکە لێتەوە دیارە، حاجی زیاتر لە مەدحی بنە و بارەگەی (شاهەنشەهی ئەرز) بە خەیاڵ و شێوە شیرینەکانی (گوڵێ)وە خەریکە و نامە و راسپاردەی خولیایی بۆ ئەو دەنێرێ. وا پێ دەچێ نازداریی کیژەکە وەها هەستی حاجیی جووڵاندبێ گەلێك بەولای مەدحی سادەوەی بردبێ تا گەیاندوویەتی بەوە تەما و حەزی خۆی بە پێ دزیلکە گەیاندووەتە پەرژینی دەوری گوڵ و گوڵزار و ئالووالای قەد و بالای گوڵێ. لەم تێبینییەشەوە هەر ئەوە دێتە دڵانەوە کە قەسیدەکەی دوای جێهێشتنی کوردستانی ئێران دانابێ نەك لە سەرەتای چوونی بۆ ئەودیو یا لەو کاتانەدا کە لەوێی خوێندووە. کە ئەم تێبینییانە بەهەند هەڵگرین و بڕیار بدەین لە دەمی هاتنەوەی بۆ کوردستانی عیراق مەدحەکەی هەڵبەستووە دەرحاڵ خزمایەتیی ئەویش لەگەڵ مەدحەکەی ئەمین ئاغا دێتە بەرچاو، لە رووی لە یەکترنێزیکیی کاتی هەڵبەستنی هەردوویانەوە، چونکە

وەك گوتمان مەدحەكەی ئەمین ئاغای لە دەمی هاتنەوەی بۆ كۆیێ داناوە، باوەڕ دەكەم هەر لە ڕێی گەڕانەوەی بەرەو كۆیێ لە هەڵبەستنی بووبێتەوە تا بەڕاستی ببێتە دیاریی سەفەر. كە قەسیدەكان بەیەكدی بگری هێز و نەفەسی هەردوویان وەك هێز و نەفەسی یەك تەمەن دێنە بەر هەستی سرنجدەرەوە.

بەیتێكی تریش لە بەیتەكانی قەسیدەكە ئەوە رادەگەیەنێ كەوا حاجی دوای دووركەوتنەوەی لە لاجان برە شیعرەكەی هەڵبەستووە، واتە سەرەڕای گەڕانەوەی بۆ كۆیێ كە قەڵغانێكی پارێزگارییە بۆ حاجی، قەڵغانێكی تریشی لەوەدا دیوە كە لە دووری لاجانێوە دەردی دڵی خۆی گوتووەتەوە.

هەر لێرە هەتا دەشتی بەهەشت ئاینی لاجان
ئاهیستە بڕۆ نەك وەكو دێوانەیی هەرزە

دیارە (ئێرە) شوێنێكی دەرەوەی لاجان رادەگەیەنێ. هەرچەند نەشزانین ئەو شوێنە كوێیە لە خۆوە دیاردەكەوێ دەبێ شوێنێك بێ لە بەینی لاجان و كۆیێ، چونكە گوتمان لە گەڕانەوەی بەرەو كۆیێ شیعرەكەی هەڵبەستووە. وەك بڵێی، حاجی قادر، دوای دیتنی گوڵێ و ورووژانی پەپوولەكانی خولیای بە رەنگ و بێنی ئەم گوڵە گەشە، هەر لە هەمان وەزعی پڕجۆش و فڕكەی خوێنی، جەزبە و تاسە و پەرۆشی خۆی بە گەرم و گوڕی لە بوركانی دەروونیەوە هەڵێنجاوەتە ناو تاوەی ئەو هەڵبەستەوە. لەوە بەولاوە دوای دانانی هەڵبەستەكە چ راستیێكی زانراو نییە تێمان بگەیەنێ ئاخۆ حاجی شیعرەكەی ناردووە بۆ لاجان بە ئومێدی هاتنەوەی گوتە و وەرامێك لەوێوە یاخود وەك هەموو هەڵبەستێكی بێ ئامانج خستووەتییە سەر زار و زمانانەوە..! بۆرە حیكایەتێك هەیە دەڵێ كە شیعرەكان گەیشتوونە قەرەنی ئاغا گوتووەتی ئەگەر (گوڵێی) لێ داخوازی كردبام پێم دەدا، گۆیا قسەكەش گەیشتووەتەوە حاجی ئەویش گوتووەتی بە كام ماڵ و حاڵ و وەزعی لەبارمەوە داخوازیی گوڵێ بكەم! هەرچۆنێك بێ كاتێك حاجی شیعرەكانی داناون چ مەعلووم نەبووە خاوەنی گوڵێ چۆنیان پێشوازی لێ دەكا تاكو حاجی بە ئومێدی رەزامەندیی ئەوەوە لە لاجان وەستابێ. نەخێر بێگومان لە دەرەوەی لاجانێ ئەو شیعرانە هەڵبەستراون ئیتر هەناردرابێ بۆ لاجان بە دەم ئومێدێكی شلۆقەوە یاخود لای حاجی لەسەر پەڕەكاغەزێك هەناسەی حەسرەتی بە خامۆشی هەڵێنابێ. لە نێوان هەموو ئیحتیمالاندا دڵی من بۆ ئەوە دەچێ حاجی چ ئومێدێكی بە گوڵێ نەبووە لەو هەڵبەستەدا، چ ئومێدێكی هەبا دەبوا رێگەیێكی تر

بگرێته بەر نەك هەڵبەستەكە بكاتە لەمپەرێكی گەورە لە پێش خۆیدا چونكە لە شیعری وەها بێ پەردەی پڕ لە وەسفی جوانی دەوەشێتەوە كە نیمچە ئومێدێكیش هەبێ لە ناوی ببا. ئەم هەڵبەستە هەرگیز نابێتە خوازبێنیكەر و بەربووك.

داستانی (گوڵێ) هەرچەند ئەویش سەرەتا و ئەنجام و كەین و بەینی بێ سەروشوێن بمێنێتەوە وەك داستانی دڵدارییەكەی حاجی لە سابلاغ، تیشكێك دەداتەوە بۆ ناو دەروونی (عاطفی) حاجی قادر و لە گەشتی ناو ئەو دەروونەدا شوێن هەنگاوان روون دەكاتەوە. جگە لەمەش چەند پەیامێك لەسەر و كاری حاجییەوە رادەگەیەنێ وەك ئیشارەكانی (بێتەل)، دەبێ وەربگیرێن و تەرجەمە بكرێنەوە بۆ سەر وتووێژی زمانی خۆمان.

یەكێك لەو راگەیاندنانە دیاركردنی ساڵی دانانی شیعرەكانە:

بە پێی ئەوە كە حاجی لە سەفەری بەرەو گەرمێن و هاتنەوەی بۆ كویێ و ئەڵوەدای دواجار لە كوردستانی ئێران شیعرەكانی دانابن دەبێ لە ١٢٧٧ ئەو دانانە كرابێ چونكە پێشتر بە وردبوونەوەیێكی درێژەدار ئەو لایەنەمان مەیلە و ساغ كردەوە كەوا حاجی، بە پێی نووسینەكانی سەر سیوطی، بەر لەو ساڵەدا رووەو گەرمێن نەبووەتەوە. كە ئەم لێكدانەوەیە راست بێ خەیمەی دەشتی لاجان بە خاوەنیەوە و بە گوڵ و گوڵاڵەی گیا و ئادەمیەوە دەبنە یەكێك لە كێلەڕێ[٣٢] هەرە دیارەكانی ڕێبازی فراژیبوون و (تكامل)ی بەهرە و هونەری شاعیریەتی حاجی كەوا، لەبەر زێدە دیاربوونی، گلۆپی رەنگاوڕەنگیشی بەسەرەوەیە بۆ ڕێنومایی گەشتەوەر و جەلای چاوی سرنجدەران.

راگەیاندنی تری ئەمەیە كە دەبێ لە بەهاردا وەیا دەمەو هاوین ئەو قەسیدەیە دانرابێ چونكە دەشتی لاجان لە بەهاردا خێوەت و رەشماڵی تێدا هەڵدەدرێ. پێ دەچێ حاجی لە دوا بەهاری مانەوەی لە كوردستانی ئێراندا بە نیازی گەڕانەوە بۆ كوردستانی عیراق هاتبێتە لاجان و ئەوەندەی تێدا مابێتەوە سرنج لە (خەیمەی شاهەنشەهی ئەرز) بگرێ و لە رێكەوتنێكدا گوڵێ ببینێ. ئەگەر راست بێ خاوەنی گوڵێ گوتبێتی (لێم داخوازی بكا پێی دەدەم) دەبێ حاجی ئەوەندە لای مابێتەوە بایی ناسینی حاجیی كردبێ تا ئەوەی بە زاوای خۆی قبووڵ بكا.

---

(٣٢) كێلەڕێ: علامة الطريق، limestone. لە كوردیدا دەگوترێ كێلە قەبر بە قیاس لەو دەشێ بڵێین كێلەڕێ.

راگەیاندنی سێیەم ئەوەیە کە گەڕانەوەی حاجی بە لاجان و باڵەکەتیدا بەرەو کۆیێ مەیلێکی حاجی بۆ گەڕان بەدەستەوە دەدا، چونکە مەعلوومان کرد لە هەوەڵەوە حاجی لە باڵەکەتیەوە رۆیی بۆ دیوی ئێران، کەواتە لە سەرەتاوە رابواردن و خوێندن و گوزەرانی لە شوێنی وەك لاجان و ولاتی سابلاغدا کردووە ئەوجار چووە بۆ لای بانە و دەوروبەری بێتووش و بەینێکی خوێندن تێدا کردوون، دیسانەوە سەرلەنوێ تی هەڵکشیوەتەوە بۆ لای سابلاغ و لەوێوە دواجار بە لاجانێدا بەرەو باڵەکەتی و کۆیێ بووەتەوە. کە ئەمە خەتی گوزەری حاجی بێ لە گەشتی خوێندنی دیارە لەو چەند سالانەدا تا ئەو هەموو دەشت و دەرەی کوتاوەتەوە و بە زاراوەی فەلاحان دووگاسنی کردوون وردە سەفەری خوێندنی کورتیلەی لە دێ و قەسەبچەکاندا کردووە و جێگۆڕکێی تێدا کردوون. تێکڕای ئەم گەشت و گەڕانە نەخشەی رووپێوێکی ئەوەندە پان دەگرێتەوە بە بزووتنەوەی زۆر و جێگۆڕکێ نەبێ دووجارپێو ناکرێ.

راگەیاندنی چوارەم بەڕاست دەرهێنانی ئەو گوتەیە کە دەڵێ حاجی دوای گەڕانەوەی لە کوردستانی ئێرانەوە ماوەیێك لە باڵەك ماوەتەوە ئەوجا هاتووەتەوە کۆیێ. هاتنەوەی بۆ باڵەك، وشەی لاجان رای دەگەیەنێ چونکی رێگا لە لاجانێوە بەرەو کوردستانی عیراق دێتەوە باڵەك، بەلام ماوەیێك مانەوەی لە باڵەکەتی لەوەڕا دەفامرێتەوە کە وا دەبێ دمەو هاوین هاتبێتە ئەو ناوە و کژی گەرمای لێ رابواردبێ و دمەو پایز سەرەو ژێر بووبێتەوە بۆ کۆیێ. ئەگەر مانەوەی هاوینێك بایی بەڕاست گێڕانی گوتەکە بکا کە دەڵێ (بەینێك ماوەتەوە) ئەوە هاوینەکی تەواومان بە دەستەوەیە، خۆ ئەگەر گوتەکە لە هاوینێك پتر بگرێتەوە دەبێ بە دوا بەڵگەی تردا بگەڕێین یاخود بێ بەڵگە بڵێین گوتەکە لەوەشدا راست دەکا، ئەوساش نازانین چەندی تر بخەینە سەر کژی هاوین... دەبێ ئاگاداری ئەوەش بین کە درێژەمان دا بە ئیحتیمالی زۆر مانەوەی حاجی لە باڵەکەتی تووشی گرفتێك دێین لەوەدا کە چی ئەوتۆ نامێنێتەوە لە کاتی مانەوەی حاجی لە کۆیێ بەشی ئەو رووداو و کەین و بەینانە بکا کە وا بەر لە سەفەری بۆ تورکیا بەرەنگاری بوون. وا دەزانم تاکە هاوینێك لە هەموو ماوەیێك بێ رەخنەترە کە دەلالەتی حاڵ و گوتەی دەماودەمیشی لێ رازی بێ و گرفتی تازەش دروست نەکا.

راگەیاندنەکانی هەموویان کاری لێکدانەوەن وەنییە شاید و بەڵگەی مادیی بێ دەمەتەقە بیانسەپێنێ، بەلام لەگەڵ بەسەرهاتی زانراوی حاجی و هێمای شیعر و

نووسینەکانی زۆر ڕێك دێن و دەگونجێن، واتە ئەگەر ئەو ڕاگەیاندنانەی تازە خستمانە پێش چاو، ڕووداوی ڕاستەقینە بن چ بەرهەڵستێك نابێ نە لە سەرچاوەی نووسراو و نە لە گوتەی دەماودەمەوە لەقیان بکا. بە هەمەحاڵ حاجی چووە بۆ کوردستانی ئێران، تێیدا گەڕاوە، خوێندنی لێ کردووە، چەند ساڵێك لێی ماوەتەوە، گوڵێی دیوە و گەڕاوەتەوە بەرەو کۆیێ.. ئەمانە بوون و دەبێ بە شێوەیێك و یەك لەدوایەك ڕوویان دابێ، هەڵبەت ئەو شێوەیە و هاتنی یەك بەدوایەکدا تا لەگەڵ گوتەی دەماودەم و هێمای نووسین و ڕاگەیاندنی حاڵ گونجاوتر بێ پتر دەچێتە دڵەوە. تا ئەوەی منیش بتوانم ڕووداوی نامەعلووم لەگەڵ نووسینی بەرچاو و گوتەی مەعلووم بگونجێنم هەر هێندەم بۆ دەکرێ کەوا لەو ڕووپەڕانەدا دەیخوێنیتەوە. لەوانە بوو ئەگەر ماوەی زیاترم هەبا بۆ لێکدانەوە و بەیەکدی گرتن و بەراوردکردن و وەدەست هێنانی خەبەراتی تازە، بتوانم ڕووپێوێکی بەرفرەوانتر ڕوون کەمەوە لە تێکڕای ڕووپەڕەکانی تاریکی ژیانی حاجی لە دیوی کوردستانی ئێراندا. لەو باوەڕەدام وردبوونەوەی نەفەسدرێژ لە پەڕاوێزەکانی سیوطی و ڕاگرتنیان لەبەر ئاوێنەی ئەو شیعرانەی کە لە تەمەنی گەنجایەتی و دەوری فەقێیەتی دەوەشێنەوە ڕۆشنەی ناوناوە دەکەنەوە بەسەر ڕێبازی حاجیدا و شوێن پێی لێرە و لەوێ هەڵدەگرن. بەڵام جارێ ئەم کارە ئاواتێکە و نەڕواوە.

ئەم قەسیدەیەی (خەیمەی شاهەنشەهی ئەرز) کە هێندە پڕ دەلالەت بێ مافی ئەوەی هەیە بەیتەکانی بخەینەوە جێی خۆیان و دەستبژارێك بکەین لەو تێکەڵ پێکەڵییەی کەوتووەتە نێویانەوە لە ئەنجامی نووسینەوەیان و بەوەدا ڕیز و ڕچەی داڕشتنی قەسیدەکە لەگەڵ زنجیرەی واتای بەیتەکانی بکەینەوە خزمی یەکتر. لە یەکەم نیگاوە دەردەکەوێ جێگەی بەشی زۆری بەیتەکانی گۆڕاوە و خوار و ژووریان پێ کراوە.. لەوەش زیاتری بەسەرهاتووە، هەندێکی لێ قرتاوە و کەل بووە. لێرەدا قسەم لەگەڵ ئەو قەسیدەیەیە کە لە دیوانەکەی چاپی هەولێر ساڵی ١٩٦٩دا دەیخوێنیەوە، چ گلەییش ناهێنمە سەر چاپەکە و خاوەنەکەی چونکە ئەو وەك وەری گرتووە وای چاپ کردووە. بۆ ڕاستکردنەوەی ڕیزی بەیتەکان لە پێشەوە پێشنیاری شاعیرێکی مەشوور و لێسەلمێنراوی کوردی ئێمڕۆ پێشکەش دەکەم کە مامۆستا هێمنە. بە پێی باوەڕی ئەو ڕاستیی ڕیزی بەیتەکان دەبێ بەم جۆرە بێ:

ئەم خەیمە کە شەمسیەی شاهەنشەهی ئەرزە
تا چادری نیلووفەری سەر تەپڵەکی بەرزە

ئـەتـنـابـی وەکـوو تـوولـی ئـەمـەل لا مـوتـەنـاهـی
ئـەوتـادی وەکـو کـێوی ئـوحـود مـەرکـەزی فـەیـزە

سەقـفـی وەکـوو گـەردوونـە شکـافـی وەکـوو ئـەنجوم
پـەردەی وەکـوو ئـەدواری سەمـا ئـەتڵـەسی سەوزە

هـەر وەك ئـەلـیـفـی جـانـە سـتـوونـی لـە سکـووندا
نـەك تـابـیـعـی غـەیرە و مـوتـەحـەریك وەکـوو هـەمزە

ئەوسافی وەکوو خەتی دوو زولفە لە چەپ و ڕاست
وەك مـاری مـوتـەلسەم کـە تـەلسمـی سەری کـەنـزە

وەسفـی چ بـکـەم نـێوەنـی گـوڵ یـا بـنـی سونـبـوڵ
شایستـە سەنـاخـوانـیـی بـکـەم هـەر وەکـوو فـەرزە

لای ژووری سەمەن نیوەنی گوڵ دامەنی سونبوڵ
لـەو سورەت و مـەعـنـایـە کـە سەد جـەنـنـەتی لـەغزە

فـیـلـجـوملـە وەکوو خـاڵـی روخـی دلبـەری حـاجـی
دڵـپـەستـە دەسا بـادی سەبـا هـەستـە مـەلـەرزە

هـەر لـێرە هـەتـا دەشتـی بـەهـەشت ئـایـنـی لاجـان
ئـاهـیستـە بـڕۆ نـەك وەکـوو دیـوانـەیـی هـەرزە

تـا داخـیـلـی خـەلـوەت دەبـی ئـەمـجـا بـە وەکـالـەت
خـاکـی قـەدەمـی مـاچ بـکـە بـەم تـەرزە کـە تـەرزە

مـەئـزوونـی ئـەوەنـدە وەکـو ئـاهـم بـە نـەزاکـەت
لادەی سەری زولـفـی نـەوەکـوو بـیـخـەیـە لـەرزە

لـەو چـەشنـە گـوڵـە هـەڵـدەکـەوێ ساڵـێ لـە قـەرنـێ
نـەك وەك گـوڵـی بـازاڕیـیـە هـەر ساڵـی کـە سەوزە

لەو دەسنووسەی مەلا ڕەئووفی سەلیم ئاغا کە بۆ کۆڕی زانیاری کوردی ناردووە هـەنـدێك زیـادیـی تـێدایـە لـەچـاو دیـوانـە چاپکراوەکان و ئەو دەستخـەتـانـەی خۆم دیتوومن: لە جێی مصرعی دووەمی بەیتێکیان دوو جۆری نووسیوە هەردووکیشیان لە ڕووی کێش و و قافیە و واتاوە هاوتای یەکترن. لە دیوانەکەی حاجی، چاپی هەولێر،

نیوە بەیتەکە بەم جۆرە نووسراوە:

(نەك وەك گوڵی بازارییە هەر ساڵی کە سەوزە)

مەلا رەئووف بەسەر ئەوەوە ئەمەشی نووسیوە:

(نەك وەك گوڵی بازارییە موجود همو لحظە)

لە جێگەیێکی تریش نیوە بەیتێکی بێ کێش، بەڵام قافیە رێکی نووسیوە کۆتاییی بە وشەی (غەمزە) دێت. ئەگەر ئەم زیادییانە بکرێن بە بەیتی تەواو و بخرێنە سەر غەزەلەکەوە سەرجوملەیان دەبێتە ١٤ بەیت. لە خۆمەوە دەڵێم بێین و رەچاوی ئەم لایەنەش بکەین کە شاعیر بە زۆری حەز لە هەڵبەستی تاك ئەژمار دەکەن رێی تێ دەچێ بە ئەسڵ غەزەلەکە ١٥ بەیت بووبێ و هەندێکی لەو بەیتانەی لەناو چووبێ.

من لە لای خۆمەوە بەیتەکانم ریز کردبوون بەو شکڵە کە پێی رازی بووم. ریزکردنەکەی من نەختێك جوداوازیی هەیە لەگەڵ هی مامۆستا هێمن، بەڵام چ پێویست نابینم دوای نووسینی پێشنیارەکەی ئەو هی خۆم بکەم بەسەربارێکی ناقۆڵا و زەق بۆ بنباری هورِوهۆیی ئەم نووسینە درێژە. نوسخەی تریش لەم غەزەلە، چاپکراو و چاپ نەکراو، لەبەر دەستاندان کەسێك بیەوێ دەتوانێ بەراوردی هەموویان بکات و دڵخوازی خۆی لە نێوانیاندا هەڵبژێرێ.

سەرگوزەشتی دڵدارییەکەی حاجی لە سابڵاغ و پەیامی ئەم قەسیدەیە لە رووی کەم پەروایی لە دەربرینی هەستی دەروونی خۆی جارێکی تریش سروشتی ئازا و باوەڕ بە خۆهاتووی حاجیمان بۆ روون دەکاتەوە. هەرچەن ژیانی حاجی پڕە لە نموونەی ئازایی و سەرکەشی بەڵام مەیدانەکان وەك هی دڵداری نییە کە زوربەی پیاوانی رۆژهەڵات خۆی تێدا دەشارنەوە و چەندی لە دەستیان بێ ناهێڵن باس و خواسی دڵدارییان ئاشکرابێ و بگوترێتەوە یاخود سەرگوزەشتی نهێنییان تێیدا دەنگ بداتەوە، خۆ بە نیسبەت مەلا و پیاوی سەر بە ئاینەوە زیاتر لە خەلقی تر دەنگ و سەدای دڵداری هۆی شەرمکردنەوە و بەخۆداشکانەوە بووە. ناوناوەیێکی بەدەگمەن نەبێ مەلا رێگەیان نەداوە دڵدارییان لێ ئاشکرا بێ. حاجی قادر بەوەدا کە جارێکیان لە سابڵاغ دڵدارییەکەی زانرابێ و خێرا بە دوا ئەودا و لەخۆوە دەروازەی دڵی بۆ گوڵێ بخاتە سەرپشت و بانگهێشتنی مەردوم بکا بۆ گوتنەوەی چیرۆکی حەزکردنی لە گوڵێ، ئەم حاجی قادرە هەرگیز لە مەلایێکی شەرمنی سەرکزەڵەی چەرخی نۆزدەم ناکا. هەر

دەڵێی مرۆڤێکی بەندکراوی حوکم تەواوکردووە لە ناو دەروازەی بەندیخانەڕا دوا هەنگاوی هەڵدێنێ بەرەو ڕەهایی. حاجی بەم دڵدارییانەی لە قەپێلکی کلاسیکی دەستوورانی کۆمەڵایەتی و نەریتی کۆنینە دەردەچێ و دەبێتە نۆبەرەی خێرا پێگەیشتووی پیاوی کورد لە ناوەڕاستی چەرخی نۆزدەمدا. من نامەوێ دەلالەت قەرزکەم و بیخەمە سەر واتا و ڕاگەیاندنی دڵدارییەکانی حاجییەوە، بەڵام پێویست دەبینم ئەوەند دەلالەتی کە هەیە لەم دڵدارییانەدا بخرێتە روو و نرخ و جێگەی ڕاستەقینەی خۆیان پێ بدرێ لە سروشتی (حاجی)دا. دەبێ بەهۆی ئەو دڵدارییانەوە باشتر حاجی بناسین، پتر لێی شارەزابین، نزیکتر بینەوە لە تەوژمی ئەو دەروونە کە حاجیی کردە یەکەم دوشمنی نەترساوی شەعبەدە لە کوردستانی ژێرەوەدا و یەکەم فەیلەسووفی بیری کوردایەتی لە سەراپای کوردستاندا.

سەرەڕای مەلایەتی کە خۆی بەسە ببێتە کۆسپ لەپێش دەربڕینی ئارەزووی نەفس بۆ لای ئافرەت، دوو کۆسپی تریش هەبوون حیسابی دوور و درێژتر بە حاجی بکەن لە دەربڕینی ئەم ئارەزووەدا: کۆسپی غەریبی و کۆسپی هەژاری. مەلایێکی غەریبی هەژار ئەگەر لە دەروونیدا بڵێسەی ئارەزوویێکی سووتێنەر نەبێ بۆ ئازادی لە کردەوە و ئاخاوتن ناوێرێ لە کاری نازکی وەك دڵداریدا زمانی ببزێوێ، ئەگەر مەیلێکیشی بوو بۆ ئافرەت لە هەناوی خۆیدا زندەبەگۆڕی دەکا. پاڵەپەستۆی هەستی زگماك لە دەروونی حاجیدا بۆ ئازادی لە کردەوە و ئاخاوتن، قەناعەتەکانی تەقاندووەتەوە، ئەو قاناعەتە لە دڵداری بێ یا لە عاست شەعبەدەدا یا لە مەیدانی سیاسەت یا لە هەموو مەیدانەکانی باوەڕ بێ بە شێوەیێکی گشتی. لە بیرت بێ جوداوازیێکی یەکجار گەورە هەیە لە میانی هەڵبەستی دڵداریی عادەتی کە هەموو بوێژێك لە خۆی دەکا بە پیشە و چ باجی لەسەر نییە و ناو و ناتۆرە بۆ کەس نانێتەوە لەگەڵ دڵداری بە پەنج و بناوان و سەر و سەدا کە تا ئێستاش پیاوی کورد خۆ دەپارێزێ لە زرانی ناوی تێیدا. تێوەڕامانی دووربەدوور دوای ۱۰۰ ساڵ زیاتر لە تێپەڕینی ئەو دڵدارییانە، شێوە و ڕاگەیاندن و هێماکانیان دەخاتە پشت پەردەیێکی ئەستووری تاریکییەوە. بۆ وردبین نەبێ تارماییی گرنگی ئەم دڵدارییانەش خۆ بەدەر ناخا. لەوانەیە خوێنەرێکی ڕێبواری بە پەلە لە سەر ئەوە هەر نەوەستێ ئاخۆ حاجی قادر ڕۆژەك لە ڕۆژان بیری لە (جنس) کردبێتەوە یا نا! ئەوا دڵی بۆ (جنس) و ئافرەت چوو ئینجا چ بوو! من لە جیاتی ئەو خوێنەرە قسان تەواو دەکەم و دەڵێم حاجی قادر کەوتە دژی کارە ناڕەواکانی شێخ

نەبی سەد ساڵ لەمەوپێش – ئینجا چ بوو! حاجی دەیان ساڵ بەر لە هەموو کوردێك بیری کوردایەتیی کرد بە فەلسەفە.. ئینجا چ بوو! حاجی بە هەموو عومری نەترسا و هەرگیز کۆڵی نەدا.. ئینجا چ بوو! بەڵام هەمان خوێنەری بە پەلە کە من لە جیاتی ئەو شتان بێ بایەخ دەکەم و پێیان دەڵێم ئینجا چ بوو، کە بیستی فلاّمورزی هاوڕێی خۆی حەزی لە فلاّنە کچ کردووە گوێی قوت دەبێتەوە بۆ خەبەرەکە و دەکەوێتە پرسین و تۆژینەوە لەبارەیەوە و هەر بە بیریشیدا نایێ بڵێ ئینجا چ بوو! خۆ ئەگەر کچەکە چ جۆرە پێوەندییەکی خزمایەتی وەیا ئاشناییی لەگەڵ خۆیدا هەبێ ئەوسا دڵدارییەکە مانایێکی تازە و تایبەتی وەردەگرێ و دەکەوێتە بارێکی ترەوە و دە جاران زیاتر بایەخ پەیدا دەکا. ئەمە دەڵێم تاکو دڵدارییەکانی حاجی نیگای خوێنەر بۆ خۆی بکێشێ و داوای لێ بکا جێگەی لە باری بۆ بدۆزێتەوە لەو سروشتەی حاجی قادردا کە شارەزاییمان پێی هەیە.

ئەم دڵدارییانە کە لە سابلاغ و لاجانێدا هەستی حاجی قادریان جوولاندەوە و بولبولی تەبعیان خستە چەهچەهە، دوای هاتنەوەی بۆ کۆیێ خامۆش دەبن و چیی تریان بە دوادا نایێ. لە کەس نەبیستراوە لە ماوەی ئەو چەند ساڵانەی بەر لە سەفەری بۆ تورکیا کەم و زۆر خەریکی حەزلێکردن بووبێ. کە ئەمە نەبیسترابێ دەبێ رووی نەدابێ بۆیە نەبیستراوە، چونکە تازە باسمان لەوە دەکرد حاجی قادر دڵداریی بە تاوان نەزانیوە تا نادیاری کا و داپۆشێ. خۆ ئەگەر دڵداری لە کات و وەزعی غەریبیدا گومانی ئەوەی لێ بکرێ نیازی مارەکردنی تێدا نەبووە و تەنها هەوەسێکی جحێڵانە بووە و تەقیە و شەرمێکی بۆ دڵدارەکە پێك هێناوە، ئەو گومانە لەو دڵدارییەی حاجی ناکرێ کە لە کۆیێ دووچاری هاتبا تا بڵێین لەبەر زێدە تەقیە و شەرمکردن بە جارێ سەرپۆشی کردووە. هەڵبەت هەمان رەفتاری شەرافەتکارانەی حاجی کە لە دوو دڵدارییەکەی پێشووی بەدی دەکرێ بەزیادەوە لەو دڵدارییە چاوەڕوان دەکرێ کە لە کۆیێ دووچاری هاتبا. غەیری ئەوە کە بە نیازی مارەکردن حاجی خۆ نامزەدی پێوەندیی عیشق و سەودای ئافرەت بکا چ نیازێکی تر بە دڵ و مێشکاندا نایێ لە عیشقێك کە وا لە کۆیێ ناوی حاجیی پێوە بێ. وەزعی حاجی لە کۆیێ گەلێك ناسکترە تا جێگەیێکی تر؛ بە پێی ئەو ناسکیی وەزعەی، خۆ دوورتر دەگرێ لە هەر شتێك لۆمەیێکی کۆمەڵایەتیی بێنێتە سەر، بەتایبەتی کە ئەو خەریکی خۆ چەسپاندن و خۆ بەرەوپێشەوە بردن بێ. لە خوێندنی فەقێیەتی و گەشتی مامۆستا گۆڕیدا کەمخەمی و

بێ پەروایییەك هەیە لەچاو ژیانی دابین بوون و دامەزران، کە دەبێ ئەویش حیسابی بۆ بکرێ لە مەوزووعی دڵ بەدەستەوەدان و حەزلێکردن. ئەم جوداوازییانەی میانی وەزعی حاجی لە کاتی فەقێیەتیدا تا وەزعی کۆیەی، بۆ خۆیان تا ڕادەیێك حیسابێکی تازە دێننە بەر حاجی، بەڵام هەر ئەوان نەبوونە هۆی پەیدانەبوونی دڵدارییێکی گەرم و گوڕی بەسەروسەدا لەو چەند ساڵەی مانەوەی حاجی لە کۆیێدا. هۆی گرنگتر بەدەستەوەیە، گەلێکیش گرنگتر.

وەك من بۆی دەچم و پێی قانع دەبم ئەو گیروگرفت و کەین و بەینە گەورانەی کە پەیدا بوون و یەخەی حاجییان گرت لە کۆیێ دوای گەشتی خوێندنی، وایان تەنگ پێ هەڵچنی و ئۆقرەیان لێ هەڵگرت دەرفەتێکی بۆ نەمایەوە بیر بکاتەوە لە دڵداری و ماڵ پێکەوەنان. گیروگرفتەکانمان لە جێی مناسبدا باس کرد و ناشێ لێرەیان باس بکەینەوە، چەند لاپەڕەیێك بەرەو هەوراز بینەوە دێنەوە بەر چاومان. نەفسی حاجی لە خۆڕازی و بەخۆنازی و هەرگیز لە زەرفی وا نالەباردا خۆ ناهاوێتە ژێر بارێکی قورسی تازەی ژنهێنانەوە کە ببێتە سەرباری هەژارییە نەدارییە میراتییەکەی. ئەمە شتێکی مەفهووم و چاوەڕوانکراوە لە حاجی قادرەوە، بەڵام لێرەدا تێبینییەکی نوێ هەیە لەو مەوزووعی دڵداری نەکردن و ژن نەهێنانەی حاجی، سەری ڕێ بە زیهن و سرنج دەگرێ و خۆ بە ملدا دەدا و جڵەوی خامە رادەکێشێ بۆ باسکردنی.

ئەم تێبینییە لەوانە نییە خەریکبوونی سەراوی بە مەوزووعی حاجییەوە بیخاتە بەرچاوان، تا دڵت لەگەڵ دڵی ئەو حاجییە ئاوارەی بێ دەرەتانەی پڕ گیروگرفت و کۆسپ و تەگەرانەی دوای گەڕانەوەی بۆ کۆیێ جووت نەکەی و نەبزی ئەو تێکەڵ بە نەبزی خۆت نەکەی تارماییی تێبینییەکەش نابینی. با بڵێم لەوەش زیاترت پێ دەوێ بۆ هەستکردن بە مەوزووعی تێبینییەکە، دەبێ بە خەیاڵ بگەڕێیتەوە ئەو رۆژگارە و خۆ بخەیتە قەپێلکی زەرف و باری ژیانی حاجییەوە، ئەگەر نەڵێم قەپێلکی نەفس و دەروونیەوە، و بە چاوی ئەو سەیری دونیا بکەیت و بەدڵی ئەو هەست بەخۆشی و ناخۆشی بکەیت.

ئەوەی من دێتە دڵمەوە، لە ئەنجامی تێوەڕامانێکی دوور و درێژ لەو زەرفە و ئەو دڵ و دەروونە و تەنگ و چەڵەمە و گرفتانە، قەناعەتێکە وەك (بدیهیە) کەوا وەتەنگ هاتنی حاجی لە وەزعی کۆیێ و تێکڕای کوردستانی ژێروو دوای کەمێکی کەم لە گەڕانەوەی بۆ کۆیێ دەستی پێ کردووە و ماوەیێکی ئەوتۆ نەکەوتووەتە نێوانی هاتنەوە و

سەرەتای دەست پێکردنی تەنگ و چەڵەمەکانەوە بایی ئەوە بکا مرۆڤێکی وەك حاجی بکەوێتە سەر بیرکردنەوە لە ژن هێنان و ماڵ پێکەوەنان. هەر دەڵێی یەکەم سڵاوی دوای گەڕانەوەی بۆ کۆیێ، دەردی سەر عەلەیکی داوەتەوە. خێرا دووچاربوونی حاجی بە ناکۆکی، سەرەڕای دەستکورتی و بێ گوزەرانی، هەروەك نەیهێشت دڵی بڕوا بۆ دڵداری و ماڵداری نەشیهێشت دڵی بڕوا بۆ نیشتەجێبوون. دەمەوێ بڵێم لە زووێکەوە حاجی بڕیاری دا کۆیێ و کوردستان جێ بهێڵێ بۆیەیە ببڕای لێی نەبیسترا ناوی ژن بێنێ وەیا باسی ژنهێنان بکا. وا دەزانم ئەم بڕیارەی دوورکەوتنەی لە وڵات ماوەییێکی درێژ بەر لە ڕۆیشتنی لەگەڵیدا ژیاوە و رووداوی یەك لە دوویەکی ڕۆژانە بڕیارەکەی بەهێزتر کردووە تاکوو لە کۆتاییی شەڕێکی بەردەوامی نهێنی لە دەروونی حاجیدا لە میانی هێزی راکێشانی گەل و مەفتەن و هێزی پاڵ پێوەنانی ناڕاحەتی و چەرمەسەری، بە تەکانێکی ریشەهەڵکەن حاجی هێزی خستە گەڵ پاڵ پێوەنان و رەگی خۆی دەرکێشا لە ناخی ئەو (مەفتەنە جلوەئارایە) کە وا نە تێیدا هەڵی دەکرد و نە لە دووریی ئەویشدا توانیی بحەسێتەوە. ئەم هەڵقەنانەی دڵی حاجی، لە زووێکەوە، سەبەب بوو کە چ هەوڵێکی نەدا ماڵ پێکەوەنێ، حاجی حەماسی پەیدا نەکرد بۆ ماڵ پێکەوەنان. ئەگەر ئەم لێکدانەوەم نیشانەی پێکابێ لە زیمندا داخوازی دەکا کاتێك حاجی هاتووەتەوە کۆیێ ئاشی شێخ نەبی ماویلی لە گەڕ بووبێ، چونکی ناکۆکیی بەینیان لێی دەوەشێتەوە یارمەتیدەرێکی تێکڕای وەزعی نالەباری حاجی بێ کە خستیە سەر بیرکردنەوە لە ئاوارە بوون.

بۆ سەپاندنی ئەم رایە و بیر و باوەڕە لە زیهنکاری و لێکدانەوە بەولاوە بەڵگەی ئیسپات بەدەستەوە نییە، بەڵام بیروڕایەکە بێ بنج نییە چونکە کە لێی وردبینەوە دەبینی ئیحتیمالێکی بەهێزە لە تەك دوو ئیحتیمالی تری بێ هێزدا.

یەکەم ئیحتیمال ئەوەیە: رێکەوت وا بوو حاجی دوای گەڕانەوەی بۆ کۆیێ و تا لێی دەرچوو نە دڵداریی کرد و نە خەریکی دامەزران بوو.

دووەم ئیحتیمال ئەوەیە: رەنگە حاجی تووشی دڵداری بووبێ و بیریشی لە دامەزران کردبێتەوە بەڵام بە رێکەوت ئەو باس و خواسانە لە پشت پەردەی پەنهانی مانەوە، یاخود بە رێکەوت خەلقەکە نەیانکردوونە مەوزووعی وتووێژ و گوتنەوە.

سێیەم ئیحتیمال ئەوەیە کە من بۆی چووم: لەبەر گیروگرفت و هۆی تری گرنگ لە

ژیانی حاجیدا ئیمکان نەبووە دڵی بۆ ئافرەت و ماڵ پێکەوەنان بڕوا.

ئیحتیمالی یەکەم و دووەم لە سەر (رێکەوت) هەڵچەقیون بۆیێ من بە بێ هێزیان دادەنێم، هی سێیەم ئەوەیە کە من دەمەوێ بڵێم جێی قەناعەتی خۆمە. بەڵێ، دەشێ رووداو زادەی رێکەوت بێ بەڵام لە سەرچاوەی مادییەوە پەیدا بووبێ زیاتر بە دڵەوە دەنووسێ بە تایبەتی کە رووداوەکە لەگەڵ پێداویستیی زەرف بگونجێ. بە هەمەحاڵ تا ئێستا بڕیاری یەکجارەکی لە بارەی ئەم رووپەڕەی ژیانی حاجییەوە لە دەست کەسدا نییە. ئەوەندەی گوێم راگرتبێ و چاوم گێڕابێ لە کەسم نەبیستووە و چ نووسینم نەدیتووە خۆ لەو لایەنە بگەیەنێ و دوو قسەی تێدا بکا، کە حاڵ وا بێ دیارە چ سەر و سۆراغ لای کەس پەیدا نابێ. خوێنەریش وەك من ئاگاداری زەرفی ژیانی (حاجی)یە لەو قۆناغەدا، هەر کامێك لەوان ئیحتیمالانەی بە دڵ بوو یاخود ئیحتیمالێکی چوارەمی پەسەند کرد کە بە بیری مندا نەهاتبێ دەتوانێ ئەویان بکا بە دڵخوازی خۆی. کە بەڵگەی تازەشی چەنگ کەوت بۆ تەرجیحی رایەکی تر دیسانەوە مەودای رەئی گۆڕکێی لە پێشە. مەبەس لێرەدا رەواندنەوەی تاریکییە لە دەوری حاجی قادر، کە تاریکییەکە رەوییەوە راستی هەرچی دەبێ بابێ. من بۆ خۆم لایەنگیری چ بیر و رایەك ناکەم ئەگەر بەڵگەی مادی وەیا زیهنی لەسەریان نەکاتەوە. هەوڵ و تەقەڵلام لەوەوە دێ حەز دەکەم حاجی بناسم وەك مرۆڤێك کە لە واقیعدا ژیاوە نەك فکرەییێکی رووت کە نووسین خەلقی بکا. حاجی مرۆڤ بووە، وەك من و تۆ حەزی بە خۆشی دەکرد ئەگەر بۆی لوابا. هەڵبەت نەیدەویست بێ بەهرە بێ لە کامرانی و حەسانەوە، کە ئەمەی بۆ نەلوابێ دەبێ لەبەر هۆی ئەوتۆ بووبێ لە حەزکردن و خواهشتی خۆی بەهێزتر.

قسە لە مەوزووعی دڵداری بەوەندە نابڕێتەوە، جارێ تەواوێکی بەبەرەوە ماوە. وەك دوای نەختێکی تر روون دەبێتەوە باسی دڵداری دەکێشێتەوە سەر لێدوان لە هەندێ لایەنی گرنگ هەم لە سروشتی حاجی و هەم لە رەوتی بەرەو گەیشتنی بە کوردایەتی. دڵداری وەك ئاوێنەییێکی هەمیشەیی لەسەر رێبازی ئادەمی، دەروونی حاجیمان بۆ عەکس دەکاتەوە، بەڵام با جارێ پاکانەییێك بکەین بۆ عیشق و دڵداری لە عاست ئەو توهمە و توانجانەی کە هەندێ مرۆڤی دڵ وشك، بێڕەحمانە، دەیکەن بە تیری تەعنە و تێی دەگرن. با ئەوە ساغ کەینەوە کە عیشقی میانی نێر و مێ نەك نەنگ نییە و بەس بەڵکوو شیرازەهۆنی کاڵای کۆمەڵایەتییە. دەبێ هەڵوەستێك بکەین تا تۆزێ بەدناوی لە دامەنی دڵداری بتەکێنینەوە ئەوسا بکەوینەوە سەر رێبازی عەوداڵبوونمان بە دوا

دەنگ و باسی حاجی لە جیهانی دڵداریدا. خۆشویستن گەلێ جۆری هەیە، هەند زۆرە رەنگە نەژمێردرێ. بەڵام ئەو جۆرانەی هکەونە سەر زمان و دێنە ناو نووسینەوە و خەلق پێیانەوە خەریکە و دەمەتەقەیان لەسەر هەڵدەستێنن چەند جۆرێکی ناسراو و گرنگن وەك: خۆشویستنی ئاین و مەزهەب و فەلسەفە و نیشتمان و هونەر و سروشت و باوك و دایك و براو كەس و برادەر و بەدوا هەمووواندا و لە پێش هەمووواندا خۆشویستنی میانی دوو جنسەكەی نێر و مێ. بێگومان ئەم خۆشویستنانە هەموویان كاریگەر و بایەخدارن و زۆر جاران دەبنە هۆی خۆبەختكردن و خۆ بەكوشتدانیش. ئەمە راستییێکە سەرپێچیی تێدا ناكرێ و بە چاوی خۆمان دیتوومانە و دەیبینین، رەنگە وا بووبێ بە جۆرێكی سەرشێوێن و نامەفهووم جانفیدایی كرابێ بۆ ئەو خۆشویستنانە. زۆر جاران لە گێڕانەوەی بەسەرهاتی كۆن و نوێ دەبیەین فلانەكەس لە كەللەیان دا و وازی لە باوەڕی خۆی نەهێنا وەیا وشەییێكی نهێنیی نەدركاند دوشمنی باوەڕەكە سوودی لێ وەرگرێ، وەیا خۆی بە قوربانی پێشەواكەی كرد وەیا لە تۆڵەی قسەییێكی بێ حورمەت یەكێكی كوشت و خۆشی تێدا چوو. كە دەڵێم (نامەفهووم) لەبەر ئەوەم نییە لە بنەڕەتدا مەوزووعەكە خۆبەختكردن ناهێنێ بەڵكو بۆیەیە كە ئەغڵەب یەكێك خۆ بە قوربانی ئامانجێك دەكا ئامانجەكەی لە نەزەر غەیری خۆیدا خۆبەقوربان كردن ناهێنێ و هەر هەمان كەس لە ئامانجی گەورەتر بێ خەبەرە و بێ پەروایە و گوێشی ناداتێ. بە میسال دەڵێم لەوانەیە مریدێك خۆی بە قوربانی شێخەكەی بكا بەڵام گیسكێك بە قوربانی وڵاتەكەی نەكا.

پوختەی قسە ئەوەیە خۆشویستن گەلێ جۆری هەیە و هەریەكەیان بەرە و تاقمی ئەوتۆی هەیە كە پەیڕەوی دەكەن. بەڵام بە وردبوونەوە دەردەكەوێ تێكڕایان لە سەرەتاوە دەبنە دوو بەشی لەیەكدی جودا. بەشێكیان ئەوەیە لە خۆوە پەیدا دەبێ لە ویژدان و دەروونی مرۆڤدا، چ پێویستی نییە بە مامۆستا و رابەر وەك خۆشویستنی منداڵ و باوك و دایك و نێر و مێ. بەشی دووەمیشیان ئەوەیە ئەگەر بە فێركردن و دەرسدان نەبێ زگماك لە دڵی مرۆڤدا هەڵناقوڵن وەك خۆشویستنی سروشت و مەزهەب و هونەر و فەلسەفە و یاری.. هتاد.

زۆر جاران مرۆڤ خۆ بە قوربانی شتی وەها دەكا ئەگەر بە هاندان و مێشك پڕكردنی ساڵەهای ساڵ نەبێ مریشكێكی لە پێناو نادات، نەخێر لەوانەیە رقیشی لێ بووبایەوە ئەگەر مامۆستا دەرسی نەدابا بەڵام خۆشویستنی كوڕ و نەوە چ مامۆستای

ناوێ. قسەیێکی یەکجار سافیلکە و ناپوختە و ناپەسەند هەیە دەڵێ خۆشویستنی دایك و باوك بۆ منداڵیان بەرهەمێکی کۆمەڵایەتیی سەر بە چینایەتییەوەیە نەك هی سروشت. وابووە بیستوومە و خوێندوومەتەوە گۆیا بە نیازی سوود وەرگرتن لە دواڕۆژدا، دایك و باوك منداڵیان بەخێودەکەن، تەنانەت هەندێ لەو نووسینانە دەڵێن پەروەردە بوون لە سێبەری ڕێژیمی بۆرجوازی و لە نێو کۆمەڵی خاوەنی چینی جودا جودا وا دەکا باوك و دایك بە تایبەتی منداڵەکانی خۆیان خۆش بوێت و فەرق و جوداوازی بکەن لە میانی منداڵی خۆیان و خەلقی تر. ئەم تەرزە گوتانە تاکە پیتێکی ڕاستیان تێدا نییە و خەڵەت و پەڵەتی ڕووت و ڕەجاڵن. بەسە بۆ دیارخستنی هەڵەبوونیان کە بڵێین ئەگەر پەروەردەبوونی (بۆرجوازی) مرۆڤ فێر بکا بە خۆشویستنی منداڵی خۆی ئاخۆ چ بۆرجوازیێك و ئیمپریالیستێك مریشکی فێر کردووە خۆ بە قوربانی جووجەڵەی بکا، وەیا چوێلەکە لە تاوی بەچکەکانی خۆ باویتە زاری مارەوە. گوتەی ئەوتۆیی نەك هەر بەرهەمی سادەیی و سەراوبوونی فکریە و بەس، کە لێی وردبینەوە دەبینی لە خۆوە بێ تەدەخولی من و تۆ سەرەوبن دەبی و بابیی ترووکەی چاو خۆ بەسەر پێیانەوە ڕاناگرێ. کە گوترا دایك و باوك لەگەڵ منداڵەکانیان بە فێڵ و فڕن و بە تەمای چەوساندنەوەی دواڕۆژ بەخێویان دەکەن ئیتر هەرچی باوەڕ هەیە لای مرۆڤ بە هیچ شتێك نامێنێ لە بنەڕەتا بەسەر خۆیدا دەتەپێ و وێران دەبێ، چونکە کە سەلماندمان دایك بە فێڵ بێ لەگەڵ منداڵەکەی بۆ دەبێ ڕابەری سیاسی و سەرۆکی حیزب وەیا دەوڵەت ڕاست کەن لەگەڵ خەلق.. باوك درۆزن بێ و نەقابە ڕاست کا، ئەفسانەیێکە گاڵتە دەکا بە هەرچی مرۆڤایەتی و هۆش و مەنتیق هەیە... باوك و دایك کە سۆزیان بۆ منداڵەکانیان جێی گومان لێکردن و تاوانبارکردن بێ، ئەو کەسەی قسەی وامان فێر دەکا دەبێ چەند جاران فێڵی لێ کردبین و چ مۆرفینێکی خستبێتە مێشکمانەوە بەوان قسانەی. ناشێ و ناکرێ ورێنەی وەها بچێتە عەقڵی کەسەوە ئەگەر مۆرفینی لەگەڵدا نەبێ. مرۆڤ کە باوەڕی بە سۆز و تاسەی دایکی خۆی نەما کام زڕە هەقی دەمێنێ باوەڕ بە قسەی خەلقی تر بکا و گوێ شل کا بۆ مامۆستا و ڕابەر و فەیلەسووف! وابزانم ئەمە (بدیهیە)یە و لەسەر ڕۆیشتنی ناوێ.

قسەی من لێرەدا لەگەڵ چۆنیەتی و جۆری پەیدابوونی ئەو خۆشویستنانەیە کە هەندێکیان لە خۆوە دەڕسکێن و هەندێکیشیان بە فێرکردن دەڕوێن. کە کەوتینە سەر باری دەرسدان و بە ئومێدکردن و ترساندن ئەوسا هەرچی بە خەیاڵدا دێت و نایەت لە

پێچەوانەی یاسای سروشتی و خۆڕسك دەشێ پەیدا ببێ و سروشت و یاساکانی بپێچێتەوە. تۆ خەریکی یەکێك بیت بۆ ماوەی ساڵەهای ساڵ لە ڕێی ڕاهێنان و ترساندن و ئومێد پێدانەوە فرچکی هۆش و هەستی پێ بگریت، دەتوانی بیخەیتە سەر ڕق لێبوونەوە لە هەرچی چاکە و پاکە و خۆشەویستە، یاخود بیکەیتە بوتپەرست بۆ هەرچی بەد و وێرانکەر و دزێوە. ڕەنگە بە دەرسدان دایك منداڵی خۆی بکوژێ وەیا دیندار کافر بێ وەیا قارەمانێکی باوەڕ و فەلسەفە بگۆڕێ بە خائین.

لێرە ئێمە قسە لە سەرچاوەی ئەسڵی خۆشویستن دەکەین، لەو قوڵپ و بڵقەیە دەدوێین کە لە بنی کانییەوە هەڵدەقوڵێ نەك لەو ئاوەی بە جۆگەلەدا هاتووە و خڵتەی بێگانەی تێکەڵ بووە. دەوجا کە حاڵ وابێ هەندی بەدیهیە ئاشکرایە خۆشویستن هەیە فیتری و خۆشویستن هەیە بەرهەمی فێرکردن و دەرسدان و ڕاهێنان.

خۆشویستنی زگماك و فیتریش هەموویان لە یەك هێزدا نین، هێندەی دایك و باوك منداڵی خۆیان خۆش دەوێ منداڵ دایك و باوکیان خۆش ناوێ. بەر لە ١٣٠٠ ساڵ لە پێغەمبەر (ص) پرسرا هۆی ئەم جوداوازییە چییە لە میانی خۆشویستنی دایك و باوك بۆ منداڵ و هی منداڵ بۆ دایك و باوك؟ لە وەرامدا فەرمووی (لأنهم منا و لسنا منهم) واتە چونکە ئەوان لە ئێمەن و ئێمە لەوان نین. هەڵبەت مرۆڤ پارچەیێکی جەرگ و دڵی خۆی خۆش دەوێ، کە منداڵەکەیتی، پتر لە دایك و باوکێك کە ئەو پارچە جەرگ و دڵە نین.

حیکایەت بەوەندەش تەواو نابێ، تایبەتییێك هەیە لە خۆشویستنی میانی (نێر و مێ)دا دەیکا بە زاهیرەیێکی تاقانە کە لە هەموو جۆرەکانی تری خۆشویستن جودای دەکاتەوە، وەك بڵێسەی کارەبا کە وا لە بەیەکترگەیشتنی دوو هێزی (سالب و موجب) پەیدا دەبێ، وەیا ئاو لە تفاعلی ئۆکسجین و هایدرۆجین پێ کدێ، مەیلی نێوانی دوو جینسی (نێر و مێ)ش دوو گیانلەبەران ئەوەندە لە یەکتر نێزیك دەکاتەوە هەر دەڵێی بە (تفاعلی کیمیایی) گەیشتوونەتە یەکتر و تێکەڵ بوون. نێر و مێ کە دەگەن بە یەکتر دەبن بە دوو (مصرع)ی یەك بەیت.. دوو ڕووی یەك سککە، یەکیان ئەوی تر تەواو دەکات و نوقسانی دەبڕێ و بە هەردوویان (وحدە)یێکی تەواو پێك دێت. ئەم یەکیەتییە بەهێزەی کە خۆشویستنی نێوانی نێر و مێ پێکی دێنێت، لە جیهانی گیانلەبەراندا وێنەی نییە، کە لەوێدا وێنەی نەبوو دیارە لە هەموو جیهاندا بێ وێنەیە. زۆرینەی جۆرە خۆشویستنەکان (یەك لایی)یە: تۆ نیشتمانت خۆشدەوێ نیشتمان ئاگای لە تۆ

نییە.. هونەرت خۆش دەویَ، هونەر ئاگای لە تۆ بیَ خەبەرە.. مەزهەب و فەلسەفە و سروشت و گوڵ و پەپوولە دەپەرستیت، ئەمان کەڕ و لاڵن هەستیشت پیَ ناکەن.. ئەدەب و فۆلکلۆر و یاری و نازانم چی لیَت دەبن بە ماخوولیا، ئەوا بۆ خۆت لەسەر تاکە تەلی ئارەزووی دڵ و دەروونی خۆت ئاهەنگسازی دەکەیت.. تا رادەیێك خۆشویستنی میانی کوڕ و باوك و دایك و خزم و برادەر، واتە ئادەمیزاد بە گشتی، بەرامبەری و دوولاییێکی تیَدایە بەڵام هیچ کامیَکیان ناگاتە پلەی (تفاعل) و یەکتر تەواوکردن. ئەم راستییەی (بێمانەندی)مەیلی میانی نیَر و میَ کە یەکیَکە لە راستییە زلەکانی جیهان شتیَکی تا بلَیَی سروشتی و ئاساییە چونکە پیَوەندییێك ژیان دروست بکات و نەسل پیَك بیَنیَت و بەردەوامی کات لیَی دەوەشیَتەوە تا ئەو رادەیە بیَ ویَنە بیَت: لەمە کەمتر دەست نادا بۆ بەردەوامبوونی (نوع). بۆیەیە دەبینی ئەوەندەی مرۆڤ بیَ رابەر و مامۆستا و ترس و تەماع لە خۆوە خەریکی خۆشویستن و گۆرانیی دڵدارانە و سەرگوزەشتی عیشق بووە و دەوری باس و خواسی عاتیفی هەڵاتووە، لەگەڵ هیچ مەوزووعیَکی تردا هیَندە خەریك نەبووە. تۆ سەیر کە سەپان دروێنە دەکا وەیا شوان مەڕ دەلەوەڕێنیَ وەیا کاروانچی بەدوا ولاغەکانیەوە ریَگە و بان دەبڕیَ هەموو هەر خەریکن گۆرانی بۆ لەش و لاری خونچە و خەزاڵ دەڵیَن و تاسە و ئارەزۆ بە یادی قەد و باڵا و ئاڵ و والای بەسیَ و ئەستی هەڵدەڕیَژن بە دەگمەن و تیَ هەڵنەگووتن نەبیَ ناوی ئەو کەسە نابەن لە گۆرانییەکاندا کە گوزەرانی پیَ دەکەن. سەپانیَکم نەبیستوە بلَیَ وەی لەبەر ئەو گوڵە گەنمە جوانە دەڵیَی گوڵەباغە و نانی وەك قەنەوزە. کریَکاریَکت نەدیوە لەکاتی قوڕکاریدا بەستە بچڕیَ و بلَیَ بیَلەکەم ریَکوپیَکە و هەرجارە ١٠ کیلۆ قوڕی پیَ هەڵدەدەمەوە. تا نەقابە وەیا حیزب وەیا لایەنیَکی سیاسی وەیا ئاینی وەیا هونەری بە دەرس و راهیَنان فیَری گۆرانی و هەڵبەستی نیشتمانپەروەری و چینپەروەری و دینپەروەرییان نەکا نە عەمەلە نە سەپان نە شوان نە کاسب نە قوتابی نە سەرباز نەقومارباز نە کۆترباز هیچیان لە خۆوە گۆرانی بۆ هۆی ژیان و پیَوە خەریکبوونیان ناڵیَن و تیَکڕایان هەر دەگەڕیَتەوە بۆ بەژن و باڵای بسك سوور و چاو کاڵ. وەنییە ئەم وەزعەی خەریکبوونی مرۆڤ بە عاتیفەوە سیحر و ئەفسوونی فیَڵباز و دوشمنی گەل پەیدای کردبیَ وەیا ئەفیوون بیَ لە لایەن زۆردار و دەرەبەگ و بۆرجوازی و داگیرکەرەوە خرابیَتە میَشکی خەلقەوە بۆ کزکردنەوەی خەبات و گیانی شۆڕشگیَڕانەیان. قسەی وەها کە دەکریَ و دەگوتریَ بۆ تەعلیلی پەرەسەندنی گۆرانی و

هەڵبەست و حیکایەتی عاتیفی فرِی بەسەر راستییەوە نییە؛ ئەو کەسانەی زۆردار و فێڵبازان لە غەیبەوە دێنن و دەیانکەن بە مامۆستای دەرسدەری گۆرانیی عاتیفی، لە حەقیقەتدا بە هۆی تەسکی نیگای خۆیان و کورتهێنانی ئەو (نظریە)ی کە باوەڕیان پێی هەیە لە عاست سازاندن و دروستاندنی (تأویل و تبریر) واقیع و رووداودا، ناچار دەبن بکەونە سەر رێبازی ئەو تەعلیلە هەڵبەستراوانە بۆ ئەوە، بە پێی تێگەیشتنی خۆیان، (نظریە)کەیان بەسەر پردی هەڵبەستراودا بپەڕێننەوە لە خنکان و بە درۆخرانەوە. ئەو تەرزە نیگا تەسکانە کە دەبینین ستەم لێکراوێکی وەك عەمەلە و جووتیار لە کاتی ئیشکردن و رەنجبردندا غەمی خۆی بە یادی لەش و لارێکی شلك و ناسك دەرەوێنێتەوە نەك بە رق هەڵگرتن بە هۆی ژیانی، ئا ئەم نیگا تەسکە هەندەی تر نیگای لێڵ دەبێ و دونیای لێ وەتەنگ دێت و هیچ چاران شك نابا بۆ رزگارکردنی بیر و باوەڕی خۆی لەوە بەولاوە کە شەیتان و دەجاڵ و فێڵبازان پێکەوەنێ و بیانکاتە مامۆستای دەرسدەری عەمەلە و جووتیار کە خەم و خەباتی خۆیان لەبیر دەبەنەوە و بە مۆرفینی لەش و لار و گوێی بەگوار لە راستە شەقامی خەباتی چینایەتی وەیا قەومایەتی وەیا هەر (...یەتی)یێکی تر بێ لایان دەدەن(٣٣). لەم میسالانەمدا مەبەسم ئەوە نییە لەسەر زۆردار و ستەمکار بکەمەوە (لەعنەتی خوا و مێژوو لە ستەمکار بێ هەتا هەتایێ)، بۆ خۆشت لەم راستییە دەگەیت، هەر ئەوەندەم مەبەسە لەم سەردەمەی رۆشنبیری و زانست و ئاسمانگەردی و ئاتۆم و هونەر و تەکنیکەدا نەیەین و بە خۆڕایی ستەم لە (عاطفە) بکەین و بێ ئینسافانە ناوی بزڕێنین.. ستەمکار هێند تاوانبارە لەو مەیدانانەی ستەمیان تێدا دەکا چ پێویست بەوە نییە ئێمە بۆ تاوانبارکردنی ئەو، عاتیفە و هەست و سۆزی زۆر پیرۆزی مرۆڤ تاوانبار بکەین، واتە خۆمان و شریتەی باوك و باپیرانمان بدەینە بەر سەرە شیر و تیری توهمە و تێگرتنی عاتیفە و سۆزیان. کاکە ئەگەر لە فەرزی موستەحیل ستەمکار لە پێکهێنانی ئەم عاتیفەیە دەستێکیشی هەبێ، کە نییەتی، سوود لەوەدایە لەم فەقەرەیە لێی بێدەنگ بین و نەوەك شیرینترین و پاکترین و پیرۆزترینی رووپەڕەکانی مێژووی ئادەمیزاد دزێو کەین.

سەیرکردنێکی بێ تەرەفانە و ئازایانە نیشانمان دەدا سروشت هێندە کەرەستەی

(٣٣) من بە چاوی خۆم دیومە نووسەرێکی ئەوتۆیی شیعرێکی نوێی سی ساڵەی هێناوە بە بەڵگەی بوونی گیانی چینپەروەری لای وەرزێری کورد لەوەتەی کورد هەیە.

بەرهەم هێناوە بۆ دڵداری و هێندەش لەزەتی تێ خستووە، بە هیچ کەسێك و لایەنێك و حکومەتێك و شەیتانێك و جادووێك ناکرێ بۆ مەبەسی رێ لێگۆڕین و دامرکاندنەوەی گیانی خەبات و سەدیێکی ئەو لەزەتە رێك خات و خەلقی پێ بفریوێنێ و خەریکی دڵدارییان بکات. هەر وەك تێنووەتی و برسییەتی لە خۆوە و بێ مامۆستا خەلق دەبا بەرەو خواردنەوە و خواردن، هەروەهاش جۆشی دڵداری پاڵ بە مرۆڤەوە دەنێت و بەرەو کەرتە هاوبەشەکەی ژیانیەوە دەیبا. جازیبەی دڵداری هێند بەهێزە نەك هەر پێی ناوێ مامۆستا خەلقی بۆ راکێشێ، بەڵکو بە درێژاییی مێژوو ئاین و فەلسەفە و ئەخلاق و دەسەڵاتی جیهانی هەموویان یاسا و سزا و پەند و مەتەڵیان داناوە تا لغاوێك بخەنە زاری ئارەزۆی فیتریی زۆر بەهێزی (جینس ویستی)یەوە و لە ناو پەراوێزی بەرژەوەندی کۆمەڵایەتیدا دابینی کەن.

بەڕاستی هەرچی فۆلکلۆر هەیە نەك هەر گۆرانی و هەڵبەست و سەرگوزەشتە، کە بە شێوەیێکی خۆڕسك لە دەروونی میللەتدا زاوەتەوە و بێ مامۆستا و رابەر کەوتووەتە سەر زار و زمانان و باوی سەندووە، لەگەڵ ساکاری و (عفویە)ی رووداو و تەجرەبەی رۆژانەی خەلق دەگونجێ و رێك دێ صەد جاران زیاتر لەوەی لەگەڵ گرێ و گاڵی فەلسەفە و (نظریە)ی زادەی لێکدانەوە و بەراوردکردن و هەڵسەنگاندنی (دوو بەختی – یا راستە یا درۆ) رێك بێ و بگونجێ. هیچ سەیر نییە سەپانێك دوو هەزار ساڵ لەمەوبەر گۆرانیی دڵداری گوتبێ هەر وەك سەپانی ئیمڕۆ دەیڵێ، بەڵام زۆر سەیرە و ناشچێتە عەقڵەوە ئەو سەپانە گۆرانیی نیشتمانپەروەری وەیا چینپەروەریی گوتبێ. بە فەند و فێڵێکی وشەسازیی سەرشێوێن نەبێ نالوێ گیانی نیشتمانپەروەری وەیا چنیپەروەری بخرێتە ناو گۆرانیی سەپانێکی میدیایی وەیا ئاشووری وەیا فیرعەونییەوە. ئەگەر پێویستیی بەرژەوەندی خەبات و ئامانجی کۆمەڵایەتی ناچارمان نەکا فێڵ لە خۆمان بکەین، هێندەی جریوەی چوێلەکە و حیلەی ئەسپ و قاسپەی کەو ئاشکرایە کەوا لەوەتەی ئادەمیزاد توانیویەتی گۆرانی بڵێ، لە پێش هەموو مەبەسێکدا، زۆربەی بۆ مەبەسی دڵ و عاتیفەی دڵداری گۆرانی گوتووە، تەنانەت دەتوانین لێرەدا شتێکیش بخەینەوە سەر قسەکانمان کە یارمەتیمان دەدا بۆ زێدە روونکردنەوەی بابەت. ئەو گۆرانی و هەڵبەستی بۆ غەیب و ئامانجی ئاینی دانراوە لە بنەڕەتدا یا لەبەر ترس یا تەماێکی دواڕۆژی پاش مردن بووە نەك لە خۆشویستنێکی سادە و بێ تەئویلەوە. تاك تاکە مرۆڤی خواناس گەیشتوون بە پایەی

(فناء في اللّه) و تەقوا و پەرستنیان بۆ خودی باوەڕ (ایمان) بووە، لەو تاکانە بەولاوە زوربەی خواناسان لە ترسی عەزاب و بە ئومێدی بەهەشت خوایان پەرستووە و ستایشیان کردووە. خۆ منیش ئەمە نەڵێم ئاینە ئاسمانییەکان لە خۆیانەوە ترس و ئومێدیان کردووە بە مزەی تەقوا و لە کەسیان داوا نەکردووە بێ پاداش پەیڕەوی یاساکانیان بکەن. پێی ناوێ من نموونە بێنمەوە لە کتێبە ئاسمانییەکان، بۆخۆت بیانخوێنەوە و پەندیان لێ وەرگرە.

ئەمانەی لێرەدا بۆت باس دەکەم، بەلای خۆمەوە، راستیی بێ فێڵ و بێ سازاندن (تأویل)ە دەشزانم هەر بەرەیە و تاقمەی کە بە باوەڕێکی تایبەتی خۆیەوە خەریکە و ناتوانێ رەها بێ لە (تعصب) حەز دەکا و دەکۆشێ ئیسپاتی ئەوە بکا کە وا بابەتەکەی خۆی بزوێنەری جیهانە و هەموو هێزێکی بەرچاو و نادیار خزمەتکاری ئەو بابەتەیە و شتێك نییە لە سروشتدا، بە جۆرێکی سەربەخۆ و دوور لە پەراوێزی تین و تاوی باوەڕەکەی ئەو کارێکی تایبەتی بکا. من دەزانم و تۆش دەزانی هەر کەسێك تەعەسوبێکی هەبێ بۆ باوەڕێکی تایبەتی، بە درێژاییی بەردەوامبوونی ئەو تەعەسوبەی، خەریك دەبێ بەڵگەی راست و ساختە کەڵەکە بکاتە سەر یەکتر بۆ سەپاندنی باوەڕەکەی خۆی، کە تووشی بەڵگەیێکی ئەوتۆش هات ریسەکەی لێ بکاتەوە خوری یا چاوی لێ دەنووقێنێ و پشتگوێی دەخا یا هەر بە جارێ ئینکاری دەکا. خۆ ئەگەر دەسەڵاتی دونیاییی لە دەستدابێ ئەوسا بەوەندە دابین نابێ بەڵکو باوەڕهێنان بەو بەڵگەیە دەکا بە کفر وەیا خیانەت وەیا گومراهی و دەبەنگی، بەو پێیەش سزای بۆ دادەنێ. ئەمانە واقیعی بەچاو و دیتراون، تا کاتێکی درێژیش لێرە بەدواوە هەروا دەبێ. لە هەموو ئاسۆی سیاسەت و فەلسەفە و باوەڕەوە ترووسکەیێك دیار نییە موژدەی نەمانی (تعصب) راگەیەنێ. لەگەڵ ئەمەشدا راستی هەر راستییە ئەگەر هەموو رۆژێك بە کوتەك دە جاران ورد و خاشیش بکرێ. حیکایەتەکەی گالیلیۆم بە بیر دێتەوە کە دادگای کەنیشتە ناچاری کرد خۆ بەدرۆ بخاتەوە لەوەدا گوتبووی زەوی بە دەوری رۆژدا دەخولێتەوە، کە گالیلیۆ لە دادگا دەرچوو لەبەر خۆیەوە گوتی (لەگەڵ ئەمەشدا هەر دەخولێتەوە..). هەویری ئەم باسە زۆر ئاو دەخوازێ با لێرەوە لێی ببڕمەوە.

کەواتە دووچاربوونی حاجی قادر یا هەر مرۆڤێکی تر بە گرێ و گاڵی دڵداری جێی سەرسوڕمان نییە و نابێ لێی بەکەم بگیرێ. بەلای رای منەوە نەبزووتنی هەستی

سروشتـی (خـۆشویستـن) لـە مـرۆڤدا کـەلـەبـەرێك دەخـاتـە نـەفسی ئـەو مـرۆڤـەوە رەنگـە هـەرگیز پڕ نـەبێتـەوە، واش دەبێ نـەخۆشیی نـەفسیی دڕندەی ئـەوتۆ لـە دەروونی ئـەم و ئـەودا پـەیـدا دەکـا کـە دەیـانـکـاتـە نـاحـەزی خـێر و خـۆشی. دەشێ نـەڕوانـی تـۆی (خۆشویستن) لە دڵێکدا سەر بکێشێتەوە بۆ پەیدابوونی نەخۆشیی (سادیزم) لەو دڵەدا لە ڕێی (گرێی ناکامی – عقدة الحرمان)ەوە. با من لێرەدا خۆ نەکەم بە پزیشکی سایکۆلۆجی و ناوی نەخۆشییان هەڵدەم و هەڵەیان تێدا بکەم، هەر لەو پەراوێزە فراوانەی زانیاریی گشتی (معلومات عامە)دا بخولێمەوە کە خوێنەریش وەك من تێیدا بەڵەدە. لەم پەراوێزەدا بێ ترس و گومان دەڵێم بەکەم گرتنی خۆشویستن و جینس کردارێکی ناسازە چونکە سەر دەکێشێتەوە بۆ دزێوکردنی سەرچاوەی بوون و مانەوەی (نوع). خواهی و نەخواهیی ئەو کەسانەی جینس بەکەم دەگرن پشتگیری دەکەن لەبەرهەمهێنانی منداڵ بە هۆی مەکینە لەو رووەوە کە مەکینە هەستی خۆشویستن و جینس ناکات.

بەڵێ بێگومان دڵداری سەرچاوەکەی پاك و پیرۆزە ئەگەر بە کردەوەی بەد لێڵ نەکرێ. بەڵام لەگەڵ ئەم راستییانەدا دەبێ ئەوە بزانین کە وا هەرچەند ئەم عاتیفەیەی خۆشویستن رواڵەتێکی سروشتی و ئاساییش بێ لە تێکرای ئادەمیزاددا، دیسانەوە رادەی هـێز و تـەئسیـری لـە یـەکـێکـەوە بـۆ یـەکـێکی تـر تـا بـڵـێی جـوداواز دەبـێ. خۆشویستنیش وەکو هەموو عاتیفەیێکی تر، لە رووی قووڵی و تەوژمەوە، چەندین پلەی خوار و ژووری هەیە. با نەشزانین هۆی ئەم جوداوازییە چییە، بە چاوی خۆمان دەبینین هەندێ جار مرۆڤ تووشی سەودای دڵدارییێکی وەها دێت بەرەو شێتبوونی دەبا و ئۆقرەی لێ هەڵدەگرێ و جڵەوی ئیختیاری لە دەست دەردێنێ و ناوی دەزڕێنێ و ئەوەی پێ دەکا (با بە دەواری شڕی نەکردبێ)، کەچی لای هەندێ کەسی تر ئەم عاتیفەیە ناگا بەم پلە و لە رادەی عادەتیی تێ ناپەڕێنێ. هەردوو جۆری دڵداری، بە هێز و بێ هێز و جۆری مام ناوەنجیشی دیتراون و بیستراون. ئەمە راستییێکە پێویستی بە گوتنەوە و دووبارەکردنەوە نییە. وەك ئەم راستییە، دڵداریی حاجی ئەویش راستییێکە دەمەتەقە هەڵناگرێ.

بەڵام!

دەمێنێتەوە راستییێکی سێیەم ساغ کەینەوە:

ئاخۆ عیشقی حاجی قادر چۆن عیشقێك بووە؟

تۆ بڵێی لەوانە بووبێ مێشکۆڵەی نێو ئێسکی سووتاندبێ و شەونخوونیی پێ کردبێ و شەکیبابی پێ نەهێشتبێ؟

بۆ گەیشتن بە قەناعەت و دڵنیایی لەم لایەنە گرنگەی دەروون و نەفس و عاتیفەی حاجی قادر ئەوەندەی لە توانامدا بووبێ زیهنکاری و لێکدانەوەم کردووە، گوێم گرتووەتە تەواتور، وردە هەواڵ و گوتەی ئێرە و ئەوێم قۆستووەتەوە، سرنجم داوەتە شیعرەکانی و بە شیعری بوێژی ترم گرتوون کە عیشقی ئاگرین لە ژیانیدا هەبووە. لەوەش زیاترم کردووە، هەروەك دوای کەمێکی تر بۆت باس دەکەم زنجیرە و سەرەنجامی ژیانی حاجی قادرم کردووە بە حەکەم بۆ بڕیاردان لە بارەی بوون و نەبوونی عیشقی قووڵ و بڵێسەدار لە دڵی حاجیدا.

لە کۆتاییی هەموو لێکدانەوەیێکی زیهنی و راگەیاندنی دەنگ و باس و ئەتواری حاجی و واتای غەزەلەکانی گەیشتمە ئەم باوەڕە کە وا حاجی قادر لە دڵداریدا زۆر قووڵ نەڕۆییوە.

تا من ئاگاداری ئەحواڵی حاجی بم لە رێی بیستن و تەواتورەوە، جگە لەو کچە سابڵاغییە کە دەگێڕنەوە حاجی خۆشی ویستووە و جگە لە گوڵێی لاجان کەوا حاجی بەپەلە مەیل و ئیعجابی خۆی بۆ دەربڕیوە نە بیستراوە دڵی حاجی بۆ کچێکی تر چووبێ، لە هەموو کوردستاندا.

بە نیسبەت کچە سابڵاغییەکەوە لەوە دڵنیاین ئەگەر گوتەی دەماودەم نەبا چ سەرچاوەیێکی ترمان چنگ نەدەکەوت لە شیعری حاجی وەیا نووسینی خەلقی تر ئیشارەیێکی تێدا بێ بۆی. غەزەلەکانی حاجی نە بە سەراحەت نە بە هێما و وشە تێك هەڵکێشان ناوێك بەدەستەوە نادەن و ئیشارە بۆ رووداوێکی تایبەتی ناکەن بیرمان بۆلای کچێکی سابڵاغی بگێڕێتەوە. کە سەراحەت هەبێ هەر ئەوەیە بۆ (گوڵێ)ی بەکار هێناوە.

ئەم دوو خۆشویستنە ئەگەر کاریگەر و خولیایی بان وەك دڵداریی شاعیرانی تر کە بووە بە داستان بەسەر زمانی خەلقەوە و لە ناو دیوانەکانیشدا نموونەیان هەیە، دەبوا لە رووپەڕەی ژیانی (حاجی)دا پانایییێکی پتر بگرنەوە و شەقڵی خۆشیان لە شیعر و ناوەڕۆکی ئەدەبی (حاجی)دا ئاشکراتر بکەن.

کەواتە، بەولای ئەو دوو دڵدارییەوە، گوتەی دەماودەم و بەڵگەی نووسراو لە خامۆشی نەبێ چ شایەدییان بەدەستەوە نییە و ئەو شایەدییە نەبێ کە خامۆشی بۆ خۆی دەلالەتی (نەبوون) رادەگەیەنێ نەك (هەبوون).

کە بەڵگەی ئاشکرا و قسەکەر چنگ نەکەوێ با بزانین بەڵگەی نهێنی و هێمایی لە گیانی غەزەلەکانی حاجی پەنجە بۆ چ جۆرە خۆشویستنێك درێژ دەکەن!

وەرگرتنی دەلالەت لە واتای غەزەل بۆ ساغکردنەوەی بوون و نەبوونی عیشقی سووتێنەر کارێکە زیهن و زەوق دەیکا. لە واتای شیعردا بارستی مادی نییە تاکوو بتوانین بیکەین بە بەڵگەی مادی و کۆتایی بە دەمەتەقە بێنین. زیهن و زەوقیش بۆ خۆیان (اعتباری)ن، بەر لەوە بتوانن دەمەتەقە هەڵگرن لەسەر بابەت لەوانەیە ببنە هۆی دەمەتەقە. زیهن و زەوق چین تا ببنە (قاضی) و بڕیار بدەن لە موناقەشەدا! کێ دەڵێ زیهن و زەوقی بارام مووقلاشترە لە هی ئازاد تا ئەو ببێ بە حەکەم؟ ئەوەی راستی بێ نەك هەر لە عاست شیعر و هونەر و ئەدەبدا، بەڵکو لە عاست هەموو کارێکی (اعتباری) کە حەکەم و پسپۆڕ بڕیاری تێدا دەدەن هەمان رەخنە دێتە پێش. بە نموونە دەڵێم کە کچێك دەبێ بە (شاژن)ی جوانی وەیا کوڕێك دەکرێ بە شای لەشجوانان وەیا دانسەرێك یەکەم پاداشی پێ دەدرێ لە دانسدا هیچ گەز و گرێیەکی مادی نییە جوانی و رێکی و تەواویی ئەو کارانەی پێ بپێورێ لە گەز و گرێی زیهن و زەوق بەولاوە، ئیتر یا دەبێ ئەو کارانە نەکرێن تا رۆژێك دێ و کۆمپیوتەر دەبێتە حەکەم یاخود چ چار نییە لەوەدا زیهن و زەوقی پسپۆڕان ئەو حەکەمە بن. خۆ و تالع زیهنکارییێکی من لێرەدا دەیکەم لەگەڵ غەزەلەکانی حاجی تاکە کۆڵەگە نییە قەوارەی باوەڕەکەمی راگرتبێ، چونکە نەبوونی شایەدی تەواتور و خامۆشیی سەرچاوەی نووسراویش، کە تازەم خستە روو، لە لای خۆیانەوە دەبنە کۆڵەگەی دووەم. بە دوا ئەمانەدا هەندێ لە هەڵبەستەکانی حاجی قادر خۆی، ئەویش، شان دەداتە بەر لایێکی باوەڕەکەمەوە و وا دەزانم، بە تەواوی دەیسەپێنێ و دەیچەسپێنێ. کەواتە بیروڕای من کە لە زیهن و زەوقەوە هەڵستێ وەك هی پسپۆڕانی سەما و جوانی و هونەر تاقانە نییە.

لە لای تەبعی من غەزەلەکانی حاجی زادەی مێشکن، بەرهەمی ئوستادین، هۆنراوەی سنعەتکارن. دڵداری و خۆشویستنێك کە لە شیعری حاجی بەدی دەکرێن لە پەنجە و خامەی هونەرکارەوە دەتکێنەوە، لە گڕ و بڵێسەی دەروونێکی سووتاوەوە ناتەقنەوە. ئارایشتی رێکخستن و تێگەیشتن و پێگەیشتن لەو شیعرانە دەدرەوشێتەوە

نەك هەنیسكی گریان و بۆنسۆی دڵی هەڵكزاو. لەم رووەوە شیعری حاجی دەچێتە ریزی شیعرە دڵدارییەكانی شێخ ڕەزا نەك نالی و كوردی. شێخ رەزاش دووچاری عیشقی سووتێنەر نەبووە بۆیە شیعری غەرامیی كەم گوتوون، ئەوەی گوتووشیەتی ئوستادیی تێدایە نەك سووتان. لەوەندە شیعرە كەمەی دڵداری كە شێخ رەزا هەڵی بەستوون پێنج خشتەكییەكەی بەسەر ئاتەشپارەكەی (كوردی)یەوە بە سۆزترین پارچەیێكی عاتیفییە كە شێخ رەزا بە دڵ و زمانیدا هاتبێ، بێگومان لەمەشدا گڕ و كڵپەی دەروونی كوردی بڵێسەی داوەتەوە بۆ ناو دەروونی شێخ رەزا:

دڵی بردم بە ناز و عیشوە دیسان شۆخی عەییاریٚ
فریبی دام بە چاوی مەستی خۆی مەحبووبی سەححاریٚ
لە هیجرانی تەقم كرد ئەی رەفیقان كوا مەدەدكاریٚ
ئەمان مردم عیلاجیٚ سا لە ریٚی پێغەمبەرا چاریٚ
ویسال یا قەتل یا تەسكین لە هەرسیٚ بۆم بكەن كاریٚ

كەسێكی شارەزای هەڵبەست بێ و گوێی لە مۆسیقای وشە و لەرانەوەی رستە تیٚ بگا دەزانیٚ كام شیعر لە بوركانی عیشقەوە دەجۆشیٚ و كامی لە گۆمی فكر و فەلسەفە هەڵدێنجیٚ. بوێژێكی وەك نالی ئەگەر لە ریٚی عیشقی (حبیبە)وە ئاگری تیٚ هەڵنەگەڕابا، هەرچەند دەسەڵاتی (نظم)ی گەیشتبا بە پایەی (اعجاز) نەیدەتوانی خامە لە خوێنی دڵی هەڵێنیٚ و شیعری پیٚ بنووسیٚ. نالی و كوردی هەردوویان دووچاری عیشقی بێڕەحمی دڕندە بوون بۆیە هەرگیز كڵپە و بڵێسەیان دانەمركایەوە. ئەو دڵەیان كە لە سەردەمی گەنجایەتیدا بوو بە ماڵی عیشق یەكجارەكی لە قەبەڵی كرا و نەبووەوە بە ماڵی خۆیان.

بە نموونە، بیٚ دەسبژاركردن، بەیتێك دێنمەوە تین و تاوی عیشق لە شیعردا دیار بخا. نالی لە كۆتاییی غەزەلێكیدا ئەمە دەڵیٚ:

دوور لە تۆ نالی سەگێكە هێوەفا وو هەرزەگۆ
بۆچی بانگی ناكەی ئەم كەلبە كە نانی نانییە

لێرەدا مەبەسم نییە دەسەڵاتی نالی لە شیعردا دەرخەم بۆیە خۆم لە وردەكاری و لایەنی هونەری بەیتەكە ناگەیەنم، تەنها دەمەویٚ كاری سیحراویی عیشق لە بەیتەكەدا بێنمە بەرچاو.

سرنج بدە وشەکانی هەڵبەستەکە تاکە یەك وشە نادۆزیتەوە حورمەتکارانە بێ و ببێتە بەرگی ئارایشت و عەیبی وشەی (سەگ) بپۆشی کە نالی خۆی بەو تەشبیهـ کردووە. وشەکانی (بێوەفا، هەرزەگۆ، کەلب، نانی نانی، بۆ بانگی ناکەی) هەموویان کەمایەتی و پایە نزمییان تێدایە. بە زاهیر دەبوا کۆمەڵبوونی ئەو هەموو وشەی نزم لە بەیتێکدا قێزی مرۆڤ هەڵستێنێ، کەچی نەفەسی گەرمی عیشق و بڵێسەی دەروونی شاعیر ئەو هەموو خۆشکاندنە و خۆکەمکردنەوەی هەڵگێڕاوەتەوە بەرەو بەرزی و شەرافەت و حورمەت. دەتوانم بڵێم لە کەم جێگەدا دەدیترێ وشەی (سەگ) ئەوەندە بایەخی وەرگرتبێ وەك لێرەدا بۆی پێك هاتووە بە تایبەتی کە هیچ وشەیێکی تریسکەدار و ئاورینگاوی لێی نەبوونەتە جل و قەرێتەی رازاندنەوە. تۆ سەیرکە نالی چەند راست دەکا بەپێی مەزهەبی عاشقان کە دەڵێ (دوور[٣٤] لە تۆ نالی سەگێکە بێوەفا وو هەرزەگۆ) چونکە عاشق کە لە یاری دوور کەوێتەوە جێی خۆیەتی پێی بگوترێ سەگی بێوەفا، گرۆگاڵیشی بە هەرزەگۆیی دابنرێ. عیشق وا دەکا دوورکەوتنەوەی عاشق لە مەعشووق هێندە دزێو و ناشیرن بکرێ ئەگەر وشەی بێ حورمەتتر هەبێ لە (سەگی بێوەفا و هەرزەگۆ – کەلبی نانی نانی کە بێ حورمەتترین سەگە) ئەوی بۆ بەکاربێت. کۆمەڵبوونی وشە و رستەی نزم لێرەدا چونکە نەخشەی (بێوەفایی) دەکێشێ لە رێی (مەفهومی پێچەوانە)وە حورمەت کۆ دەکاتەوە لە ناو بەیتەکەدا و نالی خۆشەویست دەکا و دڵی من و تۆی بۆ دەبزوێنێ، لێی دەوەشێتەوە دڵی مەعشووقەکەش ببزوێنێ ئەگەر ئەم دڵە وەك بەرد نەبێ. خۆ ئەوەی راستی بێ لە عاست مەعشووقدا بە تەواوی خۆی داناوە لە جێگەی ئەو سەگە، ئەدی ئەوە نییە پێی دەڵێ بۆ بانگی ناکەی وەك سەگی نانی نانی؟

لە شیعری شاعیراندا زۆر جاران وشەی سەگ هاتووە تا بشڵێی لە دڵاندا کاریگەر بووە. وا لێرەدا دوو نموونەی تر دێنمەوە بۆ مەبەسی بەراوردکردن و دەرخستنی کاری عیشق بە هۆی ئەو بەراوردکردنەوە.

شێخ رەزا دەڵێ:

---

(٣٤) لێرەدا «دوور لە تۆ» هەر وەك واتای دووربوونی عاشق لە مەعشووق رادەگەیەنێ هەر وەهاش خۆی کردووەتە پەرژین بەدەوری ناو و شەخسی مەعشوق تا بیپارێزێ لە نزمایەتیی وشەی «سەگ». وەك ئەوەیە شاعیر گوتبێتی «دوور لە رووی جەنابت نالی سەگێکە..».

مـربـوطـه حـەيـاتم بـە سلـێمـانـی و خـاکـی
خۆزگەم بە (سەگ)ی قاپیەکەی ئەحمەدی کاکی

شاعیری فارس دەڵێ:

استخوان ریزهء مجنون مفگن پیش هما
کـه تـعلـق بـه جـنـاب (سگ) لـیلـی دارد

لە هەردوو بەیتدا وشەی سەگ نرخێکی داوە بە واتای هەڵبەست رەنگە هەر بە سەگی ئەو شوێنە نرخی وەها دروست بکرێ، بەڵام هەردوو سەگ لەسەر تەخت و بالینی حورمەت دانراون و دەوریان تەنراوە بە رێز و خۆشەویستی.

لە بەیتی شێخ رەزادا کاک ئەحمەدی شێخ سایەیێکی وای خستووەتە سەر سەگەکە و هێندەی بەرز کردووەتەوە لە (حاجب)ی سوڵتانێك زیاتر روتبەی بۆ پەیدا کردووە. لە بـەیـتـەکـەی فـارسیشدا وشەی (جـنـاب) و پـایـەی (لیلی) و نـاوی (مـجـنون) و نرخی مەعنەویی مەلی (هما) زیاتر لە بەرگی ئەتلەس و تەوقی زێڕ و خەنەی دەست و پێیان ئارایشتیان بۆ سەگەکە کۆمەڵ کردووە. هەردوو بەیتیش نموونەی ئەدەبی بەرز و نەمرن.

بەدوا دیتنی سەگی ناو ئەم دوو بەیتەدا کە دەڵێی ئاهەنگی حورمەتیان بۆ بەرپا کراوە پتر بۆت روون دەبێتەوە عیشقی نالی چ کارێکی کردوە بۆ سەگەکەی خۆی.

پێویست نابینم خوێنەر خەریك کەم بە هێنانەوەی نموونەی تر بۆ دەرخستنی تینی عیشق لە هەڵبەستدا، چونکە دەبێتە قسەی دووبارە و کوتانەوەی بەدیهیە. ئەوەی من لێرەدا مەبەسمە لایەنی بوون و نەبوونی عیشقی سووتێنەرە لە شیعری حاجی قادردا. بە پێی زەوقی من دیوانی حاجی شایەدی نادا بۆ بوونی عیشقێکی وا سووتێنەر. یـەکـێك لـە غـەزەلـە هـەرە پێشکەوتوو و بەنـاوەکـانـی حـاجـی غـەزەلـەکـەی (نـەقـقـاشی دەمی...)یـە. کـە بیـخـەیتـە بـەر تـەرازووی هـەڵسەنگـاندنی هـەڵبـەست بـۆ کێشانی دوو لایـەنـی ئـوسـتـادی و سۆز، دەبـیـنـی زۆر بـە ئـاشکـرایـی خۆی بە لایـەنـی ئوسـتـادیدا دەشکێنێتەوە و دەچێتە ریزی ئەو غەزەلەی شێخ رەزا کە مەشوورترین بەیتی ئەمەیە:

کـارێ کـە غـەم و دەردی فـیـراقـی بـە مـنـی کرد
سەرمـا بـە هـەتـیـو بـا بـە دەواری شڕی نـاکـا

گریمان خوێنەر زەوقی من بە حەکەم قبووڵ نەکا لەوەدا کە دەڵێم شیعری دڵداریی

حاجی زادەی ئوستادین، لەو رووەوە کە گوتم دەشێ بڕیاری زەوق لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تر بگۆڕێ، خۆ ناتوانێ دەلالەتی یەکجار پاتەوپاتی هەندێ لە هەڵبەستەکانی حاجی قادر خۆی رەت کاتەوە لە مەیدانی بوون و نەبوونی عیشقی قووڵ لای حاجی. تۆ بڵێی ئەگەر حاجی رۆژێك لە رۆژان دڵداریی ئاگرینی هەست پێ کردبا رێی دابا بە خۆی ئەمەی خوارەوە بڵێ دەربارەی عیشق؟

باسی زولفی درێژ و چاوی بەخەو
نەبراوە بووە ..... خوسرەو

حاجی لەمەش بە سەراحەتتر دژی شیعری عاشقانە دڵی خۆی کردووەتەوە کە دەڵێ:

حەیفە بۆ پیاوی صاحیبی تەمییز
هێندە باسی مەکانی .... و ....

مرۆڤێك لە کاتی گەنجایەتی یا هەر قۆناغێکی هەڵکشاوتری تەمەنیدا لە هەناوی خۆیدا دەستەچیلەی عیشقی هەڵایساندبێ و خوێنی دڵی خۆی پێ کولاندبێ ناشێ و ناکرێ تا ئەو رادەیە بە سووکی تەماشای عیشق بکا و توانجی کوشندەی تێ بگرێ.

وا دەزانم راگەیاندنی ئەم هەڵبەستانە رێی دەمەتەقە دەبەستن. من نەبوونی عیشقی ئاگرین لە دڵی حاجی قادردا بە زاهیرەیێکی دابڕاو و لاتەریك نازانم لە تێکڕای ویژدانی حاجی. بەلای تصوری منەوە ئەگەر نەبوونی ئەو عیشقە هەر لە پەڕاوێزی (نەبوونی عیشق)دا وەستابا و چ پێوەندیی نەبا لەگەڵ سەرلەبەری تابلۆی هەست و نەستی حاجیدا ئەوسا دەمگوت بزری بڵێسەی عیشق نەختێك رەنگی تابلۆکەی سپیپات کردووەتەوە و بەس، کەچی بەلای باوەڕیی منەوە نەبوونی ئەم بڵێسەیە، هەرچەند رواڵەتێکی سەلبییە، بە جۆرێکی یەکجار کاریگەر و (ایجابی) خۆی نواندووە لە تابلۆکەدا و سەرەنجامی گەیاندووە بە عەلاقەداری لەگەڵ بنیادی گیانی کوردپەروەریی حاجی قادر. داوا دەکەم خوێنەر لێرەدا لەگەڵم بەپشوو بێ و لە قسەکانم ورد بێتەوە و سووك بەسەریاندا تێپەڕ نەبێ، ئەگەر رێم بدا تکای لێ دەکەم ئەویش وەك من رایەکە لە دڵ و مێشکی خۆیدا بکوڵێنێ و لەگەڵیدا نەختێك خەریك بێ، ئەگەر نەڵێم لەگەڵیدا بژی.

من بۆ ئەوە دەچم ئەگەر حاجی قادر لە سەرەتای گەنجایەتییەوە وەك نالی و کوردی هەست و هۆشی دیار و نادیاری بە سۆزی عیشق پڕ بووبایەوە نە دەشیا لە دوا رۆژدا

دەروون و نەفس و گیانی یەکجارەکیی لەو عاتیفەیە بەتاڵ بێت و سەرلەنوێ بە عاتیفەیێکی تازەی تاقانەی نیشتمانپەروەری پڕ بێتەوە. نە دەکرا لەو بورکانەی سەرەتای عومر و گوڕی گەنجایەتی نە پشکۆیەك نە بزۆتێك نە خۆڵەمێشێکی گەرم نەمێنێتەوە وەك هەرگیزا و هەرگیز وجودی نەبووبێ. وا پێ دەچێ لە بیرەوەریی دڵداریی کاتی جحێڵی هەر لایەنی مادیی حەیوانی خۆی هێنابێتەوە بەر هۆشی حاجی، کە ئەویش پاشماوەیێکی ئاساییی عیشقی بێ ڕەگە و وێنەیێکی خورتی و سەرگەرمی دەوری گەنجایەتییە، بۆیە وەها بێ پەروا دەکەوێتە دژی و بە چاوی سووك سەیری دەکا. گەر لە تارماییی عیشقی کۆن شێوەیێکی بڵێساوی و خولیایی و مەجنوونانە لە ئاسۆی بەیانی گەنجایەتییەوە پرشنگی داباوە بۆ ئێوارەی ژیانی حاجی، بێگومان بە جۆرێکی تری پێشوازیی لێ دەکرد.. بە چاوێکی تر تێوەی ڕادەما... دەنگێکی تری بۆ بەرز دەکردەوە. ئێمە دەزانین حاجی قادر دۆست و هاوڕێی ناسیاوی خۆی لەبیر نەکرد، بۆ دار و بەردی کۆیەی دەناڵاند. دەوجا ئەگەر لە تابلۆی رابردوویدا وێنەی فرشتەیێکی عیشق و سۆزی دڵداری هەبا تۆ بڵێی بەم چەشنە یەکجارەکی و بێ ئاشتبوونەوە لە ناخی کەوتبا دژی ئەم وێنەیە؟ هەرگیز ئەمە ناچێتە ناو هیچ حیسابێکی بەسەرویەرەوە.

نەبوونی ئەم وێنەیە لە تابلۆی رابردووی حاجیدا ئەوەی بەرهەم هێنا هێندە بە سادەیی و بێباکی و قێز و بێزەوە ناوی عیشق بێنێ. بەڵام هەر لەوەندە نەوەستا، شتێکی گرنگتری بەرهەم هێنا. تۆ بڵێی ئەم شتە چی بێ؟

فەرموو لەگەڵمدا سرنج بدە ئەم دیمەنە کە دێتە بەر چاوی زیهنی منەوە.

وا دەزانم نەبوونی عیشقی سووتێنەر لە رابردووی حاجیدا بەشدار بووە لەوەدا کە لە دواڕۆژ نامومکینێك ببێتە مومکین، رێی داوە بەوە کە هەموو بوونی مادی و مەعنەوی و رواڵەتی و دەروونی و خەو و بەخەبەریی حاجی سەرانسەر لە قەبەڵی کوردایەتی بکرێ بێ ئەوە یادی دڵدارێ ببێتە شەریکی هەزارییێکی ئەو بوونە. هەر دەڵێی حاجی کە داخڵی عیبادەتخانەی کوردپەرستی بوو گیان و دڵێکی بێ پەڵەی بێ نوختەی وەك کاغەزی سپیی تەسلیم بە خامەی چارەنووس کرد ئیتر ئەو خامەیە بێ ئەوەی رەشاییی پیتێك وەیا خاڵێکی نووسراوی بێتە پێش بە هەموو لایێکی کاغەزەکەدا مەشقی خۆی لێ کرد تا رووپەڕەی پڕکردەوە و دوو جار و سێ جاریشی بەسەردا هاتەوە.

لەم روانگەوە دەتوانین چاوێکی حەقیقەتبین هەڵێنین و سەیری کوردایەتیی حاجی بکەین و تێ بگەین چۆن مومکین بوو تا ئەو رادەیە شەیدای کورد و کوردستان بێت.

حاجی بەجۆرێکی عاشقانە و دێوانانە باسی کورد دەکا. لەم مەیدانەدا هەر کوردپەروەر نییە و بەس، وەك مەجنوونی لەیلا وایە ئەگەر راست بێ و مەجنوونێك هەبووبێ.. خۆ ئەگەر نەبووبێ حاجی بووەتە ئەو مەجنوونە. سۆزێکی کە هەستی پێ ناکرێ لە شیعری دڵدارانەی حاجیدا لە شیعری نالی و کوردی تاو و تین دێنێ بۆ دڵی هەستیار، لەمە زیاتر دڕندەتر وەك بڵێسە لە شیعرە نیشتمانییەکانیەوە هەڵدەستێ و دەماری هەستی خوێنەر هەڵدەپرووکێنێ. حاجی شەیدایانە دەگەڕێ بە دوا تەعبیردا بەڵکو وەك ئاو نەختێك لە کڵپەی هەناوی کزکاتەوە بەڵام ناگا بەو تەعبیرە کە برین ساڕێژ دەکا وەیا خوت خوتەی دەروون خامۆش دەکا.. هەرچی دەیڵێ کەمترە لە پێویست هەرچی دەیکا بێ سوودە لە عاست بێ ئۆقرەیی. بورکانی نەفسی دەجۆشێ و دەخرۆشێ، دەیسووتێنێ و سەبری لێ دەبڕێ و زیڕەی لێ هەڵدەستێنی و شیعری پێ دەڵێ و یەخەی دار و بەردی پێ دەگرێ گڕوگاڵی خولیای بۆ تەرجەمە بکا. نەخێر تەسکین نابێ و ئۆخەی ناکا.. خەیاڵی ئاگرین دەیبا بۆ هەموو بابەتێك بیکا بە هۆی تەقین و هەڵڕژان.. تێ هەڵدەچێ بەرەو هەڵدانەوەی بوتی کوردی تا دەگاتە سنووری موبالەغەی ئەوتۆ لە جیهانی دێوانە و شەیدایان نەبێ جێی نابێتەوە. (لە گاوان و شوانی کوردەکان یەك بەسە بۆ لەشکری صەد کەڕە دوو لەك) کوردێك بەس بێ بۆ لەشکری ٢٠ ملیۆنی.. بەڵام قسەیێکە و کورت دێنێ لەگەڵ مەبەس، ژیلەمۆی دەروون تەڕ ناکاتەوە، گڕ و کڵپە داوای پتر دەکات... کەشتییەکەی نووح بەسەر کێوێکی کوردستانەوە وەستا کەواتە ئادەمیزاد لە جاری دووەمی پەرە سەندنیدا (کوردزاد)ە.. پەروەردگارا بە کوردیت مەدح دەکەم تا نەڵێن بە کوردی مەدح نەکراوی مەدحەکەت بۆ ئارایشتی کوردییە بەهەشتی پێ ناکرم...

من هەرچەند بمەوێ بە نووسین و شیکردنەوەی خۆم وێنەی ئەو خولیایە سووتێنەرەی کوردایەتیی حاجی قادر بکێشم ناگەم بە کەمەری ئەو پەیکەرە ئاگرینەی کە خامەی حاجی لە کەرستەی هەست و ویژدان هەڵی ناوە، بۆیە لزووم ناکا خۆ خەریك کەم بە (تحصیل حاصل)ێکی کەم و کورت، با هەر ئەوە بڵێم لەلای خۆمەوە عیشقی حاجی بۆ کوردایەتی عیشقێکی تەواو و بێ هاوبەشە لە دەروونی حاجیدا. دەمەوێ بڵێم حاجی هەموو دڵ و گیان و هەستی خۆی بە کوردایەتی بەخشیوە

تۆسقاڵێکی بۆ هیچی تر نەهێشتووەتەوە. هەروەك دڵداری بێ بەش کردووە لە کڵپەی دەروونی، ژن و ماڵ و منداڵیشی نەبووە بایی زەررەیێك دڵی خۆی پێیانەوە خەریك کا.

ئەم تەنهاییەی حاجی لەگەڵ تاکە خولیای کوردایەتی لە ساڵانی دواییی ژیانیدا دیمەنێکی تراجیدیی ماتەمینی ئەوتۆ دێنێتە بەرچاوی سرنجدەر چەند جاران لە سۆز و پەرۆش و تەقدیس بۆ حاجی زیاد دەکا. من کە دەبوو لە دوای لەگەڵدا ژیانی دوور و درێژم ئاشنای ئەرك و عەزابی حاجی ببم و لێی رابێم، کاتێ کە بیرم دەڕوا بۆ ساڵانی ئـاخـە لـێوەی ژیـانـی ئـەگـەر تـانـووت نـەدەمـە بـەر خـۆم جـورئـەتـی سرنـجـدان و لێوردبوونەوەم نابێ.

پیری، تەنهایی، غەریبی، هەژاری، خولیای سووتێنەری بێ ئومێد و بێ بەرهەمی نزیك و بەرچاو، نەبیستنەوەی دەنگی خەبات و تەقەللا لە هیچ لایێکەوە.

دەك لەبەر ئەم عەزابە بێ سەروبنە!

ئەو سەغڵەتییەی (ابو فراس حمدانی)ی هەراسان کرد و وەتەنگی هێنا لەو چەند ساڵەی ئەسیربوونی لای رۆمەکان تا وای لێ کرد بە دەم هەنیسکدانەوە بڵێ:

أ سجنا و بعدا و اشتياقا و غربة
و نــأى حـبـيب ان ذا لـعـظـيـم
و ان امـرءً يـبـقـى وفـيـا لـعـهده
عـلــى مـثـل هـذا انـه لـكـريـم

ئا ئەم سەغڵەتییەی (ابو فراس) لەتەك رەنج و ئازاری بێ بڕانەوەی حاجیدا وەك دڵتەنگیی کاتی دەمە و ئێوارانە لەچاو تلانەوەی شەوی مارانگاز.

حاجی کە لەگەڵ خۆیدا دەڵێ و وەرام دەداتەوە:

بـەسە حـاجـی دووسەد هـەزار دەفـعـە
پـێم گـوتـی ئـەم قسانـە بـێ نـەفـعـە
بـاوکـە هـەر چـۆنـی تـۆ دەڵـێی وایـە
تـێ دەگـەم ئـەو قسانـە خـۆڕایـە
قـوڕی کـام جـێ بـکـەم بـەسەر خـۆمـا
ئـەمـە لـێم بـۆتـە عـیـلـلـەتـی سەودا

لێرەدا حاجی وەك سەحرانەوەردێکە یەکە و تەنها ژیلەمۆی لمی نیوەڕۆ بە هەنگاوی شەکەت دەپێوێ لە ڕێگەیێکی بێ بڕانەوە بەرەو ئاسۆیێکی خوێیاویی سەرابی، دەشزانێ وا ڕۆژی عومری بەسەردەچێ و شەوێکی هەتا هەتایەی بەدوادا دێت کە هیچ ڕووناکایی و فەجرێکی لێ ناپشکوێ، کەسیشی نییە لە پاش خۆی بە وەکالەتیش چاوێکی بۆ هەڵێنێ وەیا هەناسەیێکی بۆ هەڵمژێ.. دەریای بێ ئەمانی مەرگ لە ژێر شەپۆلە بێ ڕەحمەکانی خۆی دەیپێچێتەوە و پێوەندیی لەگەڵ جیهاندا یەکجاری دەبڕێ و کۆتایی بە بوونی دێنێ و لە بنجەوە هەڵی دەکەنێ.. بەڵێ مەحبووبەی ئەو کە کوردستانە هەر دەمێنێ و بێ بڕانەوەیە، بەڵام بەقەدەر گەورەییی کوردستان لە دڵی حاجیدا کەسەر و ئازاری لێ دەرچوون و دەست لێبڕانی گەورە دەبی و تاڵاوی سەرەمەرگی لێ تاڵتر دەکا.

بێگومان ڕۆژانی کۆتاییی ژیانی حاجی ماتەمێکی یەکجار زل بووە، هەرچی ئومێدێك کە ڕۆژگار ڕۆناك دەکا بۆ مرۆڤ لە ئاسۆی دیار و نادیاری حاجیدا وجودی نەبووە، ئومێدیش نەبووە بە پەیدابوونی هیچ ئومێد. کۆش و باوەشی خێزان و منداڵیش نەبووە ساردایی شەوانی سەرەمەرگی گەرم کاتەوە. هەروەك (حمزە) کە لە جەنگی (أحد)دا شەهید کرا و کەسی نەبوو بۆی بگریێ. پێغەمبەر کە گوێی لە گریانی خەلق بوو بۆ کوژراوەکانیان، بەدەم گریانەوە فەرمووی (ولکن حمزة لا بواکی لە)، هەمزە کەسی نییە بۆی بگریێ، هەروەهاش حاجی کە گەیشتە کاتی سەرەمەرگ و گیانەلاوە. با بەس بێ لە منەوە دووبارەکردنەوەی مەرگی حاجی، خۆ ئیمڕۆش کەسی نییە لە پشت و کەمەری خۆی بۆی بگریێ. خامەی من کە شینی بۆ دەکا دوای ٧٥[٣٥] ساڵ لە پەلەفرەی مەلی ڕوحی بە چنگاڵی نەزعەوە شەرافەت بۆ خۆی کۆ دەکاتەوە لە میراتی مەعنەویی حاجی. مەشقی خۆنیشاندان دەکا لەبەر شەوقی شەخسیەت و شۆرەتی حاجی. خودپەسەندیی خۆی دەشارێتەوە لەناو تەپ و تۆزی شیوەنکردن بۆ حاجی.

لەبەر چاوی (تصور)م عەزابی دوا ڕۆژانی حاجی خەیاڵی مرۆڤی ئیمڕۆ دەتۆقێنێ، دەوجا دەبێ چ چەشنە عەزابێك بوویێت.

بەڵام لە نێوان تەبەق ئەندەر تەبەقی ئەم هەموو عەزابەدا ڕاستییێکی گەورە دێتە بەرهەستی سرنجدەر تا ڕادەییێك بۆی ئاشکرا دەکا چۆن حاجی توانیوەتی خۆی ڕاگرێ

(٣٥) ئەم نووسینە لە ١٧٢دا نووسراوە، ئەوسا ٧٥ ساڵ بەسەر مەرگی حاجیدا تێپەڕیبوو.

لەبەر سفتوسۆی سووتان و قیمەبوون بە دەست و دەمی بلێسە و تیغی چەندین جۆر تلانەوەی کوشندەوە، کڵپەی سۆز و پەرۆش و خولیای دڵ و دەروونی حاجی بۆ کورد و کوردستان دەردەکانی تری کزکردووەتەوە لە نەزەر خۆیدا. وەك بڵێی حاجی مۆمێك بووە و سووتاوە بە ئاگری سەودای کوردایەتییەوە، لەو سووتانەیدا فەلاکەتی غەریبی و پیری و بێکەسی دەسەڵاتی کارتێکردنیان نەماوە. خواجە (کلیم)ی هەمەدانی دەڵێ:

ز آتش هیچ پروا نیست دور از آب ماهیرا

واتە ماسی کە لە ئاو دوور کەوتەوە پەروای نامێنێ لە ئاگر، حاجیش وەك ئەو ماسییە و لەویش زیاتر ئازاری هەرە گەورەی سووتانی بۆ کورد پەکی ئازارەکانی تری خستووە.. حاجی وەك ماسیێك بووە کە لە ناو بۆتەدا ببرژێ و پەروای نەمێنێ لە بێ ئاوی.

با سەرەوژوور بمەوە بەرەو ئەسڵی باسەکە و بڵێم بەدوا ئەم شیکردنەوەی تازە خستمە بەرچاوی خوێنەرەوە جورئەتی ئەوە دەکەم لەگەڵ خۆمدا بڕیار بدەم کە وا حاجی قادر لە سەرەتاکانی ژیانی گەنجایەتی و کەمپەروەریدا دووچاری دڵداریێکی ئەوتۆ نەبووە جنجرۆك گیرکا لە پەردەی دڵی، ئاگر بەرداتە هەناوی و مێشکۆڵەی ناو ئێسکی بسووتێنێ. نەبوونی پێوەندی و گیرۆدەیی زۆر بەهێز بە دڵدارییەوە رەهایی و ئازادیی بۆ حاجی پێك هێناوە لە کۆتێکی قورس. ئەم کۆتە قورسەی عیشق ئەگەر بووبایە ئاڵقە بە دەوری دوو مەچەکی دەستی حاجییەوە هەندێکی لەو مەساحەیە دادەگرت کە کۆتە قورسترەکەی نیشتمانپەروەری پێی دەویست.

خوێنەر لێم بە سەهوو نەچێ، من ناڵێم دوو سۆزی عیشق و کوردایەتی لە دڵێکدا کۆ نابنەوە، دەڵێم سۆزی دڵداری کە لە دڵدا هەبوو بەشی خۆی لەو دڵە وەردەگرێ و تێیدا دەبێتە شەریك، ئا ئەم شەراکەت و هاوبەشییە، نەك تەنها هی دڵداری بەڵکو هی هیچ جۆرە سۆزێکی تری ئەوتۆیی لە دڵی حاجیدا رەگی نەبووە، هەموو دڵی هی کوردستان بووە و لە کولانەی کوردایەتییەوە دڵی بۆ شت چووە. نموونەی وەك حاجی قادر لە نایاب نایابترە لە رووی خۆ لە قەبەڵکردنی تاکە ئامانجەوە، بە تایبەتی کە ئامانجەکەی دنیایی و سیاسی بێ. هەر بۆیەیشە پەیداکردنی هاوتای حاجی وەیا دۆزینەوەی لە نێوان کەسانی مێژووی کۆن و نوێدا یا هەر بەجارێ مومکین نییە یاخود لە ئەستەم ئەستەمترە. وەك حاجی تا رادەی جەزبەگرتن شەیدای کورد و

کوردستانە کەسی تر پەیدا نابێ ئەو شەیدایە و جەزبەگرتووە بێ لە مەیدانی تێدا خەریك بوونی. دەشێ مرۆڤی پاك و دڵسۆز و خۆبەخت کردوو بدۆزرێتەوە، بەڵام شەیدا و خۆ لە قەبەڵکردوو و دەست لە هەموو شتێك براوی وەك حاجی، ئەگەر خۆ بەسەهوو نەبەین، یەکجار یەکجار بە دەگمەن دەدیترێ. لەم سێبارە کردنەوەی وشەی (یەکجار)دا سەرت لێم سوڕ نەمێنێ، فارس گوتەنی:

سالها می گزرد شنبە بە نوروز رسد

***

دوو دڵداریـیـە مـەعـلـوومـەکـەی حـاجـی لـە سـابـلاغ و لاجـانـێدا، خـۆشبـەختـانـە، یاریدەیێکی باشیش دەدەن بۆ وەرامدانەوەی پرسیارێك کە لەوەوە هەڵدەستێ شیعری (غەزەل بۆ کوڕ) دێتە پێش چاو چ لە دیوانی شاعیرەکانی کورد بێ، کە یەکێکیان حاجی قادرە، چ لە دیوانی گەلێك لە شاعیرەکانی تورك و عەرەب و فارس بێ.

شاعیرەکان لە بزاوتنەوەی خەیاڵیان لە مەیدانی مەدحی کوڕدا گەلێك جۆر هونەر و شێوازیان بەکارهێناوە. وا هەیە شاعیرێك لە یەك غەزەلدا کوڕ و کچی بە یەکەی گرتوون و یەکیانی بەسەر ئەوی تردا ترجیح کردووە، یاخود جووتە شاعیرێك لە یەك قەسیدەدا کۆبوونەتەوە و هەریەکەیان لایەنێکی پەسەند کردووە و پێیدا هەڵگوتووە. شاعیری واش هەیە غەزەلی سەرلەبەری بۆ کوڕ داناوە وە یاخود بەشێکی زۆری لە هەڵبەستەکانی بۆ کوڕ تەرخان کردووە.

لە عاست ئەم مەوزووعەدا نووسەران لە یەك باوەڕدا نین، نووسەرم دیوە خۆی خەریك نەکردوە بە راستبوون و راست نەبوونی مەیلی شاعیرەکە لەو هەڵبەستەی بۆ کوڕی داناوە. لە تەك ئەمەدا نووسەریشم دیوە رواڵەتی وشەو تەعبیری کردووە بە بـەڵـگـەی هـەبـوون و نـەبـوونی ئـارەزووی بـیـژۆك (شاذ) لای بـوێژ. تـەنـانـەت هـەمـوو هەڵبەستێکی دڵدارانەشی داناوە بە بەڵگەی بوونی ئافرەتێکی راستەقینە لە ژیانی بـوێژدا و خـۆی لـەوە نـەگـەیـاندووە ئـایـا هـەڵـبـەستـە دڵدارانـەکـە زادەی گڕ و تـینـێکی حەقیقیی عیشقە یاخود بەرهەمی لێکدانەوە و رێکخستنە، بەچکەی دڵەیا هی مێشك. لێرە بە پێشەوە نەختێك بیروباوەڕی خۆم لە بارەی عیشق و دڵدارییەوە روون کردەوە بایی ئەوە بکا جێگەی حاجی قادر و هەڵبەستە دڵدارییەکانی دیار خا لە جیهانی عیشق و سەودادا. لێرە بەولاوە گڕوگاڵێك دێنمە سەر کاغەز بە پێی دەرفەت هەندێك لە

ڕۆشنـایـیـی فـکـری خـۆم بـاوێتـە نـاو نـاوەڕۆکـی ئـەم بـابـەتـە پڕ هـەست و تـەقـیـە و ناسکییەوە، دەرفەتیش ئەوەندەی بە بەرەوە نییە چی لە دڵدایە بۆ خوێنەری هەڵڕێژم.

کورتەی بیروڕای من دەربارەی زاهیرەی هاتنی ناو وەیا تارماییی کوڕ بۆ نێو شیعر ئەوەیە کە زاهیرەکە خۆی لە خۆیدا نابێتە بەڵگە بۆ هەبوونی عاتیفەی شاز لای شاعیر، هەروەك شیعری شەرابدۆست ئەویش بە تەنها خۆی نابێتە ئیسپات کە شاعیرەکە بادەگوسار بووە. من بۆ خۆم شاعیر دەناسم باسی عیشق و شەرابی لە شیعردا کردووە کەچی هێندەی کە ملحد لە نوێژ دوورە ئەویش لە هەردوو کار دوور بووە. (تناقض)ی وەها لای شاعیرانی ڕۆژهەڵات یەکجار زۆرە تۆ بڵێ دەبێ هۆیەکەی چی بێ. لێرەدا بەوپەڕی کورت بێژییەوە لە مەوزووع دەدوێم.

ئـەو عـالـەمـەی کـە شاعـیـری ڕۆژهـەڵاتـی ئـیسلام چـەند سـەد ساڵێکـە تێیدا دەژی، بـەهـەردوو بـاری فـکـری و مـادیـیـەوە و لـەبـەر هـۆی زۆر جـۆر کـە لـێرەدا مـەودای شەرحدانیان نییە، وەك زەویی جاڕی لێ هاتووە کە هەموو تۆیێکی لێ ڕواوە. لە هەموو لایێکەوە دیواری (نەکەی عەیبە، کورە بێ شەرعییە) مەودای بزووتنەوەی لێ تەسك کردووەتەوە و لە ئەنجامی کاردا بە هۆی وەتەنگ هاتنی دەروون لەو تەنگژەی بێ مەوداییەدا عاتیفەی جودا جودای تێکەڵ و پێکەڵ بوون، سنووریان بەزیوە. گەلێك شاعیر هەیە بە هۆی ئەو تەنگەتاوبوونەی بە دەست کەم دەرفەتییەوە هەموو کێڵگە تەسکەکانی عاتیفە و هەستی جۆرجۆری ناو دڵی گوشراوی خۆی بە شیعر کوتاوەتەوە تا دەیبینی هەم کافرە هەم ئیماندار، هەم زاهیدە هەم بادەگوسار، هەم کوڕدۆستە هەم عـاشقـەکچ.. بـەشەرمـە بـێ حـەیـایـە... هـەمـوو شتێکـە و هـیـچـیش نـیـیـە. ڕەنکـە لـە هـەر بابەتەش پشکێکی هەبێ کە دەیکا بە کۆمەڵگەی (متناقضات) وەیا شەبەندە بەڕۆژەی عاتیفە و باوەڕ.

ڕەنگە لە ڕاستی دوور نەکەوتبێتمەوە کە بڵێم هۆیەکی دیکەی زۆر گرنگ کە لە جەرگەی بڕیار و داخوازی و پێویستەکانی کۆمەڵایەتییەوە هەڵدەستێ ئەویش بووبێتە خلیسکێك کە شاعیر لێوەی خزیوە بەرەو قەپێلکی تەسك و ترووسکی زاتی خۆی و تێیدا حەبس بووە، شاعیران بەتێکڕایی لە وەزع و دەسەڵاتێکدا نەبوون خۆ تێکەڵ کەن لە چەند و چۆنی و چاکە و خراپەی ئەو ڕووداو و کەین و بەینە کە لە ناو کۆمەڵدا سەر هەڵدەدەن و کار دەکەنە سەر باری ژیان و گوزەران و ئاسایشتی خەلق. ئەم لایەنانە لە نەزەر شاعیردا خاوەنی خۆیان هەبووە چ لە داهێنانیان بێ چ لە بەرهەڵستیکردنیان.

بڕیاری چاك بوون و خراپبوونی ڕووداو بەدەست دەسەڵاتدارانەوە بووە، ئەوانیش ژمارەییێکی یەکجار کەم بوون لە پیاوی میری و ساماندار و خاوەن هێز، هەندێ جاریش پیاوی ئاینی. کەم وابووە شاعیر خاوەن دەسەڵات بووبێ بە تایبەتی لەناو کوردان. لە فەرزی هەشبووبێ بە تێپەڕینی سەدان ساڵ لە لاتەریکی و گۆشەگیریی شاعیر و خۆ تێ نەگەیاندنی لە کەین و بەینی کۆمەڵایەتیی وڵاتەکەی ئەم حاڵەی بۆ بووە بە قاڵب وەیا قەپێك وەیا جل و بەرگ و تێی خزاوە. نەبوونی دیمۆکراسی شاعیر و ئەدیبی ناچار کردووە بە خەریکبوون لەگەڵ نەفس و خولیاکانی خۆی تا وای لێ هاتووە بیر نەکاتەوە لەوە کە خۆ هەڵقوتاندن لە کاروباری ژیان مافی ئەو بێ. وەنییە لەوەشدا شاعیر و ئەدیب گوناهبار بن لەچاو زوربەی میللەت، چونکە هەروەك شاعیر و ئەدیب بە نووسین و هەڵبەست لە کار و باری کۆمەڵایەتی بێ دەنگ بوون تێکڕای میللەتیش چ دەنگێکی ئیعتیرازی بەرز نەکردووەتەوە هەرچەند ڕووداوەکان و کارەساتەکان و خۆشی و ناخۆشییەکان لەگەڵ جەرگەی بەرژەوەندی ئەو خاوەن عەلاقە بوون یاخود بە گوتەییێکی ڕاستتر، دەسەڵاتدار گەمەی بە بوون و چارەنووسی ئەو کردووە لەو کارەساتانەدا؛ دەوجا میللەت کە لە عاست ژیانی خۆیدا بەدەنگ نەیێ و شاعیر و ئەدیب بۆ دەبێ دەست کەن بە چەنەهەراشی. بەڵێ ڕاستە میللەت نە دەسەڵاتی مادی و نە دەسەڵاتی هۆشی لەوەدا نەبووە بە دەنگی بێنێ، بەڵام ئەم گوتەیە پرسیارەکە ناگۆڕێ، تێکڕای میللەت بی دەنگە و ئیعیتڕازی نییە لە ڕووداو، دەتوانم بڵێم خۆی بەخاوەن ماف نازانێ لە بەدەنگ هاتن، شاعیر و ئەدیبیش وەك هەموو میللەت فرچك گرتوو بووە لە بێدەنگبوون، کە تاوانێك و درێغێك هەبێ هی هەموانە کە نەبێ ئەوا بۆ کەس نییە. بە نموونەی تەشبیهـ دەڵێم کە ڕێگر هات و کاروانی ڕووت کرد و کەس دەستی نەکردەوە لەسەر ماڵی خۆی، گریمان شاعیرێکیان لە ناودا بووبێ و بە شیعر وەسفی ڕووتکردنەکەی نەکردبێ چ گلەییی تایبەتی لەو ناکرێ مەگەر بۆ شەڕ پێ فرۆشتن. کە خاوەن ماڵ لە قافڵەدا ماڵی ببەن بە تاڵان و چ دەنگ نەکا عەیبیشی لێ نەگیرێ، شاعیرێکی ڕێبوار لە قافڵەدا بە دەست یا بە زمان دژی جەردەکە نەوەستابێ هەر بەجارێ بێ عەیبە. خۆ ئەوەی ڕاستی بێ بە درێژاییی ڕۆژگار هێشتا شاعیر زیاتر بەدەنگ هاتووە و ناڕەزاییی دەربڕیوە لە کاری ناڕەوادا. تۆ سەیرکە ئەحمەدی خانی چەند مەودای زەمەنی پێش میللەتەکەی کەوتووەتەوە لە هەستکردن بە کوردایەتی و مافی نەتەوایەتیدا. فیردەوسیش بێنەوە بیرت.. نووسەر هەیە دەیەوێ

مێژوو وەهـا بێنێتە بەرچاو کە رۆڵی میللەتی تێدا دەیان جار لە حەقیقەت زیاتر گەورە بکرێ، لەو کارەشدا بەڵگەی بەقەدەر دەنکە جۆیەك دەکا بە هێلکەی قاز، بەڵام کاری وەهـا چ سوودی نییە لە زەرەر بەولاوە. پێی ناوێ مێژوو بگۆڕین، ئەگەر هیچمان لە دەست دێ با ئێستا و دواڕۆژ بەرەو چاکتر بگۆڕین.

خـولاسە و پـوختـەی گـوتـە ئـەوەیـە تـا رێگـە هــەبـێ بـۆ تـێکـەڵبـوون لـەگـەڵ بـاری کۆمەڵایەتی و سیاسی، ئەدیب و شاعیر و هونەرکار زیاتر لە قەپێلکی زاتی خۆیان دێنە دەر و کەمتر (تناقض) لە بەرهەمیان دەردەکەوێ. بەڵێ مومکینە قەناعەتی کەسێك بگۆڕێ لە قۆناغێکی تەمەنی بۆ قۆناغێکی دیکە، بەڵام ئەمە پێی ناگوترێ تناقض بەڵکو (فراژووبوون – تطور)ە. تناقض لەوەدایە هەموو رۆژێ، یاخود لە ماوەی کورتدا، واتای لە یەکدی نەچووی بێتە ناو بەرهەمیەوە، ئەو بەرهەمە ئەدەب بێ یا هونەر. لە سەردەمی ئێستاکەدا ئەغڵەب وا دەبێ دەسەڵاتدار ئەدیب و هونەرکار تێکەڵ دەکا لەگەڵ رووداوی رۆژانە و سیاسەتی کاری نێزیك و دوورەدەستی دەرەکی و ناوەکی. بەڵام رێی رەخنەگرتنی لێ دەبڕێ، هەر لەوە ئازادی دەکا کە پێیدا هەڵبڵێ و چاوی خەلقی بۆ بنووسێنی و جنێو بە ناحەزەکانی بدا. خۆ من بڵێم و نەڵێم ناوەڕۆکی هەرە نرخدار و بەشەرەفی دیمۆکراسی ئەوەیە خەلق بتوانێ بێ ترس و لەرز رەخنە بگرێ لە کاری خاوەن دەسەڵات. بە میسال دەڵێم لە گۆڤارێکی میسری کاریکاتۆرێکی هەفتانە هەیە بە ناونیشانی (محمود بك عبدالماضی) کە هەرجارە بە جۆرێك گاڵتە دەکـا بـە خـاوەن زەویـیـەکـانـی سـەردەمـی فـاروق، حـەز دەکـەم دەنـگـم بـگـەیـەنـم بـە نیگارکێشەکەی ئەو کاریکاتۆرە و پێی بڵێم: محمود بەگ بیست ساڵی تەواوە دەسەڵاتی سیاسیی نەماوە، ئیمرۆ میسر پێویستی هەیە بە کاریکاتۆرێك کە لە ژێر ناونیشانی (الأستاذ محمود عبدالحاضر)دا رەخنە بگرێ.

بەڵام هـەرچۆنێك بـێ خـەریککردنی ئـەدیب و هـونـەرکـار بـە خزمـەتی فـەلسەفە و مەسڵەحەتی دەسەڵاتدارەوە قەپێلکە کۆنەکەی (نفس)ی لێ دەگۆڕێ بە یەکێکی تازەی وەزیفە و فەرمان کە جێی خەریکبوونی بەنەفسی خۆی تێدا نابێتەوە، چونکە ئەویش هـەند تـەسکە بـە حـاڵ بـایـی ئـەوە دەکـات بـۆ ئـەنجـامدانی فـەرمـانـە پـەیتـاپـەیتـاکـانی دەسەڵاتدار تێیدا هەڵسووڕێ. چاکە و خراپەی ئەو قەپێلك و ناوەڕۆکەش لەدەست ئەدیب و هونەرکارەکە دەردەچێ و بەند دەبێ بە چاکە و خراپەی خاوەن دەسەڵات و فەرمانەکانی، ئیتر کوردی گوتەنی خۆ و تالع.

ئەمانەی گوتمان لە جێی خۆیان بن، بەدوا ئەواندا تێبینییەك هەیە ناكرێ چاوی لێ بپۆشین، ئەدیبەكانی ئیسلام لە كولانەی شیعرەوە هەناسەیێكی نیوە ڕەهاییان هەڵێناوە و گۆزەرگەیێكیان بۆ خۆیان كردووەتەوە گەپ و سەیرانێكی تێدا بكەن. سرنجێك بدە دەبینی هەموو ئەو قسە ناجایەزە كە لە ئاخاوتن وەیا لە نووسینی پەخشاندا یاساغ بووە لە هەڵبەستدا ڕێ دراوە بە گوتنی. ئەو بیروڕایانەی كە لە پەخشاندا پیاوێكی وەك (ابن الراوندی)ی پێ زەندیق دەبوو لە شیعری شاعیرێك وەیا چوارینەی (خیام)ێك بە ناوی ڕەمز و تصوف و لە ڕێی تەئویلەوە دەخرایە پشت گوێ. زۆر قسەی ئەوتۆ كە لە نووسینی پەخشاندا دەبووە هۆی بێ حورمەتیی نووسەرەكە، لە هەڵبەستدا شۆرەتی بۆ شاعیر پەیدا دەكرد. من نامەوێ بڵێم هەرچیی مەنفەز هەیە لە رووی نووسەری پەخشان بەسترابوو؛ وابووە نووسەری یەكجار بەهێز لە پەخشاندا قسەی بەجورئەتی كردووە و لێی نەگیراوە، بەڵام كە قیاسی شیعر دەكەی لەگەڵ پەخشاندا لە رووی ئازادیی تەعبیرەوە چ نیسبەتێك لە نێوانیاندا نامێنێ. شیعر شاڵاوی بۆ مقدساتی ئەوتۆ بردووە كەس جورئەتی نەكردووە بە قسە وەیا نووسین سێیەك و چوارییێكی ئەو ڕێیەش ببڕێ:

(خاكم بدهن مگر تو مستی ربی)

لە شیعر نەبا، مەگەر لە وڕێنە، دەنا لە سەرانسەری وڵاتی ئیسلامدا جێی نەدەبووەوە.

وەك دێتە بەرچاوم ئەم زاهیرەیەی مەودادان بە تەعبیر لە شیعردا هەر دەڵێی هودنەی نێوانی لەشكرانە كە چەك دادەنێن و جەنگ دەوەستێنن و پشووی حەسانەوە دەدەن، یاخود هایدپاركی لەندەنە بۆ هەموو كەس كراوەتەوە. مەیلە و بڕیارێكی گشتی دراوە ئەو قسەی كە بە عادەت لە خەلقی بەداوێوە دەكرێ بۆ شاعیر خاڵەبەخش بێ. هەڵبەت ئەوە دەبێ بزانین لە سروشتی شیعردا بێ حیسابێك هەیە شەفاعەتی بۆ دەكا. كەس بە تەما نییە شاعیر وەك خەلقی دیكە لە قسەكانی (جدّی) بێ. بەقاڵ كە بڵێ كیلۆی سێو بە دوو درهەمە بایەخی گەلێك زیاترە لە خەیاڵبازیی شاعیرێك كە ئەستێرە دەكا بە پۆلووی سەر سبیلەكەی. هەزار و سێ سەد ساڵ زیاترە قورئان لە بارەی شاعیرەكانی ئەوسای گوتووە (یقولون ما لا یفعلون). بە دوا ئەو ئایەتەشدا شاعیر هەر وای بۆ لە قەڵەم دراوە كە قسەكانی ئارایشت و شەكر و نوقڵن. بەڵێ كە شیعری شاعیرێك لە سنووری خەیاڵبازی و شۆخێنی و كەم شەرمیی تێ پەڕاندبێ بۆ ناو جەرگەی سیاسەت وەیا ئاین و بەرژەوەند و باوەڕی تێك دابێ ئەوسا ئەویش حیسابی

(جدّیه)تی بۆ کراوه و لەو گوێرەیە، دەسەڵاتی سیاسی و ئاینی بەرهەڵستی نیشان داوە و سزای بۆ داناوە، بەڵام بەر لەو خەتەی نێوانی تێکدان و تێك نەدانی بەرژەوەندی دەسەڵاتدار، شیعر گەلێك مەیدانی جوولانەوەی هەبوو کە نووسین و ئاخاوتنی عادەتی نەیانبوو، ئێستاش نیانە.

وەك شیعر گۆرانی و بەستەش، کە شیعری ئاوازدارن، زۆر ئازادتر بوون لە ئاخاوتن. ئەوەی پێی دەگوترێ (ئەدەبی مەکشوف) کە لە بەستەی گۆرانییاندا بەدی دەکرێ، لە ئاخاوتندا دەبێتە هۆی شەڕە چەپەڵۆك. ئیمکان نییە ئەو قسە بەرەڵڵایانەی ناو بەستەی کوردی کە لە مەجلیسی پیاو و ژناندا بە گۆرانی دەگوترێن بە ئاخاوتنی عادەتی لە کەس بسەلمێنزێ. گۆرانیبێژێك بچێتە ناو ژنان و بەستەکانی بگۆڕێ بە قسە و لەوێدا بیانکا سەد تێلای بە پشت و ناو شانان دەکەوێ. کوردەواری زۆر زمان دەگرێ لە درکاندنی لەفزی ئەوتۆدا ناوی لەشی ئافرەتی تێدا بێ، تەنانەت ناڵێ ژنەکەم، دەڵێ منداڵەکان... ناڵێ خوشکم، دەڵێ هەمشیرم. کەچی لە گۆرانی و بەستەدا گرێی زمان دەکاتەوە بە جۆرێك رووی ئافرەت سوور هەڵدەگەڕێنێ.

روخسەتی رەهایی کە لە شیعر و بەستە و گۆرانی دەردەکەوێ لە کاری بە جورئەتتریشدا هەر مەوجوودە لە ناو کوردەواری. شاییی رەشبەڵەك یەکێکە لەو روخسەتانەی کۆمەڵایەتی کە لە تەنگژەی عورف و عادەت و یاسا کەم دەکاتەوە. لە رەشبەڵەکدا نەبێ هەرگیز رێگە نەدراوە بە کوڕ و کچی کورد هێندە لە یەکدی نزیك بنەوە. ئەو کوڕ و کچەی لە دەستی یەکدی هەڵدەپەڕن ئەگەر لە پەنایەك وەها دەست لەناودەست بدیترێن هەرا بەرپا دەکەن. لەناو عەشیرەت، بەتایبەتی کۆچەر، جۆری دیکەی روخسەتی کۆمەڵایەتی هەیە کە لە شارەکاندا پەیدا نابێ لەوەوە هاتووە گوزەران رێگەی بۆ تەخت کردووە.

ئەم وێنانەی رەهایی و بەرەڵڵایی لە ئەدەب و هونەر و کۆمەڵایەتیی کوردەواری دەهێنمەوە بۆ ئەوە هاتنی ناوی کوڕ بۆ ناو هەڵبەست نەچێتە ناو چوارچێوەیێکی غەڵەتەوە. وەك دەشبینی پەراوێزی وێنەکان گەلێك فراوانن، سەرەوژوور دەبنەوە بۆ مێژوویێکی یەکجار کۆن، پانیش دەبنەوە تاکو رووپێویێکی یەکجار بەرین لە تێکڕای ژیانی کۆمەڵایەتی دەگرنەوە، یەخەگیری هەموو بابەتێکیش دەبن هەر لە شتی کەم و بێ بایەخەوە تا دەگا بە دەستووراتی رەوشت و عادەت و یاسا و ئاین، تاکە میسالی (ژن[٣٦]

(٣٦) بەو دواییيە گوتارێکم کەوتە بەرچاو لەسەر «ژن هەڵگرتن و رەدووکەوتن» لە گۆڤاری=

هەڵگرتن) لە نێوان عەشرەتاندا بەسە بۆ گرنگیی ئەو مەیدانانە کە بەرەڵڵایی جێی خۆی تێدا کردووەتەوە. تۆژینەوەی پێویست لەو سەرەباسانە ئەویش وەك گەلێ سەرەباسی دیکەی هەڵمانبواردن کارێکی دوور و درێژ و سەربەخۆیە، لێرەدا هەر هێندەی بایی

= «بەیان»دا بلاو کرابووەوە کە ئەویش بەسەرداچوونەوەی گوتارێکی لەمەوپێشتر بوو لە بارەی هەمان بابەتەوە. من گوتاری یەکەمم نەدیتووە، بەلام هی دووەمم خوێندەوە و بە دڵیشم بوو. چەند تێبینییەکم هەبوو لە بارەی هەندێ لایەنی رێزمانیی گوتارەکەوە خستمە سەر کاغەز و لە بەیاندا بلاوکرایەوە. ئەوەی راستی بێ ئەگەر گوتارەکەم بەدڵ نەبووبا لە چ لایەنێکەوە بەسەریدا نەدەچوومەوە.. لەگەڵ ئەمەشدا دەبێ رەدووکەوتن و ژن هەڵگرتنیش وەك زاهیرەیێکی کۆمەلایەتی بخرێتە شوێنی راستەقینەی خۆی لە تابلۆی تیکڕای کۆمەڵدا. ئەم زاهیرەیە، بەتایبەتی لە نێوان رەوەند و عەشرەتەکانی خەریك بە ژیانی کۆچەری و نێو شاخ و لێرەواردا، دەچێتە ریزی زنجیرەی (چاوپۆشین و لێبوردن) کە کۆمەڵگەی تەنگ پێ هەڵچنراوی رۆژهەلاتی مسڵمان هەناسەیێکی بێ پەروایی تێدا هەڵدێنێ و بە پێی داخوازی دەوروبەری ژیان و بەرژەوەندی گوزەران، هەریەك لە هەرێمە جوداکانی ئەو کۆمەلانە لە مەیدانێکی گرنگی کۆمەلایەتیدا رێی پشووی حەسانەوەی بە خۆی داوە. هەروەك شار و قەسەبچەکان لەبەر تێکخزانی خانووەکانیان، ناوناوە، گۆڕەپانێکیان تەرخان کردووە بۆ مەبەستی جۆر جۆری داخوازییەکانی کۆمەلایەتیی وەك یاریی مندالان وەیا بەرپاکردنی شایی و زەماوەند وەیا جلەوگرتنی ولاغی مێوانی زۆر، هەروەهاش گەل بە تێکڕایی گۆڕەپانی مەعنەویی خستووەتە نێوان کۆمەڵە خانووی بەندیخانەکانی یاسا و نەریت و داب و دەستوور و حەرام و یاساغەوە، بەمەشدا لە رێی هەستکردنی سەلیقییەوە کارێکی پزیشکانەی کردووە کە هەندێك لە پاڵەپەستۆی یاساغ و حەرام نزم دەکاتەوە.

لە بەشێکی تێپەڕیوی ئەم نووسینە باسی «میرمیرانێ» کرا، لەوێشدا گەلی کوردی بێ دەسەلات تەقڵەیێکی سیاسی لێ داوە و خۆی ئاوەژووی دیوی دەسەلات و حوکمڕانیی کردووە کە هەرنەبێ بە گەمە هەندێکی لێ بچێژێ و تامەزرۆیی پێ بشکێنێ. گریمان میرمیرانێ لە نێوان گەلێکی خاوەن حکومەتدا بەرپا کرا، لەوێشدا چینی بێ دەسەلات و هەژار لاسایی چینی خاوەن دەسەلات دەکاتەوە و کرمی دڵی خۆی بەو کارە دەمرێنێ. بەداخەوە مەودای درێژە پێدانم نییە، هەر ئەوەندەم رێی قسان هەیە لێرەدا کە بلێم ئەم رواڵەتانەی (لە عادەت دەرچوون) دەبێ بخرێنە شوێنی راستەقینەی خۆیانەوە و لەبەر تیشکی داخوازییەکانی کۆمەلایەتی و بەرژەوەندیدا لێیان بکۆڵرێتەوە.

ئیشاره بۆ کردن بکا مەودای باسکردنیان هەیە، وەنیە ئیشاره بۆ کردنیش بێ سوود بێ چونکە سەرەڕای خزمەتی ئەسلی مەوزووع زیهنی خوێنەریش بەرەو لایەنی ئەوتۆ دەبا لە سەروبەری کۆمەڵایەتیدا کەوا رەنگە لەبەر زێدە مەشغەڵەت بیری لێ نەکاتەوە.

لەناو عەرەب، لە کۆنەوە، شاعیر گەلێك روخسەتی پێ دراوە کە ئەگەر شیعری نەگوتبا بۆی نەدەبوو بە روخسەت. جگە لە تێپەڕاندنی سنووری عادەتیی شەرم و شکۆ، لە جەرگەی زمانیشدا رێی دراوە لە چەندین جێگەدا گوێ نەداتە دەستووری زمان، تا دەبینی گوتەی (یجوز للشاعر ما لا یجوز لغیره) بووە بە قسەی نەستەق و پەندی پێشینان.

ئەم تەنگەتاوبوونەی بوێژی شەرق لە نێوان تەسکاییی پەراوێزی ئازادی لە کردار و گوفتاردا کە وای لێ کردووە مەیدانە تەسکەکان بکوتێتەوە و (راوح)یان تێدا بکا، بووەتە سەبەبی ئەوەش هێندە ماهیر بێ لە ئارایشتی وشە و یاریکردن بە واتا. ناتوانم درێژە بە شیکردنەوەی فکرەکەم بدەم بەوەندە وازدێنم کە بڵێم لەگەڵ پەرەسەندنی یاساغکردنی دەربڕینی جوولەی دەروون بە هۆی تدخلی سیاسەت و کۆمەڵایەتی و ئایینەوە، شاعیر و نووسەر دەسەڵاتی هونەریی خۆیان لە ئارایشت بەکاردێنن چونکە لەو مەیدانەدا یاساغکردن کەمە، یا هەر نییە. ئارایشتیش هەر لە وشەدا نابێ لە واتاشدا دەبێ لە رێی (توریە و کنایە و جناس و زۆر واتایی و مفارقە و چەندین فەندی ترەوە). کوتانەوەی هەموو مەیدانێکیش جۆرێکە لە ئارایشت، شاعیر بۆ ئەوەی پێی بگوترێ خاوەن دەسەڵاتە لە هەموو مەوزووعێك شیعر هەڵدەبەستێ، بەڵکو هەموو پیتەکانی ئەبجەدیش دەکا بە قافیەی شیعر. زۆر بە جۆرێکی عەفوی شاعیرێکی کورد وەیا فارس بۆ مەبەسی دیارخستنی توانایی خۆی لە شیعردا پیتی (ض، ذ، ط، ظ،...) دەکا بە بە قافیە یاخود شیعری کافرانە دەڵێ یا خۆی دەکا بە (متصوف) یا مەدحی شەراب دەکا یا بە کوردا هەڵدەڵێ: رەنگە لە هیچ مەیدانێکیش لەو مەیدانانەدا چ جاران ئەسپی لینگ نەدابێ.

شوعەرای ئیسلام لە سەردەمە دەوڵەمەندەکانی دەوڵەتی ئیسلامدا، چ لە بەغدا چ لە پایتەختەکانی دیکەی دوور و نزیك، بە هۆی ژیانی هەمەچەشنەی ئابووری و رۆشنبیری و بازرگانی و هونەری و زانستییەوە، لەو قەڵەبالغیەی وەك پوورەهەنگی رۆژگارەکانی دەسەڵات و ساماندا دەیانتوانی تا رادەیێك ئەوە بڵێن کە حەزی لێ دەکەن، بە تایبەتی لەو کاتانەدا کە باوەڕی ئاین خەریك بوو موناقەشەی زیهنی و

عەقڵی بکا لەگەڵ فەلسەفەی یۆناندا، مەیدانی ئازادیی بیروباوەڕ بە (ضرورة) زۆر فراوان بوو چونکە ئاین بۆ خۆی خەریك بوو لە ڕێی عەقڵەوە فەلسەفە ببەزێنێ. ئەم ئازادییە بەردەوام بوو تا ئاین لە دروستکردنی فەلسەفەی تایبەتی خۆی بووەوە و کردی بە جێگیری فەلسەفەی یۆنان، لەوە بەولاوە بە تەبیعەتی حاڵ قسەی بەرەڵلا زووتر لە جاران بە دیواری یاساغبوون دەکەوتەوە. دوای بەسەرچوونی دەوری گەشەدار بە وێرانبوونی عالەمی ئیسلام، بە تایبەتی لە بەغدا، لە ژێر سمی لەشکری مەغۆل مەیدانی دەمەتەقە و ڕەخنە و ئازادیی بیر وەتەنگ هات تاکو پیاوی ئاینیش ئەو مەودایەی جاران هەیبوو لەدەستی دەرچوو، دەمەوێ بڵێم دەوری (قیاس و مقارنە و اجتهاد و استدلال) یەکجارەکی بەسەرچوو وای لێ هات مەلایێ ڕەخنەی لە (ابن حجر) گرتبا کافر دەکرا. تەنانەت فەلەکیاتی (بطلیموس)کە لە سەردەمی (وەرگێڕان – ترجمە)ی دەوری عەباسییەکان کرا بە قاڵبی ڕەسمی بۆ واتای قورئان و لە مزگەوتەکاندا بە بەشێکی عەقیدە دەژمێررا ئەویش بە نیسبەت دواکەوتوویی فکری گشتی لە پاش وێران کردنی بەغدا بووەوە بە کفر لە تەك وڕێنە ئەفسانەییەکانی وەك ئەرز لەسەر پشتی گایە و کێوی قاف دەوری لێ داوە و هتاد.. خولاسە حەساری دەوری فکر تەسك بووەوە بە پێی تەسکبوونەوەی ژیانی ئادەمیزاد لە هەموو ڕووێکەوە. شیعری عەرەبی کە سروشتی لەگەڵ فراوانیی سەحرا و ژیانی کۆچەریی بێ سنووری پێش ئیسلامدا گونجابوو بەوەدا کە نەفەسدرێژی و ڕەوانبێژی هێوێنی داڕشتنی بوو، ئەویش خزایە ناو قەپێلکی تەنگی وشەسازی و گەمەکردن بە واتا و خەریکبوون بە (بدیع). بەستەڵەکی دەوری شیعری عەرەبی نەتوایەوە تا دوای داگیرکردنی میسر لە لایەن ناپلیۆنەوە، واتە تا ساڵەکانی ناوەندی سەدەی نۆزدەم.

هەروەك تەسکیی مەودا لە دەوروپشتی شاعیر بوو بە هۆی (تفاعل)ی سەخت لە نێوان هەستەکانی دەروونی خۆیدا و مەودای (تفاعل)ی لەگەڵ سروشت و کۆمەڵ کەم بووەوە و لەو ڕێیەوە وێنەی پڕ نەقش و نیگاری تێك هەڵکێشانی واتا و وشەی بەرهەم دێنا، دەبینین یاساغکردنی وێنەکێشان و پەیکەرتراشی لە ئیسلامدا ڕووی هونەرکاری وەرگێڕا بۆ لای (خەت) و لە مەیدانی خەتخۆشیدا ئەوەندە ماوەی بڕی هێندێکیشی تێ هێنایەوە لە حیسابی وێنەکێشان و پەیکەرتراشیدا، واتە قەرزی ئەوانیشی دایەوە بە خەتخۆشی. سەیرت نەیێ کە ئەو وردە سنعەتەی بەندییەکان تێیدا ماهیر دەبن لە چەند ساڵی گیرانیان و مانەوەیان لە بەندیخانەدا، خەلقی دەرەوەی بەندیخانە نەگەن بە

پایەی ئەو مەهارەتە چونکە بەندی هەموو هێزی زیهنیی خۆی لەو کارەدا سەرف دەکا، خەریکی گوزەران و مەشغەڵەتی ژیانی ئازاد نییە کە نەهێڵێ بپەڕژێتە سەر خۆتەرخانکردنی تەواو بۆ سنعەتەکە. شاعیریش وەك هەموو ئادەمیزادێك کە بکەوێتە ناو چوارچێوەیێکی تەسکی ژیانەوە، رەفتار و گوفتاری لە گوێرەی پێداویستی حوکمی ئەو تەنگژەیە دەبێ.

لە کولانەی ئەو راستییەوەرا دەتوانین بە نیگایێکی روون سەیری زاهیرەی غەزەل بۆ کوڕ بکەین کە لە دیوانی شاعیرەکاندا دەدیترێ، بە زۆری و بە جۆرێکی گشتی غەزەل بۆ کوڕ لە سەرچاوەی (هونەر بۆ[٣٧] زات)ەوە هەڵدەستێ کە ئەویش بۆ خۆی بەرهەمێکی کوتومتی کەمبوونەوەی (تعامل)ی شاعیرە لەگەڵ دەرەوەی نەفسی خۆیدا. لایەنی هونەری دوور لە عاتیفەی شاز بەوەدا یەکجار ئاشکرا دەبێ کە شاعیرێکی خۆی شاز نەبێ، لە وەسفێکی دەیکا بەرەو (تجرید) دەڕوا و خەریکی دۆزینەوەی (مفارقە) دەبێ بۆ نیشاندانی دەسەڵاتی خۆی لە مەیدانە بێ فێڵە تەقلیدییەکەی وشە و مەعنا تێك هەڵکێشاندا. وا هەیە شاعیر ئەوەندە بە نەزاکەت لەگەڵ خەیاڵی مەعنای (مجرد)ی پەیکەری کوڕ دەدوێ لایەنی (جنس) لەبیر خۆی و خەلقیش دەباتەوە، هەر دەڵێی لە پەڕاوێزی روحیدا وا بڵند دەبێتەوە دەگا بە ئاسۆی (تقدیس) و پاك سروشتی. نموونە لەو بابەتە یەکجار زۆرە، لێرەدا شاکارێکی (نالی) دێنمەوە بەر سرنج و هەستی خوێنەر تا لەگەڵ مندا سەیری ئەو دیمەنە پڕ پەرستنە بکا کە خەیاڵی نالی وەك ئاوێنە چیهرەی کوڕێکی پێ دووبارە دەکاتەوە:

زۆر حەیفە لەبۆ کەعبەیی حوسنت کە بە سەریا
(نجاشی) خەتت هاتووە نێزیکە خروجی
هەرچەندی دەکەن قطعی سەرت دێیەوە ئەی خەت
وەك هیندووی سەححاری مەجووسی چ لەجووجی

---

(٣٧) لێم بە سەهوو مەچۆ لەوەدا کە دەڵێم (هونەر بۆ زات) چونکە من لە دژی ئەوە نیم شاعیر و ئەدیب و هونەرکار تەرجومانی زاتی خۆیان بن، بە پێچەوانە، کە تەرجومەی زاتی خۆیان نەکەن دەبنە تووتی وەیا ڕیکۆردەر و قەوان شتی غەیری خۆیان دەڵێنەوە. بەڵام ئەمەش حەقیقەتێکە کە ئەدیب هەر عاتیفەی خۆی کاوێژ کردەوە و «تفاعل»ی لەگەڵ دەرەوەی نەفسی خۆی نەما بە رادەی پچڕانەوەی لە دونیا نرخی بەرهەمی کەم دەبێتەوە. وا باشە مەوزووع بە زاتی ئەدیبدا تێ پەڕی و ببێتە بەرهەمێکی ئازاد.

ئەوا رووی کوڕەکەی کر دبە (کعبە) کە قیبلەگای هەموو مسڵمانانە و رۆژی (٥) فەسڵان سەجدەی لە بەرامبەردا دەبەن. کار گەیشتە نوێژ و سەجدە و قیبلە، لە عاتیفەی گۆشت و خوێنپەرست پچڕایەوە وەك رەش لە سپی بپچڕێتەوە. لەوە بەولاوە پێویست نییە من واتای شیعرەکەت بۆ شی کەمەوە، خۆت دەیبینی و تێی دەگەی.

هەرچی شیعری غەزەل بۆ کوڕ لە دیوانی حاجی قادردا هەیە لە تەرزی ئەو بەیتە و دوو بەیتەی نالین غەیری خەیاڵبازی و وشە و راتا تێکبەستن و لەیەکدی ئاڵاندن تێیاندا نییە. یەکێك لەو وێنانەی کە لەبەر پەیکەری کوڕێکی حەقیقیی گیانلەبەر کێشرابێ غەزەلەکەی (لەسەر تەناف کە لەرزی هەتیوی سندووسی)یە. لەو برە شیعرەدا حاجی قادر هێندەی سنعەتکاری و خەیاڵبازی و ئەفسوونسازی کردووە هەتیوەکە و سەماکە و سەماگەی بە هەموو تەماشاچییانەوە کردووە بە شانۆیەکی خەیاڵی کە خامەی تێیدا بە جۆریك هەڵدەسووڕێنێ فنونی هەڵپەڕینمان لە بیر بباتەوە لەبەر فنونی نەخش و ئارایشتی ئەدەبی.

لە دیوانە چاپکراوەکانی حاجیدا تێکڕای ئەم برە شیعرە (٧) بەیتە، بەڵام لە دەستنووسێك کە لەبەر دەستمدایە و مەلا رەئوفی سەلیم ئاغا بۆ کۆڕی زانیاری ناردووە سەرپاکی غەزەلەکە (١٧) بەیتە، دوو بەیتی عەرەبییان تێدایە لە لایەن داڕشتنی زمانی و رێزمانییەوە کزن نەختێکیش کەم و کەسرن، ئەوانی دیکە چەندی بلێی هونەر و فەند و فێڵی شاعیرانەیان تێدایە. وا پێ دەچێ سەمای هەتیوەکە لەبەر رێکوپێکی و بزووتنەوەی هونەرکارانەی کە نیشانی خەلقەکەی داوە، لە لانی خۆیەوە، یارمەتیی دەسەڵاتی ئەدەبیی حاجی قادری دابێ بۆ گەیشتن بەو پایە بەرزە لە داڕشتن و واتادا. ئەم غەزەلە لە مەیدانی خۆیدا وەك هینەکەی (ابن الرومي) دێتە بەرچاو کە لە وەسفی ئافرەتێکی گۆرانیبێژی داناوە، فەرقێك هەبێ لە میاندا ئەوەیە کە زەوقی حاجی کوردی و زەوقی (ابن الرومی) عەرەبییە. رێکەوتنێکی زۆر نادیر جارێکیان منی قەرزداری ئەم برە شیعرە کردووە، ئەمەیە گوزارشتەکەی:

لە هاوینی ١٩٦٤ بۆ پیرۆزبایی لە شۆڕشی (٢٣)ی یۆلیە، وەفدێکی رەسمی لە عیراقەوە چوو بۆ (قاهیرە) من یەکێك بووم لە ئەندامەکانی. شەوێك لە شەوە پڕ ئاهەنگەکان لە (نادی القوات المسلحة) دانیشتبووین بەرامبەر (ام کلثوم) کە گۆرانییە بەناوبانگەکەی (أنت عمری)ی دەگوت.. لە تەنیشتمەوە وەزیری (التعلیم العالي – عبدالعزیز السید) دانیشتبوو، پیاوێکی یەکجار باخەبەر بوو لە هونەر و ئەدەب بە

هەموو كەرت و جۆرەكانیانەوە. بەیەكەوە كەوتینە وتوویژێكی قووڵ لە بارەی مۆسیقا و گۆرانی، لەوەوە قووڵتر بووینەوە بۆ شیعر و ئەدەب. حەزی بەوە دەكرد لەو وتوویژەدا بایی ئیمكان شارەزاییەك پەیدا كا لە ئەدەبی كوردی، ئیتر منیش هەندێ تایبەتییەكانی ئەدەبی كوردیم بۆ باس كرد و زنجیرەی قسە هێنامیە سەر (مقارنە) لە هەندێ رووەوە لە میانی ئەدەبی كوردی و عەرەبی و تا چ رادەیێ، شاعیرێكی كورد ئاگاداری خۆیەتی لە رەچاوكردنی قافیەی رێكوپێك و زۆر جاران، خۆبەستنەوە بە (لزوم ما لا یلزم)ەوە هەرچەندە ئەو كارە زەحمەتیش بێ.. بۆ روونكردنەوەی میسالێكم هێنایەوە و گوتم ئەو هەڵبەستە مەشوورەی كە وا (كلثوم) خەریكە لە گۆرانیدا دەیڵێتەوە لە واتادا (تناقض)ێكی تێدایە، وا دیارە لە نەزەر عەرەب بە عەیب نەژمێرراوە چونكە كەس لێی بەدەنگ نەهاتووە، هەروەك بەسەر شاعیردا تێپەڕیوە بەسەر گۆرابێژ و ئاهەنگساز و هەموو گوێگرانیشدا تێ پەڕیوە بە ئەدیب و شاعیر و زانا و هونەركارەوە. شاعیر لەو گۆرانییەدا دەڵێ، قسەشی لەگەڵ خۆشەویستەكەیەتی:

یـا أغـلـى مـن ایـامـی
یـا أحـلـى مـن أحـلامي

شتێكی نەدۆزییەوە لە نرخدا گەیشتبێتە پایەیێك (مقارنە)ی بكا لەگەڵ نرخی دۆستەكەی رۆژگاری خۆی نەبێ، دۆستەكەی بەوە هەڵدەداتەوە كە لە رۆژگاری بە نرخترە و (أغلى من أیامی) پێ دەڵێ كەچی دوای یەك دوو دێڕ ئەو هەموو عەزیزییە و نرخەی رۆژگاری لە بیر دەچێ و دەیكا بە نموونەی نحووسەت كە دەڵێ:

صـالحت بـیك(٣٨) أیامی
و سامحت بیك(٣٨) الزمن

واتە بە هۆی تۆوە یاخود لەبەر تۆ سوڵحم كردووە لەگەڵ رۆژگارم و لەبەر تۆ چاوپۆشیم كردووە لە زەمانە. دەوجا سەیركە دەبێ ئەو رۆژگار و زەمانەیە چەند نەحس بن كە بە هۆی خۆشەویستترین كەس نەبێ سوڵحیان لەگەڵدا نەكرێ، جارێكیان هێندە عەزیز بن بگەن بە پایەی (مقارنە) لەگەڵ خۆشەویستەكەی ئەمجار هێندە رووڕەش بن بە شەفاعەتی دۆست نەبێ سلاویان لێ نەكرێ، لەمەدا (تناقض) دەگاتە ئەوپەڕ. گوتم شاعیری كورد نەك هەر (تناقض)ی وەها رەوا نابینێ بەڵكو كە

(٣٨) گۆرانییەكە بە شێوەی میسری هەڵبەستراوە نەك عەرەبیی نحوی.

چاری نەما بۆ مەبەسی ڕێکخستنی قافیە پیتێك بگۆڕێ بە پیتێکی هاودەنگی ئەو لەلایەن ئاوازەوە عوزر دێنێتەوە و داوای لێبوردن دەکا. لێرەدا بەیتێکی حاجی قادرم بە میسال هێنایەوە کە لە ناو ئەو غەزەلەی (لەسەر تەناف)دا هاتووە و دەڵێ:

لە قافیەیی شیعر عەیبە لابدەین ئەمما[٣٩]
بە یادی چاوی ئەمن لادەدەم بە مخصوصی

حاجی لە هێنانەوەی وشەی (مخصوصی) پیتی (ص)ی کردووە بە قافیە لە بریتی پیتی (س)، لە راستیشدا کورد (ص) بە (س) دەخوێننەوە بەڵام لەبەر زێدە دەسەڵات و زاڵی خۆی بەسەر واتا و دارشتندا، ئەم لادانە رواڵەتییەی بە عەیب داناوە و عوزری بۆ دێنێتەوە و بە دوا عوزرهێنانەوەدا دەیکا بە موناسەبەی وردەکاریی واتایی، پاش ئەوەی لادان لە قافیە دادەنێ بە عەیب و دان پێداهێنانەکە دەکا بە عوزر، شیعر و قافیە قەرزدار دەکاتەوە بەوەدا کە لادانەکەی بە (ئانقەست) بووە، هەر لە لەفزی بەواتای (ئانقەست)یش کە وشەی (مخصوصی)یە لادانەکەی کردووە، بە یادی چاوی مەدحکراوەکەش لە قافیە لادەدا چونکە دەبێ هەتیوەکە ئەوەندە بەناز بووبێ کە چاوی نەبڕیبێتە خەلق و لێی لادابن، ئەوجار لەسەر پێپلکەی ئەم بەیتەوە باز داوێ بەرەوژوورتر بۆ واتاسازی لە کۆتاییی برە شیعرەکەدا:

جەبینی مەه روخی میهرە زولفی شەو دەهەنی[٤٠]
سەبەب بە قافیە تەنگی بوو حاجی نەینووسی

پێویست نابینم لێرەدا خۆ ماندوو کەم بە راگەیاندنەکانی وشەی (تەنگ) و چەند لایان دەگرێتەوە و چ عوزرێکی تازەش دێنێتەوە بۆ هێنانەوەی وشەی (مخصوصی).. بەڕاستی ئەو شەوە شاعیرییەتیی حاجی زۆر یارمەتی دام چ لەلانی ئەوەوە ڕاستیێکی بەنرخ لە ئەدەبی کوردیدا بۆ ئەدیبێکی عەرەب دیارخەم، چ بۆ خۆ هەڵدانەوە بێ ئەگەر حەزم بەوە کردبا لەگەڵ بەڵگەی مەحکەمدا شانازی بە بەرزیی زمان و ئەدەبی نژادەکەم بکەم.

دیوانەکەی حاجی جگە لەمەش غەزەلی تری ئەوتۆی تێدایە خەریکی مەدحی کوڕ بێ، نووسەر کە بیەوێ شایەدیی لێ وەرگرێ پێی ناوێ بۆ دۆزینەوەی نموونە خۆی

---

(٣٩) (مصرعی) یەکەم بەم جۆرەش نووسراوە لە هەندێ دەستنووسدا.
(لە قافیە شوعەرا عەیبە لابدەن ئەمما)
(٤٠) ئەمەیە راستیی بەیتەکە، چی لە دیوانەکاندا نووسراوە هەڵەیە.

زۆر ماندوو کا. بەڵام سەیر ئەوەیە یەك دوو نووسەری ناسراوی کورد بۆ ئەم مەبەسە یەخەی شیعری وایان گرتووە پڕ بەدەم هاواریەتی بۆ کچە و عەلاقەیێکی نییە لەگەڵ کوڕدا، رواڵەتی شیعرەکە بەسەهووی بردوون چونکە لە سەرەتاوە ناوی (فێس) دەبا کە پۆشاکێکی کوڕانەیە:

لەسەر شەو رۆژی داناوە مەڵێن فێسی لەسەرناوە
لە بەر با جامی یاقووتی بە مشکی وشکی داداوە

ئەم فێسەی لێرەدا ناوی هاتووە سەرپۆشێکی ژنانەیە و لە کۆیە و لە سابڵاغیش باوە، هی ژنە کۆییەیان تاسی زێڕی بەدەورەدا چەسپ دەکرێ دەشێ (جامی یاقووت) بۆ ئەو تاسە زێڕە بگەڕێتەوە. هەر ئەمەش تەشبیهێکی دروستە چونکە ئەگەر زێڕەکە لە بەیندا نەبێ دەمێنێتەوە قوماشی فێس و رەنگە سوورەکەی کە پێی بگوترێ (جامی یاقووت) دیاریشە یاقووت کە مادەیێکی رەقە لەگەڵ قوماشدا چ نزیکییەك لە بەینیاندا نییە تەشبیهـ هەڵگرێ ئەوە نەبێ کە هەردوویان رەنگیان سوورە. جگە لەمەش، بریق و باقی تاسی زێڕ لێی دێ بەسەر پرچی رەشەوە پێی بگوترێ رۆژی سەر شەو، فێس رەنگیشی سوور بێ مادەیێکی تاریکە نابریقێتەوە.

لەو گونجان و نەگونجانەش گەڕێ، بەیتی وا هەیە لە برە شیعرەکەدا چ تەئویل هەڵنەگرێ وەك:

لە بەرقی رەنگی شەرواڵی حەیا دامێنی هەڵماڵی
لە تەققەی دەنگی خڵخاڵی لە گەردوون زوهرە داماوە

یاخود وەك:

لە تەققەی ناڵ و شەققەی پانی بەرزی ئاسمان لەرزی
تەق و تۆق کەوتە سەر ئەرزی دەڵێن مەحشەر هەڵستاوە

خڵخاڵ و پانی بەرز هەردوویان ماڵی بێ فێڵی ئافرەتن.

کە شیعرەکە بۆ کوڕ نەبێ هەر دەلالەتێکی لێی وەرگیرابێ لە رووی مەیلی شازەوە لە خۆوە دەچێتەوە.

گەلێك جاران لانی رەمز لەو شیعرە کوڕدۆست یا شەرابدۆستانە هێندە غالب دەبێ دەیگەیەنێتە پایەی سەریحی (تصوف) و هیچ پێوەندیی لەگەڵ رواڵەتی وشەکانی نامێنێ. هەندێك لە خاوەن زەوقی ئەدەبی بۆ ئەوە دەچن ئەو تەرزە شیعرانە کە لە

حەقیقەتدا مەتڵەبیان عیشق و شەراب نییە هەموویان هەر تصوفن، بەڵام راستییەکەی مەیدانێکی فراوان هەیە لە نێوانی (تجرید)ی رووت و تصوفی بێ کینایە. هەڵبەت لە تصوفدا تجرید هەیە و واتاییکی سەرەتاییشە تێیدا، بەڵام هەموو جاران تجرید ناگاتە تصوف. لە رەمزدا (تجرید) هەیە بە شیوەییێکی گشتی، تصوف کە خۆی لە جەرگەی رەمزەوە هەڵدەستێ بە هۆی ئەوەوە کە هجر واتای رووت نییە بەڵکو سلوکیشی لەگەڵدایە، دروشمی تایبەتی خۆی هەیە. ئا ئەم چوارینە فارسییە یەکێکە لە هەڵبەستی هەرە بەرزی تصوف و رەمز:

يك جرعه مى از حريف مستت برسد
صد چـــاشنـــىء دم ألستت بـــرسد
ايـن جـام نـهـادهانـد در تـاق بـلـند
پا بر سر خويش نه كه دستت برسد

واتە: یەك قوم شەراب لە هاوبادەی مەستەوە پێت بگا
سەد تامی دەمی(ألست)ت پێ دەگا
ئەم جامەیان لە تاقی بڵندا داناوە
دەبێ پێ لەسەر سەری خۆت دانێی تا دەستت بیگاتێ.

با بگەڕێینەوە بۆ سەر و کاری حاجی.

لە دیوانەکەیدا وێنەییێکی دیکەش هەیە وەك (هەتیوی سەر تەناف) کە ئەویش لە کوڕێکی حەقیقییەوە تیشکی داوەتەوە:

کە هەستا قامەتی بەرزی لە فەرقی تا وەکوو ئەرزی
پــەرێشان زولفی سەد تەرزی بەیەکدا داڕژا و لەرزی

گوتەی دەماودەم وا رادەگەیەنێ، کۆتاییی غەزەلەکەش لێی دەفامرێتەوە، کە ئەم بڕە شیعرە وەسفی کوڕێکی لاوچاك بێ کە لە حەلقەی زیکری دەروێشەکانی شێخ ئاورەحمانی تاڵەبانی لە کەرکووك بەشدار بووبێ و حاجی قادریش بە رێکەوت لە کەرکووك و مێوانی شێخ ئاورەحمان بووە و کوڕەکەی دیوە و بەم (٩) بەیتە وێنەی کێشاوە. دەڵێن کوڕەکە شاگرد خەیاتیش بووە، بۆیە حاجی کە لە دوا بەیتدا دەڵێ:

مـرادی مـن مـریـدی (خـالص)ە خـەیـاتـیـە کـاری
مـەلائـیك سورەتـە ئـاهـوو نیگاهـە (حـاجی)یە تـەرزی

لانی مریدبوونی کوڕەکە و خەییاتبوونی دەربڕیوە. ئەم وشەیەی (خالص)یش ئاشکرایە بە تەوریە شێخ ئاوڕەحمان دەگرێتەوە چونکە نازناوی (خالصی) بووە.

نموونەکەی پێشووتر (لە سەر تەناف کە لەرزی) لە هاتنی ناوی سندووس تێیدا، زاهیر وا رادەگەیەنێ کەوا حاجی قادر دیمەنەکەی لە کوردستانی ئێران دیتبێ، کەچی بیستوومە دەڵێن کۆمەڵەی سەماکەر و تەنافباز هاتوونەتە کۆیێ و لە جێگەیێکی نزیك مزگەوتی گەورە نمایشی خۆیان کردووە، ئەمین ئاغاش لەگەڵ حاجی قادر بەیەکەوە لە سەربانی مزگەوتی گەورەوە تەماشای دیمەنەکەیان کردووە. گۆیا ئەمین ئاغاش هانی حاجی قادری داوە بە هەڵبەست وەسفێکی تەنافبازەکە بکا. بە پێی ریوایەتەکە هەتیوی سندووسی تەنافەکەی دەپسێ و دەکەوێ. بەڵام لە شیعرەکەدا لە وشەی (لەرزی) بەولاوە شتێك وا راگەیەنێ تەناف پسابێ و هەتیو کەوتبێ. (شکا مەتاعی زەریفی و قیمەتی لووسی)ش رەنگە واتاکەی ئەوە بێ کە بە لەرزینی هەتیوەکە لە سەماکردندا بەسەر تەنافەکەوە مەتاعی زەریفی و لووسیی غەیری ئەو قیمەتیان شکابێ نەك هی خۆی چونکە بەیتەکان دوایی سەرپاکیان هەر وەسفی تەئسیری سەما و فنوونی هەتیوەکەیە.

سەرەڕای ئەمە بەڵگەیێکی تری لێکدانەوەشم بەدەستەوەیە بۆ تەرجیحی ئەو لایەنە کە هەڵبەستەکە لە سندووس وەیا جێگایێکی وەك ئەو لە کوردستانی ئێراندا دانرابێ. گوتم بڕە شیعرەکە دوو بەیتی بێ هێزی عەرەبیی تێدایە، پێشتریش لە موناسەبەدا بۆم باس کردی حاجی قادر لە پەڕاوێزێکی کتێبەکەی سیوطی کە لە کوردستانی ئێران خوێندنی تێدا کردووە عوزر دێنێتەوە بۆ یەك دوو هەڵە کە لە هەڵبەستی مصرەعێکی عەرەبی، کاتی خۆی، دووچاریان بووە لەو رووەوە کە ئەو کاتەی مصرەعەکەی هەڵبەستووە عەرەبیی باش نەزانیوە. لەمەڕا دەردەکەوێ حاجی قادر هێشتا لە کوردستانی ئێران بووە بۆ خوێندن گەیشتووە بە پلەی توانایی لە عەرەبیدا. هەر بەمەشدا دەردەکەوێ، بەڵکو ئیسپات دەبێ، کە وا حاجی هەڵبەستەکەی (هەتیوی سندووسی)ی لەو رۆژگارانەدا هەڵبەستووە کە تازە چووە بۆ ئێران و جارێ لە عەرەبیدا پیادە بووە، واتە حاشیەکە و هەڵبەستەکە هەردوویان هی یەك قۆناغی تەمەنی حاجی قادرن کە سەرەتاکانی خوێندنیەتی لە کوردستانی ئێران. حاجی کە ئەم هەڵبەستەی لەسەر خواهشتی ئەمین ئاغا دانابێ دەبێ دوای کۆتاییی سەرلەبەری گەشتی خوێندنی بووبێ کە ئەوسا لە زمانی عەرەبیدا هەڵکشیوە و تووشی هەڵەی وەها نابێ

بە ناقۆڵای لە قەڵەم بدەین وەك لە برِە شیعرەكەدا تووشی هاتووە.

دەتوانم بەچەند رووپەرِەیێكی لێرە بە دواوە كۆتایی بە بیر و باوەرِی خۆم بێنم دەربارەی غەزەل بۆ كورِ، شاعیرێك كە عاتیفەی شازی هەبێ و غەزەلەكەی لە مەیلێكی راستەقینەوە هەڵستێ دەمودووی تا بڵێی جیاوازە لە هی شاعیرێكی خەیاڵبازی واتاپەرست. بە رِادەی نێزیك بوونەوەی شاعیر لە مەیلی شاز قسە و تەعبیری بەرەو واقیعیەت دەرِوا و لە رەمز دوور دەكەوێتەوە، تەنانەت لەم واقیعیەتەشدا هەموو شاعیرەكان لە یەك پلەدا نین، وا دەبێ شاعیر لە دیمەنی كورِ شێوەی جوانییەكەی خۆش دەوێ بێ ئەوەی مەیلێكی حەیوانیی بەهێز تێكەڵ بكا لەو خۆشویستنەدا. لەم درێژە پێدانەشدا مەبەسم هەر ئەوەیە خوێنەر بەسەهوو نەچێ لە رواڵەتی واتای شیعری شاعیری رۆژهەڵاتی كۆن چ لە مەیدانی غەزەل بۆ كورِ بێ، كە لێرەدا مەبحەسی بنجییە، چ لە مەیدانەكانی دیكەی غەزەل و قەسیدە بێ، كۆمەڵێك هۆی تایبەتی رۆژهەڵات وای كردووە شاعیر و ئەدیبەكانی ئەوە بڵێن كە نایكەن و باوەرِیشیان پێی نییە. ئەم مەوزووعەش سنوورێك نییە كۆتاییی پێ بێنێ و تا بەدوای كەوین لێی نابینەوە، بۆیە هەر هێندەی لێ دوام كە رۆناكییێك بخاتە سەر تاقمێك لە هەڵبەستەكانی حاجی قادر و وەرامی هەندێ گوتە و نووسینی ئەم و ئەو بداتەوە. لە نووسینەكەمدا، بەداخەوە، چەندین سەرەباسی وەك هی ئێرانە و كەم و كەسر و نیوەچڵ ماوەتەوە لە ترسی درێژەكێشانی بێ سەروبن، بەلای باوەرِی خۆمەوە هەندێ جار ئەوەی نووسیومە لەبەر زێدە كورتی وەك مەتەڵ و رەمزی كیمیا بووە، رەنگە بەولای كردنەوەی مەبحەس بۆ دەمەتەقە و ساغكردنەوە، هەر ئەوەندە سوودەی بووبێ كە خۆمی كردبێتە ئامانجی توانج. لەگەڵ ئەمەشدا رازیم لە كەم و كەسرێك نووسەران بانگهێشتن بكا بۆ تەواوكردن و رێكوپێك خستنی با مزەكەی خۆ خستنەبەر رەخنەش بێ لە منەوە.

حاجی قادریش وەك ئەدیب و شاعیرەكانی دیكەی كورد و غەیری كورد ئاگاداری سەرجوملەی شیعر و ئەدەبی ئیسلام بووە و لە هەموو كانیاوێكی ئەو ئەدەبە واتای نۆش كردووە و رەنگ و وێنەی دیوە، لە گوێرەی دیاردانەوەی ناو و بەرهەمی شاعیر و شایەرانی كورد لە دیوانەكەیدا دیارە یەكجار باخەبەر بووە لە دەنگ و باس و شیعر و هەموو سەروبەرێكیان، وەك بڵێی بە تایبەتی خەریك بووبێ بۆ وەدەستهێنانی خەبەر و ئەسەریان زیاتر لەوەی كوردێكی دیكە خەریك بووبێ وە زیاتریش لەوەی خۆی

خەریك بووبێ بە شوعەرای غەیری كوردەوە. ئەوەی راستیش بێ لە حاجی قادر چاوەڕوان دەكرێ چی سەر بە كوردەوەیە پێوەی ماندوو بووبێ بۆ كۆكردنەوە و نەفۆتانی.

لێرەدا باسی غەزەل بۆ كوڕ فكرم دەبا بۆ چەند بەیتێك لە دیوانەكەی حاجی قادر كە وا حیكایەت لە زاری برادەرێكەوە دەگێڕێتەوە و لە جێگەی لەباردا ئیشارە بۆ بەیتێكی شێخ رەزا دەكا و حاجەت ناهێڵێ بە وشەی (صریح):

ئــەم قسە بــا لــێرە بــێ مــانــدو بــو ووم(٤١)
بــۆت بــكــەم بــاسێكی بــۆیــان كــردو ووم

پــێی گــوتم ئــەحــبــابــەكی صاحب حــەشەم
سەرگــوزەشتــێكــم هــەیــە بــا بــۆت بــكــەم

دوای چەند بەیتێك ئەمە دەڵێ لە زاری برادەرەكەیەوە:

مــاهــی بــێ مــیــهــرم لــە دەرگــا هــاتــە ژوور
مــاتــەم و شین و غــەمــی كــردم بــە سوور

كــورت و كــرمــانجی كــە گــرتم بــێ ڕەزا
خستــم و بــاقــی وەكــو بــەیــتــی (رضا)(٤٢)

ئەم نیوە بەیتەی دوایی ئیشارەیە بۆ فەردە مەشوورەكەی شێخ رەزا كە وا چەند جوولانەوە و هەڵسوورِ و داسووڕی نێرپەرستانەی كۆ كردووەتەوە و لە نێویاندا (گرتم و خستم) هەیە. لێرەدا حاجی بێ ئەوە مەتڵەبی بێ، شایەدێكی بەدەستەوە داوە كە ئەو ئاشناییەكی رۆژ بە ڕۆژی هەبووە لەگەڵ شوعەرای كورد و بەرهەمەكانیان، چونكە دووربوونی لە ناوچەی كوردەوارییەوە دەبووە مانیعی زانینەوەی خێرا بە خێرای ئەو تەرزە شیعرانە ئەگەر بە دوایاندا نەگەڕابا و مەراقی كۆكردنەوەیانی نەبووبا. لە

(٤١) ئەم دوو وشەی كۆتاییی دوو مصرەعەكەم وا نووسی تاكو كێشی شیعرەكە تێك نەچێ، لە راستیشدا خوێندنەوەی ئاساییشی هەر وایە هەرچەند بەدوایەكتردا هاتنی سێ پیتی واو چاو لێی دەرەوێتەوە. لە رێنووسی كوردیدا (بۆر – ضمە) شكڵی سەربەخۆی نییە واوی بۆ دانراوە، لە سێ واوەكەش دوویان بۆرن هی ناوەڕاستیشیان واوە.

(٤٢) ئەم وشەیەم (رضا) نووسی كە دیار بدا بۆ (شێخ رضا) دەگەڕێتەوە دەنا مەعلوومە دەبێ كوردانە (رەزا) بخوێنرێتەوە و وەهاش بنووسرێ.

فەرزی هاتنی یادی ئەو بەیتە بۆ ناو هەڵبەستەکە، خۆی لە خۆیدا بە تەنها نەبێتە بەڵگە، بێگومان لەگەڵ تێکڕای شارەزاییی حاجی بە شیعر و شوعەرای کورد دەبێتە کەرتێکی دەلالەت بەخش لە بەڵگەیێکی فراوانی زۆر کەرت. زاتەن لە گەلێك حاڵدا راگەیاندن بەشێکی کەم لە شتێکی زۆر هەر وایە، بۆ میسال دەڵێم زانینی (ئەنیشتاین) لە تاك تاکی پرسیارەکانی ریازی نابێتە بەڵگەی زێدە زانینی؛ تێکڕای زانینی دەیکا بە فەیلەسووف لە ریازیات.

ئەمە کورتەیێکە لە حیکایەتە درێژەکەی غەزەل بۆ کوڕ، بۆ خۆت لەسەر باسەکانی بکۆڵەوە و بەتاڵاییییەکانی پڕ کەوە. بۆ من ئیمکان نییە چی تر لەسەری بڕۆم، دەزانم زارکردنەوە بۆ دوانێکی کورت لە هەریەك لە سەرباسەکان وەك گلۆرکردنەوەی تۆپە بەفرە سەرەولێژ بەسەر بەفردا هەر دەڕوا و زیاد دەکا.

ئەوەی راستی بێ بەستنەوەی شیعری کوردی سەدەی نۆزدەم بە زنجیرەی مێژوویی شیعری عەرەب و ئیسلام تا باسەکە خۆ هەڵدەپێچێ لە شیعری پێش ئیسلام و لەوێوە سەرەوژێر دەبێتەوە بە شکڵێکی مەفهووم، کارێکی یەکجار گرنگە زۆریش پێویستە، بەڵام لەوانە نییە بەدەم باسێکی ترەوە کەنەی لێ بکرێ. شیکردنەوەی پێوەندیی شیعری کۆمەڵ دۆست لەگەڵ تێکەڵبوونی شاعیر بە کاروباری کۆمەڵایەتییەوە گەلێك مەتەڵی نامەفهوومی ئەدەبی ئیسلام هەڵدێنێ. من لەم ئاخەلێوەی بەشی دووەمی نووسینەکەم تەنها بایی ئەوە زاهیرەی غەزەل بۆ کوڕ لە دیوانی حاجی قادردا بخاتە نێو چارچێوەی مێژوویی و کۆمەڵایەتییەوە خەریك بووم بە باسەکەوە. چەندی لێرەدا گوتوومە و نووسیومە، لەبەر زێدە کورتی، هەر دەڵێی پێڕستە بۆ سەرباسەکانی ژێر عینوانێکی گشتی. چ زیانیش نییە لەوەدا نووسەران تاك تاکەی ئەو سەرباسانە لێ بکۆڵنەوە بەمەرجێك لە تێکڕای تابلۆکەی دانەبڕن. دابڕینی رواڵەتی کۆمەڵایەتی لە زنجیرەی رووداو و هەڵکەوت و بەسەرهاتی مێژوویی دەیکاتە موعمما و دەیخاتە تاریکاییی بێ پێوەندی و بێ سەرچاوەییییەوە. لە سەرگوزەشتەکانی کۆنینە کە دەگوترا (هەبوو نەبوو پاشایەك هەبوو ناوی مەحموود بوو...) وا دەهاتە بەر زیهنی گوێگرەوە پاشاکە و شارەکە و خەلقەکە وەك بڵقی سەر ئاو لەناکاوڕا پەیدا بوون. دەبێ نووسینی نەوباو بڵقەکە لە بنی گۆمەوە بەسەرخات.

***

چەند وشی[١] دوای درویٚنە

(١) وشی بەو گوڵە برنجە دەڵیٚن بەر دەستی تیٚلەگەکیٚش ناکەوێ کە لە دوا سەپانەوە دێ و مەلۆیان دەکاتە کۆڵو دەیانبا بۆ سەر خەرمان.

أ

ڕێکـەوت وا بـوو کـاتـێك چـاپـکـردنـی ئـەم نـووسیـنـە گـەیشتـە بـاسی کـوردایـەتـیـی عەبدوڕەحمـان پاشای بابان و تەئسیری ئەو لە بەکارهێنانی زمانی کوردی لە لایەن شاعـیرانـی بـابـانـەوە، مـامۆستـا هـێمن خـەریك بـوو کـتێبـەکـەی (ئۆسکـارمـان)ی لـە ڕێنـووسی ئـەڵـمـانـیـیـەوە دەهـێنـایـە سەر ڕێنـووسی کـوردی لـەسەر خـواهشتـی کـۆڕی زانـیـاری کـورد. لـەوێدا هـەنـدێ بـەیـتـی عـەلـی بـەردەشانـی هـاتـبـوونـە بـەرچـاو کـە لـەسەردەمـی عـەبـدوڕەحـمـان پـاشادا هـەڵـی بـەستـبـوون و گـیـانـێکی کـوردایـەتیـی ئاشکراشیان تێدایە. بەردەشانی خۆیشی لەو کاتەدا یەکێك بووە لە بەرە و تاقمی عەبدوڕەحمان پاشا.

لە وتووێژدا کە باوەڕی خۆم روون دەکردەوە مامۆستا هێمن لە لای خۆیەوە،، بۆ پشتـگـیـریـکـردن لـە رایـەکـەی مـن کـە ئـەویش لـێی رازی بـوو، بـاسی ئـەو بـەیـتـانـەی بەردەشانیی کرد و بە بەڵگەی بوونی ئەو تەئسیرەی عەبدوڕەحمان پاشای لە قەڵەم دان و بەمەدا هێزێکی نوێی خستە ناوەڕۆکی باسەکەوە. نەختێك دواتر بەیتەکانیشی بە نووسراوەیی پێدام کە دەبوو لە کات و جێی مەتڵەبدا باس کرابان و لە چاپیش درابـان. بـەڵام داخم نـاچێ کـاتێك کـە بـاسی بـەیـتـەکـان هـاتـە نـاوەوە لـە چـاپـکـردنـی باسەکە بووبوومەوە بۆیەیە لێرەدا بەدرەنگەوە کەوتە بەر چاپ. لەگەڵ تۆمارکردنی ئـەم بـەڵـگـەیـە نـرخـدارەی بـوونـی گـیـانـی کـوردایـەتـی لای پـاشای بـابـان دەستێکی حورمەتیش بەسەر سینەوە دەگرم بۆ گیانی بەردەشانی.

ئەم چەند بەیتە لەو بەندەی ناوبراو، کە لە ژێر عینوانی (بەیتی عەبدوڕڕەحمان پاشای بەبە) لە کتێبەکەی ئۆسکارمانەوە وەرگیراوە، مامۆستا هێمن بێ دەست لێدان هێناوەتیە سەر ڕێنووسی کوردی منیش وەك ئەوم لێرەدا بە چاپ گەیاند.

ئــەزم عــەلــی بــەردەشانــی
دە بــەنــدێم نــەکــەی زبــانــی
بــەیــتــێ دەڵــێم بــە دیــوانــی
مـەدحـی پـاشای کـوردستـانـی
مەدحی پاشای کامیان باشە

شایــــەد رۆم و قـــزڵـــبـــاشە
هـــەر جـــارێ شیـــری دەكـــێشا
هــەمــووی دەهـــاتـنـە تـەمـاشا
عـــالـــەم ئـــاڵایـــە چـــاوەشە
مــەردە عــەبدورەحـمـان پـاشا
پـاشای بـەبـان جیـهـانگیری
وەك رۆستـــەمـــی زاڵـی پـیـری
تـــەحـــا بـــەڕا و تـــەگــبـیــری
را نـــابـــوێری بــــە رەزیـــلـــی
نـــاكــەم خــزمـــەتـی وەزیـری
نـــانـــی دەستـێنـم بـــە شیـری
بـەشیری نـەبێ قـەت پێك نـایـە
دەوڵـــەت نـــایـــەتـــە رەدایـــە
نـاچـمـە سەفـەری لـەحسایـە
یـــاغـــی دەبم لـــە بـــەغـدایـــە
یـــاغـــی دەبم ئـیـنشائـــەڵـــلا
خـــزمـــەتـــی نـــاكـــەم وەڵـــلا
ئـــافـــەریـــم بـــارەكـــەڵـــلا
تـــەوەكـــكـــول تـــەعـــالـــەڵـــلا
هـــەی كـورە بـەبـەینـە هـەڵـلا

***

ب

بەر لە باسەکەی عەبدوڕەحمان پاشا، جارێکی تریش مامۆستا هێمن تێبینییەکی بایەخداری رەچاو کرد لە بارەی زاهیرەی زۆربوونی مزگەوت و خوێندن و مەلا و فەقێ لە باڵەکەتیدا، بەداخەوە ئەویش دوای بەسەرچوونی کاتی چاپکردنی سەرگوزەشتی خوێندنی حاجی لە باڵەکەتی و لێکۆڵینەوە لە بیروباوەڕەکانی مەلای ئیبنو ئادەم هاتە ناوەوە.

بەلای مامۆستا هێمنەوە ئەو قەتلوعامەی شا عەباسی صەفەوی بەسەر ناوچەی موکریانیدا هێنا لە ساڵی (١٠٢٨)ی کۆچی تا ئەو رادەیەی ناوچەکەی چۆڵ و هۆڵ کرد و کەسی تێدا نەهێشت، بوو بە هۆی ئەوە دانیشتوانی موکریان، چی رزگاری بوو لە کوشتن، بڵاو بوونەوە بە ناوچەکانی تری کوردستانی دەرەوەی ئێران و ژمارەیێکی زۆریان لە باڵەکەتیدا نیشتەجێ بوونەوە بەهۆی دراوسێیەتیی هەردوو ناوچەوە. موکریان کە وڵاتێکی پڕ مەلا و مەدرەسە بوو تاکە مزگەوتێکی تێدا نەمایەوە، تەنانەت یەکەم مزگەوتێکی دوای ئەم کارەساتە لە موکریاندا دروست کرابێتەوە مزگەوتی (سوور) بووە لە سابلاغ ئەویش لە ساڵی (١٠٨٩)ی کۆچیدا. وا پێ دەچێ زوربەی مەلا و مودەریسەکانی ئەوسای موکریان روویان کردبێتە باڵەکەتی و بە ناچاری تێیدا مابنەوە و بووبنە سەرەتای زۆربوونی مەلا و مزگەوت لەوێدا. لە مقارنەی ساڵی قڕان تێخستنەکە کە (١٠٢٨)ە لەگەڵ ساڵی دروستکردنەوەی یەکەم مزگەوت کە (١٠٨٩)یە دەردەکەوێ بۆماوەی (٥٠) ساڵ موکریان بێ مزگەوت بووە. لەمەڕا مەعلووم دەکرێ لەو ماوەیەدا هەر بێ مەلاش ماوەتەوە. بەمەدا ئاشکرا دەبێ ئەو مەلایانەی هاتنە باڵەکەتی لە هەموو عومری دوای ئاوارەبوونیان رێیان نەبووە بچنەوە موکریان و هەر لە باڵەکەتیدا ماونەوە و مردوون.

تێبینییەکە لەگەڵ رووداوی مێژوویی و زاهیرەی بەرچاو تا بڵێی گونجاوە و چ کۆسپێکیشی نایێتە بەر وەزەحمەتی بگێڕێ، بە پێچەوانە، خۆی کۆسپ ناهێڵێ لەبەر زیهنێك بیەوێ بەسەرهاتی مێژوو بخاتەوە سەریەك و کۆن و نوێی بە یەکترەوە ببەستێتەوە.

من لێرەدا، بۆ لایەنی پتەوکردنی قەناعەتی رواڵەتی بە بەڵگەی مادی، هەڵوەستێکم

هەیە، کە خەلقی موکریان بە قەڵەباڵغی رایان گوێستبێ بۆ باڵەکەتی بێگومان بە خۆیان و هەموو دەستوورانی کۆمەڵایەتی و پۆشاك و خۆراك و تەرزی خانوو دروستکردن و... هتادەوە هاتوون. بەو پێیە دەبێ شەقڵی خۆیان لە سەرلەبەری ژیانی مادی و مەعنەویی باڵەکەتی دابێ. لەمەوە دەڵێم کە بێین و هەردوو هەرێم بەیەکدی بگرین دەبێ زۆر باری لەیەکچوون لە هەردووواندا بدۆزینەوە. هەرچەند زەحمەتیش بێ تۆژینەوە لە پۆشاك و خۆراك بکرێ بۆ دەلالەت لێ وەرگرتن، لەو رووەوە کە ئەم شتانە زوو دەگۆڕێن و تایبەتییەکانیان دەدۆڕێنن، بەڵام راوێژ و لەهجەی قسەکردن بەردەوام دەبێ و بەیەکدی گرتنی دوو لەهجەش کارێکی تا بڵێی ئاسانە ئیتر ئەگەر بێت و لێکۆڵینەوەی زمانزانانە بکرێ لە لایەن دووری و نێزیکیی ئاخاوتنی موکریان لەگەڵ هی باڵەك و ئەم لێکۆڵینەوەیە خزمایەتییێکی وەهای سەپاند لەو کارەساتە مێژووییە بوەشێتەوە، چ گومان نامێنێ لە پێکانی باوەڕەکەی مامۆستا هێمن، رووپەڕەیێکی گرنگی مێژووش بۆ بەرچاوی بینەر رووناك دەبێتەوە.

***

هەرچەند لە کاتی خۆی وەخراویش بێ، چاپکردنی نامێلکە زۆر باسکراوەکەی مەلا عەبدورەحمان بێ سوود نییە. بە درەنگەوە هاتە دڵمەوە بڵاوکردنەوەی ئەم نامێلکەیەش یەکێکە لە ئەرکە ئەدەبییەکانی پێوەندیدار لەگەڵ نووسینەکەم، بە تایبەتی چونکە مەترسیی فۆتانی لێ دەکرێ و لەوانەیە مەلا ئەنوەر کە نووسەرەوەی نامێلکەکەیە نوسخەی تری لێ نەنووسیبێتەوە، هەر خۆیشی پێی گوتم دەستخەتە ئەسڵییەکەی باپیری خۆی، مەلا عەبدورەحمان، وای لێ بەسەر هاتووە ناخوێندرێتەوە. من هیچ دەستکارییێك ناکەم لە خەت و نووسینەکەی مەلا ئەنوەر، چۆنی بۆ ناردووم وەهای لە چاپ دەدەم، بەڵام ئەم تێبینییە دووبارە دەکەمەوە کە لە بەشی یەکەمدا دەرم بڕیبوو، وا دەزانم مەلا ئەنوەر شکڵنووسی نامێلکەکەی نەکردووە و ناوناوە ڕێنووسی تازەی خۆی خستووەتە جێی خەتی باپیریەوە بەڵام بێ ئەوە دەسکاری بکا لە وشەکان، واتە قسەکان سەرلەبەریان هی مەلا عەبدورەحمانن هەرچەند شکڵی نووسینەکە هەمووی هی ئەویش نەبێ. وادەزانم خوێنەریش وەك من دەگاتە ئەو قەناعەتە، دوای خوێندنەوەی نامێلکەکە.

نامێلکەی مەلا عەبدورەحمانی کوڕی

ئەحمەدی کوڕی محەمەدی کوڕی مەلا ئەحمەدی گەورە

(عبداللّە ایمە ئەصلی خومان خرکی گوندی گورقەرەجین)
(لە مملەکەتی کوی لعشرتی دەربندین لە طائفەی مەلا ئەحمەدی)
(گەورەین ئەو ملا احمد پێنج کوری هەبوە ملا صالح عبدالرحمن)
(محمد ملا رسول ابوبکر ملا صالح کورەکی هەبوە ناوی ملا أحمد)
(بوە ملا احمد کورەکی هەبوە ناوی عبدالقادر مەشهورە بە)
(حاجی قادری کویی ئەو حاجی قادرە بە قصەی بابم لە سالی)
((١٢٣١) هجری لە گورقەرەج لە دایك بوە ملا احمدی باوکی)
(لە گورقەرەج وەفاتی کردوە لەوەختی حاجی قادر عمری نۆ(١))

---

(١) لە نووسینەکەدا ئەم نیشانەیە بەسەر «و»ەکەوە هەیە. (مەسعوود).

(سال بوه قرآنی لەلای باوکی تەواو کردوه پاش مردنی باوکی)
(فاتی داکی حاجی قادر لە گورقەرەج رویشتوه چویتە مزگەفتی)
(مفتی لە کویی چویتە لای ملا احمدی عمر گمتی ئەو ملا احمدە)
(برازای فاتی دایکی حاجی قادر بوه لە کوی ملای مزگفتی مفتی)
(بوە لەوی لە مدرسەی ملا أحمد حاجی قادر دەستی بە خوێندن)
(کردوه لە پاش دو سالاّن دایکی مردوه ئەوجا ملا احمدی عمر گمتی)
(چونکە حاجی قادر کوری پوری بوه هەمو مسرفی کیشاوە)
(ملا احمدی باوکی حاجی قادر سی قطعە ارض لە گورقەرەج هەبوه)
(ناوی قطعە ارضەکانی ملا احمد ئەوانەن (قەرەتاجین هاوینەهەوار)
(ذالفقار) هەمو سال حاجی قادر هەتا لە کوی بو والداتی)
(ارضەکانی باوکی لە گورقەرەجەوە بوی چویتە کوی حاجی قادر)
(لە کوی مقدماتی تەواو کردوه لە پاشان لەگەڵ ملا عبداللّە جلی)
(بو خویندن لە کوی رویشتوه چویتە خوشناوەتی لە گوندی)
(هەرتەل مدّتەك مایتەوە لە پاشان لەوی رویشتونە گوندی بالك)
(لە گوندی شیخ وسمان لەلای مامۆستا ملا محمدی شیخ عبداللّە)
(مّدتیکی زور ماینەوە لە پاشان هەر لە بالك دچنە لای ملا احمدی)
(ملا آدم لە گرتك مدتەکی زور لەوی ماینەوە ئەو ملا احمدە)
(ملایکی زور بەناو بوه حکم بەدەست بوه حاجی قادری زور خوش)
(ویستوه لەبەر ئەوەی حاجی قادر شاعر بوه لەو منطقانەی)
(فەقیاتی لی کردوه زور خوشیان ویستوه لە پاشان لەوی)
(رویشتونە چوینە سابلا لاجان مدتیکی زور ماینەوە حاجی)
(ملا عبداللّە زوتر گرایتەوە کوی حاجی قادر نەگریتەوە هەتاکو)
(خویندنی تەواو کردوه هەر لە سابلا غ مایتەوە حاجی قادر شعری)
(زورە بە ئەکثری لەلای ملا و فقیکانی کوی خوشناوتی بالك)
(نوسراینەوە لەپاش تەواو کردنی علم دیتەوە شاری کوی لەوی)
(لەگەڵ حاجی ملا عبداللّەی دوستی لە مزگفتی حاجی بابکر اغای)
(رای بواردوه لەگەڵ پیاوە ناودارەکانی کوی وەك امین اغا حما اغا)
(اسعد اغا و هەمو دوستکانی تری هەمو کات بەخوشی رایبواردوه)

(به اكثرى پاش تەواو كردنى علم لە كوى هەر خريكى كتاب)
(خوينەوە و شعر دانان بوە هەر شعرەكى دابنابا تسليم بە فقيكانى)
(كوى ئەكرد بەلاويان ئەكردەوە حاجى قادر زور ضدى شيخ نبى)
(ماويلانى بوە حتى دلين او شعرەى بە شيخ نبى هەلبستاوە)

(ستة عشر ژنيتى بمذهب حمارى)
(ابن آدم نەماوە سەرى پانكات وەك مارى)

(تەسليم بە فقيكانى كۆى كردوە بەراويان كرديتەوە لە كوى)
(لە هەمو مزگفتەكان شيخ نبى صوفى و مريدى زور بوە لە كوى)
(عالم زور مطيعى بوينە صوفيكانى شيخ نبى لەو وەختى چوينە لاى)
(شيخ نبى پيان گوتوە حاجى قادر دائما هەجوت دەكات شعر بە)
(تكيە و خانەقاى جەنابت هەلددات بەراوى دەكاتەوە لە شارى كوى)
(خصوص صوفى رەشك هەبوە صوفى شيخ نبى بوە زور ضدى)
(حاجى قادر بوە هەمو وەقت دەچوە بۆ لاى شيخ نبى شكاتى لە)
(حاجى قادر كردوە لە نەتيجە شيخ نبى كەوت عەداوە لەگەل)
(حاجى قادر بە كاغەز نوسين بو يەكترى حتى واى لى هاتوە دفعەك)
(حاجى قادر لەگەل بەعضەك ملا و فەقيكانى كوى دەچيت بو گندى)
(هەرتەل بوسەر ايجازەى ملايەك لە وەختى گرانەوەى حاجى قادر بو)
(كوى بعضك لە صوفيكانى شيخ نبى بە تەدبيرى شيخ نبى دەچنە سەر)
(ريگاى حاجى قادر بيكوژن امّا ملا و فقيكانى رفيقى حاجى ناهيلن)
(بيكوژن كە دەگەنەوە كوى فقيكان واقعەكەى بو ملا عبداللّە جلى)
(دگيرنەوە ملا عبداللّە لەگەل امين اغا و دوستەكانى حاجى قادر)
(بەگژ صوفيكانى شيخ نبيدا دەچن لە پاشان ملا عبداللّە بە حاجى قادر)
(دەلى واى بەچاك دەزانم تۆزك أگادارى خوت بى چيتر هەجوم)
(نەكەيە سەر تكيە و خانەقاى شيخەكان حاجى قادر دليت ملا عبداللّە)
(واللّە هەتاكو روحم لە بەدەن بمينى واز نايەنم لە پاشان بە)
(ملا عبداللّە دەليت ليرە ناميمنم هەرچەندى ملا عبداللّە و امين اغا)
(جەهد دكەن(٢) دەكەن(٢) نەروات نا سەلمێنى نەتيجە اوجا)

(٢) بەڵێنم داوە چى هەيە ئەوە بنووسم. (مەسعوود).

(حـاجـی قـادر هـەجویکی عـام دەکاتـە سەر شیخـەکان و صوفیکـان و)
(درویشەکـانـی کـوی بـە شعـر دیداتـە دەست فـقـیکـانـی کـوی لـە هـەمو)
(مزگەفتـەکـان بـەراوی دەکـەنـەوە اوجـا دلین لـەگـەل فقیکی شهرەزوری)
(نـاوی کـیـفـی بـوە لـە کـوی دەرون دەچـنـە هـەولـیـر مدتیك لـە هـەولـیـر)
(دمـیـنـن لـەپـاشان لـەوی دەرون دەچـنـە گوندی مـاوەران مـدتیك لـەوی)
(دمـیـنـن اوجـا لـەوی دەرون دچـنـە استـنـبـول لـەوی دمینن هـەر لـەوی)
(دەمـرن هـەتـاکـو مـابـو زور جـار کـاغـەزی بـو دوستـەکـانـی خـوی)
(رەوان کردوە بو کوی وەك امین اغا حما اغا ملا عبداللّٰە جلی دلین)
(ملا کیفی پیش حاجی قادر مردوە چەند سال لەوە پیش فتاح افندی)
(لە استنبول هاتەوە کوی خەبەری وفاتی حاجی قادری هیناوە بە ملا)
(عبداللّٰە جلی و دوستەکانی حاجی قادری گوت حاجی وەفاتی کرد)
(لە استنبول)
(و هـیـچ مـندالی نـەبوە ژنی نیـنـاوە ئـەمن تنـهـا سی شعری حـاجی قـادرم)
(لە لایە)

ملاحظە شعرەکانم نەنوسی چونکە لە دیوانەکەی هـەیە[٣]

یەکەم لە جملەی ماجرای دوری ولایت ئەو کاغەزەیە بو ماموستا ملا عبداللّٰە گەورەی نوسیوە هـەتاکو آخر.

دوەم ئەو شعرەیە

هــەر لـیـرە هـەتـا دشتـی بـەهشت أیـنـی لاجـان
أهــەستــە بــرو نــەك وەکــو دیــوانــی هــەرزە
تــا داخـلـی خـلـوت بـبـی امـجـا بـە وکـالت
خـاکـی قـەدەمـی مـاچ بـکـا بـەم تـازە کە تـەرزە
فی الجملە وەکو خالی روخی دولبەری حاجی
دل بــەنـدە دەسا بـادی سەبـا هـەستـە مـەلـەرزە

(کوری دوەمـی مـلا احمدی گـەورە نـاوی عبدالرحمن بـوە عبدالرحمن)
(کـورەکـی هـەبـوە نـاوی شیخـە بـوە شیخـە دو کوری هـەبوە مـولـود و)

(٣) ئەو دێرانەی لە ناو جووتکەواندا نین قسەی ملا ئەنوەرە ئەویشم چ دەست لێ نەداوە. (مەسعوود).

(احـمـد مـولـود لـه گـورقـەرەج كـوژرا لـە پـاش كـوشتـنـى وى)
(گورقـەرەجمـان چـول كـرد هـەمـومـان لـەوى رويشتين هـەتـاكو الأن)
(نـەچـوينـەوە گورقـەرەج هـر چولـە احمدى براى كورەكى هـەيـە نـاوى)
(على لە گوندى گەرمك)
(كـورى سيـەمـى مـلا احـمدى گـەورە نـاوى مـحمد بـوە مـحمد كورەكى)
(هـەبـوە نـاوى احـمـد بوە احمد دو كورى هـەيـە مـحمد و عبدالرحمن)
(محمد مامەتە عبدالرحمن ئەمنم هەوم)
(كورى چارەمى ملا احمدى گەورە ناوى ملا رسول بوە ملا رسول)
(كـورەكـى هـەبـوە نـاوى عـثـمـان بـوە عـثـمـان كـورەكـى هـەيـە نـاوى)
(ملا رسولە الأن ماوە لە گوندى دولەزەملايە)
(كـورى پـيـنـجـەمـى مـلا احـمدى گـەورە نـاوى ابـوبـكر بـوە ابـوبـكر)
(كـورەكـى هـەبـوە نـاوى حـاجـى مـصطـفى بوە حـاجى مصطفى سى)
(كورى هەبوە عزيز محمد احمد عزيز لە گورقەرەج پيش چول بون)
(مـرد مـحمـد يـەك كـچـى هـەيـە بلـقيس دايكت هـەوە احمد يـەك كورى)
(هـەيـە نـاوى عـلـى يـە لـە گوندى گردەشينـەيـە كـە ئـەكـات خـالت علـى)
(أموزاى دايكت)
(عـبـداللّـە ئـەوا نـاوى هـەمـو خـزمـوكـەسى بـو نـوسى لـە پشتـى)
(ئەو كتابە لە سالى ١٣٢٦ هجرى لە گوندى قولتپە)

***

لێرەدا نامێلکەکە کۆتاییی دێت. لە بەشی یەکەمی ئەو نووسینەدا بە پێی داخوازی جێگە هەر جارە موناقەشەی شوێنێکی نامێلکەکە کراوە. بێگومان وتووێژم لەگەڵ نامێلکەکەدا زۆرە بەڵام لێرەدا تەنها دوو تێبینی دەردەبڕم، یەکێکیان تازەیە و ئەوی تریان دووبارە کردنەوەیە:

تێبینیی تازە ئەوەیە باپیرم لەگەڵ حاجی قادردا نەچووە بۆ کوردستانی ئێران نە بە نیازی خوێندن نە بە هیچ نیازێکی تر، بە هەموو عومریشی جارێك چووە بۆ سابلاّغ ئەویش لە هەڵکەوتێکی تایبەتیدا کە ئێرە جێی باسکردنی نییە، کاتێکیش کە چووە بۆ سابلاّغ ٢٠ ساڵێك بەسەر چووونی حاجیدا بۆ ئەستەمبۆڵ تێ پەڕیوە.

تێبینیی دووبارەکرایەوە ئەوەیە حاجی و کەیفی بەیەکەوە نەچوونە تورکیا، وەك باسم کردووە حاجی قادر چەند ساڵێك بەر لە کەیفی سەفەری کردووە.

لەگەڵ هەموو تێبینییەکیشدا هەزار رەحمەت لە یاد و لە گۆڕی خاوەن نامێلکە بێت.

یەك کاری خودبەسەرم لەگەڵ نووسینەکەی مەلا ئەنوەردا کردووە ئەویش لەیەکتر جودا کردنەوەی وشەکانە چونکە ئەو بەزۆری لە نووسیندا وشەکانی نزیك یەکتر خستووەتەوە.

با ئەمەش بڵێم: مەلا عەبدوڵڵای کوڕی مەلا عەبدوڕەحمان دەکاتە باوکی مەلا ئەنوەر، لە سەرەتای نامێلکەکەدا بە عەبدوڵڵا ناوی هاتووە.

***